# گەلاوێژی نوێ

گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە
بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێک دەری دەکات
ژمارە 52 - تەممووز - 2011

سەرنووسەر
عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی

سکرتێری نووسین
دانا فایەق

دیزاین
ئارام عەلی

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
سلێمانی - بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیک فولکەی خاڵە حاجی - بەرامبەر فوتابخانەی گەشەی بنەرەتی
0533290275
gelawezhnwe@yahoo.com


| | | |
|---|---|---|
| *مەحمود دەرویش... فڕین لە دەرەوەی پۆلدا | تەڵعەت تاهیر | ٥ |
| *دوا نامەکانی فرانز کافکا | و: ڕەووف بێگەرد | ٩ |
| *یەکەمین و دواهەمین ڕوونکردنەوە | و: مەریوان هەڵەبجەیی | ١٦ |
| *ژیانە تازەکە | و: هیوا قادر | ٢٣ |
| *مانیفێستی شیعری | سەباح ڕەنجدەر | ٢٧ |
| *دیدار لەگەڵ شێرزاد حەسەن-دا | سازدانی: ژاوێن شاڵی | ٤٣ |
| *گفتوگۆ لەگەڵ تارکۆفسکی-دا | و: هێمن مەحمود حەسەن | ٥٢ |
| *دۆسیەی تایبەت بە دلاوەر قەرەداغی | | ٦١-١١٥ |

| | | |
|---|---|---|
| *ڕمووده | حوسێن شێربەگی | ١١٦ |
| *لەشکرە ونبووەکە | و: یاسین عومەر | ١٢٧ |
| *پۆل ئیلوار | و: ناڵە حەسەن | ١٣٤ |
| *گۆرانییەک بۆ سەدەی ژن | و: ئاوات حەسەن ئەمین | ١٣٨ |
| *بە ڕۆمانکردنی مێژوو | داستان بەرزان | ١٤٢ |
| *پیتەر ئاسمۆسن لە چاوترووکانێکدا | کامەران سوبحان | ١٤٦ |
| *ژنێک بەسەر منارەوە | | ١٤٩ |
| *مەرگی دوا هونەرمەندی سوریالیست | | ١٥٤ |
| *فێستیڤاڵی (کان) چۆن تێپەڕی؟ | ئا: حەمە قادر | ١٥٥ |



# محمود درويش

## MAHMOUD DARWISH



## مەحمود دەرویش ..

# فڕین لە دەرەوەی پۆلدا

**تەڵعەت تاهیر**

١

هەندێ کەس لەدایک دەبن و  دەگوزەرێن و دواتر دەمرن.

هەندێ کەس لەدایک دەبن و لە ژیاندا تێدەکۆشن و دواتر دەمرن.

هەندێ کەسیش لەدایک دەبن و داهێنان دەکەن و دواتر: مردن دەرەقەتیان نایەت... مەحمود دەرویش لەم جۆرە کەسانەیە.

بێگومان ژیانی هەموو کەسێک پیرۆزە و مردنی هەر کەسێکیش داهێنەر بێت یان نا، شایەنی پەژارە و بەزەییە، بەڵام مردنی مەحمود دەرویش لە پەژارە و بەزەیی گەورەترە، شایەنی لەسەروەستان و دەرس لێ وەرگرتنە. لەم دەرفەتە کورتەدا نەمویست باس لە ژیان و ریزکردنی بەرهەمەکانی شاعیر و رێورەسمی مردنەکەی بکەم، بە باشیشم نەزانی سەری خوێنەر بە قۆناغە ئەدەبییەکانی بێشێنم، ئەمانەی پێشوو هەر هەمووی بە زیادەوە خوێنەر دەتوانێت بە گەڕانێکی چەند چرکەیی لە سایتی گوگل دەستی بکەوێت و هیچ منەتێکی ئێمەمانان هەڵنەگرێت، ئەوە گرنگە بتوانین ئاوڕێکی خێراش بێت لە شیعر و بەرهەمی ئەو ناوە گەورە شیعرییە بدەینەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی بەراوردێک لە نێوان ئەو و خۆماندا، هەوڵ بدەین خاڵە بەهێزەکانی دنیابینی دەرویش بزانین و سوودی لێ وەرگرین، بەتایبەتی ئەو، چونکە دنیابینی و بەرهەمەکانی رەنگدانەوەی کۆمەڵە مرۆڤێکە کە رووخساریان لە رووی مێژووییەوە زۆر لە رووخساری ئێمە دەچێت.

٢

لە دنیابینی و بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم شاعیرەدا دەتوانرێت چەندین پەند و وانە بچنرێنەوە. بە تایبەتی بۆ ئەدەبیاتی ئێمە، کە لە رووی بونیادی بابەتییەوە زۆر لە ئەدەبی گەلەکەی مەحمود دەرویشەوە نزیکە. ئەدەبیاتی ئێمەش (بە تایبەتی شیعر) لە چەشنی ئەدەبی عەرەبی بە گشتی و ئەدەبیاتی فەلەستینییەکان بە تایبەتی، گیرۆدەی ئایدیۆلۆژیا و هەستی نەتەوەیی و نانەتەوەیی و شەڕی زڕبراکان و شیعری بۆنەکان و شاعیری حزب و گرووپ و تاقم بووە! هەر بۆیەشە دەبینین کورد هەموویان شاعیرن و کەسیشیان شاعیر نیین (کەمێکیان نەبێ کە بە پەنجەی چوار دەست دەژمێردرێن). مامۆستا و شاعیری گەورە هێمن موکریانی پێی وایە ئەگەر دوو کورد پیاسە بکەن سێیان شاعیرە!، من هاوڕا نیم لەگەڵیدا و پێم وایە کورد یەکێکە لەو میللەتانەی کە لە ئێستادا شاعیری راستەقینەی زۆر کەمە . بەڵێ هەزاران شیعرنووس هەن کە شیعر بەکاردەهێنن بۆ هەزاران شت، ئەوەی حەز لە یەکێک بکات پڕی دەکات لە (نەورەس و عەشق و غرووب و هەیام و شەوی یەڵدا) شیعر نانووسێ، بەڵکو بەکاریدەهێنێ و دەیکاتە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی نا ئیستاتیکی! ئەوەی دژی دەسەڵاتە پڕی دەکات لە (کوفر و تابووت و خۆڵەمێش و گڵۆپی ماڵە مەسئوولان و نەبوونی خزمەتگوزاریی کارەبا و خوێن و نرخی پەتاتە) شیعر نانووسێ، بەڵکو دەیکاتە پردێک بۆ دەربڕینی دنیابینییەکی سیاسی! بێگومان بەرامبەر بەو شیعرە ئۆپۆزۆسیۆنییە، شیعری پیاهەڵدانیشمان هەیە لەسەر مەسئوول و حزب، چەشنی ئەوەی لە ئەدەبیاتی رۆمانیا و یەکێتیی شوورەوی (یان شوورەیی، فەرق ناکا) و ئەڵمانیای رۆژهەڵاتیی پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو هەبوون! ئەوەی هەندێک ئەفکاری فەلسەفییانەی پێیە، پڕی دەکات لە (حەقیقەت و جەهەنەم و نوور و تاریکی و وڕێنەکانی شتراوس و بە نیتشە دەڵێ نیچە) مەبەستی نووسینی شیعری نییە، بەڵکو شیعر دەکاتە دەفتەری تاقیکردنەوە و خوێنەریش لەسەریەتی نمرەی رۆشنبیری بداتێ.! لای ئێمە هێندەی لە شیعردا بیر لە ئاخنینی ئەفکار دەکرێتەوە، بیر لە بەرهەمهێنانی شیعرییەت ناکرێتەوە. لێرەوە شیعر لە گوتارێکی ئێستاتیکی دەگۆڕێت بۆ نواندنی هەڵوێستێک بەرامبەر بە واقیع، لە پرۆژەیەکی خەیاڵەوە دەبێتە جوینەوەی ناسراو و زانراوی واقیع. من نامەوێت بڵێم کە شیعر پەیوەندیی بە واقیع و ئایدیۆلۆژیاوە نییە، بەڵکو دەمەوێت ئەوە بدرکێنم کە شیعر واقیع و ئایدیۆلۆژیا لەخۆدەگرێت، نەک بە پێچەوانەوە. شیعر خزمەتکاری ئایدیۆلۆژیا نییە، دەنا دەبوایە شیعری ئاینی باشترین و

# شیعر ئاگاییە بەرامبەر بە جوانی، نەك بەكارهێنانی بۆ بە پاڵەوانكردنی كەسێك

جوانترین دەق بوایە. شیعر ئاگاییە بەرامبەر بە جوانی، نەک بەکارهێنانی بۆ بە پاڵەوانکردنی کەسێک. لێرەوە دەمەوێت بە قەناعەتی خۆم قسەیەک لەسەر سەرچاوە و هاوکێشەی ئەو دەرەنجامە شیعرییە بکەم، کە ئێمە ئێستا دووچاری بووین. یەکێک لەو هۆکارانەی شیعرنووسینی لای ئێمە ئاسان کردووە و هەمووانی کردووەتە شاعیر، بە هەڵە تێگەیشتنمانە لە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی شیعر، کە ئەویش خلیسکان و لادانە لە زمان. شیعر جیاواز لە خامی زمان و قسەکردن دەتوانێت بێ گوێدانە لۆژیک، زمان بەرەو ئاقاری دیکە ببات، لە شیعردا دەتوانیت بڵێیت (هەڵمەکەم جاوی، بەردەکەم فڕکرد، ئێوارەم خواردەوە..) ئەم خاسیەتە بەرز و دەگمەنەی شیعر لە جیاتی ئەوەی سەرمایەکی ئیستاتیکیی گەورە بێت، لای شیعرنووسانی ئێمە بووەتە بەڵایەکی گەورە! زانینی هەندێ یاریی زمانەوانی و خوێندەوەی کۆمەڵێک تێکستی شیعری کافییە بۆ ریزکرنی وشە و نووسین لە شێوەی شیعر. هۆکارێکی تر پێم وایە بۆ کولتووری چل ساڵی رابردوومان دەگەڕێتەوە لە نووسینی شیعر، لەو رابردووەدا شیعر ماڵی سەربەخۆی نەبووە، هەمیشە میوان و خزمەتکار بووە لای چەپەکان و قەومییەکان، چەکێک بووە لە چەکەکان بۆ بەرگری و هێرش و هێرشی پێچەوانەی سیاسی، شیعر ئامرازی دروستکردنی دووانەی خائین و پاڵەوان بوو، لەو مێژووەدا وەکو ئێستا، شیعرە جوانەکان جۆگەلەی تەریکبوون لە چاو دەریای شیعرە نا شیعرییەکان! ونبوونی تاک لەناو عەشیرەت و حزب و ئایدیۆلۆژیادا، شیعری مێگەلاوی لێکەوتەوە، شیعر بووە پێناسەی ونبوونی فەردانییەت لە مێگەلدا، ئەو کاتەی شیعر بەشدار بێت لە دروستکردنی ئیجماعی سیاسییانەی خەڵک بەرامبەر بە سیاسییەک یان حزبێک، ئەمە نەک هەر کارەساتە، بەڵکو شۆڤینیەتی شیعری بەرهەم دێنێت.! شیعر بەردێک نییە بهاوێژرێت، گوڵێکیش نییە پێشکەش بکرێت! بەڵکو شۆڕشە دژی زمان و مانا، لە شیعردا پێش ئەوەی زمان مانای نوێ دروست بکات، خودی زمان تازە دەکرێتەوە، پەیوەندی تازە لە نێوان شتە لێکدژەکان دەدۆزرێتەوە، شیعرییەت لە دۆستایەتیی نێوان پێچەوانەکاندا دێتەکایەوە.




> یەکێک لەو هۆکارانەی شیعرنووسینی لای ئێمە ئاسان کردووە و هەمووانی کردووەتە شاعیر، بە هەڵە تێگەیشتنمانە لە کۆڵەگەیەکی سەرەکیی شیعر، کە ئەویش خلیسکان و لادانە لە زمان

٣

من لە سەرەتاکانی خوێندنەوەم بۆ شیعر، کاتێک لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا مەحمود دەرویشم خوێندەوە، نایشارمەوە کە بە گومانێکی زۆرەوە لە بارەی گەورەیی شاعیربوونی سەیرم دەکرد، دەمزانی زۆرێک لە ئەدیبان بە هۆی هۆکاری دەرەکی و نا ئەدەبی گەورە دەکرێن، ئەم پەتایەی ئەدەب مێژوویەکی درێژی هەیە، چەندین رۆمان لەوانە پێم وایە (ئۆلیڤەر تویست یان کاتژمێر بیست و پێنج .. هیتریش) دەزگا گەورەکانی دنیا بە بۆنەی لایەنگیریی سامییەت و دژایەتیکردنی نازییەت گەورەیان کرد! لای خۆشمان ئەدیب هەبووە ئامێری ئیعلامیی گەورەی حزبی لە پشت بووە و گەورە کراوە، چەشنی ئامێری پەشمەک فوو لە قەترەیەک کراوە و کراوەتە بارستاییەک کە منداڵە خوێنەوارەکان بە دەمی کراوەوە سەیری بکەن و سەریان بسوڕمێ! ئەو ئەدیبانە نرخیان لە نرخی ئەدەبییەوە نایەت، بەڵکو لەو چاوبەستانە سیاسییە وەهمی گەورەبوون دەسەبەر دەکەن! بەرامبەر بە گەورەیی (مەحمود دەرویش) هەمان ترسم هەبوو، گومانم دەکرد ئامێری نەتەوەپەرستەکانی عەرەب بیانەوێت کڵاوێکی شیعریم پێ بفرۆشن! ئەوسا پێشم وابوو ئەم جۆرە شاعیرانە، شاعیری قۆناغی مێژووین و لە ئاژاوەدا نەبێت شیعریان ناژیێت! بەتایبەتی ئەو کاتەی بەراوردم دەکرد لەگەڵ نووسینەکانی کۆڵن ویڵسۆن دەربارەی ئەدەبی جەمالی و شیعرەکانی ئەدۆنیس، کە شیعر بوون لە سەرووی هۆز و نەتەوە. لەو سەردەمەشدا دەرویش لە گەرمەی

کاری سیاسیدا بوو لەگەڵ بزووتنەوەی فەلەستینی، دوای خۆکێشانەوەی دەرویش لە ژیانی حزبی و کاڵبوونەوەی هەستی ئینتمابوونی بۆ ژیانی حزبی و کرانەوەی بەسەر ئەدەبی ئینسانی، دەبێت ددان بەوەدا بنێم کە ئەو شاعیرە گرەوی لە هەمووان بردەوە، دوور لە شیعری بەرگریش هەر شاعیر مایەوە، بە بێ ئەوەی بچێتە ناو ئاپۆرەی بەیاننامەکانی نوێگەریی شیعری عەرەبییەوە، سەرقاڵی جوانکردنی ماڵە شیعرییەکەی خۆی بوو، لە شاعیرێک کە وێردی سەر زاری نەتەوییەکان بوو، بووە شاعیرێکی ئینسانیی گەورە و خوێنەری لە هەموو جیهاندا پەیدا کرد. کارێکی سەختە شاعیرێک بتوانێت وەکو مار کاژ فڕێ بدات و لە ئاوی شیعری نوێ بدات و رای گشتیی خوێنەرەکانیشی بەو بەرگە تازەیە بباتەوە. سەختە لە گەڕەکێکی ناوەوەی خۆت باربکەیت و بە شوێن گەڕەکە نوێکانی ناخدا بگەڕێیت. مەحمود دەرویش بەو بارکردنە دەستی لە هەموو ئەو ستایش و پیاهەڵدان هەڵگرت کە نەتەوەییەکان بۆیان مسۆگەر کردبوو، حەزی جوانی و داهێنان وایلێکرد خانووێکی شیعریی بەناوبانگ بگۆڕێتەوە بە دانیشتن لە بیابان، بیابانی زمان و مانا، گەڕان بە شوێن گوڵە نەناسراو و بێناوەکانی شیعر. دەرچوون لە چاوڕێکردنەکانی خوێنەر، دژایەتیکردنی ئەگەرەکانی خوێنەر. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە گریانی منداڵێک و نەبوونی قەوارەی سیاسی بۆ گەلێک بەقەد یەک کارەساتن، دەستپانکردنەوەی منداڵێکی بنێشتفرۆشی دووڕیانێکی سەرجادە و هەڵنەکردنی ئاڵای میللەتێک بەقەد یەک جەرگبڕن! کاتێک میللەتەکەی بەسەر دوو حزبدا دابەشبوو، نەبووە کەرتە شاعیر و دوژمنداری کەرتێک، بەڵکو شیعری بەرزبووەوەو بووە ئاسمان کە تیایدا جێی سەری هەمووانی لێ دەبووەوە. بۆ شاعیر بردنەوەی گرەوی شیعری لە بردنەوەی گرەوی سیاسی گرنگترە، شیعر هونەری مومکین نییە، هونەری گەڕانە بە دوای مەحاڵدا، هونەرێکە لە دەرەوەی زەمان و مەکان، هونەرێکی سوودبەخش نییە بۆ خودی شاعیر، هونەرێکی چێژ بەخشە بۆ خوێنەر. سەرەتا مەحمود دەرویش شیعری کردبووە ئامراز بۆ خوراگریی میللەتەکەی، دواتر خۆڕاگری میللەتەکەی کردە ئامراز بۆ بەرهەمهێنانی شیعرییەت، لە نێوان ئەم دوو ئاراستەیەشدا ئیشکالییەتێکی گەورە هەیە. من ناپرسم لە هەوێنی شیعر، بەڵام مکوڕم لەسەر ئەوەی شیعر تەنیا هەوێنە بۆ جوانی، پەندێکی گەورەیە لە مەحمود دەرویشدا کاتێک شکۆ بۆ شیعر دەگەڕێنێتەوە و ئامانجی شیعر لە گوتارێکی ئایدۆلۆژییەوە دەگۆڕێت بۆ گوتارێکی ئیستاتیکی، لە هۆز و نەتەوەوە دەیباتە ئاقارە ئینسانییەکان، دۆزینەوەی ناهەقی بەرامبەر بە پشیلەیەک لە رووی شیعرییەوە جیاواز نییە لە دۆزینەوەی ناهەقی بەرامبەر بە ئینسانێک، تێرکردنی منداڵێکی برسی لە رووی شیعرییەوە جیاواز نییە لە هەڵکردنی ئاڵای میللەتێک. مەحمود دەرویش لە ژیان و نووسیندا هەر شاعیر بوو، شاعیر هەیە بە شیعر پەپوولەیە و لە ژیاندا گورگ، ئەو لە هەموو شتێکدا شاعیر بوو، خەفەتی لە عەینەکەکەی دەخوارد کە مەعدەنێکە و توێنراوەتەوە و چەمێنراوەتەوە و شێوێندراوە و کراوەتە عەینەک. خەمی لە قەنەفەکەی دەخوارد کە دەسکەکانی لە گۆشتی دارسنەوبەر درووستکراوە، بە پەرداخ ئاوی نەدەخواردەوە، چونکە پێی وابوو پەرداخ زیندانی ئاوە. تا مردیش بەو حەسرەتەوە مرد بۆ شیعر (بە قودرەتی قادری شاعیر) نابێتە نان و برسییەکان شاگەشکە بکات؟! مردنی مەحمود دەرویش، مردنی کۆترەکەی حەزرەتی نوحە بە چڵە زەیتونێکەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو شاعیرە کۆترە بمرێت وشکایی و کەناری بە شاعیران نیشان دا، کەناری شاعیریش تەنیا جوانییە، بێجگە لە جوانیش ئەوەی لە شیعردا دەمێنێتەوە، تۆفان دەیسڕێتەوە.


Sehr geehrter Verlag!
Gleichzeitig schicke ich Ihnen
expreß-rekommandiert das Manuskript
der „Strafkolonie" mit einem Brief.
Meine Adresse ist: Prag, Poříč 7
Hochachtungsvoll
ergeben
Dr Kafka 11 XI 18

# دوا نامەکانی فرانز کافکا

**لە عەرەبییەوە: ڕەووف بێگەرد**

کە ساڵی ١٩٢٤ فرانز کافکا کۆچی دوایی کرد، بێجگە لە چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتو چەند چیرۆکێکی درێژو (هەروەها ئەو کورتە چیرۆکانەیش کە لە ژیانی خۆیدا چاپ نەکرابوون) هیچ لە بەرهەمەکانی بڵاونەکرابوونەوە، بەڵام ڕۆمانو یاداشتنووسینی ڕۆژانەو نامەکانی لە دوای مردنییەوە بەرەودوا چاپکران. بڵاوکردنەوەی تەواوی بەرهەمەکانی نزیکەی پەنجا ساڵی خایاند، (١٩٢٤-١٩٧٤) ئەمەیش بە هەوڵێکی بێوچانی گەلێک لە لێکۆڵەرو بڵاوکەرەوەکان.

ڕۆمانی «دادگا» ساڵی ١٩٢٥، ڕۆمانی «کۆشک» ساڵی ١٩٢٦، ڕۆمانی «ئەمریکا» ساڵی ١٩٢٧ بڵاوبوونەوە. پاشان کۆی بەرهەمەکانی لە چیرۆکی کورتو درێژ، ئەوانەی لە ژیانی خۆیدا چاپکرابوون یان هەر بەدەستنووسی لە ئارشیفەکەیدا مابوونەوە، لە بەرگێکی گەورەدا چاپکران. دوای ئەوە بەرگێکی تر لە دەستنووسی چیرۆکە درێژەکەی «باسی جەنگێک» بڵاوکرایەوە. دوای جەنگی دووەمی جیهانیش چیرۆکە درێژەکەی «خۆسازدان بۆ زەماوەندێکی لادێ» لەگەڵ کۆمەڵێک نامەو یاداشتی ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوە.. یەکێک لەو نامانە، نامە هەرە بەناوبانگەکەیەتی بۆ باوکی، بەڵام نامە بۆ ئەو ژنانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانیدا هەبووە، لە چەند بەرگێکی یەک لە دوای یەکو سەربەخۆدا بڵاوبوونەوە، کە هەر بەرگێک تایبەتە بە نامەی یەکێکیانەوە.

ساڵی ١٩٥٢ کتێبی «نامە بۆ میلنایسنسکایا» بڵاوبووەوە. ساڵی ١٩٦٧ ئەو نامانە چاپکران، کە لەگەڵ «فیلیتس باوار»دا هەیبوون، دواجاریش ساڵی ١٩٧٤ نامە بۆ «ئۆتێلا» بڵاوکرانەوە، کە ٢٤٨ لاپەڕەن. دوا کتێب نامە خێزانییەکانییەتی، کە زۆربەیانی بۆ ئۆتێلای خوشکیو چەند نامەیەکیشی بۆ «دورا»ی خێزانی تیایە. لە کتێبەکەدا ج نامەیەکی کافکا بۆ خوشکەکانی تری نییە، کە لەوە دەچێت ئەو نامانە ونبووبن. لە کتێبەکەدا هیچ وەڵامی ئۆتێلایش بۆ کافکای برای نییە. (ئەگەر لە بنەڕەتا هەر وەڵامی دابێتەوە). واتە نامەکان تەنیا یەک لایەنە بوونو لەباتی گفتوگۆ لە مەنەلۆژێکی ناوەوە دەچن.

ئەگەرچی کافکا لە پراگی پایتەختی چیکدا لەدایک بووە، بەڵام هەموو بەرهەمەکانی بە زمانی ئەڵمانی نووسیوە، کە لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا زمانی فەرمیی وڵات بووە.

کافکا بە زمانی میللیی چیکی دەپەیڤی، بەڵام لە ناخیدا هەستی بەوە دەکرد کە زمانی ئەڵمانی دەوڵەمەندو بەرفراوانترە، دەتوانێت بەو زمانە، بە قووڵیو وردی گوزارشت لە خۆی بکات. ئەگەرچی کافکا جوولەکە بوو، بەڵام نە بە زمانی عیبری قسەی دەکردو نە بایەخی پێ دەداو نە دەیویست فێری بێت. زمان لای ئەو بە پلەی یەکەم هۆیەکبوو بۆ گوزارشتکرن لە خود، هەرگیز مەیلی بیری ئاینیو نەتەوەیی تەسکی نەبووە. هەموو بۆچوونێکی لەو بابەتەیشی پشتگوێ دەخست، ئیتر سەرچاوەکەی لە هەر کوێیەکەوە بوایە (ئەمە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک لە ڕەخنەگرانی عەرەبەوە، کە دەیانەوێت بە زۆر تۆمەتی زایۆنیزمی بدەنە پاڵ کافکا، ئەمەیش لە ئەنجامی لێکدانەوەی هەڵەو دەستئەنقەستی هەندێک لە چیرۆکەکانییەوەیە. هەڵوێستی ئەو ڕەخنەگرانە بەڵگەنەویستە، کە بێلایەن نەبوونو بە بیرێکی سادەو ساکارەوە لە ئەدەبی کافکایان ڕوانیوەو لە دونیا ڕۆحییەکەی ئەو نووسەرە تێنەگەیشتوون، کە ئەمە لەسەر وەستانی زۆری دەوێت).

نامەکانی کافکا پڕن لە خەمو ئازاری قووڵو وێنە زیندووەکانی ژیان، کە بە توندی ویژدانو هەستی خوێنەر دەهەژێنێت، چونکە لە کانگای دڵی ئازارە مرۆییەکانەوە سەرچاوەی گرتووەو درکی کارەساتی بوونو ناخۆشیو دڵڕەقیی ژیانی هەموو مرۆڤایەتی دەکات.

هەرچەندە بەرهەمی کافکا ئەو وێنەو دیمەنە

# تەوەری سەرەکیی بیرو هەستی کافکا ئەو چارەنووسە کارەساتبارەی خودی نووسەرە، بە هەموو خەمو ئازارو تەنگژە دەروونییەکانییەوە

زیندووانەن کە گوزارشت لە ژیان دەکەنو لە دیدێکی هونەرییەوە ڕەنگدانەوەی واقیعن، لە هەمان کاتدا بەرهەمێکی داهێنەرانەی تەواون، چونکە ژیانی مرۆڤ بەشێکی دانەبڕاوە لە سەرجەمی ژیان بە گشتیو لە هەمان کاتیشدا خۆی ژیانێکی تەواو بەرقەرارە. پاشان کافکا لەسەر هەر بابەتێکی نووسیبێت لە ڕاستیدا باسی خۆیو ئەو پەیوەندییەی کردووە کە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتیدا هەیەتیو تیایدا دەژی، ئەوەی تا کۆتایی لە ڕۆمانو چیرۆکەکانیدا گوزارشتی لێ نەکردووە، لە دەستنووسو یاداشتی ڕۆژانەو نامەکانیدا بوونیان هەیە. تەوەری سەرەکیی بیرو هەستی کافکا ئەو چارەنووسە کارەساتبارەی خودی نووسەرە، بە هەموو خەمو ئازارو تەنگژە دەروونییەکانییەوە. ئەم چارەنووسەیش هەموو نووسینەکانی نووسەر لە بابەتێکدا بە تەواوی یەکدەخات، کە ئەویش نامۆیی مرۆڤە لەناو کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ناکۆکی و پارادۆکسی ژیاندا.

نامۆیی کافکا نامۆییەکی چینایەتی نییە بە مانا مارکسییەکەی، واتا نامۆیی کرێکار نییە لە هێزو کەرەسەکانی بەرهەمهێنانو بێبەشبوونی زۆری لە بەرهەمی کارو ماندووبوونە زۆرەکەی، بەڵکو نامۆیی کافکا نامۆییەکی زۆر قووڵی ڕۆحییەو لێی نابێتەوە، تەنیا لەو چرکەساتە کەمانەدا نەبێت کە خۆشییەکی تێدەگەڕێو ئەو چرکەساتانەیش لە ژیانی ئەودا دەگمەنن. کافکا نەیدەتوانی ببێتە بەشێک لەو ئامێرەی تاقمێک لە هەلپەرستو خۆپەرستو دووڕوو هەڵی دەسووڕێنن، ئەوانەی هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی دەستیان بگاتە سامانو دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بە ڕێگای نادروستو پێچاوپێچ خۆیان بخزێننە پێگەکانی دەسەڵاتو بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکەی خۆیان. ئەوانەی وەک خودی کافکا دەڵێت: دۆزەخن. ئەم وتە هەرە وردەی کافکا بووەتە پەندێکی کاریگەرو مایەی پەیڕەوی لێکردن.



کافکا فەیلەسووف نەبوو، لە بەرهەم و ڕۆژانەی نووسینو قسەو نامەکانیشیدا هەرگیز وشەی نامۆی بەکارنەهێناوە —هاوڕێ نزیکەکانی ئەمە دەڵێن— هەوڵی ئەوەیشی نەداوە لەم چەمکە فەلسەفییە بکۆڵێتەوە، بەڵام کافکا مرۆڤێکی ناوازەو نووسەرێکی داهێنەرو دەتوانم بڵێم گەورە بووە. درکی بەوە کردووە کە نامۆیی گەلێک ڕەنگو ڕووی جیاوازی هەیە. ئەو توانیویەتی چەمکی نامۆیی لە زۆر فەیلەسووف زیاتر ڕوونو قووڵو بەرفراوانتر بەرجەستە بکات، بەرجەستەکردنەکەیش هەندێک جار شێوەی کۆمیدیو جاری دی تراژیدیی لەخۆ گرتووە، بەڵام بەردەوام ئەمەی بە وردی کردووە.



کافکا لە دیدێکی زۆر ژیرانەو بوێرییەکی هونەرییەوە پەردەی لەسەر ڕووی بیرۆکراتییەتی دەسەڵاتداران لاداوە. دەست لەسەر ئەو دیاردانە دادەگرێت کە وەک خۆرە داویەتە جەستەی کۆمەڵگەی چیکی، ئەمە زۆر جاری تر لەو کۆمەڵگەیانەدا دووبارە دەبێتەوە، کە لەسەر چەوساندنەوەی مرۆڤ دامەزراون.

لەو نامانەدا کە کافکا بۆ خوشکی نووسیوە سیمای تازە دەداتە وێنەی کۆمەڵگەی چیکیو مرۆڤ بە گشتی کە لە بەرهەمی ڕۆمانو چیرۆکەکانیدا وێنەی کێشاون. کافکا هەرگیز لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا نەگونجاوە کە ناقۆڵاو ناپەسەند بووبێتو پەیوەندییەکانی ناوی نامرۆڤانە دەرکەوتبن، چونکە

کافکا له زەمینەیەکی پاکو بێگەردەوە هاتووەو شانازیی بە بەها ئاکاریو کەرامەتی مرۆڤەوە کردووە. گەلێک شتی تر هەبوون ناچاریان دەکرد خۆی له گەندەڵییەکانی دەوروبەرەکەی دوور رابگرێتو جۆرێک له دابڕانی ڕۆحی له نێوان خۆیو ئەوانی تردا دروست بکات. بیرۆکراتەکان به کافکایان دەوت: «مرۆڤێکی ناسروشتی» بەڵام کافکا بەگاڵتەجاڕییەوە وەڵامی ئەم بۆچوونە بێمانایەی دەدایەوەو دەیوت: «له ژیاندا ناسروشتی بوون لەوە خراپتر نییە کە خەڵکی جەنگی جیهانی بە سروشتی بزانن» تۆمەتی ناسروشتی بوونی کافکا تەنانەت بە چەند ساڵێک دوای مردنیشی هەر برەوی هەبوو، تائێستایش هەندێک کەس خودی کافکاو کەسایەتیی ناو ڕۆمانو چیرۆکەکانی هەر بە مرۆڤی ناسروشتی دەدەنە قەڵەم، بەڵام لای کۆمەڵگەی نەخۆش پێوانەی سروشتی چییە: نەمانی بەهای ڕۆحی، پارەپەرستی، دەستخستنی سامان بە هەر ڕێگایەکی چەوتو چێڵ بێت.
کافکا نەیدەتوانی دەستبەرداری بیروباوەڕو بەها جوانە ئینسانییەکانی ببێت، لەگەڵ ئەو مرۆڤە «سروشتییانە»دا بێت کە هیچ خەونێکیان نییە، بێجگە لە پلەو پارەو دەسەڵاتخوازی.
«میلنا یسینسکایا» له هەموو کەس چاکتر له کافکا گەیشتبوو، کافکایش لای خۆیەوە دڵی بۆ کردبووەوەو چ بیرو بۆچوونو هەستێکی ببوایە بە ڕاشکاوی پێی دەوت. میلنا دەڵێت: «ئەوەی خەڵکی لە کەسایەتیی کافکادا بە (ناسروشتی)ی دەزانێت، لە ڕاستیدا جوانترینو ناوازەترین ئەدگارە، کە ئەوی لە خەڵکی تر پێ جیادەکرێتەوە، من دەزانم ئەو پارێزگاری لەم شێوە ژیانەی خۆی دەکات».

له نامەکانی کافکادا بۆ خوشکەکەی وا دەردەکەوێت کە باوکی هەرگیز له کافکا تێنەگەیشتووە. باوکی کافکا مرۆیەکی ستەمکارو شەڕئەنگێز بووە، کەس له زمانە بریندارکەرو ڕەفتارە زبرو توندەکەی ڕزگاری نەبووە. باوکی کافکا له خێزانێکی هەژار بووە، بەڵام له ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازە سروشتییەکانی کۆمەڵگەکەیەوە توانیویەتی سامانێکی مامناوەندی بۆ خۆی پێکەوە بنێت، بەڵام یەکێک بووە له هۆکاری کلۆڵیو داماویی ژیانی کافکای کوڕی. خودی کافکا له نامەکانیدا بە داخو گاڵتەجاڕییەوە باسی ڕەفتاری باوکی دەکات، له مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکو ئەو بەها ساختانەدا کە بڕوای پێی بووەو هەروەها ئەو ڕیابازییەی له ناوەندی کۆمەڵایەتیی خێزانەکەیدا باوبووە.
کافکا بڕوانامەی دکتۆرای له مافدا هەبوو، کارمەندی کۆمپانیای دەستەبەرکردنی ژیانی کرێکاران بوو، لەو ڕووداوانەی له کاتی کارکردنو بەرهەمهێناندا ڕوویان دەدا، بۆیە بە پێی کارەکەی دەبوو ئەرکی پشکنینی کارگەکان بەجێ بێنێتو پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ڕێسای سەلامەتیی پیشەیی تیایدا بکات. کافکا سووربوو لەسەر ئەوەی بە وردیو دڵسۆزییەوە ئەرکی خۆی بەجێ بێنێت، بۆیە ئاساییە بە خێرایی له کارەکەیدا سەربکەوێتو پلەو پایەی گرنگ لەو کۆمپانیایەدا وەربگرێت، کە کاری تیا دەکات، هەرچەندە ڕێگریشی زۆر بوویێت.
دایکو باوکی کافکا داوایان لێ دەکرد له کاتی دەستبەتاڵیدا خەریکی بازرگانی بێت، بەڵام ئەو شەیدای ئەدەبی چیرۆکنووسی بوو، بە لای کافکاوە نووسین چاکترین شێوازی تەعبیرکردنە له خودو بەرەنگاریکردنی خراپییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتییە.

# کافکا نەیدەتوانی دەستبەرداری بیروباوەڕو بەها جوانە ئینسانییەکانی ببێت، لەگەڵ ئەو مرۆڤە «سروشتییانە»دا بێت کە هیچ خەونێکیان نییە، بێجگە لە پلەو پارەو دەسەڵاتخوازی

کافکا بە شەکەتی لە کار دەگەڕایەوە، دوای کەمێک حەسانەوە لەسەر مێزی نووسین دادەنیشت، بە شێوەیەک لەگەڵ پرۆسەی داهێنانی هونەریدا دەتوایەوە، کە ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەدەما، تا نیوەشەوێکی درەنگ دەینووسیو هەندێک جاریش تا بەرەبەیانیی ڕۆژی ئایندە دەمایەوە. ئەنجامی خۆماندووکردنی بەردەوامی ئەوە بوو کە لە تەمەنی سیو چوار ساڵیدا تووشی نەخۆشیی سیل هات، وردەکاریی ئەم بەسەرهاتە لەو نامەیەیدا دەردەکەوێت کە لە ڕۆژی ٢٩-٨-١٩١٧ بۆ ئۆتێلای خوشکی ناردووەو تیایدا دەڵێت: «پێش سێ هەفتە تووشی خوێنبەربوونی سییەکانم هاتم» ئیتر لەو ڕۆژەوە سەفەری ناخۆشی کافکا لەگەڵ ئەو نەخۆشییەدا دەست پێ دەکات. بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەچێت، پێویستییەکی زۆری بە خواردنی باشو هەوای پاکو ئارامیی دەروونیو بێدەنگی دەبێت. دەبوو ئەمانە لە نەخۆشخانەکانی دەرەوەی پراگی پایتەخت هەبوونایە. بەڵام لەو سەردەمەدا بێجگە لەوانە، هیچ دەرمانو چارەسەرێک بۆ نەخۆشیی سیل نەدۆزرابووەوە. بۆ ئەوەی لەسەر کارەکەی لانەبرێت کە تاقە سەرچاوەی ژیانی بوو، دەبوو مۆڵەتی درێژو بەردەوام لە کۆمپانیاکەو بەڕێوەبەرەکەی وەربگرێت. ئەو کاتانەی لە نەخۆشخانە بۆ چارەسەر دەکەوت، ئۆتێلای خوشکی مۆڵەتەکانی بۆ وەردەگرت، ئەمە لە نامەیەکی کافکادا دەردەکەوێت، کە لە وەڵامی نامەیەکی ئۆتێلادا نووسیویەتی. ئۆتێلا لە فیزو لووتبەرزیی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بێزاردەبیو هەستی بە سووکایەتی دەکرد، ئەوەیش ئەو کاتانە بوو لە بەردەمی بەڕێوەبەرەکەدا دەوەستاو داوای مۆڵەتی تازەی لێدەکرد، ئەو سەری هەڵنەدەبڕیو خۆی بە خوێندنەوەی داواکەوە خەریک دەکر، تەماشای ئۆتێلای نەدەکرد، کە لە بەردەمیدا وەستاوەو چاوەڕێی بڕیاردانییەتی.



«مرۆڤێکی ناسروشتی» بەڵام کافکا بەگاڵتەجارییەوە وەڵامی ئەم بۆچوونە بێمانایەی دەدایەوەو دەیوت: «لە ژیاندا ناسروشتی بوون لەوە خراپتر نییە کە خەڵکی جەنگی جیهانی بە سروشتی بزانن»

کافکا شارەزای سایکۆلۆژیەتی بیروکراتییەکان بوو. لە نامەیەکیدا بۆ ئۆتێلا بەم جۆرە ئەو باسە دەکات: «دەربارەی ئەوەی کە بەڕێوەبەرەکە سەری بۆ بینینت هەڵنبەڕیوە، هەرگیز ئەوە بە مانای بێزاری نییە، شێوازی بێزاری شێوازێکە هەندێک لە وتاربێژەکان بەکاری دەهێنن کاتێک کە دەزانن وتەکانی لەلایەن خەڵکەوە گوێی لێناگیرێت. دەبوو پێشتر لەمە ئاگادارم بکردیتایە، چونکە ئەو وتاربێژە چاکە —یان ئەو کەسەی خۆی وا دادەنێت— لە خۆی ڕادەبینێتو بڕوای وایە کە ئەو پێویستی بەوە نییە تەماشای خەڵکو هۆڵەکە بکات، یان هەست بەوە دەکات ئەوە زیادەیەو توانای ئەو لەوە زیاترە پێویستی بەوە بێت.

ئەم دیمەنەی کافکا لە یەکێک لە نامەکانیدا بەرجەستەی کردووە، کەرەسەی خاوی دیمەنێکی ڕۆمانی (کۆشک)ی خۆیەتی».

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سیستمی پاشایەتی لە چیکۆسلۆفاکیادا گۆڕا، بەڵام بیروکراتییەتو ڕێوڕەسمە دوژمنکارییەکەی لەگەڵ مرۆڤدا وەک خۆی مایەوە. تاقە شتێک کە گۆڕا ئەوەبوو زمانی چیکی کرا بە زمانی فەرمیی وڵاتەکە. ئاسان نەبوو کافکا بە زمانی چیکی بنووسێت، چونکە لە قوتابخانەدا بەو زمانە نەیخوێندبوو، هەر لەبەر ئەوەبوو کە بێنەوبەرەی نووسینی لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا کە کاری تیا دەکرد ڕێگایەکی درێژی دەبڕی. ئەو بە زمانی ئەڵمانی نامەکانی دەنووسی،

پاشان دەیناردن بۆ ئۆتێلای خوشکی لە پراگ بۆ ئەوەی مێردە چیکییەکەی بۆی وەربگێڕێتە سەر زمانی چیکیو ئنجا بینرێتەوە بۆ کافکا، کە ئەو کاتە لە نەخۆشخانەدا کەوتبوو. پاشان کافکا هەر بە خەتی خۆیو بە بایەخپێدانێکی زۆرەوە دەقە چیکییەکەی دەگەڕاندەوە، کەچی بەڕێوەبەری بیروکراتی کۆمپانیاکە کاتی ئەوەی نەبوو وەڵامی نامەی ئەو کارمەندە نەخۆشە بداتەوە، کە وردە وردە ڕووی لە مردن دەکرد. کافکا چاوەڕێی وەڵامی نامە زۆرەکانی بوو، کە داوای مۆڵەتی درێژی دەکرد، بەڵام چاوەڕوانییەکی بێهوودە. بۆیە بڕیاری دا لە باتی بەڕێوەبەرەکە خۆی وەڵامی نامەکان بداتەوە، بەڵام وەڵامەکە خەیاڵی کافکا چنیبووی.

لە وەڵامە خەیاڵییەکەدا کافکا دەنووسێت: «هاوڕێی ئازیزم، دوێنێ شەو بیرۆکەیەکی تازەم بە زەیندا هات، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە تۆ زۆربەی کاتت لەناو هەوای ئازاددا بەسەر بەریت، داواکارم لە مۆڵەتە درێژەکەت چێژ وەربگریتو خۆت بە نووسینی داواکاریی تازەی مۆڵەتوەرگرتنەوە بە شێوازی چیکی ماندوو نەکەیت. تەنیا بروسکەیەکم بۆ بکە لە تاقە وشەیەک پێکهاتبێت «بەڵێ» ئیتر یەکسەر مۆڵەتی پێویستی ساڵانەت بۆ دەرەخسێتو پێویست ناکات ئۆتێلاو مێردەکەی بۆ بەدواداچوونی داواکانت ماندووبکەیت. چاوەڕێی بروسکەکەتم، هیوادارم زوو چاک بیتەوەو لە ناخی دڵمەوە سوپاست دەکەم..»

بارودۆخی نەخۆشخانەی (مانیلیاری) باش نەبوو، کێشە بچووکەکانی ڕۆژانە زۆر کاریگەریی ناخۆشی لەسەر کۆدەماری نووسەرە نەخۆشەکە هەبوو (هەراوزەنا، کارگوزارییە خراپەکەی، بۆنی چێشخانە، کە لە ژووری کافکاوە نزیک بوو) وەلێ تەنانەت لەو دۆخە خەمۆکییەشدا، هێشتا کافکا بەدوای ئەو خۆشیو شادمانییەوە بوو کە نەخۆشی لێی زەوت کردبوو، تا دوارۆژی ژیانیشی هەر وا مایەوە.

نامەکانی بۆ ئۆتێلا نامەگەلێکی خۆشو دڵگیر بوون. دوا هەواڵی نەخۆشخانەو ڕووداوی سەیرو چیرۆکی خۆشی وای بۆ خوشکی دەنووسی، کە تەنانەت نەخۆشخانەی سنگیش لەوانە خاڵی نین. لە یەکێک لەو نامانەدا دەڵێت: «تکایە وا نەزانیت ئێمە لێرە هەموو کاتی خۆمان بە پێکەنین بەسەر دەبەین، چونکە بارودۆخی نەخۆشخانە لەو خۆشییەوە دوورە».

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باری گرانی نەخۆشییەکە کافکای بەرەو مردن دەبرد، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ چارەو دەرمانێک بۆ نەخۆشیی سیل نەدۆزرابووەوە، بەردەوام خوێنی هەڵدەهێنایەوە. بۆیە نامەکانی تا دەهات کورتو دڵکارانەتر دەبوون. دوا نامەی لە نەخۆشخانەی (کیرلیانکی) بۆ ئۆتێلای خوشکی نارد، نەخۆشخانەیەکی پڕ لە خەمۆکیو ئازار کە ئیتر لەوێوە نەگەڕایەوە ماڵێ.

کافکا لەناو نامۆییەکی ڕۆحیی کۆمەڵگەکەیدا ژیا، بەڵام هەڵەیە وا بزانین کافکا پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانو چیرۆکەکانییەتی. ئەو نە «ک»ی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی «کۆشک»ە، نە «جوزیف ک»ی ڕۆمانی دادگایە. دوانامەکانیشی بۆ ئۆتێلای خوشکی باشترین بەڵگەن.

نامەکانی پێشتریشی بۆ میلنا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. جارێکیان کافکا لە یاداشتی ڕۆژانەیدا دەنووسێت: «ئەوەی لە ژیانما نووسیومە

# کافکا لەناو نامۆییەکی ڕۆحیی کۆمەڵگەکەیدا ژیا، بەڵام هەڵەیە وا بزانین کافکا پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانو چیرۆکەکانییەتی

بەرئەنجامی تەنیایی خۆمە». بەڵام کافکا بەردەوام تەنیا نەبووە، لە ژیانیدا ناوەناوە هەندێک شادمانیو ڕووناکیی هەبووەو ئەو دیوارەی لە نێوان ئەو و خەڵکی تردا بووە نەماوە (بۆ نموونە ماوەی خۆشەویستیی لەگەڵ میلناو شانازیی بە ئۆتێلای خوشکییەوە، کە دڵسۆزانە هاوبەشی خەمو ئازارەکانی بوو). لە کتێبی «نامە بۆ ئۆتێلا»دا هەندێک نامەی بۆ «دورا»ی خێزانی تیایە، کە دایکو باوکی بە هاوسەرگیری لەگەڵ دورادا قایل نەبوون. بۆیە کافکاو دورا تەواو نەگونجان، بەڵام هەر خۆیان بە هاوسەری یەک دەزانی، تەنانەت دورا نازناوی کافکای بۆ خۆی بەکاردەهێناو وەک ژنانی ئەوروپایی، کە نازناوی مێردەکانیان هەڵدەگرن، ئەویش لەژێر ئەو نازناوەدا ئیمزای دەکرد.

دورا لە دژی دەسەڵاتی هیتلەر لە چیکۆسلۆفاکیادا پەیوەندیی بە هێزە تێکۆشەرە نهێنییەکانی بەرگرییەوە کرد، پاشان چوو بۆ ڕووسیاو لەوێوە بۆ ئینگلتەراو دوای جەنگی دووەمی جیهان، کۆچی دوایی کرد، بەڵام میلناو ئۆتێلا لە ئۆردوگاکانی مەرگدا کە هیتلەر دروستی کردبوون گیانیان لەدەست دا. کافکا زۆر زوو پێشبینیی کردبوو، کە فاشیزم دێتە گۆڕێو دونیا وێران دەکات.

دوا نامەکانی کافکا خوێنو ئازاریان لێ دەتکێت، لەو نامانەدا داوای ئەوەمان لێدەکات بەرەنگاریی شەڕو شەڕخوازان بکەین. لە هەمان کاتدا نامەکان هەناسەی ژیانێکی پاکو بێگەردیان تیایە، ژیانێک بە هەموو جوانیو بەهاو خۆشیو ناخۆشییەکانییەوە، بەڵام بەداخەوە گەورەو داهێنەرەکان بە داخو خەفەتەوە سەردەنێنەوەو بەدو شەڕخوازەکانیش بە خۆشی دەژین! وەلێ وەک ئەنجام داهێنەرەکان

لە هەر بوارێکی ژیاندا بێت براوەو سەرکەوتوون. ئێستا کەس ناوی ئەو بەڕێوەبەری کۆمپانیایە نازانێت، کە وەڵامی داواکارییەکانی کافکای نەدەدایەوە، تەنانەت کەس ناوی سەرۆک کۆماری ئەوسای چیکۆسلۆفاکیایش نازانێت، بەڵام ناوی کافکا وەک گەورەترین نووسەری سەدەی بیست هەر بە نەمری دەمێنێتەوە، باشترین بەڵگەیش ئەوەیە کە بەرهەمەکانی وەرگێڕاونەتە سەر دەیان زمانی زیندووی دنیاو ئێستایش ناو و کاریگەریی کافکا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادییە.

**سەرچاوە:**
الحوار المتمدن- ژمارە ١٢٥٤ - ٢٠٠٥/٧/١٠



دوا نامەکانی کافکا خوێنو ئازاریان لێ دەتکێت، لەو نامانەدا داوای ئەوەمان لێدەکات بەرەنگاریی شەڕو شەڕخوازان بکەین. لە هەمان کاتدا نامەکان هەناسەی ژیانێکی پاکو بێگەردیان تیایە، ژیانێک بە هەموو جوانیو بەهاو خۆشیو ناخۆشییەکانییەوە





# یەکەمین و دواهەمین ڕوونکردنەوە بۆ ڕووداوێکی ناشیاو

**گابرێل گارسیا مارکیز**

**لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی**

تا ئەو جێگایەی دێتەوە بیرم هەرگیز سوپاسی ڕێزلێنانی نووسراوم نەکردووە. هەر بەو جۆرەی لەو نووسینانەی کە تیایاندا بێ ئینسافی کراوە بەرامبەرم، تووڕەو عاجز نەبووم. زۆر بەویژدانانەوەیە کاتێ خەڵک لە ڕێگای کتێبەکانتەوە ئەتناسن، ئەم مافەیان هەبێ بیرو باوەڕی خۆیان دەرببڕن، تەنانەت ئەگەر بیروباوەڕیشیان خراپ بێت، هەر ئەمەش هۆی ئەوەیە کە زۆر دەمێکە ئیدی بەرگری لە خۆم

# تەنیا پرسێك كە منی لە هەر شتێك زیاتر ئازار داوە لە ژیانمدا، هێرشی پڕوپاگەندە بووە

ناکەم. تاقەتی وەڵامدانەوەم نییە (پرسێ کە مافی رەوای مرۆڤە) زۆر دەمێکە لە هیچ ڕوویەکەوەو لە هیچ جێگایەکی دونیادا وەڵامی تۆمەتەکانم نەداوەتەوە، بەتایبەتیش لە کۆمپانیا. بەڵام ئێستا بە ناچاری ئەبێت ئەم حاڵەتە دەگمەنە قبوڵبکەمو ئێزن بەخۆم بدەم وەڵامێک بدەمەوە، تەنیا وەڵامی دوو پرس. دەوڵەت ویستویەتی ڕوونی بکاتەوە من لەبەر چ هۆیەک هەفتەی رابردوو لەناکاو کۆڵۆمبیام بەجێهێشتووە؟ زۆر کەس منیان بۆ دوو پرس مەحکوم کردووە: یەکەمیان ئەوەی کە بۆیە کۆڵۆمبیام بەجێهێشتووە هەتا پڕوپاگەندە بۆ کتێبی ئایندەم بکەم. دووەمیان: لەبەرئەوەی بەو کارە وڵاتی کۆڵۆمبیا (لەبەر چاوی جیهاندا بێ پایەم ئەکەم). هەردوو تۆمەتەکەی زۆر مایەی پێکەنینزو ئەبێ ئەوەش بڵێم دژوارو پێچەوانەی یەکن. سەیرکە چۆن کۆمەڵێ گەمژە ئەیانەوێ چارەنووست دیاری بکەن. تەنیا پرسێک کە منی لە هەر شتێک زیاتر ئازار داوە لە ژیانمدا، هێرشی پڕوپاگەندە بووە. ئەم پرسە ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەوەیە کە رەنگە خەڵکانی تر وەک دروستبوونی هەستی شایستەبوون لێکیدەنەوە، ڕێک بە پێچەوانەوە بووەتە هۆی ئەوەی بە ناچاری وەک کەسانێک بژیم هەڵهاتوون. هەرگیز لە مەراسیمی فەرمی و گشتیدا، یان لە کۆبوونەوەی قەرەباڵغدا بەشداریم نەکردووە، هەرگیز لە تەمەنمدا کۆنفرانسم ئەنجام نەداوە، هەرگیز بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن بۆ کتێبێک دەستپێشخەریم نەکردووەو شتێکی واشم لە خەیاڵدا نییە، هەر بەو جۆرەی کە لە سواری فرۆکەو فڕین ئەترسم، لە مایکرۆفۆنو کامێرای تەلەفزیۆنەکانیش ئەترسمو هەموو ڕۆژنامەنووسەکان بەباشی ئەزانن



کاتێک رازی ئەبم بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەک، تەنیا لەبەر خاتری ڕێزدانانە بۆ پیشەکەی ئەوان، دڵم نایەت وەڵامی نەخێریان بدەمەوە.

ئەم بڕیارە نەگۆڕو جێگیرەی کە خۆم نەکەمە نمایشی گشتی، ئەو مۆڵەتەی داوە پێم کە شانازییەک بەدەستبهێنم وێنەی نییەو بەهاکەی لە ژماردن نایەت. پاراستنی ژیانی تایبەتیم، من لە هەر سەعاتێکداو لە هەر شوێنێکی دونیادا بە پێچەوانەی رای گشتییەوە، کە پێیان وایە خوا ئەزانێ چ کارگەلێک ئەنجام ئەدەم، بەس لەناو کۆمەڵێ لە هاوڕێیانمدا، هاوڕێیانێک کە لە حزوریاندا بەبێ هیچ خۆنواندنێ لە رودامانێکە، خۆممو بەس.

شایستەبوونی من لە ژیاندا لەبەر نووسینی کتێبەکانم نەبووە، لەبەر ئەوەبووە کاتی خۆمم لە یارمەتیدانی مارسیدسی هاوسەرمدا بەکاربردووە، بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بە باشترین شێوە پەروەردەو گەورە بکات.

رازیبوونی زۆری من تەنیا ئەوە نەبووە چۆن توانیومەو سەرکەوتنم بەدەستهێناوە، هاوڕێیانێکی دڵسۆزو نوێ بەدەستبهێنم، بەڵکو لەبەرئەوە بووە سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکان، توانیومە هاوڕێ کۆنەکان بپارێزم. هەرگیز خۆم لە هیچ بەرپرسیارێتییەک نەشاردوەتەوە، هەرگیز نهێنیی کەسێکم ئاشکرا نەکردووەو هەر بەو جۆرەی کە هەرگیز لە هیچ رێگایەکی ترەوە پارەم بەدەستنەهێناوە، جگە لە رێگای تابیعەکەمەوە. بیروباوەڕی سیاسیشم زۆر جێگیرەو لە واقیعبینینمەوە سەرچاوەی گرتووە. هەمیشە لەبەر چاوی هەمووانددا بیروباوەڕی خۆمم خستووەتە ڕوو، بۆ ئەوەی هەرکەس کە پێی خۆشە بتوانێ بەگوێی خۆی بیبیستێ. تا رادەیەک سەفەرم

هەرگیز بە مەبەستی پڕوپاگەندەکردن بۆ کتێبێک دەستپێشخەریم نەکردووەو شتێکی واشم لە خەیاڵدا نییە، هەر بەو جۆرەی کە لە سواری فرۆکەو فڕین ئەترسم، لە مایکرۆفۆنو کامێرای تەلەفزیۆنەکانیش ئەترسم

کردووە بۆ هەموو وڵاتانی دونیا. جارێکیش پۆلیسی فەرەنسا گرتمی‌و تفی کردە نێوچاوانم لەبەرئەوەی بە هەڵە وایزانی شۆڕشگێڕێکی خەڵکی جەزائیرم. تەنانەت جارێکیش لە کتێبخانەی تایبەتی جوفانیای پائولۆی دووەمدا بەندکرام، لەبەر ئەوەی پاپای مەزن نەیئەزانی کلیلەکە لە قفڵەکەدا بسوڕێنێ. پاشماوەی خواردنم لەسەر زبڵی شۆستەکانی پاریسدا دەرهێناوەو خواردوومە. هەروەها لە پێخەفێکدا خەوتووم کە هی شا ئالفونسوی سیانزەهەمی شای ئیسپانیا بووەو لەویادا مردبوو، بەڵام هەرگیز تەنانەت بۆ ساتێکیش ئیزنم بەخۆم نەداوە لە خۆمەوە مەغرورو لەخۆبایی بم، نەخێر، هەمیشە خاکییانە یەکێک لە شانزە منداڵەکانی پیاوێکی تەلەگرافچی بووم لە شاری ئاراکاتاکاو بەس.

هەر لەم راستگۆییەوە بەرامبەر بە ئەسڵ‌و نەسەبم هەموو شتەکانی تر سەرچاوەیان گرتووە: جۆری ژیانم، سەرکەوتنم لە ئەدەبیاتداو راستگۆیی سیاسیم. پێشتریش وتومە ئەبێ بەهای هەر شانازییەک بدرێت. هەروەک چۆن ئەبێت هەموو قەرزێک بدرێتەوە ئەبێ هەر دەعوەتێک بە دەعوەتێ وەڵام بدرێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمدا هەمیشە ئاگاداربووم، هەمیشە ئەو دەعوەتی نانخواردنی نیوەڕۆو ئێوارانەم قبوڵکردووە، کە لەلایەن هاوڕێ دڵسۆزەکانی خۆمەوە بووە. ساڵانێک لەمەوپێش کاتێک رەخنەگری سینەما بووم، لەگەڵ ئەوەی کە ناسنامەی رۆژنامەنووسیم پێبوو، هەمیشە پارەی بلیتی چوونە ژوورەوەم دەدا. هەرگیز سەفەرێک قبوڵناکەم کە کەسێک خەرجەکەی گرتبێتە ئەستۆی خۆی. هەفتەی پێشووش سەرەڕای جەختکرنەوەو پێداگریی ئەو خانمە بەرێزەی باڵیۆزی مەکسیک لە کۆلۆمبیا، پارەی بلیتی سەفەری فرۆکە بۆ مەکسیک لە گیرفانی خۆم دا. چەند رۆژ پێشتر یەکێک لەو هاوڕێیانەی کە هەمیشە ئامادەی خزمەتە، بەبێ ئەوەی راوێژم لەگەڵ بکات، داوای لە سەرۆکی شارەوانیی بوگوتا کردبوو سەعاتی حسابکردنی کارەباسەرفکردنی ناوشار لەماڵی مندا بگۆڕێت، لەبەر ئەوەی لەو سەعاتەدا ئەبێ کارەبا کەمتر سەرف بکرێت‌و رێک لەو سەعاتەدایە کە من خەریکی کارکردنم. ژووری نوسینگەکەم هەتاو نایگرێتەوە، رووناکیی ئاسایی نییەو تابیعەی نووسینەکەشم بە کارەبا ئیش ئەکات. سەرۆکی شارەوانیش زۆر بەویژدانەوە وەڵامی دابووەوەو وتبووی: بەلزاک کە نووسەرێکی زۆر باشتریش بووە، لەژێر رووناکیی مۆمدا شتی نووسیوە. وەڵامی هاورێکەمم دایەوە کە زۆر دڵی بە وەڵامەی سەرۆکی شارەوانی شکاو زویر بووبوو. وتم بەڕێز سەرۆکی شارەوانی ئەرکی خۆی ئەنجامداوەو ئەبوو هەر ئەو وەڵامەش بداتەوە. ئەو کەسانەی کە باش من ئەناسن هەموویان ئاگادارن شەخسییەتی هەقیقیی من هەر ئەوەیە کە ئەیڵێم، سەرەڕای هەموو ئەفسانەکان و خراپ قسەکردنی باوەوە. ئیدی زۆر درەنگ بووە بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بگۆڕم لەم حاڵەتەدا ئەی بەڕێزە سەروەرەکانی بەندە، سەرۆکە هیچوپوچ و بچوکەکانی دەوڵەت، نەخێر بەو جۆرە نییە کە گریمانەتان کردووە، کەس بەبێ هۆ ژیانی خۆی بەم جۆرە خولەک بەخولەک دروستناکات بەم چەشنە بە ئیستیبدادی شەخسی، تاوەکو لە ناکاو گەمژەبێت‌و ئازاری خۆی بداتو خۆی تاراوگە بکات. تەنیا بۆ ریکلام‌و فرۆشتنی

# هەمیشە خاکییانە یەکێك لە شانزە منداڵەکانی پیاوێکی تەلەگرافچی بووم لە شاری ئاراکاتاکاو بەس

ملیۆنێک کتێب، کتێبگەلێک کە هەر لەو کاتەدا زیاتر لە ملیۆنێکیان لێ فرۆشراوە. تۆمەتی دووەم ئەوەیە کە کۆڵمبیام بەجێ هێشتووە تەنها بۆ ئەوەی لە متمانەو بایەخی جیهانی کەم ببێتەوە، زیاتر جێگای باوەڕپێکردن نییە.

بابەتەکە بەتەواوی پەیوەندیی هەیە بە خودی سەرۆک کۆمارەوە، لەبەر ئەو بچوکییەی کە دەوڵەتەکەی ئەو لە وڵاتەکەو لە ڕوانگەی وڵاتانی ترەوە دروستی کردووە. ئەوەی خۆشە ئەوەیە کە بێهودە ئەوەی کردووە بە خەتای من، لەبەر ئەوەی بۆ رەدکرنەوەو حاشاکردن لێی دوو بەڵگەی رازیکەرم هەیە، یەکەم بەڵگەیانی زۆر سادەیە حەزەکەم خوێنەران بەوردی بیخوێننەوە، لەبەر ئەوەی رەنگە زۆر سەرنجڕاکێش بێت بۆیان. من لە هەموو گفتوگۆ بێشومارەکانی خۆمدا لە سەرتاسەری جیهان هەرگیز ئاماژەم نەکردووە بە بارودۆخی سیاسیی ناوخۆی کۆڵۆمبیا. هەر بەو جۆرەی کە تەنانەت وشەیەکم نەنوسیوە کە بتوانرێت لە دژی وڵاتدا بەکاربرێت. هەمیشە دۆخەکەم لەبەرچاو گرتووە، ڕێک لەو کاتەوە کە زانیومە دەسەڵاتێکم لە دەستدایە کە لە راستیدا لە دەستمدا نییە. توانیومە سەرکەوتن بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا بهێنم لە دژی هەر جۆرە گوشارێکی رۆحیو دژوارییەک لە ماوەی سی ساڵ ژیانی سەرگەرداندا خۆراگربوومو بەرگریم کردووە. هەرجارێکیش ویستوومە ئاماژەیەک بکەم بە دۆخی ناوخۆی کولۆمبیا، تەنیا لە ڕێگای رۆژنامە ناوخۆییەکانەوە بووەو بەس. لەمە زیاتر نەڕۆیشتووم. ئەگەر کەسێک پێچەوانەی ئەمەی لەلایە، داوائەکەم خێرا بیخاتە روو، دیارە بە دۆکیۆمێنتی جدیو حاشاهەڵنەگرو رازیکەرو بەڵگەدار. داوا لە خوێنەرانیشم ئەکەم ئەگەر دۆکیۆمێنتێکی وا نەخرایە روو یا رازیکەر نەبوو ئەو راستییە بسەلمێنن کە مافی منەو راستییەکان لای منن. پرسی دووەم لەمە سادەترە، ئەویش زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بە منەوە، پەیوەستە بە ڕێکەوتی رۆژگارەوە. من ئەو شانازییەم هەیە کە لە هەموو کەسێکی خەڵکی کۆڵۆمبیا زیاتر لە مێژووی ئەو وڵاتەدا ئیمتیازو ئابڕوم بۆ بەدەستهێناوە، تەنانەت زیاتر لە هەموو کەسایەتییە بەناوبانگو هەموو سەرکۆمارەکانی یەک بەیەکیان.

لە ئەنجامدا ئەگەر ئەم بڕیارە ناچارییەی من زەرەرێکی لە ئابڕووی وڵات دابێت، خۆم پێش هەمووانو بە شەخسی هەڵی ئەوەشێنمەوە. لە راستیدا دەوڵەت منی لەبارەی ئەم دوو تۆمەتەوە کردووە بە قەڵغانی بەڵا، لەبەر ئەوەی ئەزانێت هەستکردن بە بەرپرسیارێتیم ئەبێتە ڕێگر لەوەی کە ناوی کەسانێ ئاشکرا بکەم، کە هۆکارو بکەری ئەم رووداوانە بوون. ئەزانم ئەم داوەیان بۆ من داناوەو (نووسەر) بوونی من بە کەڵکی هیچ نایەت.

لەبەر ئەوەی ئەزانن دۆخی ناوخۆی وڵات زۆر خراپە، کاتێ کە شاعیری بەناوبانگ (لویس ویداس) یان گرت ژەنرال کاماچۆ وتبوی: (شیعر لێرە بایەخی نییە) سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی شاری تولیما بە هەواڵنێرانو هەموو دونیای راگەیاندبوو سوپا دە ڕۆژی تەواو بە دوای مندا گەڕاوە، لەبەر ئەوەی پێیان وابووە پەیوەندیم لەگەڵ لێپرسراوانی پلە باڵای کۆمەنیستدا هەیە. ئەیانویست لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن لە یەکێک لە کاربەدەستە باڵا گرنگەکان مەحرەمانە پێی وتم: (شێت بوون) هەر لەو کاتەدا شۆڕشگێڕێک دانی پێدانابوو لەکوبا پەروەردەکراوەو



من ئەو شانازییەم هەیە کە لە هەموو کەسێکی خەڵکی کۆڵۆمبیا زیاتر لە مێژووی ئەو وڵاتەدا ئیمتیازو ئابڕوم بۆ بەدەستهێناوە، تەنانەت زیاتر لە هەموو کەسایەتییە بەناوبانگو هەموو سەرکۆمارەکانی یەک بەیەکیان

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆلۆمبیا زۆر خێرا هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ کوبادا کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام شتێکی تریش کە بووبووە هۆی تەشویش ئەوەبو کە رۆژی چوارشەممەی رابردوو کاتێ منو هاوسەرەکەم شەش سەعات ئەبوو لە باڵیۆزخانەی مەکسیک بووین لە بۆگوتا، دەوڵەتی کۆلۆمبیا بەشێوەیەکی فەرمی ئاگاداری بڕیارەکەی ئێمە بووبوو.

ئەویش لە رێگای جەناب سەرهەنگ خۆلیۆ لوندونیۆ لە کونسولخانەی کۆلۆمبیا. رۆژی دواتر کاتێ بەپێچەوانەی ویستی ئێمەوە هەواڵەکە بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوەو پەیامنێری رادیۆکان گفتوگۆی تەلەفۆنییان لەگەڵ بەرپرسی کونسولخانەدا کردبوو، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی رۆحیشی ئاگاداری ئەم رووداوە نییە، ئەمە واتە تا هەشت سەعات دواتریش هێشتا هەواڵێکی بەدەست نەهێنابوو. تەنانەت یەکێک لە وەزیرەکانی دەوڵەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەواڵەکەی بەدرۆخستەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە هەمووان ئەیانزانیو چەند رۆژێک ئەبوو لە بوگوتا بڵاوبووبووەوە کە ئەیانەوێت دەستگیرم بکەن. منیش بەپێچەوانەی هاوسەرە فریوخواردووەکان دواین کەس نەبووم کە ئاگاداری ئەم رووداوە ئەبووم. کەسێک پێی وتبووم: (هیچ رێکخراوێک ناتوانێت باشتر لە هاورێ جێگای پۆلیسی نهێنی بگرێتەوە)، بەڵام ئەوەی کە سەلماندی بۆ من تەنیا پروپاگەندە نییە، ئەوەبوو کە رۆژی سێشەممە بیستو چواری مانگی مارس پاش نانخواردنی ئێوارە لە کۆشکی سەرکۆماری، یەکێک لە بەرپرسانی باڵای سوپا بەوردەکارییەکی زیاترەوە قسەی لەگەڵ کردمو وتی

ژەنەراڵ فورو دلگاردیۆ زۆر خۆشحاڵ ئەبێت کە گارسیا مارکیز سەرێک لە نووسینگە تایبەتییەکەی بدات، لەبەر ئەوەی حەزئەکات لە بارەی پەیوەندیی ئەو لەگەڵ کوبادا چەند پرسیارێک بکات. هەر لەو شەوەدا ئاماژەگەلێک بەو سەفەرە کرا کە منو مارسیدس لە بۆگوتاوە کردبوومان بۆ هاڤانا لەگەڵ ئەو وەستانەی لە پاناما کە لە بیستو هەشتی یەک تا یانزەی دوو بوو. ئێمە رۆیشتبووین بۆ ئەو سەفەرە، وەک هەمیشە کە ساڵی سێ چوار جار ئەچین بۆ کوبا. هۆکاری ئەو سەفەرە تایبەتەش بەشداریکردن بوو لە کۆنگرەیەکدا کە نووسەرانی ئەمریکای باکوورو باشوور بەشدارییان تیا ئەکرد. بەدەر لە ئێمە چەند کەسی تریش لە کۆلۆمبیاوە بەشدارییان تیا کردبوو.

ئەگەر هەستم بکردایەو بمزانیایە ژمارەیەک لە شۆڕشگێڕان هاتوونەتە ئەوێ، سروشتییە کە خۆم ئەپاراست بۆ ئەوەی نەهێڵم کاربەدەستانی سوپا هێرشم بکەنە سەر. بەڵام دڵنیام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەموو شتێ دەردەکەوێت. رۆژنامەکان هێندە مەوزوعەکەیان گەورە کردووەو درێژەیان پێداوە کە زیادەڕەویکردنیان ئاشکرایە. لەو پرسەدا کەموکورییەک نییە. خائیمە سوتو کە من هەمیشە ئەوم بە هاورێیەکی کۆنو رۆژنامەنووسێکی زۆرباش داناوەو ساڵەهای ساڵە نەمدیووە، بەشێوازێکی زۆر گەمژانە پاساوی بۆ سەفەرەکەم هێناوەتەوە: «ئەو کارە هەڵەیەی کە لە خۆوە کراوە، هیچ رێگا چارەیەکی نییە» لەگەڵ ئەوەشدا یەکشەممەی رابردوو وتارێکی خراپتر لە رۆژنامەی (ئیل تیمپو)دا چاپکرا و بە ئیمزای کەسێکەوە بەناوی خوازراوی (نیشانەی خودا) نازانم کێیە،

# جارێك پۆلیسی فەرەنسا گرتمیو تفی كردە نێوچاوانم، لەبەر ئەوەی بە هەڵە وایزانی شۆڕشگێڕێكی خەڵكی جەزائیرم

بەڵام شێوازو ناوەڕۆكی وتارەكە ئەوە ئەگەیەنێت كە بەبێ گومان دواكەوتووە، گەمژەیە، تەنانەت نازانێ وشەكان لە شوێنی گونجاویاندا دابنێت، ئابرووی هەرچی نووسەرە بردوویێتی یەكێ لە ئابرومەدانەترین پیشەكانی دونیا، لۆژیكێكی هەیە رێك وەك لۆژیكی شێتەكان. بچوكترین بایەخ دانانێت بۆ گیانی خەڵكانی تر. بۆنی لە مرۆڤایەتی نەبردووەو هەستی پێناكات. لەگەڵ ئەوەی كە مەبەستی تاوانباركردنی تیایە، وتارێكی زۆر گرنگە. بۆ یەكەمینجار لە رۆژنامەیەكی ئابرومەنددا چاپ كراوەو بانگەشەی ئەوە ئەكات كە لە نێوان دوایین سەفەری من بۆ هاڤاناو شۆڕشگێڕەكانی باشووری كۆلۆمبیادا پەیوەندییەكی دروستكردووە. رێك وەك ئەو تۆمەتەی كە كاربەدەستانی سوپا لەبەرچاویان گرتبووبۆم، هەر ئەو شتانەی كە كەسانێك گەیاندبوویان بەگوێمو من تا ئێستا ئاماژەم پێنەكردبوون. مەحكومییەتێكی فەرمی كە دەوڵەتیش حەزیكردووە بەشاراوەیی بیهێڵێتەوە. درۆیەكی وا گەورەیە كە تۆمەتەكانی تری وەلاوە ناوە. واتە ریكلام بۆ كتێبەكانم و كەمكردنەوە لە بایەخی نێونەتەوەیی كولۆمبیا. ئێستا روونبووەتەوە كە بۆچی بەدوای مندا گەڕاون، ئیدی روونە من لەبەرچی هۆیەک كۆلۆمبیام بەجێهێشتووەو بەپێچەوانەی حەزو ئارەزووی خۆمەوە، خوا ئەزانێ ئەبێ تا كەی لە وڵاتانی تردا بژیم، لە كۆتاییشدا لەبەر راستگۆیی ئەبێ ئاماژە بە پرسێک بكەم، چەندین ساڵە رۆژنامەی «ئیل تیمپۆ» هەموو هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ دابەشكردنی كەسایەتیی من: لەلایەكەوە نووسەرێكم كە خودی ئەوان بە «بلیمەت»ی ناو ئەبەنو لەلایەكی ترەوە كۆمۆنیستێكی تەواوم، كە ئامادەیە نیشتمانەكەی نەهێڵێتو لەناوی بەرێت. زۆر لە هەڵەدان، من كەسێكم كە ناتوانرێ لێك جیابكرێتەوە پلەوپایەو دۆخو بیروباوەڕی سیاسیم هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژیایەی كە كتێبەكانمی پێ ئەنووسم.

ئەو رۆژنامەیە ستایشو رێزلێنانێكی زۆری بۆ كردووم وەك نووسەر، كە بە رای من موبالەغەئامێز دێتە بەرچاو، لەلایەكی ترەوە وەك ئاژەڵێكی سیاسی منی كردووەتە قوربانیی هەموو ئەو جەدەلانە. لە هەردوو رووەكەوە زۆر زیادەڕەویی كردووە، بەڵام بەهەرحاڵ ئەو رۆژنامە پیشەكەی خۆی ئەنجامداوە. منیش هەرگیز هەوڵم نەداوە وەڵامیان بدەمەوە، نە بۆ سوپاسكردنیانو نە بۆ نارەزایی دەربڕین زیاتر لە سی ساڵ ئەبێت، واتە لەو كاتەوەی كە هەموومان لاوبووینو وامان ئەزانی (من هێشتاش هەر ئەو بیروباوەڕەم هەیە) كە هیچ شتێك جوانتر نییە لە زیندووبوون. هاوڕێیەتیم لەگەڵ ئیرناندۆو ئینریكە سانتۆس كاسیۆ درێژە پێداوەو سەرەڕای ئەو دوورییەی كە لە نێوانماندا دروستبووە، هەردووكیانم زۆر خۆش ئەوێو بەباشی تێیان ئەگەم. هەروەها هاوڕێیەتی لەگەڵ رۆبەرتۆ گارسیا پنیاش، كە یەكێكە لەو بەرێزترین بوونەوەرانەی كە لە تەمەنمدا ناسیومە.

حەزدەكەم داوایان لێ بكەم بۆ خوێنەرانی خۆیان بنووسن، كە من هەرگیز نارەزایەتیم بەرامبەر بە رۆژنامەكەیان دەرنەبڕیوە نە بەشێوەیەكی گشتیو نە لە كۆبوونەوەی تایبەتیدا، لەبارەی زیادەرەویكردنی ئەوانەوە هەرگیز جەسارەتم نەكردووە، بەڵام بەراستی ئیدی ئەو رۆژنامەیە ناخۆشیكردووە، وەک ئاژەڵێكی درندە هێرش ئەكاتو منیش پاش




من كەسێكم كە ناتوانرێ لێك جیابكرێتەوە پلەوپایەو دۆخو بیروباوەڕی سیاسیم هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژیایەی كە كتێبەكانمی پێ ئەنووسم

## وتار



چەندین ساڵ کەوتوومەتە بیری ئەوەی کە ڕەنگە لە هەموو ئەو ماوەیەدا خۆم هەڵە بووبێتم، کە وام ئەزانی ئەتوانم رامکەری ئەو ئاژەڵانە بەشێوەیەکی جیاوازو لەیەک جودا لەبەرچاو بگرم. بەم شێوەیە هەموو ئەم رووداوە ناشیاو و قبوڵنەکراوە بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. بەرامبەر بوون‌و رووبەڕووبوونەوەش مەحاڵە لەلایەکەوە دەوڵەتێکی دیکتاتۆرو ستەمکاربوونی هەیە، کە بەبێ ئامانج چووەتە پێشەوەو خەریکە لێکهەڵدەوەشێتەوە، ئەویش بە پشتیوانیی ڕۆژنامەیەکی گەمژە، کە ساڵەهای ساڵە لە چارەنووسێکی سەیردا بەردەوام پەنا بۆ هەر ئامرازێک ئەبات بۆ ئەوەی بکەوێتە بەر لوتفی ئەو سەرکۆمارانەی کە ڕقی لە هەموویانە. لەلایەکی ترەوە منیش بوونم هەیە لەگەڵ هاوڕێیانی بێشوماردا. من کە خەریکم بەساڵا ئەچم‌و ئەڕۆمە ناو تەمەنی پیرییەوە، ئەوە بە مافی ڕەوای خۆم ئەزانم. بیروباوەڕی گشتیش چارەیەکی تری نییەو نازانێت باوەڕ بە قسەی کێ بکات.

من وەک خۆم بە سەبرو تەحەمولێکی لە رادەبەدەرەوە بەهیچ شێوەیەک پەلەم نییە بۆ ئەوەی ئەوان بڕیار بدەن. بە سەبرەوە لە چاوەڕوانیدام.



# ژیانە تازەکە

## وەرگیراو لە گفتوگۆکانی ڕۆمانی ژیانە تازەکە.. ئۆرهان پاموك

**لە سویدییەوە: هیوا قادر**

کاتێک بێ هیچ چاوەڕوانکردنێک دەستم کرد بە نووسینی ڕۆمانی «ژیانە تازەکە»، لە ناوەڕاستی نووسینی ڕۆمانێکی تردا بووم کە دواتر ناوم، نا «ناوم سوورە». ئەوکاتە بۆ فیستیڤاڵێکی نووسەران لە ئوستralیا داوەتکرابووم، دوای سەفەرێکی دوورو درێژ بە فڕۆکە گەیشتمە ئەوێ. منیش لەگەڵ نووسەرەکانی تردا براینە مۆتێلێک. من و ئۆلیڤەر ساکسی نیورولۆگ و میروسلاف هۆلوبی شاعیر پێکەوە چووین بۆ کەناری دەریا. کەنارەکە تا چاوبڕکات درێژبوو، ئاسمان هەوروهەڵا و دەریاش خامۆش و ڕەنگ خۆڵەمێشی بوو. ئەمەش کەش و هەوایەکی هێمن و داخراوی دروستکردبوو.

ئێمە چووبووینە ناو ئەو کیشوەرەوە کە لە نەخشەی کتێبەکانی منداڵیمدا لە سەری ئەسپێک ئەچوو. ئەوکاتەی ساکسی نیورۆلۆگ بەخۆی و پەلێتێکی وێنەکیشان و دوو چاویلکەوە بەرەو ئاوەکە ئەچوو، هۆلۆبی شاعیریش لەدوای گەڕان بەدووی بەردی کیسل و قاوغی هێلکەشیتانۆکەدا لەچاو ونبوو. لە کۆتایدا بە تەنها هەر خۆم لەسەر کەنارەکە مامەوە. ئان و ساتێکی سەیربوو. لەپڕ بیرمکەوتەوە کە «من نووسەرم!». دڵم بەوە خۆشبوو لەو ساتەدا لەویادام، لەناو ئەم دنیایەدام. هەمان ئێوارە ئاهەنگێکی خۆشیان بۆ ئیمەی نووسەران سازکرد، بەڵام من هیلاکبووم و نەچووم بۆ ئەوێ. لەبەر هەیوانی ئوتێلەکەوە گوێم لە دەنگی ئاهەنگەکە ئەگرت و لە نێوان سنەوبەرەکانیشەوە سەیری ڕووناکیی ئەوێم ئەکرد. بینینی سەرحاڵی خەڵکی لە مەودایەکی دوور لە خۆمەوە بۆ من بۆتە سومبلێکی ترسناک لەوەی لە نووسینم بکات. لە هەمان کاتدا ئۆلیڤەر ساکسیش لەیەکێ لە دەرگاکانەوە هاتەدەرەوە. حەبێکی خەوی بەدەستەوە بوو، پێی وتم؛ «منیش ناتوانم بنووم، کەوایە با ئەم حەبە لەتبکەین بۆ هەردووکمان». وەڵامم دایەوە و وتم؛ من هەرگیز هیچ جۆرە حەبێکی خەو یان موخەدەراتێک بەهیچ شێوەیەک بەکارناهێنم. ئەویش وتی «خۆ منیش بەکاری ناهێنم، بەڵام ڕەنگە بۆ ئێستا خراپ نەبێت».

ساکس یەکێک بوو لەو نیورولۆگ و شاعیرانەی سەرسامیم هەبوو بۆی، بۆیە حەبەکەم لێ وەرگرت و قوتمدا، سوپاسم کرد و چوومەوە ژوورەکەی خۆم، لەسەر جێگاکەم ڕاکشام و گەشبینانە چاولەڕێی خەو لێکەوتن بووم. بەڵام ببڕای ببڕ خەو نەهات. لە خەیاڵی خۆمدا شکوربووم بە نووسەربوونم و گەڕانم بە دوای حەقیقەت و ڕاستیدا. کاتێک لەو تاریکییەدا ڕاکشابووم و بیرم لە ژیانی خۆم ئەکردەوە تێگەیشتم لەوەی تەنها شتێک بتوانێت هێمنم بکاتەوە ئەوەیە شتێکی جوان بنووسم. وەک کەسێک بەدەم خەوەوە بڕوات لە جێگاکەم هاتمە دەرەوە، دەفتەری نووسینەکەم کە هەمیشە پێمە هێنامە دەرەوە، لەبەردەم مێزی نووسینەکە دانیشتم و دەستم کرد بە نووسین: «ڕۆژێک کتێبێکم خوێندەوە و سەرلەبەری ژیانم گۆڕا!». ئەم ڕستەیە ساڵانێکی زۆر بوو لە مێشکمدا هەڵمگرتبوو، ئەمویست ڕۆمانێک بەم ڕستەیە دەستپێبکەم. لەو ڕۆمانەدا کارەکتەرە سەرەکییەکەی لە خۆم بچێت. نەئەبوو خوێنەر هیچ شتێک سەبارەت بەو ڕۆمانە بزانێت کە ئەم کەسایەتییە سەرەکییە خوێندبوویەوە، بەڵکە تەنها ئەو شتانە بزانێت کە دوای خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە بەسەری دێن. لەم ڕێگایەوە ڕەنگە خوێنەرەکان بتوانن شتێک سەبارەت بەو کتێبە هەڵبکرێنن کە ئەو خوێندوێتییەوە. یەکەم ڕستەی ئەو ڕۆمانەم ئەو شەوە لە ژووری ئەو ئوتێلەدا نووسی، دواتر وازم لێهێنا. ئەو کتێبە زەوق و شەوقێکی وای پێبەخشیم، وای لێکردم پاوسێک لە ڕۆمانی «ناوم سوورە» وەربگرم و بە ئیلهامێکی گەورەوە لە ماوەی دوو ساڵدا ئەو کتێبە نوێیە تەواوبکەم.

کاتێک خەریکی نووسینی کتێبەکە بووم، بەردەوام بەناو ئەو شوێنانەی ئیستەنبوڵ و دەوروبەری دورگەری مەرمەڕەدا ئەگەڕام، وەک ئەوەی لە ڕۆمانی «ماڵە بێدەنگەکە»دا باسمکردووە. لە ڕاستیدا ئیستەنبوڵ یەکێکە لەو جێگا گەورانەی

# من وەك سەرچاوەیەك بۆ ئەدەب حەزم لە سۆفیزمە. هەرگیزیش وا سەیری سۆفیزمم نەکردووە، کە خۆم حەزبکەم فێری بم یان تیابژیم

ئەو ناوچەیە، جیاواز لە جێگا گەورەکانی تری تورکیا کە لە دێیەکەوە بوون بە جێیەکی گەورە. چیتر ئەو جێگایانەی تورکیا وەک جاران نەماون، وەک ئەوەی ڕەشاد نوری گونتەگینی نووسەر کە جارێکیان بۆ بەرگریکردن لەو شوێنانە داوای لە «پارێزگا، دەزگای پێوەری زەوی، دەسەڵاتداران، خاوەن موڵک، مامۆستا کەمالیستەکان و ئیمامەکان» کردبوو، جیا لەو فرۆشیارانەی کە زنجیرەی فرۆشگا جیاوازەکان لە ئاستی وڵاتدا پێکدەهێنن وەک ئەرچلیک و ئەیگاز، جگەرەفرۆشان و - دوکانی یانسیبەکان، شیلتی سەر پەنجەرەکان، ئامێری تەلەفزیۆنەکان، دەرمانخانەکان، شیرینیخانەکان، پۆستەخانە و ئەو خەستەخانانەی هەژارەکان بە ڕیز لەبەردەمیاندا ئەوەستن... ئەگەرچی ئەم داوایانە پێداگیرییەکی زۆری پێوەدیارە، بەڵام منیش ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە: زیا گۆکەلپی نووسەرک بناغەی ناسیونالیزمی تورکی داڕشتووە، پێی لەسەر ئەوەداگرتووە کە بناغەی نەتەوە لەسەر کایەی کولتوور بنیاد بنرێت، کە لە کایەکانی زمان و مێژوو و هاوچەشنی ئەوانە پێکدێن. مەبەست لەم کایانەش ئەوەیە کە ئەو تورکیا مۆدێرنە پێکبهێنن کە ئەو ئەیویست لەگەڵی بێت و دەستی لە دروستکردنیدا هەبێت. بەڵام ئەمڕۆ پێئەچێت زمان و کولتوور مێژوو کە پێکەوە ئەوان تورکیا ڕائەگرن، بووبنە ئەو کایەیەی لە سەرلەبەری وڵاتدا زنجیرەیەک لە بازرگانەکان و یانسیبەکان و پۆستەخانەکانی دروستکردبێت. ئەو کایەشی کە بۆتە سەنتەر و ئەم دامەزراوانەی لە هەموو کونج و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتەدا دروستکردووە، زیاتر جێی باوەڕ و متمانە پێکردنن، بەراورد بەو کایە و ڕەگەزانەی کە زیا گۆکەلپی ئەیویست دروستیان بکات.

ئێمە هەموومان بە قەدەر خۆمان کۆبوونەوەی بازرگانەکانمان بینیوە کە لە ئوتێلە پێنج ئەستێرەکان ئەکرێن و لەلایەن ئەو پیاوانەوە ڕێک ئەخرێن کە دەستیان لە گیرفانەکانیاندایە و چاویان لەسەر ئەو گەشتیارانەیە کە ئەیانەوێت سەرحاڵبن، ئەو پیاوانە لەوکاتانەدا هەمان خەسڵەتی ئەو گەنجانەیان هەیە کە تازە ئەکرێن بە سەرباز. ئەم جۆرە پیاوانە چەند ڕۆژێک لە ساڵێکدا لە کۆبوونەوەیەکی بازرگانیدا کۆئەبنەوە. یەک ئەبینن و یەکتر ئەناسن و ئەو کۆرسانە ئەخوێنن کە کارگەکانیان پێویستی پێیەتی بۆئەوەی شوناسێک بۆ مارکەی شمەکەکانیان دروستبکەن، ئەمەش لەسەر حسابی ئەو هاوڕێیەتی و برادەرێتییەیە کە هەموومان لە تورکیا باش ئەزانین چۆنە. دیارە لەم جۆرە کۆبوونەوانەشدا ژنەکانیان بەشدار نابن لەگەڵیاندا. ئەم کارگە جیاوازانە هەوڵ ئەدەن لە کاتی ئەو کۆبوونەوانەدا ئەو پرۆگرامانەی خۆیان بخەنە ڕوو، هەروەها ئەو ئیماژە تازانەی ئەیانەوێت پروپاگەندەی بۆ بکەن. کۆمپانیایەکی تەلەفزیونی تەلەفزیۆنێکی لە هۆڵێکی ئۆتوێلیکدا قوتکردووەتەوە، لە کاتێکدا کۆمپانیایەکی دەرمانسازی هەرەمێکی لە پاکەتی دەرمان دروستکردووە. هەروەک ڕێکخراوە نهێنییەکان کە بەئاگاییەوە ئەیانەوێت هێما بۆ فرۆشیارەکانیان بکەن تا شوناسێکی هاوبەش بۆ خۆیان پێکبهێنن لە ڕێگەی بەخشینەوەی مەدالیای کلیل، دەفتەری بچوکی یاداشتنووسین، زەرفی نامە، قەڵەم، چەرخ و دیاریی تر کە لۆگۆکانیان لەسەر نووسراوە.




کاتێک لەو تاریکییەدا ڕاکشابووم و بیرم لە ژیانی خۆم ئەکردەوە تێگەیشتم لەوەی تەنها شتێک بتوانێت هێمنم بکاتەوە ئەوەیە شتێکی جوان بنووسم

من باسی ئەوەم کردووە کە «ژیانە تازەکە» ناوی مارکەی نوقڵێک بوو من لە منداڵیدا خۆم خواردوومە و لە ڕاستیدا بوونی هەبوو. کارگەکانی تر ئەیانویست ئەم نوقڵە کۆپی بکەن، ئەمەش بەشیکی سەرنجڕاکێشی ناو ڕۆمانەکەیە. هەروەها «ژیانە تازەکە« ناوی بەرهەمێکی «دانتی»ـە، کە لە ڕۆمانەکەدا هەندێک ڕووداوی هێمن پێکدێنێت. بەهەرحاڵ ناوی «ژیانە تازەکە» لە ١٩٥٠کاندا هەم نوقڵێکی ناسراو بوو لە تورکیا و هەم بەرهەمێکی دانتی بووە.

تۆ بیر لەوە بکەرەوە لەناو پاسێکدایت و خەوتوویت و لە نیوەی شەودا بە شارێکی بچوکدا تێئەپەڕێت، ڕووناکیی شەقامەکان کزن و هەموو شتێک خامۆشە. شەقامەکان چۆڵ و هۆڵن، بەڵام لەسەرەوە و لە پەنجەرەی پاسەکەوە پەردەی لادراوی پەنجەرەی ماڵێک ئەبینیت. ڕەنگە پاسەکە لە ترافیکێکدا وەستابێت، تۆش لەو ئان و ساتەدا، لەوبەری شەقامەکەوە و لەناو ئەو شارە نەناسراوەدا، لەپڕ چاوت ئەچێتە سەر هەندێک ئینسان، کە بەبیجامەوە سەیری دواهەواڵی ئەو نیوەشەوە ئەکەن، یان ڕۆژنامە ئەخوێننەوە یاخود پێش ئەوەی بچنە نوێنەکانیانەوە دواهەمین جگەرە ئەکێشن. هەموو ئەوانەی بەشەو سەفەری پاسیان کردووە ئەم حاڵەتانە ژیاون؛ بێ هیچ چاوەڕوانییەک ڕووبەڕووی نیگای ئەو خەڵکە نەناسانە ئەبیتەوە لە ماڵەکانیاندا. لەپڕ لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلێکەوە کە لەسەر خێرایی سەد ئەڕوات چاوت ئەچێتە سەر بچوکترین و تایبەتمەندترین ساتەکانی ژیانی ئەو کەسانە و وردە وردەش لەچاو ون ئەبن. ئەمە یەکێکە لەو ساتە زۆر دەگمەن و ساحیرانەی کە ژیان پێشکەشمانی ئەکات و تێئەگەین کە لە ڕاستیدا ژیانە تایبەتییەکانی ئینسانەکانی تر چۆن ئەگوزەرێن. ئەمە وەک هەمان ئەو هەستە وایە کاتێک دەرگای سەلاجەیەک ئەکەیتەوە و ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتانە ئەبیتەوە کە تیایدان. ئێمە ژیانی خۆمان لەگەڵ ژیانی ئەو کەسە نەناسانەدا بەراورد ئەکەین. ئینسان کونجکوڵی ئەیگرێت و ئەیەوێت خۆی لە جێگای ئەوان دابنێت، خەو بەوەوە ئەبینێت ئەویش وەکو ئەوانی لێبێت یان وەکو ئەوان بێت. سەرنج بۆ خۆبردنی ژیانی ئینسانەکانی تر وا لە ئینسان ئەکات بزانێت ژیانی خۆشی لە چ ئاستێکدایە.

من وەک سەرچاوەیەک بۆ ئەدەب حەزم لە سۆفیزمە. هەرگیزیش وا سەیری سۆفیزمم نەکردووە، کە خۆم حەزبکەم فێری بم یان تیابژیم. من ئەدەبی سۆفی وەک گەنجینەیەکی ئەدەبی ئەبینم. من لە خێزانێکی پێشکەوتووخوازدا گەورەبووم و ژیانێکی تەواو سێکولار ژیاوم، کە سروشی لە عەقڵانییەتی ئەو ئەوروپایە وەرگرتووە کە بۆتە چەقی ژیانی من. بەڵام لە ڕوویەکی تریشەوە هەوڵم داوە تا ئەوپەڕی توانا کراوەبم بەرامبەر ئەو کتێب و تێکستانەی کە شتێکی جیاواز و تازەم پێ ئەبەخشن. من ئەو تێکستانە وەک کەرەستەیەکی خاوی سەردەمەکانی خۆیان نابینم، بەڵکە لەبەر ئەوە ئەیانخوێنمەوە تا ئەوپەڕی لەزەتیان لێ ببینم. کاتێک ئینسان لەزەتی لە خوێندنەوەی نووسینێک برد، کاریگەریی خۆشی ئەبێت، بەڵام ئەو کاتەی کاریگەریم لەسەر دائەنێت، ئەوکات تێگەیشتنە عەقڵانییەکەم دەست بەکارکردن ئەکات. من پێموایە کتێبەکانی من لە نێوان ئەو هێڵە گرژەی نێوان ئەم دوو دنیایەدا وەستاون.



# مانیفێستی شیعری

## پێشکێشه به مانیفێستی نه‌نووسراوی گرووپی پێشڕه‌و

**سه‌باح ڕه‌نجده‌ر**

**به‌شی دووه‌م**

٢٥

شاعیرانی کلاسیکی کوردی، به تێگه‌یشتنی ڕاسته‌قینه‌ی شیعر، ڕوونتر و داهێنه‌رانه‌تر له شاعیرانی ئێستا بایه‌خیان به ئه‌وپه‌ڕی زمان، ئێستێتیکای زمان داوه، ته‌ماشای هۆگربوونیان به ئه‌وپه‌ڕی زمان و ئیستاتیکای زمانه‌وه بکه، گه‌یشتوون به ئاستی دره‌وونڕۆشنی و تێگه‌یشتنی ده‌وری زمان له ده‌قی ئه‌ده‌بیدا.

زمانی کەم وێنەو دەسەڵاتداری شیعری کلاسیکی منی بەکێشی ناوچەقی زەمینەی بە پیت و هەوایەکی نوێ کرد، ئەزموونی خۆی لە ئامادەبوونێکی ڕۆشن و سروشتی و پڕ ڕەنگتر پێ تاقی کردمەوە.
کرۆکی ژیان و مردن بە نەدۆزراوەیی ماوەتەوە، هەروەها زمانی شیعری کلاسیکی کوردیش.
زمان لە شیعری کلاسیکیدا ئاست و ئاراستەی لەباری وەرگرتووە بە تەواوی لایەنگیریم، شاعیری هاوچەرخ لەناو زمانی شیعری کلاسیکی قاڵ نەبووبێتەوە قەتاو قەت ناگاتە هیچ سەرکەوتن و پێشکێشکردنێکی هۆشمەندانەی زمانەوە.
دەمەوێ لە وشیاریی نووسیندا، کە دەربڕین لە خەم و هونەر و دەروونی کوردی دەکات زمانێکی نزیک لە شیعری کلاسیکی ڕیشەدارو فرە ئاسۆیی ئەگەر بتوانم دابهێنم، یان بەکاربهێنم. وەک شێواز نا، وەک گیان و زمان و سرووش و پرسیارە گەردوونی و چارەنووسسازەکان. دەچمە ناو کلاسیک و خاڵی دەرچوون دەدۆزمەوە. واتە ئەوپەڕی زمان و خەیاڵی بینین.
لە دەقی خەونیدا زمان ڕستە دەکاتەوە و کەشوهەوای تەسەوف دادەکشێنێتە ناوەوەی تاک و مانا چەسپاوەکان ڕادەکێشێتە ئاقاری گۆران و بارگاوییان دەکات بۆ جووڵاندن.
ئەمەش بە لووتکە گەیشتنی شیعرییەت و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی جوانی و بە پیتکردنی ڕێڕەوەکەیەتی. جوانییەکان قەوارەیەکن بۆ ئازادکردنی مرۆڤ و ئەندێشەی ئەفسانەیی و نووسینی ئازاد.
لە دەقی خەونیدا مانا هەمەچەشنەیە، خەیاڵ پەرێشان ناکات و بانگەوازە بۆ خولقاندنی جوانییە هەمیشەییەکان و بەرێز ڕاگرتنی بەها تا هەتاییەکانی ژیان.
**من ئەفسانە دەنووسم،لەبارەی ئەفسانەوە نانووسم.**
٢٦
من سەر بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نیم و لایەنگری هیچ حزبێکیش نابم. ئەم خۆڕاگەیاندنە دڵی شێری دەوێ، شیعر دڵی شێرە. داهێنەری ڕاستەقینە لە سروشتی خۆیدا کەسێکی یاخییە و دژە دەسەڵاتە. من شیعری بێگەرد بەرهەم دەهێنم و شیعری بێگەردیش پشت بە نوێبەخشیی کۆمەڵگە دەبەستێت. کۆمەڵگا لە نوێبوونەوەیدا دڵی شێر دەدۆزێتەوە و دەیبەخشێتە داهێنەران.
نووسەری ئایدیۆلۆژیست بەوە تاوانبارم دەکەن، کە دوورم لە کێشەو مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە، منیش بەهەموو ئاست و ئاراستەیەک خۆم پاراستووە لە فریوی ئایدیۆلۆژیا و هەراسانکردنی ئەمجۆرە تاوانبارکردنە. ئەدەب بە گیانی پەتی و جوانی دەزانم، خۆبەدوورگرتنیش لە ئایدیۆلۆژیا بە هەقیقەتی ئەدەب، لە ڕێگای هەقیقەتی ئەدەبیشدا بیر لە جیهان دەکەمەوە. گرفتەکانی لە خاڵێکدا کۆدەکەمەوە، ئەمیش خاڵی هێزی نووسین و درەوشانەوەی خەونییە. ئەو چەمکەی مەبەستیشمە بیگەیەنم پەراوێزی ناکەم، بێ دوودڵی وەک هەرەمێک پیشانی دەدەم و دەریدەبڕم. ویستوومە خەون بکەمە کەسایەتیی چالاک و ڕووبەڕووی ژیانی بکەمەوە، درەوشانەوەی خەونبینین لە کوێوە دێت، من بەبێ خەونبینین لە نووسیندا هیچم پێناکرێ و هیچ بە هیچ ناکەم، هەمیشە بەدوای ناوەندی درەوشانەوەی نووسین وێڵ و ماندووم، ئەی خودایە من مرۆڤێکی بە باوەڕم، بمگەیەنە دەروونڕۆشنی

# تەواوی ژیانم خستووەتە خزمەت شیعرەوە، هەر بۆ شیعریش ژیانم دەوێ، بەهۆی ئەم خۆ تەرخانکردنەشەوە زۆر گێچەڵم پێکراوە



ئەدەب بە سەرجەم شتەکانی ناو کۆمەڵگە پێوەندارە، بەوانەوە بوونێکی درەوشاوەیە، ناتوانێ لەناو دواکەوتوویی کۆمەڵگە دەربپەڕێ و خۆی وەک دەقی شارستانیی ئەزمووندار پیشان بدات

نووسین، پەیامبەرەکانیش بە مرۆڤی باوەڕ و گەورەترین خەونبین بوونە.

**من گیانی پەتی دەنووسم، لەبارەی گیانی پەتییەوە نانووسم.**

٢٧

ئەدەب بە سەرجەم شتەکانی ناو کۆمەڵگە پێوەندارە، بەوانەوە بوونێکی درەوشاوەیە، ناتوانێ لەناو دواکەوتوویی کۆمەڵگە دەربپەڕێ و خۆی وەک دەقی شارستانیی ئەزمووندار پیشان بدات، لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگە گەشە دەکات و ئەزموونی هاوتای شارستانی بەدەست دەهێنێ، پێوەندییە جێگیرەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، پێوەندیی نوێ دادەمەزرێنێ بۆ بەرێوەچوون.

توانای گۆڕان لە ژیان ئاسان نییە، هەروەها گۆڕان لە ئەدەبدا چەند بارە گرانترو دژوارتر، داهێنەری سەیر و سەرسوڕهێنەر، کە دەگەنە دوایین پلەی داهێنان و دەروونرۆشنی، بابەت و هونەرەکەیان تەواو خۆماڵی و وەرگیراوی ناو ژیانی گەرم و قووڵایی بیرکردنەوەن، بۆیە وەک دەقی سەرسامکەر خوێنەر قبووڵیان دەکات و بە ئەزموونی بەردەوامی خۆی دەزانێ، لە چاوگ و سەرچاوەی کولتووری پڕ جموجووڵی کۆمەڵگە نیشانەکانی هونەرو جوانیی پێکاوە، کولتووریش هەمیشە شۆڕشگێڕە، بەردەوامیش لەگەڵ بوون و پەرەسەندن کەرەستەکانی بەرێوەچوون بەرهەمدار دەبێت.

بابەتی ئەدەبی هەرچەندە خۆماڵی و لەناو جەرگەی ژیاندا هەڵبژێردراو بێت و هونەری تێدا بدۆزێتەوە دەرگای بە جیهانبوونی فراوانتر بە ڕوودا دەکرێتەوە، بە قەناعەتتریش وەردەگیرێ.

**من گۆڕان دەنووسم، لەبارەی گۆڕانەوە نانووسم.**

٢٨

تەواوی ژیانم خستووەتە خزمەت شیعرەوە، هەر بۆ شیعریش ژیانم دەوێ، بەهۆی ئەم خۆ تەرخانکردنەشەوە زۆر گێچەڵم پێکراوە، لەمەشدا خودا یارم بووە و دڵشادم بەوەی ئەوانەی گێچەڵیان پێکردووم هەر هەموویان ئەوانەن، کە لە پەراوێزی ئەدەبدا کارمەندن، یان خوێنەری تەمبەڵن.

داهێنەرم زۆر لەبەر چاون، لە ژووری کتێبخانەو نووسینمدا وێنەی هێندێکیانم هەڵواسیون، لەخەمە نیشتووەکانی سەر رووخساریان ورد دەبمەوە سرووش و خەون و خەیاڵ و وشەیان لێ دەدۆزمەوەو لەشیعردا بەکاریان دەهێنمەوە.

نەشمویستووە ببم بە کەس، بگرە ویستوومە بەو ڕێگایانەدا بڕۆم، کە ئەوانەی لەبەرچاوم گرتوون پێیگەیشتوون بە شیعرییەتی پەتی و دەروونرۆشنی.

**من دەروونرۆشنی دەنووسم، لەبارەی دەروونرۆشنییەوە نانووسم.**

٢٩

ڕەخنەی بنیادنەری کوردی نا، بگرە پەراوێزەکانی ڕۆشنبیریی کوردین، تۆپەڵێک قسەی لەهیچەو پەلاماری بێماناو بنەمان، دەنا یەکێک لەم پەلاماردەرە هەڵبزرکاوانە ئەو هەقیقەتبین و بوێرییەی لا دروست دەبوو ڕووبەڕووی دەقێکم ببێتەوەو گومان بخاتە تانوپۆو رایەڵی بوونی، لێکدانەوەکانی بڕوا بە بەرانبەرەکەی بهێنێ بنیادی بەرهەمهاتووی شڵەژاوە.

من بۆ خۆم زۆر ڕێزم لە داهێنەرانی پێشەخۆم گرتووە، بەردەوامیش دەبم، بڕواشم بەوە هەیە

ململانێ لە ئەدەبدا ناتگەیەنێتە هیچ و ڕەوایی تێدا نییە، بگرە خودناسی و بەردەوامبوون و سووربوون و نیازپاکی دەتگەیەنێتە ئەنجامێکی سەرنجڕاکێش، ئەوەی تا ئێستا من پێمزانیبێ و ئاگاداربیم لە مێژووی شیعری کوردیدا هیچ شاعیرێک بەقەد من تووشی شەڕو گێچەڵ و قسەی لەهیچەو دەمهەڵبەست و پەلاماردان نەهاتووە، بەڵام هەقیقەتبین بەسەر ئاژاوەو بێتوانایی پەراوێزەکان ڕەت دەبێت و خۆی دەسەپێنێ و دەدرەوشێتەوە.

هەڵبزڕکاوە بەسەرچووەکان پەلاماری ناشارستانیی ئەزموونی پتەوی جواننووسەکان دەدەن، خۆ مێشوولەش تەنیا لەناو نێرگزەجاڕدا دەنگێکی نەشازی لێوە دێ، بە خەیاڵی بەتاڵی بوونێکی کاتی بۆ خۆی دروست دەکات، دەشبیندرێ پەلاماردەرە هەڵبزڕکاوەکان دەکەون و وجاغکوێر دەمێننەوە، دەقی پتەویش وەک شمشێری هەڵکێشراو دێتە ناو ژیان و تێکەڵ بە جووڵانەوە کاریگەرەکان دەبێت، دواتریش دەبێتە هێمای مەزنی و درەوشاوەی نەتەوەکەی.

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕەخنەگرانی بنیادنەر ڕووبەڕووی ئەم پەلاماردەرە بەسەرچووانە بوونەتەوە، ناچاری شەڕ و گێچەڵیش کراون لەپێناو پارێزگاریکردن لەئەدەبی پەتی.

بەسەر پلان و پیلانی دوژمنان و پەلاماردەرە هەڵبزڕکاوەکان سەر دەکەوم، بە هەوڵ و کۆششی لە دڵەوەم بۆ نووسین بە سزای داهێنانیان دەگەیەنم.

بە بینینی داهێنان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ.

ڕەخنە دوو باوەڕی نییە لەگەڵ دەقە، یان لەگەڵی نییە، یەک باوەڕی بە تینی هەیە ئەمیش کارکردن و بڕواهێنانە لەناو دەق.

ڕەخنەی خۆنیشاندەرو مەبەستی دەرەکی و قسەی لە هیچەو پەلاماری بێماناو بنەما، جێگاو متمانەی لەناو ڕۆشنبیریی پەتیدا نییە، بەتاڵکردنی ڕق و کینەو بێتوانایی و کەمسەری و ئیرەیی و خۆخەڵەتاندن و ویژدان کوێرییە.

هیچ نیازێکی هاوبەش و ئامازەیەکی گرینگیش لەنێوان قسەی لەهیچەو پەلاماری بێ ماناو بێ بنەما و دەقی ئەدەبیی پەتیدا نییە.

هەر کەسایەتییەک گیانی بە ئەدەب و هەقیقەتبینین و پاکی و جوانی داگیرسابێت، بەهیچ جۆرێک دەرگای ئاژاوەو ناشیرینی و دووڕوویی ناخاتە سەر پشت، هەر کەسایەتییەکیش بۆچوونی ئاژاوەچێتیی لە دەروندا ڕووا بێت، هێشتان بە ئەقڵی پاشکۆیی و داردەستی و دڵڕاگرتنی ئەم و ئەو بەڕێوە دەچێت.

بۆ شیعرییەت تێدەکۆشم و نایەمە سەنگەری قسەی لەهیچەو پەلاماری بێ ماناو بنەما، قەڵەمی لێ ناجووڵێنم، بەکارێکی بێهوودەشی دەزانم، جەنگان لەگەڵ جێماو و پەراوێز و لێخنبیرو خەمەگڕووی ئەدەبی و ویژدان کوێران.

**من تانوپۆ دەنووسم، لەبارەی تانوپۆوە نانووسم.**

٣٠

قەتاو قەت بیرم بۆ ئەوە نەچووە بڵێم لەم کردارو بەکاربردنە یەکەم کەسم، یان ئەم هونەرە لە ڕوانینی منەوە خوڵقاوە، پێشڕەو و هێمای ئەو ڕووداو و دیاردەیەم، ئەمجۆرە خەیاڵکردنانە، بە نەخۆشیی کوشندەو گران و لەناوبەر دەزانم، بگرە هەموو خاڵەکانی گۆڕانکاری لە درەوشانەوەی شیعرییەت دەبینم و بەس. شاعیری خاوەن دیدگای ڕوون و بەهێز و جوانداڕێژەر بەئامازە و ڕۆشنایی

# ئەرکی شاعیر یەك شتە، پێوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان و جیهان بدۆزێتەوە، ئەم دۆزینەوەیەش جوان بنووسێت و بیگەیەنێت

هیچ بڕیارو مەرجێکی سەپێندراو نانووسێت، ئەرکی دەوڵەتە ئیش بۆ کتێبی کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزری و ئایینی و زانستی و پەروەردەیی و یاسایی و سەربازی و مێژوویی و فەلسەفی.... تاد، بکات و بە تیراژی زۆر بڵاویان بکاتەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بخاتە خزمەتیان.

ئەرکی شاعیر یەک شتە، پێوەندییەکانی مرۆڤ و ژیان و جیهان بدۆزێتەوە، ئەم دۆزینەوەیەش جوان بنووسێت و بیگەیەنێت، ڕادەی ئاگادارکردنەوەی هێزی وشەی کاریگەری و شوێن جێ بهێڵێت لەسەر هەست و ئاراستەی ئیستاتیکای کۆمەڵگەوە. پرسیارە کاریگەرەکان بکات و ئامادەبوونی تاقانەی خۆی بپارێزێ.

ژیان بەرگەی مانەوەی گرتووەو دەگرێت، شیعریش نەگەڕێتەوە بۆ منداڵدانی ڕۆشنبیریی پەتی و بەسووڕی سروشتی تێنەپەڕێت دەبێتە لاساییکەرەوەیەکی یەکجار بێ بایەخ، یان کەناڵی ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەی پووکاوە.

هەرچی هۆی بەختەوەری هەیە، دەسەڵات و سیستەمی دیکتاتۆری سیاسی لە تاکی مرۆڤیان داگیرکردووە. تاکی مرۆڤیش ئەم لە دەستچوونەی لە خەوندا بەدەست دەهێنێتەوە.

پێویستە ئێمە خەون بەجۆرێک لەناو دەقی ئەدەبیدا بەکار بهێنین پەیاموەرگر بڕوای پێ بهێنن و لێمان وەرگرن، توانای بیرکردنەوەو ڕووبەڕووبوونەوەیان لەناخدا دروست بکەین.

لەپێناوی بەجوانی ڕاگرتن و هێشتنەوەی بەهای شتەکاندا، شاعیر بە دادپەروەرێکی دانا دەزانم، پێویستە لەم دۆخەشدا بژی و بمێنێتەوە، مەشقی مەیدانخوازیی شایستە بکات.



شوێنی ڕاستەقینەش بدا بەشیعری پەتی و بێگەرد، کە خەون و جوانی و مانا و ناڕەزاییە لە کردارە ناجۆرەکان، دەنگهەڵبڕینە لە بێدەنگییە گشتییەکان، جوانییەکیش ڕەت دەکاتەوە مانای تێدا ئاوەژوو کرابێتەوە.

**من بەها دەنووسم، لەبارەی بەهاوە نانووسم.**

٣١

هەموو بوونەوەرێک خاکێکی خۆگونجاندنی خودی هەیە، بۆشی هەیە بۆ خۆگونجاندنی لەم خاکەیدا تایبەتکارییەکانی خۆی بپارێزێت.

**من تایبەتکاری دەنووسم، لەبارەی تایبەتکارییەوە نانووسم.**

٣٢

پەیامی ڕاستەقینەی ئەدەب دەسەڵاتی دەقی خەونی بەهێز دەکا و دەیکات بە ڕەگەزێکی گرینگی پرسیارکردن لە ژیانی جوان، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لەناوکی بوون دەکرێت.

مەسەلەی گیانی و جوانی لە هونەرەکانی نووسیندا هەمیشە خەبات و جۆشی ژیانی کەسی جوانیبینە، لە دەقی خەونیدا ژیان بەهای پێکهاتەی جوانی وەردەگرێت.

شیعری بیرکردنەوەی پڕ لە جووڵەی هاوتا بە جوانی، ڕوانین و درەوشانەوەی لە گیان و خەونەوە دارژاوە، کە جووڵەو ماناو بەهاکان لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ بە چەند ئاست و ئاراستەیەک وەردەگرێت، فرە پاڵەوانییەتی لەیەک پاڵەوانیدا ئامادە دەکات، دەیهێنێتە ناو ململانێ و جەنگی توندوتیژی هەمیشەیی، تا خودی شاعیر دەربازبێت لە تاکییەوە بۆ ناو ڕۆشنایییە پڕ تەلیسمەکانی هاوتابوون، یان حەزو ئارەزووی ڕوو لە زیادبوون

پەیامی ڕاستەقینەی ئەدەب دەسەڵاتی دەقی خەونی بەهێز دەکا و دەیکات بە ڕەگەزێکی گرینگی پرسیارکردن لە ژیانی جوان، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لەناوکی بوون دەکرێت.

# ئەزموون

و چاوە نەسرەوتووەکانی بەردەوام لەگۆشە لەبیرکراوەکاندا داگیرساوە، خودی شاعیری خاوەن ڕوانین و جیهانبینی بەهۆی بارستی کاغەزەوە هەست پێدەکرێت و وەک ژیانی جوان دەبیندرێت.
لە دەقی خەونیدا شیعر نە بۆ ئایندە دەچێ، نە بۆ ڕابردوو، بگرە هەموو کاتەکان ڕووگەنمان بۆ دۆزینەوە. بێگومان هەر شاعیرێک بیەوێت بەو شێوازو ئاست و ئاراستەیە بنووسرێت، پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگرێت، کە قووڵبینییەکەی لە ئاست کێشە هەبووەکانی ئەو ڕۆژگارەدا بێت، کە دەبێتە خوڵقێنەری بارە ناهەموارەکان، یان بارەجوانەکان.
لەباری یەکەمدا ناهەمواری دەبێتە مایەی هەڵچوون و توندوتیژیی نووسین.
لەباری دووەمدا جوانی دەبێتە مایەی ئارامی بیرکردنەوەو خوڵقاندنی نووسین.
ئەوەی پێویستی بەقسە لێنەکردنە، ئەمڕۆی شارستانی و ڕووناکبیری لەهەموو بارودۆخەکانی پێشتردا سەرسوڕهێنەرترە، شارستانییەت و تەکنەلۆژیا بیری جوانی ناشێوێنێت، بە پێچەوانەوە گەشەپێدەری بیری جوانی و مۆتیڤ و وێنەو خەیاڵ و گفتوگۆ و بەختەوەری خەونە.
لە دەقی خەونیشدا یەکگرتنەوەی گشتی بەشە جیاجیاکان دەدۆزرێتەوە. ململانێی ڕوانین شلەژاو و بارمردوو لەگەڵ ڕوانین ڕوون و بار زیندووی نوێزادەی دۆزەرەوە لە گفتوگۆی لەیەکنەگەیشتنن.
لە دەقی خەونیدا، لە جەنگی توندوتیژی لەگەڵ خۆتدا، دەتوانیت خۆت ڕەت بکەیت، ئەو شێوازو ئاراستە باوەی پێت نووسیوە، فرێی بدەیتە پشت نووسینەکانی لە پێشترت، بەشێوازو ئاراستەیەکی تەواو جیاکارو نوێبەخش بێیتە ئاخاوتن و گۆڕانێک لە ڕابردووی خۆت بەرهەم بهێنیت، بەڵام ئەو گۆڕانە چۆن بەرپا دەبێت، کام هۆ و شێوازی دەربڕین فرێیداونەتەوە لە نەناسراوییەوە بۆ ناسراوی، لە دۆخی وەستاو بۆ دۆخی پڕ بزاوت.
لە نووسینی ئەدەبیی ڕاستەقینەدا پێویستە بە تەنیا جوانی ببیندرێت.
شیعری سەردەمێک لەمەوپێشی کوردی ڕۆمانسییانە بیری لە گەردوون و ژیان و مرۆڤ کردووەتەوە، لەناوەڕۆکدا لەگەڵ هەلومەرجی واقیعی سادەو ساکار زۆر گەرم و گوڕ و هەڵچووندارب‌وون، کەچی لە شیعرییەتی زمان و مۆرکی شێوازدا بە پێچەوانەوە ساردو سڕ بوون، نەیانتوانی مۆرکی شێوازو شیعرییەتی زمان ئاوێتەی زەین بکەن و بیکەنەوە، بیرکردنەوەکانیان بەشێوازی خەونی بخەنە ناو نووسینەکانیان، کە گەورەترین هۆش ئەمە بوو بۆ ئەوەی نووسینەکانیان وەک نووسینی داخراو بمێننەوە، نەگەن بە ئاستی دەقی فرە ئاست و ئاراستەیی.
وشە لە شیعرەکاندا یەک ئاسۆی دراوەتێ، ئەمیش ئاسۆی ڕووکەش و یەک مانایی وشەکەیە، لەساکارترین شێوازدا جێیان هێشتووە، ئاماژە ستوونی دادەبەزێت، بەهەمان شێوازی ستوونیش دێتە ناو بوونی یەک ئاسۆی نووسین.
ئاسۆی فەنتازی و دەستوەشاندنی داهێنانی بلیمەتی تێداهەڵبزڕکاو و گەشەنەکردووە، واتە وەک چێژ بەکاربردراون نەک وەک دۆزینەوە، ڕەنگە هۆکارێک، یان یەک لە هۆکارەکان ئەوەبێت، کە دەلالەتی وشەیان ون کردووە، نەیانتوانیوە کەڵکی باش و داهێنەرانە لە ئەزموون و مۆرکە زمانییەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی وەربگرن.

# له نووسینی ئەدەبیی ڕاستەقینەدا پێویستە بە تەنیا جوانی ببیندرێت.



دەقی خەونی لە منداڵدانی مێژووی مردوو لەدایک نابێت، هەست بەوە دەکرێت سەختی و دژواریی سروشت و زەبرو زەنگ، نووسەر دەترسێنێت، هەمیشە هەوڵی جووڵاندنەوەی دیمەنە پڕ کێشمەکێشمەکان دەدات، بارە بەپیتەکان بە وریایی و زیندوویی وەردەگرێت بە زمانێکی تەواو ئەفسوون و جادوویی دابڕاو لە زمانی کارەکانی پێشووی خۆی ناخی پێشکێش دەکات، وەک خودێکی هۆشمەندو سەرچڵ ئەم و ئەو لەبیرکردنەوەکانی خۆی دەسڕێتەوە، شتە زیندووەکانی جیهان لە دەقدا دەکات بە هی خۆی، خوێنەریش بازنەیی دەیخوێنێتەوەو ستوونی لە ئەزموونی خەونەکە نزیک دەبێتەوە. پاشان دەچێتە ناو کەشوهەواو لێکدانەوەی ئاسۆیی، چونکە دەقی خەونی لە خولانەوەی بەردەوامدایە، شیعرییەتی زمانیش ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەو سەرەکی دەبینێت لە پێکهاتەی وێنەی سەرسوڕهێنەر. کە هەموو هەبووەکانی زەمینی قۆزتبێتەوەو ئاسۆکانی نادیاریشی دووچاری ڕاوەشاندن کردبێت، بەهۆی ئەوەی تاکی لە جیاتی کۆ بەکارهێناوە.

**من ناوکی بوون دەنووسم، لەبارەی ناوکی بوونەوە نانووسم.**

٣٣

شیعر لە ژیان و بینینی کورددا ڕۆڵ و ئامادەیی کاریگەری خۆی سەلماندووە و خاوەنی شوێنی ناوەندە، لەبەر ئەمەشە وەک دیاردەیەکی پێویست و دامەزرێنەر تەماشای دەکرێت، ئەم تەماشاکردنەش وای کردووە لە چالاکییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا، شیعر پێشەنگی وەربگرێت و زۆرینەی شتەکانی لەسەر دابمەزرێندرێت، ئەم دامەزراندنەش دەگوازێتەوە ناو ژیانی شیعر، شیعریش پرۆژەیەکە لەمێژە بەردەوامە، ئەم هەوڵانەی لەمەودواش دەدرێن، تێکەڵ بەو هەوڵانە دەبن، کە لەمەوپێش پرسیاربوون و لە ژیان کراون، بەردەوامیش پرۆژەی شیعری پرسیاری ترسناک و ورووژێنەر لە ژیاندا دەکات و مەرگ لە ژیاندا ئامادە دەکات.

مەرگیش ترسناک و سەرەکیترین هۆیە بۆ دڵەڕاوکێی داهێنان، ئامادەکردنی ئەم مەرگەش هێزی شیعرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ گرفتەکانی ژیان و مان.

ژیان و بوون چییە. پرسیارێکەو چەندین بیرمەندی دووچاری بەدواداچوون و سەرگەردانی کردووە، ئەگەرچی لەڕێگای ئەم پرسیارکردنەوە گەلێک بەرهەمی سوودبەخشیان خستووەتەوە، بەڵام گەوهەری پرسیارەکە پڕ سرووش و خەیاڵ و تێڕامان وَ خەون و سەرسامییە، هەر بیرمەندێک شێواز و ئاستێکی بۆ داناوە، لەبەرزاییەکەوە وەڵامەکەی دەبینێ، ئەو پرسیارانەی لە دەقدا لە ژیان کراون، لە زەینی خوێنەرەوە جێگیر دەبن، دواتر ئەم پرسیارە دەبێتە هۆ و ئامانجی پرسیارکردن لای خوێنەر و نزیکایەتییەک دروست دەکەن لەنێوان نووسەری پرسیارکەرو خوێنەری پرسیارلێکراو و پرسیارکەر، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لە ناوکی بوون دەکرێت.

لەدەقی خەونیدا پێوەندییەکانی نێوان هەست و وێنە دەدۆزرێنەوە، پێوەندییەکانیش لەسەر بنچینەی خەوندا دامەزراون، واتە ئەو وێنانەی لە دەقی خەونیدا دروستکراون، زیاتر ئەو وێنانەن، کە لە ژیانی سەخت و یاخیی ڕۆژانەماندا ئامادەییان وەک

شیعر لە ژیان و بینینی کورددا ڕۆڵ و ئامادەیی کاریگەری خۆی سەلماندووە و خاوەنی شوێنی ناوەندە، لەبەر ئەمەشە وەک دیاردەیەکی پێویست و دامەزرێنەر تەماشای دەکرێت، ئەم تەماشاکردنەش وای کردووە لە چالاکییەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا، شیعر پێشەنگی وەربگرێت و زۆرینەی شتەکانی لەسەر دابمەزرێندرێت

شتێکی دوور هەیەو بەرهەست نین، خەون بوونی نییە لەناوەوەی خۆت نەبێت، هەروەها شیعریش.

**من سرووش دەنووسم، لەبارەی سرووشەوە نانووسم.**

٣٤

نوێبەخشی بارو بوارو کارو کردەی خوڵقاندنە، بەردەوام لە زەمینەی بەبڕوا گەشە دەکات و کەرەستەکانی دەگۆڕێت بە مەبەستی جیهانبینی و دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان بارەکانی هەست و بیرکردنەوەو خەون، خودی هۆشمەندیش هەموو جووڵانەوەیەک لەم گۆشە ڕووناکەوە دەبینێ و هەوڵ دەدا بیخەملێنێ، بەڵام بە چ هێزو ئەفسوون و جادوویەک ئەم بینینانە دەگۆڕێت بۆ دەقێکی ئەدەبی و هاوچەرخی و ڕەسەنایەتی تێدا دەپارێزێت، ئەمە خاڵی کارکردن و بەجێهێنانی داهێنانە، لەهیچ بارو بوارێکیش چەمکی نوێبەخشی نابێتە واقیعێکی دانپێدانراو بەبێ ئاکارێکی بیری و فەلسەفی و کولتووری ڕوون. لەگەڵ ئەمەشدا بەمن وایە بۆ شیعر زاراوەی شیعرییەت پەسندو گونجاو و پڕ دەلالەتترە، چونکە ناتواندرێ بڕوا بەوە بهێندرێ تاکی شاعیر تا قووڵایی ماناو فەزاو تەقینەوی وشە لەبابەت و مۆرکە زمانییەکانی خۆیدا شۆڕگێڕ نەبێ و جەنگی توندوتیژیی ڕانەگەیاندبێ بەرانبەر ئەوانەی لەزمان و نووسین و داهێنان گلاون، بەرەو ڕووبەرێکی سامناک مل دەنێن، یان ناتوانن لەناو گەرمایی گیان، گەوهەری خۆبوونی بدۆزنەوە، کە خۆبوونی سەروەری شیعرییەتە، ئەگەرچی نوێبەخشی ئەنجامێکی دیاریکراوی نییە، بەردەوامیش گیروگرفت دەنێتەوە لەبەر ئەوەی کەرەستەکانی دەربڕین دەگۆڕدرێن و فەنتازیای هەمەجۆری لێ دەخوڵقێندرێت، بەمەیشەوە نوێبەخشی سادەترین مافی مرۆڤە، کە تۆ لە ماڵەوە دەردەچیت بۆ سەر کار بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیە لە کارو کردەی نوێبەخشی، کە لە کار دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە خۆ ئامادە دەکەی بۆ پیاسە، یان سەردانی پێشانگەیەک، یان بینینی شانۆگەرییەک..... تاد، بەشدارییەکی ترە لە کارو کردەکەدا، چونکە هیچ یەکێکیان سەداسەد بەشێوازێکی نەگۆڕ خۆیان دووبارە ناکەنەوە، بوونی تۆ وەک مرۆڤێک پێوەندییەکی پتەوی بە جووڵانەوەو گەشەی ئەمڕۆ هەیە، تۆ تاکێکی لە نوێبەخشی، نوێبەخشیش بە گۆڕان لە بنیادی هەموو کۆمەڵگە وەک ڕووداوێک ڕوو دەدات و دەچەسپێت. قەوارەیەکی دانپێدانراو بۆ خۆی دەستەبەر دەکات، هەریەک لە شاعیرانیش بە ئەزموون و شێواز و قەبارەی جیای خۆی ڕۆڵی تێدا وەردەگرێت.

نوێبەخش لەکاتی خۆ هاتنە بەرچاو و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خودی بوێری خۆی مەرگی بەدواوەیە، یان شێتبوون، بەو واتایەی ڕاوی خۆی و سەرجەم بوون دەنێت، لەم پێشبڕکێیەدا پێویستە قووڵبین و شێواز تەقینەرەوە بێت و بوێری ئەوە بکات ئەم بڕیارە خودییە بدات، هەر هەموو شاعیرێک بەو نیازە دەنووسێت کارەکەی بگەیەنێتە ئاستی دەق، بەڵام ئەوەی ڕوانین و جیهانبینییان تێدانەبێ و ژانێک خاڵی دەرچوونی نەبووبێت، هێزی ئەوەی تێدا پەیدا نابێت کارەکەی بگەیەنێتە ئاستی دەق، گلاوە بەرانبەر مەرگ و سڕینەوە.

بوێریی ئەوەی تێدا ئامادە نابێت جەنگی توندوتیژی خۆی ڕابگەیەنێ، ئەگەر ئەدەبێکیش هێزی بەرگری

# دەقی شیعری لەناو پرسیارکردن ئامادەی لەدایکبوون دەبێت، هەر لەناو پرسیارکردنیشدا شیعرییەتی خۆی لە هەقیقەتی شتەکاندا وەردەگرێت

بەرانبەر مەرگ و سڕینەوەی تێدا پەیدا نەبووبێت، ناسنامەی بوون بەدەقی بەرناکەوێت، بوون بە دەقیش لە دۆخگۆڕین و جیهانبینییەوە دەستەبەر دەبێت، لە دەرەوەی دۆخگۆڕین و جیهانبینی هەر هەوڵێک لەم بارەیەوە بەرچاو بکەوێ هەوڵێکی ناکامڵ و زڕە و بەتاڵە.

پەراوێز بۆ شیعرکردن، یان شیعرنووسین بە مەبەستی لێکدانەوەی وشەکان، لەم کاروکردەیەشدا ناوەڕۆکەکە ڕوون بکەیتەوەو ڕاستەوخۆ بیرەکەی بگەیەنێ، یەکەم نیشانەیە شاعیر ڕوانین و جیهانبینی توانای ئەوەی نییە ماناو هێزی وشە لەناو شیعرەکەدا بتەقێنێتەوە و ئاسۆیەک بداتە تەقینەوەکە، کەواتە وشەکە وەک بارستێکی بێ گیان و مردوو لە جەستەی شیعرەکەدا بارە، هیچ دەورو کردارێک لەگەشەکردنی جەستەی شیعرەکەدا نابینێت.

شیعری لەم جۆرەو هەوڵدانیشی وەک دەقی داخراو و بێدووری و یەک ئاراستە دەمێنێتەوە، نابێتە دەقی کراوەی فرە دەنگ، لەوانەیە کۆمەڵێک شاعیر لەسەردەمێکدا کاربکەن، تەنیا تاکێکیان هێزو ئەفسوون و جادووی ئەوەی تێدابێت دەق بکاتە بوونێکی دیارو بیدرەوشێنێتەوە، جووڵەکانی ڕابردوو بکاتە پاڵنەرێکی سوودبەخش بۆ بەئاگا بیرکردنەوە، ئەگینا ئەوانەی دی پێوەندییان بە جووڵەکانی ڕابردوو وەک ڕابردوو هەیە، لە ئامادەکردنی ئێستای نوێبەخشدا دەست و پێ سپین.

بلیمەتەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی ڕوانین و جیهانبینیی خۆیان پێشکێش کرد و بڕوایی ئەدەبی ڕاستەقینەیان وەرگرت، کەچی چەندین وەچە دوای ئەوان هاتن و تێپەڕین، قەوارەیەکیان دەستەبەر نەکرد، لەهەمان کاتدا ئەوان هەروەک دەق و خاوەن قەوارە ماونەتەوەو جەنگی توندوتیژیی خۆیان بەرانبەر مەرگ و سڕینەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە.



بلیمەتەکانی قۆناغی شیعری کلاسیکی ڕوانین و جیهانبینیی خۆیان پێشکێش کرد و بڕوایی ئەدەبی ڕاستەقینەیان وەرگرت، کەچی چەندین وەچە دوای ئەوان هاتن و تێپەڕین، قەوارەیەکیان دەستەبەر نەکرد

بەردەوامیش وەک دەقی کراوەی ئاستدارو فرە دەنگ خۆیان پێشکێش دەکەنەوە، هاوچەرخی هەموو ئەوانەن، کە لە پرۆژەی گەورەی دەقی شیعری هاوبەشن و ژانیان تێدا گەرمە، بەدەقبوونیش پێوەندیی بە ئەزموونی ژیان و چرکەساتی مەستیی نووسەرەوە هەیە، دەقی کراوەی ئاستدارو فرە دەنگ زیاتر لە پانتایی زمان کارەکانی بەجێ هێناوە جووڵەو بیری زمان بیری دەقەکە ڕادەگەیەنن، بۆ نموونە: شاعیرێک توانیویەتی تەنیا یەک بەرهەم بگەیەنێتە دەقێکی ئەدەبی کراوەی ئاستدارو فرە دەنگ.

بەو پێوەرەی هەر شیعرێک توانیی بگاتە ئاستی دەقێکی ئەدەبیی کراوەی ئاستدارو فرە دەنگ بەبێ هیچ گریمانەیەک، دەقێکی نوێبەخشە، ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوەبێ لەم دەقەدا ئەزموونی ژیان لە چرکەساتی سۆفیانە و مەستی گەیاندبێتییە ڕژانی گیان و تەقینەوەو درەوشانەوەی زمان و نووسین.

**من خۆبوونی دەنووسم، لەبارەی خۆبوونییەوە نانووسم.**

٣٥

لە چالاکیی جووڵەداری شیعری کوردیدا ئەم جۆرە شیعرەی لەپێناو هاوسەنگکردنی شیعرو شۆڕشدا نووسراون، تەنیا بۆی کرا ترپەو ئاواز بگۆڕێ و جووڵە و ئاگایی بۆ چەند هێمایەکی دیاریکراو دەستەبەر بکات، بەڵام بۆی نەکرا ئەم هێمایانە بە قۆناغی گەشەپێدان و گەیاندن بە بنەڕەتی

گۆران بگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا چەند شاعیرێکی دواتر کە ویستی هێزی جوانی دەبڕین و دلێریی داهێنانیان لە هەڵچوونی شاعیرانەیان هێزدارتر بوو، بۆیان کرا هێماکانی ئەم جۆرە شیعرەی لە پێناو هاوسەنگکردنی شیعرو جوانیی نووسراون، بە قۆناغی جووڵەو نیمچە گۆڕانێک بگەیەنن، دوای ئەوەی ئەم توندوتیژیی شۆڕشگێڕییەی شیعر هاوسەنگکردن بە شۆڕش نیشتەوە، جۆرێک تێڕامان و خەونبینین بوو بە بنەمای هونەری، پرۆژەی نوێبەخشی قەوارەیەکی بۆ کارکردنی خۆی دیاری کرد.

خودی هۆشمەند کەرستەکان بە سەنگایی ژیان دەپێوێ، ژیانیش بە گرانایی شیعر، دەقەکان توانای پێشنیارو پرسیارکردنیان لە بنیادیاندا هەڵگرت، بۆیان کرا خاڵی جیابوونەوەی تەواو هەڵدەنە ناو پانتایی بارو بوارەکانی ژیان.

دەقێک توانیبێتی دوێنێ ڕابچەڵکێنێ، کەواتە بوونی قەوارەیەکی هەستپێکراو و بەرچاوی هەیە، بوونی ئەم جۆرە دەقەش تێڕامان و خەون خاڵی هێنانە بوونیەتی، روونتر لە پانتایی نوێبەخشی سەلماوە، دەلالەتەکانی پڕ کراوە بە جووڵەی نوێبەخشی، دەلالەتە لە کارکەوتووەکان دادەپۆشێ، دەلالەتی سڕو مەبیو و لەکارکەوتوو ناتوانێت لە ئێستای پڕ جووڵە ئاخاوتنی کاریگەری هەبێت.

نوێبەخشی بەردەوامی وجاغیرِوونی ئادەمە، ئەو میوەیەی ئادەم خواردی نوێبەخشی بوو، نوێبەخشی پرسیارێکە نوێبەخش لەخۆی کردووە، ئایا دەتوانێت لەناو کۆمەڵگەی سەرەتایی و دواکەوتوودا لەهەموو ئاستەکاندا شکانێکی هەبێت، ئەم شکانە ویستی خودی هۆشمەند و ئازا دەسەپێنێ و خۆبوونی دادەمەزرێنێ. داهێنان بڕیارێکی خودی کەسی ئازاو هۆشمەندە، هەر کاتێک نووسەر بوێریی ئەوەی کرد ئەم بڕیارە خودییە بدا درەوشانەوەو داهێنان و گۆڕان بەرپا دەکات.

**من ڕاچڵەکان دەنووسم، لەبارەی ڕاچڵەکانەوە نانووسم.**

٣٦

کارو کردەی داهێنان لە خودی شیعردا کەشوهەوای ئەمڕۆیە بەلێزیادبوونی کەشوهەوای خەونی، ئەمڕۆش لەخەونی سبەی ئامادەیی هەیە و هۆ و یارمەتیدەرە، ئەگەر ئەمڕۆ داهێنان بێت هەموو ڕۆژ و ڕۆژگارەکان ڕادەکێشێتە ناو خۆی، داهێنەر لەکاتی کارو کردەی نووسیندا ناکەوێتە دەرەوەی ڕۆژو ڕۆژگار، لەو ڕۆژو ڕۆژگارەدا دەبێتە بوونێکی سەربەخۆ، کە بوونی ئەمی نووسەر قەرەباڵغ و بارگاوی و دڵبەرزو جووڵەدارە، بەڵام کە لەکارو کردەی نووسین بووەوە، نووسینەکە بوونێکی سەربەخۆی وەرگرت، دەکەوێتە دەرەوەی ڕۆژ و ڕۆژگار. هەموو پێوەندییەکان دەسڕێنەوە کاتێک دروست دەبێت، دەبێتە کاتی داهێنان و خەونبینین و درەوشانەوە.

**من درەوشانەوە دەنووسم، لەبارەی درەوشانەوە نانووسم.**

٣٧

دەقی شیعری لەناو پرسیارکردن ئامادەی لەدایکبوون دەبێت، هەر لەناو پرسیارکردنیشدا شیعرییەتی خۆی لە هەقیقەتی شتەکاندا وەردەگرێت.

پرسیار زانستە گشتییەکانی بوونە، بوونی خەون و سروشت و کۆمەڵگە.

شاعیریش وەک تاکێکی هەمیشە خەونبین و

# خودی شاعیر سەرچاوەی بابەتە بەهۆی ئامانجی زمان و خەونبینین



چاونەسرەوتوو و گوێ زرینگاوە و خەیاڵ گەرمی هەستکەر بە گرفتەکانی ململانێ لەناو کۆمەڵگەدا هەڵسوکەوت دەکات. دەچێتە ناو ئاژاوەو هێمنیی کۆمەڵگە و کاریگەری جێ دەهێڵێ، پێوەری بۆ ئەو شتانە لا دروست دەبێ، کە دەیانبینێت، یان دەیانبیستێ، یان خەونیان پێوە دەبینێ.

ئەم بینین و بیستن و خەونبینینەش لە دەرەوەیەتی. لەناوەوەی خۆیدا ئامادەیان دەکاتەوەو ڕۆڵێکی تریان پێدەسپێرێ، دەیانکاتە بابەتی جوانی و شیعر بەهۆی دەستەواژەی سەخت و یاخی و ئامانجی زمان شیعرییەتیان پێدەدا، کەواتە خودی شاعیر سەرچاوەی بابەتە بەهۆی ئامانجی زمان و خەونبینین.

جیهانی بیرکردنەوەو پرسیارکردن ئەو خودەیە، کە بڕیار لەسەر شتە بیستراو و بیندراو و خەونی و خەیاڵییەکان دەدا بەهێزو گوڕ دەیانجووڵێنێ تا بەهۆی ئامانجی زمان بیانکات بە بابەتی جوانی و شیعر، لە ئاسۆبینییەک کاریان پێ بکاتەوە، کە داهێنان و لەدایکبوون و دەروونڕۆشنی و شیعرییەتە، لەدایکبوونەوەکەش باوەڕبهێنێ بە هەقیقەتی ئەفسوون و جادوویی لە گەشتی ڕوانین نزیکی بکاتەوە، بیخاتە ئاستی تێڕامان، لەسەر زمانی کەسایەتییە لەدایکبووەکەی دەقدا بدوێت، پاشان بە بڕیاری شیعری هەڵوێستی خۆی لەبارەی سروشت و بوون و کۆمەڵگە و جوانی دەربڕێ، ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەوەی شاعیر لەشێواز و ئاراستەدا، ئەو پێوەندییە بەهات و پڕ هاوارە هێما دەیگەیەنێ، فراوانکردنی جەنگی هەستە لە بەبیرهێنانەوەی یادگارییەکان و ئامادەکردنی یادگاری ڕابردووە لە دەستچووەکانی لە ئێستای بەرهەست و ئامادە بۆ هەموو جووڵەیەک.

لە قۆناغی سست و سڕ، دۆخگۆڕینی بۆ قۆناغی گەشەو جووڵەکردن.

لە قۆناغی لەدەستچوون و بیرچوونەوە، دۆخگۆڕینی بۆ قۆناغی دەستەبەرکردن و بیرهاتنەوە.

دۆخگۆڕین بەهاو بەخششی خودی هۆشمەندە، بەو پێوەرەی چرکە بە دەقکراوەکان خەملیوی خودی هۆشمەندن، لەم خەملینەشدا گەشتی هەمیشەیی پاڵەوان ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت بەرەو قووڵایی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر جاریش قووڵایی پێوەندییەکان قووڵاییەکی خنکێنەرە، یان ڕزگارکەرە.

**من دۆخگۆڕین دەنووسم، لەبارەی دۆخگۆڕینەوە نانووسم.**

٣٨

هەر کارو کردەیەکی هونەری لە ڕوانین و جیهانبینیی خودی هۆشمەندەوە بکرێت ئاراستەکەی لە ئەزموون و ژیانی ڕۆشنبیریی نووسەری چالاکەوە ئاستی وەرگرتووە، هاوارێکی هێمن و بڕواهێنەر و قەناعەتپێکەرە. بە بڕوابەخۆبوونەوەش خۆی پێشکێش دەکات و دەڵێت: ئەمە شێوازو ئاراستە سەربەخۆیەکانی منە لە ئاراستەی زمان و مۆرکی شێوازو کارو کردەی چوونە ناو جەرگەی ژیان و خەون. دوای کارلێکردن و مانەوە، ژیان و خەون هەڵیداونەتەوە سەر ڕووبەری سپیی کاغەز، دۆستایەتی، یان ململانێ لەنێوان دەق و خوێنەری قووڵبین و داهێنەر بەرپا بکەن. زمانی پاراوی نووسین جیاکارە لەزمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگە، زمانی خەونیش جیاکارە لەگەڵ زمانی گفتوگۆی واقیعی بەئاگای ڕۆژانەدا. ئەگەرچی هەست بەگەرمیی

هەر کارو کردەیەکی هونەری لە ڕوانین و جیهانبینیی خودی هۆشمەندەوە بکرێت ئاراستەکەی لە ئەزموون و ژیانی ڕۆشنبیریی نووسەری چالاکەوە ئاستی وەرگرتووە، هاوارێکی هێمن و بڕواهێنەر و قەناعەتپێکەرە

هەناسەی واقیعی ڕۆژانەش دەکرێت لەناوخەون، لە هیچ داهێندراوێکی گەورەشدا نووسەر پێوەندیی لەگەڵ واقیعدا کۆتایی پێ نەهێناوە.

لەناو هەموو مۆرکە هونەرییەکانی لە ڕوانین و جیهانبینیی خودی هۆشمەندەوە بە ئەنجام دەگەیەندرێن فەزاو ئاکارێکی هزری لەپشتییەوە نوێبەخشی و ڕەسەنایەتی دەپارێزێت، خاڵی دەستپێکردنیشی لە ڕوانین و جیهانبینییەوە ئاراستەکراوە، بەڵام با بەمۆرکی شێوازی بەتاڵ فریو نەخۆین، ڕێزی شێوازێک بگرین بزانێت خوێنەر بەچی ئاراستەیەک و بۆ کوێ دەبات. مۆرکی شێواز ئاراستەکانی ڕوونی زمان لەڕوانین و جیهانبینی و ئەزموونەوە وەرگیراوبێت، ڕێزگرتنە لە خوێنەر، بەهۆی ئەم ڕێزگرتنەش خوێنەری قووڵبین پێشینەیەکی دەست دەکەوێ، دەتوانێ ببێتە هاوڕاو نزیکی کەسایەتیی ناو دەقەکە یان نا. ئاڵۆزکردنی ڕستەی شیعری بێ قووڵبینی ڕوانین و جیهانبینی، تەنیا سەرلێشێواندنی شاعیری لەپشتەوە دەبیندرێ و چیترنا، ئەوەی لە زەینەوە هەستی پێ دەکەی بینووسیت کەشوهەوایەک بەرهەمدێ کە جێگای هەموومانی تێدا دەبێتەوە. کرانەوەو شیعرییەتی زمان، کە ڕابردووی ئەدەبی کوردی لێی بێبەش نییە، گەورەترین کرانەوەو شیعرییەتی زمان لە قۆناغی شیعری کلاسیکی ئەنجام دراون.

شیعر نە ئەرکە، نە ئامانجە،نە هۆیە، کارکردن و چالاکییە لەناو ئەوپەڕی زماندا بەهەموو دوورییەکانییەوە ئەوکاتەش زمان لەدەقدا دەگاتە لووتکە هارمۆنییەتی کۆمەڵێک وشە سەمفۆنیایەک پێکدەهێنن و هەستێک دەبەخشن، مرۆڤ دەگەیەنێتە دوایین پلەی مەستی و تەسەوف و فەنتازیای نووسین. گەردوون هێزێکی نادیاری هەڵگرتووە، لەکاتی خەونبینین و سرووشدا دەیدات بە شاعیر.

**من فەنتازیا دەنووسم، لەبارەی فەنتازیاوە نانووسم.**

٣٩

نووسەر بەدرێژی و ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی، گفتوگۆی لە دڵەوەی لەگەڵ ژیان بەمانا گشتگیرییەکەی بەردەوامە. مەرگیش وەک دەرخستنی جوانکاریی دەق لەو شێوازەی، کە دەینووسێ تەماشا دەکات. کەواتە نووسین پێویستییەکی زەینی و جووڵانەوەی چالاک و ئومێدە. کە دەنووسیت هەست بە ئومێد و بەرگری دەکەیت. ئەو هێزە لەگیانتدا دەگەڕێ و ئاماژەپێکردن و پشتیوانە بۆ زاڵبوون بەسەر ململانێدا. وەک بوونێک تێکەڵ بە چرکەکانی بیرکردنەوەت دەبێتەوە. چرکەی ئەو بیرکردنەوانەی هەستت کردووە، گفتوگۆت لەگەڵ ژیان بەمانا گشتگیرییەکەی بەردەوامە. چییەتی نووسین و دەسەڵاتی وشە دواندن و گفتوگۆیە لەگەڵ ژیاندا.

نووسەری ئاگردز نیمچە خواوەندێکی پڕ نادیارییە لەشێوازی گونجاوی دەقەکانیدا. ژیان بەمانا گشتگیرییەکەی بەرهەم دەهێنێتەوە. پێویستییە جوانییەکانی بەلێزیادبوونی خەیاڵپەروەری نواندووە، کە واقیع بەشێواز ئاراستەو کەشوهەواو ڕێکخستنێکی دیکە نواندوویەتی.

لەهەمان ئاست و ئاسۆکاندا واقیع بەکراوەیی دەبینێت. بەلێزیادبوونی واقیعی گیانی و هێزی فەنتازی بەسەر ڕستە نووسراوەکاندا، کە لەپانتایی کاغەزی نووسراودا دەبن بە واقیع و جیهانی نووسین

# داهێنان یانی ڕەسەنی و شارستانییەت و هەمیشەییترین ئیلتیزام و نوێنەرایەتی

دادەمەزرێنێت.

ماناو فەزای ئەو نووسینەی کە لەسەر پانتایی کاغەز دەبێتە واقیع پێویستە لەڕێگای ئاسۆکانی زمانەوە ئاست و ئاراستەکانی بدۆزرێتەوە، نووسین کە داخوازییەکی شیاوە تەنیا ڕۆشنایی و درەوشانەوەکانی زمان وەک جوولەو بزاوت تێیدا دەسەڵاتە. کەسایەتیی دوور و نزیکی ئەفسانەش دەبێتە گیانمایەو تانوپۆی لە کامڵترین شێوازی ساکاریدا.

داهێنەر پێویستە ڕووبەڕووی سیستەمی دیکتاتۆری سیاسی ببێتەوەو بەتوندی دژایەتیی بکات. مەرجیش نییە بەرانبەر دەسەڵاتی وڵاتەکەی، تەنانەت ئەو وڵاتەی کە میللەت دەسەڵاتەکەی هەڵبژاردووەو پێی ڕازییە، مولتەزیم بێت. بگرە پێویستە لەپێناو شیعرییەت و دامەزراندنی جیهانی نووسینی خۆی کە ئومێد و بەرگرییە مولتەزیم بێت. کە گەوهەری داهێنانیشی خستە ناو کتێبخانەی نەتەوەکەی. دەبێتە مەزنترین هێمای درەوشاوەو مولتەزیمترین کەسایەتیی وڵاتەکەی.

داهێنان یانی ڕەسەنی و شارستانییەت و هەمیشەییترین ئیلتیزام و نوێنەرایەتی. ئەوانەی بە داهێنانەوە مولتەزیم نین، زیاتر کارمەندی ڕۆشنبیری و هۆکارێکی یارمەتیدەرن. بەرپرسیاریەتیی شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە، شیعری بێگەرد بگەیەنێتە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

ڕۆشنبیری کوردی زیاتر ڕۆشنبیرییەکی شیعرییە. تەنیا شیعریشی ڕۆشنبیرییەکی بە ئەزموونەو خاوەنی شوێنی ناوەندە.

قۆناغی شیعری کلاسیکی تا ئێستاش تاقانەی ڕۆشنبیریی کوردییە.



چەقی نەبیندراوی دەقی پڕ شیعرییەت هەم دەتوانێت جیهانی خود و خەیاڵ و خەون و منداڵییەتی شاعیر بنوێنێت. هەم پەیوەست بەواقیعی کراوەش بێت، چونکە خودو خەیاڵ و خەون و منداڵییەتی بەشێک لە سەرچاوەیان واقیعە. واقیعی قووڵ بەمانا گشتگیرییەکەی. پێچەوانەی واقیعی ڕووکەش و ڕووتی سڕ. واتە ناتوانێت لە سەرچاوە هەڵبێت. کەواتە واقیعی قووڵ ناوەندێکی فراوانە بۆ دەربڕین کردن لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دەمامکە ئایدیۆلۆژییەکان دابماڵدرێن. نیازەکانی سیاسەت و مێژوو وەک تاکتیک و تۆمار لەجەستەی شیعری پەتی فڕێ بدرێنە دەرەوە، بەڵام ماک و بیری سیاسی و هێمای مێژوویی ئەگەر لە جەستەی شیعردا ڕوون خۆی بنوێنێ، خەون بۆ هەمیشە ڕابەرایەتیی بکات. چالاکیی شاعیرە لەو پەرستگایەدا خەڵوەتێکیش بێت، کە وێرد و سرووتی جوانی و خەون دەسەڵاتییەتی.

لە شیعردا خۆم دەکەم بە واقیع و سەرلەنوێ پێکیدەهێنمەوە. واتە واقیعی ناو نووسین، یان ئەو واقیعەی نووسین پێشنیاری دەکات، پەیڕەوکردنی چۆنییەتی واقیع لەم بارەدا دەناسرێت، یان پێناسە دەکرێت بۆ ناسین.

پێویستە ئەوە بە هەقیقەت بزانین، شیعر گیانی ئێشکگری هەموو نووسینەکانی ترە. ڕەگەزو جەستەیەکی سەربەخۆیی گرینگە لەپێکهاتەی ئەدەبی نووسراودا. کتێبی پیرۆزی پێغەمبەران هەموویان شێوازی شیعرو شیعرییەتیان تێدا لێوانلێوە. تەنانەت بۆ بڵاوکردنەوەو قەناعەت پێکردن و جۆری قسەکردن و تێگەیشتنیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا، فەنتازیا و شیعرییەتی وەک هێزێکی

پێویستە ئەوە بە هەقیقەت بزانین، شیعر گیانی ئێشکگری هەموو نووسینەکانی ترە. ڕەگەزو جەستەیەکی سەربەخۆیی گرینگە لەپێکهاتەی ئەدەبی نووسراودا

قەناعەتپێکردن تێدا بەکار بردراوە.
بەم تێگەیشتنە شیعر فەنتازیای نووسینەکانی ترە، کەچی بەدەستی چەند ئاگر لێ هەڵبزرکاوێک خەریکە دەبێتە هونەرێکی مردوو. ئەو ئاگرە لێ هەڵبزرکاوانە هەوڵ دەدەن دەقی خەونی بنووسن. خەون بنیادی بەشێکی بچووکی دەقەکەیە. لەپڕ هەست دەکەیت بنیادەکە لە بنیادی خەونی بۆ بنیادی واقیعی بەستووی سڕ و شڵەژاو دەگۆڕدرێت و بنیادە خەونییەکە بەناکامڵی جێ دەمێنێ و تەواو ناکرێت. ئەم تەواونەکردنە ڕەگەزی کتوپڕی نییە، بگرە ونبوونی ڕوانین و جیهانبینیی شاعیر، ئەگەر شاعیرە جیهانبینیی بەهێزو خەیاڵی گەرم پاڵنەری گیانی بێت، دەتوانێت کەسایەتیی دەقەکەی وا ڕابهێنێ قسەکانی واقیع لە خەون بکات. بنیادەکەشی وەک بنیادی بەهێز و پتەوی خەونی ڕابگرێت.
ڕۆشنبیری کورد زیاتر ڕۆشنبیرییەکی شیعرییە، تەنیا شیعریشی ڕۆشنبیرییەکی بەئەزموونە و خاوەنی شوێنی ناوەندە. قۆناغی شیعری کلاسیکی تائێستاش تاقانەی ڕۆشنبیریی کوردییە.
**من دامەزراندن دەنووسم، لەبارەی دامەزراندنەوە نانووسم.**

٤٠

جیهان لەڕوانین و جیهانبینینی داهێنەر هەمیشە ناتەواوە، ناوەندی بیرکردنەوەی داهێنەر، خەونی ئەم ناتەواویەیە دەیبینێت. خەونەکە دەکاتە سەرچاوەیەکی پاراو و ڕووبەڕو پانتایی تەواوکەری ئایندە، کە دڵنیاشە بەهیچ جۆرێک ناگات بەئایندە. ئەم نەگەیشتنە هۆ و یارمەتیدەرە بۆ بینینی خەون و بەردەوامیی بەرهەمهێنانی دەقی خەونی. تەنیا لە خەونیشدا دەتوانێت قەدەغەکراوەکان تێکبشکێنێ و پێوەندییە پەرتبووەکان بەشێوازێکی ئێستاتکی دروست بکاتەوە، ژیان بەمانا زیندووەکانییەوە وەک پرتەقاڵێکی بەدارەوەی بەباران شۆراوە ببینێ. ئازادی تەواو و گیانی یاخیبوون و دووربینین و بیستن و دەلالی لەناو خەوندا ئێجگار بەهێزە و ڕووداوەکان ئاراستە دەکات.
ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون، پڕۆژەی بەردەوامییە لەنێوان دووریی بیرو هەست، بە یارمەتیی خەونبینین و ئەزموونی ڕەسەنی خودی هۆشمەند. خەون و زمان لە شیعردا دوو دیاردە و ڕەگەزی بنچینەیین. من لەڕێگای زمانەوە بیر دەکەمەوە. هەر لەڕێگای زمانەوەش شیعر دەنووسم، ، دەشمەوێ هەموو ژیان بەهۆی خەونبینین بکەم بە شیعرو شیعرییەتی پێ بدەم. دەقی شیعری لەپانتایی زمان کار دەکات، نەک لە پانتایی بابەتدا، کەچی لە شیعری کوردیدا ڕابردوو وەک کەلەپوورێکی تۆمارکراو ملۆزمەو هەمیشە لەناو دەقەکاندا بابەتە. ئێستاش بە ملۆزمی ڕابردووەوە ترسێندراوە. شاعیرەکان لەساتی نووسینی دەقدا بوێرنین، نەوێراون، یان نەیانتوانیوە ڕابردوو وەک بوونێکی کارپێکراو بهێننە ناو ئاخاوتن. بەتەنیا لایەن و بەشە گەش و درەوشاوەکەیان پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی ڕابردوو وەک ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بێتە پێشەوە، پێویستە وەک گشتێکی سەربەخۆ بپێورێ و قەوارەی بۆ دابندرێ، تا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەلالەتی شارستانی و بنیادی شێواز پەرەی پێ بدرێت.
ئاخاوتنی ئێستا کراوەیە، دەچێتە ناو ئاخاوتنی نادیاری ئایندەوە. دەقی خەونی ڕزگارمان دەکات

# ڕەنگە ئێمە لە بیناسازی و دیمەنی شەقام و باخچە گشتییەکان نوێ ببینەوە، بەڵام لە گیان و خەونبینین نوێ نابینەوە

لە ئیشکردن لەناو مێژوو و واقیعی دەسەڵاتدارو تۆقێنەردا، یان تووشبوونی هەڵەی مێژوویی، لەپەراوێزی مێژوو دێتە دەرەوە، دەچێتە ناو خەون، کە هەقیقەتی زمان و نووسینە، کەچی لەوەش دڵنیانین دیوانی شیعری کوردی دەقی خەونی تێدایە یان نا.

لە دەقی خەونیدا هەقیقەتی ژیان و کەسایەتیی نووسەر ئامادە و ئارام و زاڵە. دەقی ئاسایی ڕێسا و زانستی ناو کتێبەکان دەتوانێت هەڵیسەنگێنێت، بەڵام دەقی خەونی بەتەنیا ناخ و قووڵایی گیان هەڵیدەسەنگێنێ. خوێنەر بۆ خوێندنەوەی هەر دەقێکی ئەدەبی چوارچێوەیەکی زەینیی هەیە. ئەم چوارچێوەیەشی بەپێی باری دەروونی بەردەوام لە فراوانبوون و بچووکبوونەوەدایە.

ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون چالاکییەکی زمانەوانی و وشیارییەکی ڕەسەن و ڕوونبوونەوەی ڕوانین و جیهانبینییە لەناو ڕووداوەکانی کولتوورو کۆمەڵگەو خەونبینیدا. لە ئاستێکی گشتگیری سەیری ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون بکەیت، سەیرکردنێکی دامەزرێنەرە. تا نووسراوە بەرهەمهاتووەکە بچێتە ناو کۆمەڵگەو شوێن نیشانە وەربگرێت، وەک ڕووداوێکی بە ئەنجام لە ناوەوەی ڕووداوی کۆمەڵگەدا کاریگەری و جووڵانەوەی ئاشکرا بەدەستەوە بدات. بچێتە ناو بیرو بیرکردنەوەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردی و ئاسۆی هاوچەرخی و ڕەسەنایەتی بەسەردا بکرێتەوە، کە ئاسۆی هاوچەرخی و ڕەسەنایەتیی بەسەردا کرایەوە بەهای ڕاستەقینە وەردەگرێت. لەچێژی میللی دوور دەکەوێتەوە و دەچێتە ناوەوەی ئەدەب، ناوەوەی ئەدەبیش چێژی دەستەبژێری کۆمەڵگەیە.

هەر ئەدەبێکی نووسراویش نەیتوانی بچێتە ناوەوەی دەستەبژێری کۆمەڵگەوە، پێویستە گومان لە زەمینەو مەبەست و ئاست و ئاراستەکانی بکرێت. ڕەگەزی سەرەکی لەناو ڕۆشنبیری و کولتووری کوردی هەبووە، کەچی نەتوانراوە بۆ ساتی نووسینەوەی ڕووداوەکانی خەون کاری پێبکرێت، بەسوود وەرگرتن، خەونبینین بهێنێتە پێشەوە. نموونە: خۆدواندن و دواندن و گەڕانەوەی ڕابردوو لە ڕێگای بیرهاتنەوەی کتوپڕو هونەری پەخشانەشیعر، ئەم ڕەگەزانە لە حەیران و لاوک و بەیتە خۆماڵییەکاندا بەزەقییەوە دێنە ناو زەینمانەوە، کەچی لە نووسینی شیعری کوردی، ئەم ڕەگەزانەمان لە ڕۆشنبیری و کولتووری بێگانەوە وەرگرتووە. نەمانتوانیوە بگەڕێینەوە بۆ ماک و ڕەگی ڕۆشنبیری و کولتووری خۆماڵیمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە بنچینەن، دەبووایە لەوانەوە بکەوتابووینایە ڕێ و هەنگاو هەڵگری خۆمانبین. وڕێنەکردن بەناوی نووسینەوە لەناو ئەدەبی کوردی دەرکەوتووە، لەهەمان کاتیشدا گومانی لێ دەکرێت، ، چونکە بەپێوەرو ڕێسا و بنەمای ناو کتێبان بەڕێوە دەچێت. بەتاڵە لەسەرچاوەی کوردی و دووری دەلالی زمان.

بەم جۆرە کارکردن ڕوخساری نووسینی کوردیی ڕاستەقینەی لەکەدار و ئاوڵاوی کردووە، ئاسانە لاساییکردنەوەی بلیمەتانی بێگانە، ئاخۆ چەند لە گەورەیی ئەوان بەر منی کورد دەکەوێت. خۆ بوونی منی کورد لەم شێوازە نووسینە لەچیدایە.


ڕەنگە ئێمە لە بیناسازی و دیمەنی شەقام و باخچە گشتییەکان نوێ ببینەوە، بەڵام لە گیان و خەونبینین نوێ نابینەوە، چونکە لە گیان گەمارۆی



ڕۆشنبیری کورد زیاتر ڕۆشنبیرییەکی شیعرییە، تەنیا شیعریشی ڕۆشنبیرییەکی بەئەزموونە و خاوەنی شوێنی ناوەندە. قۆناغی شیعری کلاسیکی تائێستاش تاقانەی ڕۆشنبیریی کوردییە



ئایینمان لەسەرە. تەنیا لە ئایینیشدا بینین جێگیرو نەگۆڕە و کلێشە بەندی وەرگرتووە.
دەقی خەونی لە کۆمەڵێک دەلالەتی زمان و ڕوانین و جیهانبینینی پێکهاتووە، هەمیشە گیان لەپلەیەکی ئەفسوون و جادوویدا یارمەتیدەریەتی بۆ چرکەساتی نووسین و چوونە ناو گیانی مانا زیندووەکان، لە ئازادکردنی شێواز و مۆرکە زمانییەکاندا. هەم لە وێنە و هەم لە ماناشدا پشت بە ڕەگەزی کتوپڕی و جیاکاری دەبەستم.
دەقی خەونی لەبنیادی گشتیی ڕستەکانیدا سنوور دەبەزێنێ، دەستکەوتێکە بەهۆی لێکدانی پیت و دروستبوونی وشە و ڕستە، بارەکان دەکرێنە هەست و دەخرێنە ڕوو. ئەو پرسیارەمان ڕووبەڕوو دەکەنەوە نهێنیی و ئەفسوونی مرۆڤبوونمان چییە.
بارەکانی دەقی خەونی هاوسەنگییەک لەنێوان هێما و هێماپێکراو دروست دەکات، ئەم دروستبوونەش کاکڵەی ئەزموون و سەرچاوەی کارو کردەی دامەزراندنی دەقی خەونییە لە دەستنیشانکردنی جۆرو ئاستی ئەو پێوەندییەی نێوان هێما و هێماپێکراو.
دەقی ئاسایی لەسەر ئەم ڕێسایە دامەزراوە: نووسەر، دەق، خوێنەر، کات، شوێن. ئەمانە ئاماژەن بۆ سنووربەندکردن و یەک دووریی زمانی دەق، زمانی دەقی سنوور بەندکراویش ناتوانێت هەموو هەست و خۆزگەو چالاکییەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت، یان لەخۆی نزیک بکاتەوە، کە بوونی مرۆڤ پرسیارێکی کاریگەرە لە ناوکی بوون دەکرێت.
**من زمان دەنووسم، لەبارەی زمانەوە نانووسم.**



# شێرزاد حەسەن:
# هەمیشە خەونەکان گەورەترن لە کارەکان

**سازدانی: ژاوێن شاڵی**

**قسەکردن لەگەڵ چیرۆکنووس و نووسەرو مامۆستا (شێرزاد حەسەن) چێژێکی تایبەتی هەیەو وەک چۆن لە کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکانیدا ئاگادارت دەکاتەوە کە ژیان پڕە لە کەوتن و هەڵسانەوە، گەشتت پێ دەکات بۆ سەر بڵندترین چیای ژیان و دواتر بە خەرەندی هەزار بە هەزاردا فڕێت دەداتە خوارێ و دیسان هەڵت دەستێنێتەوەو دووبارە دەتخاتەوە خوارێ، لە کاتی گفتوگۆو قسەکردنیشدا چەندین جار بێ ئومێدت دەکات لە هەموو شتەکان و هەر خۆیشی ئاگادارت دەکاتەوە، کە نابێ تەسلیمی شکست بیت و جارێکی تر ورەت دەداتەوە بەر... ئەم گفتوگۆیەش پڕە لەو بێ ئومێدبوون و ئومێدبەخشینەوانە...**

***گەر لەم پرسیارەوە بچینە نێو دیدارەکەوە، پاش ٣٥ ساڵ لە نووسین و چالاکیی ئەدەبی، پاش سی و پێنج ساڵ لە دەرکەوتن و ناوبانگ، کاتێک ئاوڕ لە رابردووی ئەدەبیی خۆت دەدەیتەوە، چۆن لەو ئەزموونە دەڕوانیت؟ روونتر بڵێم، چ خوێندنەوەیەکت بۆ ئەزموونی خۆت هەیە؟**

-بۆ من زەحمەتە (٣٥) ساڵ کە تەمەنی نووسینمە بە قەڵەمی خۆم بتوانم وردودرشتی ئەو ئەزموونە هەڵبسەنگێنم، چونکە هەموو نووسەرێک بۆ خۆی ئەکتەرێکە لەسەر شانۆ، سەرگەرمی چالاکیی خۆیەتی و زەحمەتە بتوانێت رۆڵی خۆی بخاتە بەرچاوان. لەوە خراپتر ئەوەیە بۆ من کە ناتوانم بە باش و خراپ باس لەو ئەزموونە بکەم، چونکە تۆ وام لێدەکەی باس لە ئەدەبی خۆم بکەم، کە ئەوەیان ئەرکی رەخنەگرو مێژوونووسی ئەدەبە نەک من. رەنگە گەر بوارم بێت لە داهاتوودا بتوانم دوور لە خودپەرستی باس لەو ساڵانە بکەم کە پتر دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانە بێت کە منی هاندا عەشقی ئەدەب، بەتایبەتی خولیای من بۆ داستان کە پتر گەشتێک بوو بۆ خۆناسین و دونیاناسین، بەرلەوەی بزانم شتێک هەیە ناوی ئەدەبە کەوتمە نووسینی خەم و خولیای خۆم بە دزییەوە، تەمەنم دوازدە ساڵان بوو کە دەفتەرێکی یاداشتم هەبوو بۆ تۆماری ئەو شتانەی کە مایەی سەرنجم بوون، وەلێ بە زمانێکی زۆر سادە، ئێستاش ئەو دەفتەرەم ماوەو تێناگەم بۆ وامدەکرد، پتر شەڕ و گێچەڵی ناو ماڵی خۆمانم دەنووسییەوە.

نووسین گەمەیەک بوو بۆ من کە بە دزی و دوور لە چاوی هەموان دەمکرد، گەرچی دایک و بابم نەخوێندەوار بوون، دەترسام هەندێک لە خزمان و کەسوکاری باوکم کە خوێندەوار بوون دەستیان بگاتە ئەو نووسینانە، کە رازو نیازی شەرمنانەی من بوون، وا بزانم پەیوەندیی بەوەوە بوو کە بێجگە لە دەرس و دەوری مەکتەب، هەموو شتێک حەرام بوو. رەنگە من بەختم هەبووبێت کە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا قورئانم خەتمکردو ئەوەش وایکرد کە فێری عەرەبی ببم و بە رێکەوت رۆمانێکی (ئەمیل زۆلا) بە ناوی (نێچیر) بخوێنمەوە، کە هێشتا تەمەنم سیازدە ساڵ بوو، پێموایە لەوەوە تووشی ئەو عەشقی ئەدەب و داستانە بووم و تا هەنووکە بەردەوامەو قووڵتر بووەتەوە، پاشان ئەدەبیاتی عەرەبی و زۆر دواتر ئەدەبی کوردی. هەر ئەوەش وایکرد خەونم بێت بچمە کۆلێژی ئەدەبیات و ئەدەبی ئینگلیزی بخوێنم، توانیم دوای خوێندنەوەی دەیەها کتێب لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا چەند شیعرو چیرۆکێک بڵاو بکەمەوە، دیارە سەرەتایەکی کاڵ و کرچ بوو.. وەلێ هەوڵم دەدا پەرە بەو زمان و تەکنیکە بدەم کە پێی دەنووسم، ئەو هەوڵەش هەموو تەمەنمی داگیر کرد تا هەنووکە. ئەزموونەکە بۆ من تەواو نەبووە، ئەزموونی من واتا هەموو ئەو نووسین و دەقانەی کە بڵاوم کردوونەتەوە، بڕوا دەکەم گەر کەسێک بیەوێت ئاشنای ئەزموونی من بێت چ وەک مرۆڤ و چ وەک نووسەر وا چاکە بچێت نۆڤلێت و چیرۆکەکانم بخوێنێتەوە.

گەر رستەیەک بڵێم لەسەر ئەزموونی خۆم ئەوەیە کە من وەک نووسەر ئەزموونکارم، بەواتا لە دۆخێکی (تەجریبی)دا دەژیم و هەمیشە دوودڵ و بە گومانم لە هەموو شتەکان، هەتا لە نووسین و ئەو ئەزموونەی کە هەمە. بێجگە لەوەی کە من نووسینم نەکردووە بە پیشەی خۆم، چونکە

# بەر لە وەرگرتنی ناسنامەی نووسەربوون، مەرجە بتوانین مرۆڤ بین

لەسەر نووسین ناژیم و کار و ئەرکی دیکەم لەسەر شانە. زۆر جاران ئەزموون بۆ کەسێک چاکە کە هەموو ژیانی دابێت بە نووسین، وەک لە وڵاتانی پێشکەوتوودا باوە.

ئەوەندەی کە بزانم ئەوەیە کە لە منداڵییەوە پرسیارم زۆر بوو، وەلێ زەحمەت بوو مامۆستا و باوک و مەلا و هەموو گەورەکان وەڵامم بدەنەوە، لە چاوی خەڵکی ئێمە بەو منداڵە دەوترێت دەمهەراش یان زۆربڵێ و چەنەباز، هەربۆیە زوو زانیم کەس وەڵامی لە لا نییە یان نایزانێت یان شەرم و ترسی هەیە، بۆیە وەک وتم بەختم هەبوو کە دەروازەی کتێبەکانم بۆ کرانەوەو بۆ خۆم فێر بووم بەتەنیا بگەڕێم بۆ وەڵامی پرسیارە سەرخۆرەکانم، کە تاوەکو هەنووکەش بەردەوامە. من پتر گومان و پرسیار بۆ ناو دونیای ئەدەب راپێچی کردم نەک خەونی بوون بە نووسەر، نووسینیش بۆ من هەر هەمان گەڕان و سۆراغە بۆ زانینی نهێنیی خۆم و دونیا، تێڕامانە لە دیاردەکان و رووداوەکان و کەسەکان.

نووسین بۆ من گەشتێکی نەبڕاوە بوو، هەناسەدان و هەم هەڵاتن بوو لە دەیەها خەم و دەرد، خەفەکردنی ئاگری ئەو جەهەننەمە بوو کە تێیکەوتبووین، خەون بینین بوو، گەڕان بوو بۆ کەڵەکەکردنی هێزو توانایەک و شکاندنی تەوقەکانی ترس و شەرم بوو، سەرمەشقی خۆڕاهێنان بوو لەسەر خۆشەویستی و رەواندنەوەی تارماییەکانی تەنیایی بوو، خۆدزینەوە بوو لە دۆڕان و دڵگوشران و دۆزینەوەی دونیایەکی دیکە بوو لەو جیهانە مردووەی تیایدا زیندانی بووم، گەڕان بوو بە دوای ئەو خودایەی کە منیان پێ دەترساند، کرینەوەو سەرلەنوێ دۆزینەوەی ئەو خەیاڵە بوو کە هەر لە منداڵییەوە لە مندا کوشتیان، نووسین زیندووکردنەوەی ئەو خەیاڵە مردوە بوو لە مندا کە باوکەکان و مامۆستاکان و مەلاکان زیندەبەچاڵیان کرد. نووسین پتر پەڕینەوە بوو بۆ هەرێمە حەرامکراوەکان و خۆدان بوو لە سێکوچکەی حەرام: سیاسەت و ئایین و سێکس. شکاندنی تەلیسمی تابۆکان بوو، گەمەیەکی بەردەوام بوو بۆ تامکردن و ناسینی ئازادی، خودی ئەدەب بۆ من سەرزەمینی سەربەستی و خۆرزگارکردن بوو.

ئەزموونی ئەو هەموو ساڵە وەرزشێکی رۆحی بوو بۆ بەمرۆڤبوون.. کە زەحمەتترین کارێکە بۆ هەر کەسێک کە نووسەر بێت، چونکە بەر لە وەرگرتنی ناسنامەی نووسەربوون، مەرجە بتوانین مرۆڤ بین..!

***نووسەر کە گەیشتە قەناعەت، رەنگە ئیتر بوەستێت و لەسەر ئەو شکڵمەندییە کۆنە کڕ و کپ بکەوێت، وا بزانێت زۆری کردووە، تۆ زۆرجاران لە دیدارەکانتدا دانی پێدا دەنێیت کە گومانت لە نووسەربوونی خۆت هەیە، ئاخۆ هەر ئەو گومان و دڵڕاوکێیەیە وای لێکردووی کە تا ئێستا بەردەوام بیت؟**

-بێگومان من ئەگەر خەونی پرۆژەیەکم هەبێت، هەمیشە گومانم هەیە لەوەی ئەو خەونە کۆتایی هاتبێت، ئەوە من نیم بە تەنیا کە گومان لەوە بکەم بوومەتە نووسەر یان نا، لە دونیادا کەم نین ئەوانەی ئاسوودە نین، کە تەواوی خەون و پرۆژەی ئەدەبی و فیکرییان بە کەماڵ گەیشتبێت، چونکە هەمیشە خەونەکان گەورەترن لە کارەکان، گەرچی لای ئێمە ئاسان کەسەکان دوای یەک دوو کتێب



من پتر گومان و پرسیار بۆ ناو دونیای ئەدەب راپێچی کردم نەک خەونی بوون بە نووسەر، نووسینیش بۆ من هەر هەمان گەڕان و سۆراغە بۆ زانینی نهێنیی خۆم و دونیا

هەوایەک لە کەللەیان دەدات، کە بوونەتە نووسەر، بە تایبەتی گەر ستایش بکرێن، نووسینی چەند دەقێک مانای گەیشتن نییە بەو خەونە، چونکە نووسەران هەمیشە دوودڵن و لە دڵەڕاوکێیەکی گەورەدا دەژین و کەم بڕوان و بێ ئۆقرەن. هیچ پەیوەندیی بە فیزو بێ فیزییەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە روانینی ئەو نووسەرەوە، کە چۆن تەماشای کردەی نووسین دەکات و بە چ ئامانجێک دەستی داوەتە قەڵەم.

***تۆ لە زۆربەی چیرۆک و رۆمان و نووسینەکانتدا جەخت لەسەر ئەو دونیا پڕ لە ستەمەی نێرسالاری دەکەیتەوە، لەتەک قسەکردن لەسەر تەنیایی و یەکسانیی ژن و پیاو، کەسانی کەمئەندام و ئازارو ئارەزووە کپکراوەکانی خەڵکی ئێمە، کە هەمووی ئاوڕدانەوە بووە لە مرۆڤە پەراوێزخراوەکان، گەر بگەڕێینەوە ئەو سەردەمەی (حەسارو سەگەکانی باوکم)ی تێدا نووسی.. بەڕای خۆت ئێستاش هەر هەمان سەردەمەو لە چاوی تۆدا نەگۆڕاوە، بەواتا ئەگەر ئەو نۆڤلێتە بنووسیتەوە، ئاخۆ هەر هەمان چیرۆک دەنووسیتەوە؟**

-بەڵێ.. لەو مانایە لانادەم کە جەختکردنەوەی منە لەسەر ئەوەی کە ئێمە لە ئازادی دەترسین و نەمانتوانیوە لە قەفەزەکان رزگارمان بێت. نۆڤلێتی (حەسار) هەڵکۆڵینێک بوو بۆ کۆمەڵگەی خۆمان لەمەڕ بابەتی سەربەستی و کۆیلەبوون، سەرباری حوکمی رەهای یان ئەبەدیی باوکە سیاسی و دینییەکان، کە پایەکانی لەسەر توندوتیژی بەندن. رەنگە گەر ئێستا بینووسمەوە هەر حەز بکەم بە هەمان زمان و تەکنیکەوە بینووسم.. لەتەک پتر قووڵکردنەوە ترسی ئێمە لە ئازادی، راستە میللەتی ئێمە بەردەوام دروشمی ئازادیی بەرزکردووەتەوە و لە پێناو ئازادی تێکۆشاوە، بەڵام نەیتوانیوە لە باوکە چەوسێنەرەکانی خۆی قوتاری بوو بێت، لەو هەموو قەفەزو بەندیخانانەی ناو رۆحی خۆی، هەر بۆ نموونە ئەوە دەچێت بۆ بیست ساڵ ئێمە (بەعس)مان راونا و باوکە عەرەبییەکانمان دەرپەڕاند، بەڵام باوکی کوردی بە هەمان ستەم و نایەکسانی و نادادپەروەرییەوە فەرمانڕەوایە. وا مەزەندە دەکەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی ئێمە نەگۆڕابێت، هێشتا باوکە دینی و سیاسییەکان سێبەری خودان لەسەرزەمین و هەر بە ناوی خوداو شۆڕشەوە لێماندەخوڕن. پێکهاتەی خێزانی کوردی کە بەرهەمهێنەری ملکەچی و ترس و شەرم و هەستی گوناهباریبوونە نەگۆڕاوەو هەر وەکو خۆیەتی و پڕە لە زەبروزەنگ و رۆحی ستەمگەری. کچ و کوڕەکانمان فێری گوێڕایەڵی و نەبوونی گومان و پرسیار دەکەن. لە رووکەشدا زۆر شت گۆڕاوە، وەلێ لەباری رۆحییەوە هیچ نەگۆڕاوە، رۆح هەر وەکو جاران خامۆش و سست و مردووە و بەندەوارە. باوکەکان هێشتا وەک جاران خۆیان بە (ئیبراهیم) پێغەمبەر دەزانن و بۆیان هەیە (ئیسماعیل)ەکانی کوڕیان گۆشاوگۆش سەرببڕن.


هێشتا سیاسەت بە ئەخلاقی دارستانەوە بەڕێوە دەچێت و ئەوەی هەیە دیوەخان و تەکیە و خانەقایە، نەک ئەنجوومەن و هۆڵی پەرلەمان و کۆبوونەوەی حیزبێکی مۆدێرن. هەر هەموو رۆحی و مادییەکان وا لە بندەستی گەورەکان و باوکەکان، باوکەکان تاوەکو هەنووکە شێتی دەسەڵاتن و قوونیان بە کورسییەکانەوە نووساون و تاوەکو نەمرن و نەکوژرێن ئەو تەخت و بەختە بەجێناهێڵن.. پێم

# ئێمە سەدەها نووسەرمان گەرەکە چیرۆکی پڕ لە ستەم و زەبروزەنگی ناو (حەسار)ەکان و قەڵاکان و زیندانەکان بنووسێتەوە

نالێی چی گۆڕاوە؟ ئێمە سەدەها نووسەرمان گەرەکە چیرۆکی پڕ لە ستەم و زەبروزەنگی ناو (حەسار)ەکان و قەڵاکان و زیندانەکان بنووسێتەوە بە دەستی باوکە چەوسێنەرەکانەوە، چیرۆکی ئەو سەگ و تاژییە هارانەی تاوەکو قیامەت راوەدوومان دەنێن، چونکە جارجارە ویستوومانە لە باوکەکان هەڵبگەڕێینەوە. یادت نەچێت کە (ماڵ و مەکتەب و مزگەوت و حیزب) ئەو فابریقەو کارگانەن کە هەمان وێنەی باوکە کۆنەکان بەرهەم دێننەوە.. لەتەک هەمان لەو کچ و کوڕە گزگل و ترسنۆک و شەرمن و خەسیوانە.. مەگەر وا نییە؟!

***هەروەک لە پرسیاری پێشووتردا ئاماژەمان پێدا، هەمیشە کارەکتەری رۆمان و چیرۆکەکانی تۆ کەسانێکی تەنیاو پەراوێزخراون، خەسڵەتێکی دیکە کە سیمایەکی دیاری چیرۆکەکانتە، وروژاندنی کێشەگەلێکی زۆرە، بەڵام بێ چارەسەر بۆ خوێنەری بەجێدێڵێت!... وەک ئەوەی دەروازەکانی چارەسەر بە روویاندا داخرابێت، کۆی ئەو هەموو کێشەو ستەم و خەمە لە کوێوە هاتوون؟ بەدیوێکی دیکەدا جێهێشتنی ئەو بۆشاییە بۆ؟ ئایا دەتەوێ چارەسەری کێشەکان بۆ خوێنەر بەجێبێڵێت تاوەکو خۆی بیدۆزێتەوە، چونکە ژمارەیەکی کەم و زۆری ئەو خەڵکە پاڵەوانی تێکستەکانی تۆن؟**

-زۆر بەکورتی.. هەرگیز کارو ئەرکی نووسەر نییە لە کۆتایی چیرۆک و رۆمانەکانیدا چارەسەر بۆ کێشەو گرفتەکانی پاڵەوان دابنێت، چونکە ئەو نە پزیشکی دەروونییە تاوەکو لە کۆتایی راپۆرتەکەیدا دەرمان و چارەسەرو وەرزشی رۆحی و جەستەیی بۆ نەخۆشەکەی بنووسێت، نە کۆمەڵناسە و نە دادوەر و ئەخلاقفرۆشە و نە مەلایە و نە قەشە، نە شێخەو نە فاڵچی و نە نووشتەنووس، من بەتەنها لە ئەدەبی کوردیدا رای وام گوێ لێدەبێت کە داوا لە نووسەران دەکرێت چارەسەر بۆ دەرد و نەهامەتییەکانی پاڵەوانەکان بدۆزنەوە، چونکە ئەمەیان کۆمیدی دەکەوێتەوە، ئەو وەختەی لە رۆمانێکدا کچ و کوڕێکی عاشق بەیەک ناگەن، نووسەر لە پەراوێزدا یان لە کۆتایی و ناوئاخنی رۆمانەکەدا هەموو ئەو هۆکارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە شی بکاتەوە و یەکە بە یەکە چارەسەریان بۆ دابنێت، ئەوە کاری سیاسەتبازە کە بۆ کێشەکان سەد بەڵێن و پەیمانی هەیە کە دونیا دەکات بە شامی شەریف، کەچی لە کۆتاییدا کە دێتە سەر تەخت، هەر هەمووان نائومێد دەکات. نووسەرانێک هەبوون بە ناوی «ریالیزمی سۆشیالیستی» پاڵەوانی سوپەرمان و نەبزیویان هەبوو، خۆ ئەگەر پاڵەوانەکان کێشەو گرفتیان ببووایە، ئەوە نووسەر موعجیزەیەکی پێبوو کە رزگاریان بکات، وەلێ ئەوەیان هەمیشە ساختەو درۆزنانەیە و ماکیاژکردنی ژیانە، چونکە بە هەزارەها کارەسات و گرفت و کێشە هەن وا بە ئاسانی کۆتاییان نایەت، بێجگە لەوەی کە ئامانجی نووسەر لەوەدا کورت نەبووەتەوە کە کۆمەڵێک کێشەو گرفت بخاتە روو.. پاشان چارەسەرەکانی ریز بکات، پانتایی ئەدەب لەوە فراوانتر و لق و پۆپدارترە کە وەها بەرتەسک بکرێتەوە. کە من زۆرتر باسی دەردو مەینەتیی ئافرەتم کردووە وەک نووسەر، کە زۆر جاران لە چیرۆکەکانمدا کۆتاییەکی کراوەم هەبووە، کە خوێنەر لەگەڵمدا بەشدار بێت، هەر ئەوەش کارو ئەرکی ئەدەبەو ناکرێت خوێنەر بە گێل و هیچنەزان دابنێت. پاشان من خۆ



نووسەرانێک هەبوون بە ناوی «ریالیزمی سۆشیالیستی» پاڵەوانی سوپەرمان و نەبزیویان هەبوو، خۆ ئەگەر پاڵەوانەکان کێشەو گرفتیان ببووایە، ئەوە نووسەر موعجیزەیەکی پێبوو کە رزگاریان بکات، وەلێ ئەوەیان هەمیشە ساختەو درۆزنانەیە و ماکیاژکردنی ژیانە

نەچوومەتە هەڵبژاردنەوە تا وەک سیاسەتبازەکە لیستێک بەڵێن و چارەسەرم پێبێت و هیچیشیان نەکەم، راستە ئەدەبی داستانی وتنی درۆیەکە لە پێناو راستی، بەڵام درۆی وا شاخدار لە ئەدەب ناوەشێتەوە.

بۆ من هەڵبژاردنی پاڵەوانی تەنیا و شکەست و پەراوێزکەوتوو هەر لە خۆوە نەهاتووە، چونکە لە باری واقیعییەوە هەر لە منداڵییەوە تاوەکو هەنووکە ئەم جۆرە کەسانە وان بە چواردەورمەوە، ژمارە هەرە زۆرەکەی رۆمان و چیرۆکی دونیا ئاوڕدانەوەیە لەو کەسە تەنیاکەوتووانە، بە مێ و نێرەوە، وا بزانم شیکردنەوەی ناوێت بۆ زانینی ئەوەی بۆچی مرۆڤەکان تەنیا و شکەست و پەراوێز کەوتوون، سەرچاوەی خەم و گرفت و دەردەکان لە ژیاندا لەباری رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە زانراون و پێویستی بە نووسەرێک نییە بۆ خەڵکی تۆماریان بکات. زۆرجاران نووسەر ئەوەندەی لەسەرە بڵێ جەهەننەمێک وا لەژێر پێتاندا (چیخەف واتەنی) نووسەر لە رەچەڵەکی ئەو گیاندارانەیە کە هەست بە بوومەلەرزەو لافاو و گڕکان دەکات و ئەو پێشبینییەش دەردکێنێت.. مەرجە ئەوانیدیکە کۆدەکان و جفرەکانی بخوێننەوە.

***گەر بێینە سەر باسی نەوەکان، بمانەوێت و نەمانەوێت بۆ هەمیشە ململانێیەک لەنێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێدا هەیە، ئەو ململانێیە لە ئەدەبیشدا رەنگی داوەتەوە. زۆرێک پێیان وایە سەردەمی زێرینی چیرۆکی کوردی دەکەوێتە دوای راپەڕین، ئەو گۆڕانکاری و تەوژمە بەتاوەی کە رۆمان و چیرۆکی کوردی دوای راپەڕین بینیوییەتی.. بەر لەو قۆناغە بەو تین و تاوە نەبووە، تۆ بۆ خۆت پشتگیری لە کامە بۆچوونیان دەکەیت؟**

-پەخشانی کوردی، بەتایبەتی ئەدەبی داستنئامێز، مێژوویەکی کورتی هەیە بە بەراورد لەگەڵ شیعر، بەتایبەتی پەخشان و ئەدەبی داستانی تازە کە لە سەدە تێپەڕی نەکردووە، بە تێگەیشتنی من تەمەنی نیو سەدەو شتێکە، بۆیە بۆ من ئاسان نییە باس لە ململانێی نەوەکان بکەم و هەر لێشی نازانم، چونکە ئەمەیان پێویستی بە داتا و ئامار هەیە، لێکۆڵینەوەی وردو بە سەلیقەی دەوێت. هەڵبەتە ئەم سەردەمە جیاوازە لەگەڵ سەردەمێکی زووتردا، لە هەردوو نەوەکەدا، چ کۆن چ نوێ، داهێنەر و بێ بەهرەمان هەیە بە گوێرەی ئەو ژینگەو قۆناغەی نووسەرەکانی تێکەوتوون. لەمرۆکەدا دەست گەیشتن بە سەرچاوەکانی ئەدەب و فیکرو هونەر لە جاران ئاسانترە، هەر بۆیە سەیر نییە گوڕ و تین و تاوێکی زۆرتر لە ئارادایە، ئەمەیان پەیوەندیی بە ململانێ و زۆرابازییەوە نییە. من ململانێ نابینم، ئەوەی لە نێوان نەوەی کۆن و نوێدا دەگوزەرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پتر لە رق و کینەو یەکدی سڕینەوە خۆی بەرجەستە دەکات، ئەم دۆخە ناشیرینە هەتا لە نێو نووسەرانی هەمان نەوەشدا هەیە، واتا لەنێوان گەنجەکان خۆیاندا و لە نێوان پیرەکان خۆیاندا. ململانێ و کێبەرکێی ئەدەبی و فیکری لای ئێمە لە نزمترین ئاستدا دایە، هیچ سەردەمێک بە زێڕین و زیوین نابینم، بەڵام ئاشکرایە کە فەزایەکی کراوەتر لەو بیست ساڵەی رابردوودا هاتووەتە پێشێ و جیاوازییەکی بەرچاوی هەبووە، بەتایبەتی بۆ رۆمان ئەم قسەیە پتر راستە و داهێنانی دڵخۆشکەرە هەست پێدەکرێت بە بەراورد لەتەک چیرۆکدا، گەرچی دەکرێت کە وردتر

# من بڕوا ناکەم گەر نووسەرێك خۆی هەبوو بێت و دارێکی لەسەر بەردێك دانابێت، هیچ داهێنەرێکی دیکە بتوانێت بیسڕێتەوە

لە ئێمە ئاگاداری نەخشەی داهێنانە ڕای پێچەوانەی هەبێت.. ئەوەش ڕەوایە. ڕەنگە بۆ هەر دوو ژانرە ئەدەبییەکە (چیرۆک و ڕۆمان) قەڵەمی جوان پەیدا بووبن و من خۆم دەیانخوێنمەوە.. وەلێ بە ژمارە کەمن.

***بە ڕای تۆ هیچ کاتێک دەرکەوتنی ئەدیبێکی بەتوانا و داهێنەر، یان پۆلێک نووسەری بەتوانا دەتوانن ئەدیبانی پێش خۆیان بسڕنەوە؟**

-بۆچی لاستیکی خەتکوژێنەوەی پێیە؟ چی دەسڕێتەوە؟ گەر لە قۆشمە دەرچین.. بەراستی قسان بکەین، من بڕوا ناکەم گەر نووسەرێک خۆی هەبوو بێت و دارێکی لەسەر بەردێک دانابێت، هیچ داهێنەرێکی دیکە بتوانێت بیسڕێتەوە. ڕەنگە پەیدابوونی داهێنەرێک کە زمان و جیهانبینی و بابەت و کارەکتەری تازەو تەکنیکێکی جیاوازی ببێت، بتوانێت خوێنەری پتر بۆ خۆی پەیدا بکات. بەڵام ئەوەیان ڕاستە کە لەگەڵ هاتنی داهێنەرێکی تازە کە تەواو جیاواز بێت لەگەڵ نەوەی پێش خۆی، دەبێتە مایەی گۆڕینی زەوقی خوێنەران و گومانکردن لەو نووسەرە تەقلیدییانەی تەمەنێکە دەقیان بە هەمان ناوەرۆک و شێوەی ئەدەبییەوە گرتووە.. واتا شەپازللەیەک لە زەوقی هەمووان دەدات.. زەوقی سادەو خاکەڕا..!

***زۆر جاران کە باس دێتە سەر ئەدەبی ژنان وا مەزەندە دەکرێت کە ژنان پتر خۆیان بە شیعرەوە سەرقاڵ کردووە، خۆیان لە چیرۆک نادەن، کەمیی چیرۆکنووسی ژن گلەیی و گازاندەی هەمیشەیی پیاوانە کە ئاراستەی ژنان دەکرێت.. بەڕای تۆ کەمیی چیرۆکنووسی ژن لە نێوەندەکەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-نەک هەر لە بواری ئەدەبدا، بەڵکو لە بوارە جیاکانی زانستیشدا، ژمارەی ژنانی چالاک لەو بوارانەدا کەمن، نەک هەر لای خۆمان، بگرە لە هەموو کێشوەرەکانی دونیادا وابووە. گەر بگەڕێینەوە سەدەی حەڤدە و هەژدەو نۆزدەی ڕۆژئاواش، دەبینین ژمارەی نووسەرانی ژن کەمترن لە هی پیاو، ئەوەش سەیر نییە، چونکە هاتنە مەیدانی ژنان خۆخەریککردن بە کایەکانی سیاسەت و فیکرو ئەدەب و هونەر و وەرزش، پەیوەندی هەیە بە هەموو ئەو پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دەیبینێت، هەر ئاڵوگۆڕێکی پۆزەتیڤ و بەرەو پێشەوەچوونێکی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی وا دەکەن ئافرەتان پتر بڕژێنە ناو هەموو ئەو گۆڕەپان و بوارانەی کە بۆ سەدەها ساڵ بۆ پیاوان قۆرغکرابوون. گەر سەیری ئەو هەموو گەشەسەندنەی سەدەی بیستەم بکەین لە هەموو بوارەکانی تەکنۆلۆژیا و کۆمیونیکاسیۆن و شۆڕشێکی سەرتاسەری لە ناو هەر هەموو لقەکانی زانستە مرۆیی و سروشتییەکان، دەرئەنجامە گەورەکانی لە بواری داهێنان و عەقڵگەراییدا دەبینینەوە، بەتایبەتی لەو حەفتا ساڵەی ڕابردوودا، ئەوەش یارمەتیدەر بوو بۆ ژنان کە پتر بێنە مەیدانێ، هەموو ئەو بزاڤانەی داوای یەکسانیی مێ و نێریان دەکرد، لەوەشدا فێمینستەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو، بۆ سەدەها ساڵ دەسەڵاتی کەڵەگایی پیاوسالاری بڕوای وابووە کە شوێنی ڕاستەقینەی ژنان (ماڵ و مووبەق و ناندینە)، وەلێ لە هەنووکەدا دونیا گۆڕاوە، گەرچی هێزە سەلەفییەکان هەنووکەش هەر هەمان بڕوایان ماوە، لە وەڵامی پرسیاری پێشووتردا وتم کە خودی



ئەوەی لە نێوان نەوەی کۆن و نوێدا دەگوزەرێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پتر لە ڕق و کینەو یەکدی سڕینەوە خۆی بەرجەستە دەکات، ئەم دۆخە ناشیرینە هەتا لە نێو نووسەرانی هەمان نەوەشدا هەیە، واتا لەنێوان گەنجەکان خۆیاندا و لە نێوان پیرەکان خۆیاندا

ئەدەبی داستانی (چیرۆک و رۆمان) و پەخشانی تازە تەمەنی زۆر کورتە لەناو ئێمەدا، بۆیە کە لە دونیای دەرەوەی ئێمەش ژنان هەمان چارەنووسیان هەبووە تاوەکو سەدەی بیستەم کە قۆناغ بە قۆناغ گەشەی گەورەتر بە خۆیەوە دەبینێت، بۆیە ناکرێت پێمان سەیرو سەمەرە بێت، چونکە ئەوەیان بە گلەیی و گازاندەی پیاوان چارەسەر ناکرێت، وەک دیارە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی گەورەو سەرتاسەری و هەمەلایەنە هەیە. کتێبە دانسقەکەی (ڤێرجینیا وۆلف) کە ناوی (ژوورێک تایبەت بە خۆی) وەلامێکی تێدایە سەبارەت بەوەی کە پیاوان بۆ هەمیشە ژوورێکی خۆیان هەبووە بۆ نووسینن وەلێ ژنان بۆ هەمیشە تاوەکو ساڵانێکی زۆر خاوەنی ئەو ژوورە نەبوون و زۆر جاران ناچاربوون لەناو مووبەق یان ژووری خەوتندا بنووسن، یادمان نەچێت کە کایەکانی سیاسەت و ئایین و زانست و فیکرو سەرمایەگوزاری و ئەدەب و هونەر لە کۆنەوە و بگرە تا هەنووکەش تاپۆی پیاوان بووە، بێجگە لەوەش کە نووسین بۆ سەدەها ساڵ یەکێک لە چالاکییە حەرامکراوەکان بووە بۆ ژنان، هەتا ژمارەیەک لە خانمان لە رۆژئاوادا لەژێر ناوی پیاواندا خۆیان دەشاردەوەو و دەیاننووسی، هەر بۆ نموونە (جۆرج ساند). سەیری بکە لە هەموو (ئێران)ی سەدەی بیستەمدا بەتەنها (فروغ فەروخزاد) دەناسین.

سەرباری ئەوەش ئەدەبی داستانی بێجگە لە مەعریفەیەکی زۆر، پێویستی بە سەرکێشی و ئازایەتی و بەرەنگاربوونەوە هەیە، کە لەناو کولتووری ئێمەدا هەر هەمووی بۆ ژنان مەترسیدارە و باجی گەورەی دەوێت، کە هەندێکجار ئابڕووچوون و خوێنی سەرە، لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو ئەو دۆخە نالەبارو ناهەموارەی کە ژنان تێیکەوتوون لە لای خۆمان، کەم نین ئەو قەڵەمانەی لە هەنووکەدا لە کۆششێکی گەورەدان بۆ خۆسەلماندن و خۆنووسینەوە و بەرەنگاربوونە.

***پاش چەند ساڵێک بێدەنگی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانت، لە چەند رۆژی رابردوودا تازەترین رۆمانی تۆ (ژنێک بەسەر منارەوە) بڵاوکرایەوە و کەوتە بەر چاوی خوێنەران، وەک لە دوا لاپەڕەدا ئاماژەت پێداوە کە پێنج ساڵ خەریکی بوویت (٢٠٠٥-٢٠١٠). بۆچی ئەو هەموو ساڵە؟ ئایا بۆ ئەوە بووە رەوتی رۆمانەکە هاوزەمانی سەردەم و گۆڕانکارییەکان بێت، یان ویستووتە بگاتە ترۆپکی کامڵبوون؟**

-من خۆم بە بەرنامە وام نەکردووە، راستی پتر پەیوەندیی بەوەوە بووە من بۆ نووسینی دەقەکانم بە حەوسەڵەو موودێکی (میزاج) تایبەت کار دەکەم، زۆرجاران هی ئەوەیە کە کتێبی باشم دەستبکەوێت بیرم دەچێتەوە، کە نووسەر بم، کەم و زۆر تاوەکو تەمەن هەڵدەکشێت پتر لە نووسین دەترسم و خۆمی لێ دەدزمەوە و بگرە کاغەزی سپی دەمترسێنێت. وێڕای ئەوەش کە من (٣٣) زۆربەی ژیانم سەرگەرمی کاروباری پەروەردە بووم، بە پۆستی جیاوازەوە، کە ئەوەش پڕە لە خەم و نیگەرانی و نائومێدی کە لەباری دەروونییەوە نەک هە لە نووسین، بەڵکو لە ژیان دەتتۆرێنێت، بەواتا هێز و پرزەم لێدەبڕێت بێنەوەی بگەینە ئاکامێکی دیارە، من نووسەرێکی پیشەکار نیم و نان و بژێویی من لەسەر نووسین نییە تاوەکو خۆمی بۆ تەرخان بکەم، کە ئەوەش حاڵی زۆربەی نووسەرانی کوردە، کەواتە ئەوکاتە کەمەی دەمێنێتەوە لە کاروباری

# بۆ من نووسین گەمەیەکە کە پتر خۆم پێی سەرمەست دەبم، بۆیە پەلەی لێناکەم

خانەوادەکی، پیشەو کاری رۆژانە و دەیەها خەم و سەرئێشەی دیکە کە هەموومان دەیزانین.. کەم وەختێک بۆ نووسین دەمێنێتەوە، وەک (هەردی)ی شاعیر واتەنی (ژیان و ئەرکی ناخۆشی پەپوولەی ئارەزووی کوشتم) بۆیە ناچاریت بە وەخت دزین تاوەکو فریای نووسین بکەویت. نووسەرێک لە رۆژئاوا خاوەن بەهرە بێت، نان و بژێویی لەسەر نووسینەو خۆی بۆ تەرخان دەکات، من لەم ماوەیەدا چوومە لای پێنج کتێبفرۆش کە کتێبەکانی منیان لەلابوو، هیچیان پارەی فرۆشتنی کتێبەکانیان نەدامێ و ئەوەش سەیر نییە.


دواجار بۆ من نووسین گەمەیەکە کە پتر خۆم پێی سەرمەست دەبم، بۆیە پەلەی لێناکەم، ئەوەش راستە کە من هەمیشە دوودڵ و بە گومانم لەو دەقانەی کاریان تێدا دەکەم، کە ئاخۆ چەندە رووی مەجلیسی هەیە. پێنج ساڵەکە پەیوەندیی بە نووسینی دەقەکەوە نەبووە لەسەر کاغەز، بەڵکو زەمەنێکی زۆرترم دەوێت بۆ نووسین لە ناوەوەی خۆمدا بێئەوەی قەڵەم بە کاغەزدا بنێم. دواجاریش هەر نووسەرەو بە خەون و خەیاڵ و ئامانج و شێوازێکەوە لە نووسین نزیک دەبێتەوە، کە ئەوەش بۆ خۆی دەستنیشانی چۆنییەتی نووسین دەکات وەک شوێن و کات و رەفتار و خووی کارکردن بە هەموو کێشەو گرفت و نهێنییەکانییەوە.

***ئەم رۆمانە بە کۆی مەبەست و ئامانجەکانی دیکەیەوە دەکرێت بڵێین پڕاوپڕە لە دونیای مێینە، کە تۆ لە رێگەی کارەکتەری (شادی)یەوە کە بێوەژنێکی تەنیایە، بەرەو جەمسەرو کێشوەرەکانی تری ئازارمان دەبات. هەڵبژاردنی کارەکتەری (ژن) بۆ رۆڵی سەرەکیی ئەم رۆمانە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

-رەنگە بۆ خۆم وا بووبێت کە دەمێک ساڵە حەز دەکەم لەسەر پاکیزەیی و ئەو جەهەننەمەی ژنان و کچانی تێکەوتووە دەقێک بنووسم، کە هەمیشە ناموس و شەرەفی پیاوانی ئێمە کەوتبێتە ناو ئەو سێگۆشەی (پەرمۆدا)یە ناوگەڵی (دامێن)ی کچان و ژنانە، ئەو هەموو کوشتن و خۆسووتاندنەی هەزارەها ئافرەتەی ئێمە هەڵوەستەی دەوێت. هەر لە یەکەم چیرۆکەوە کە نووسیومە خەم و گرفت و کێشەکانی ژن پانتاییەکی گەورەی لە نووسینی من داگیرکردووە. ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونەوەرێکی شکەست و ستەمدیدە و پەراوێزکراوە، ئەم رۆمانە (مانیفێست)ی تووڕەی منە لە بەرامبەر دۆخی دۆزەخئاسای کچان کە دوا جار بە ناوی ئەخلاقەوە مرۆڤەکان دەهاڕێت، بەڵام جیاوازی ئەم دەقە لەتەک دەقەکانی دیکەدا ئەوەیە کە زۆربەی ئافرەتانی ناو چیرۆکەکانم بەستەزمان و دڵشکاو و لەبەردەم پیاوەکاندا وەک کەڕ و لاڵ دەردەکەوتن، دایکانی زەبوون و کچانی قەیرەو تەنیاکەوتوو، کچانی نامرادو بەدبەخت، کەچی ئەمجارەیان پاڵەوانەکە کچێکی هۆشمەندە و هونەرمەندە، قسەزانەو ئازایەو ئامادەیە تاوەکو کۆتایی لەسەر سەرخستنی راستی و پاکی و جوانی و هەق بجەنگێت، بێباکە لە مەرگ و ئابڕووچوون، هێزو توانایەک لە خۆیدا شک دەبات، کە لەبەردەم دەیەها پیاوی ملهوڕ و دەسەڵاتدار نەبەزێت. بۆ من (شادی) هەڵگری ئازار و ستەم و جوانی و ئازایەتیی دەیەها کچ و ژنە، کە لە ژیانمدا دیومن، لەوە پتر ناڵێم، چونکە مەرجە رۆمانەکە خۆی بدوێت نەک من.



هەر لە یەکەم چیرۆکەوە کە نووسیومە خەم و گرفت و کێشەکانی ژن پانتاییەکی گەورەی لە نووسینی من داگیرکردووە



# تارکۆفسکی: تەنیا ئەوەندەم دەوێت، ئەو ڕۆشنبیرە بم کە لە ناخمدایە..

**لە عەرەبییەوە: هێمن مەحمود حەسەن**

تارکۆفسکی وەکو موعجیزەیەك وایە. بۆ من کەسێك بوو کە هانی دەدام و پاڵی پێوەدەنام، کەسێك بوو گوزارشتی لە شتێك دەکرد کە بەردەوام دەمویست بیڵێم، بەڵام بەبێ ئەوەی بزانم چۆن بیڵێم.
تارکۆفسکی بەلای منەوە پیاوێکی مەزنە، ئەو زمانێکی نوێی داهێنا... **بێرگمان**

# نامەوێت شێوازی کارکردنمان بە شێوزای کارکردنی خۆرئاوا بەراورد بکەم

**تارکۆفسکی ساڵی ١٩٣٢ لە شاری (زفراجیە)ی ڕووسی کە دەکەوێتە سەر کەناری ڕووباری ڤۆڵگا لەدایکبووە. کوڕی شاعیری بەناوبانگی رووسی (ئارسینی تارکۆفسکی)یە. دایکی ناوی (مایا ئیڤانۆڤنا فیشیناکڤا)یە. دایک و باوکی لەیەک جیابوونەوە و ئەم و خوشکەکەی چوونە لای دایکیان. هەر لە منداڵییەوە حەزی لە وێنەکێشان و مۆزیک بووە، سەرەتا زمانی عەرەبیی خوێندووە، بەڵام بە هۆی ڕووداوێکەوە کە زیانی بە سەری گەیاند وازی لە زمانی عەرەبی هێنا و گواستییەوە بۆ خوێندنی جیۆلۆجیا، گەورەترین هەنگاوی ژیانی ئەو کاتە بوو کە چووە قوتابخانەی سینەما لە مۆسکۆ کە سینەماکاری بەناوبانگ (میخائیل رۆم) بەڕێوەبەرەی بوو. (تارکۆفسکی) لەو سەردەمە و لە ساڵی ١٩٥٨دا کورتە فیلمێکی بە ناوی (پیاوکوژان)ەوە کە لە کورتە چیرۆکێکی (ئەرنست هەمینگوای)یەوە وەرگیرابوو پێشکەشکرد .**

**ئەم دیدارە لە ساڵی ٢٠٠٧دا بڵاوکراوەتەوە و لە زمانی ڕووسییەوە وەرگێڕداوەتە سەر زمانی عەرەبی، منیش وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

***سەرەتا حەز دەکەم بزانم سەبارەت بە کارکردنت لە دەرەوەی وڵات چ هەستێکت لا دروست بووە.**

-فیلمی (نۆستالگیا) یەکەم فیلم و یەکەم پەیوەندیمە لەگەڵ نەریتەکانی کارکردن لە دەرەوە. بێگومان کاری وێنەگرتنی ئەو فیلمە لە هەر شوێنێک بێت شتێکی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو بڕوایەدام کە دەکرێت بەسەر ئاستنەگەکاندا سەربکەوین. قورسترین کێشە لە خۆرئاوا کەمیی کات و کەمیی خەرجیی دارایی بەرهەمهێنانی فیلمە. لایەنی دارایی کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم بەرهەمهێنانی هەر کارێکی داهێنەرانەدا. ئیتر بەهۆی کەمیی پارە و نەبوونی پارە بۆ پڕکردنەوەی خەرجییەکانی کاری هونەری کێشەی نەبوونی کات سەرهەڵدەدات. چەندێ وێنەمان بگرتایە، خەرجییەکان ئەوەندە زۆرتر دەبوون، پارە لە خۆرئاوا ڕۆڵی ستەمکار دەگێڕێت. لە وڵاتی خۆمان بیرم لە شتێک نەکردووەتەوە کە ناوی خەرجی بێت.

کاتێک کۆمپانیای تەلەفزیۆنی ئیتاڵی بۆ دەرهێنانی فیلمێک بانگهێشتی کردم، ئەو بودجەیەی کە بۆ فیلمەکە تەرخان کرابوو شتێکی زۆر کەمبوو. من پێشتر شارەزاییم لە بارەی کارکردنەوە لە دەرەوەی وڵات نەبوو، تەنیا شتێک کە پێمبوو ڕەزامەندییەک بۆ ئەنجامدانی کارەکە، پرۆژەکەش هەڵگری مۆرکێکی ڕۆشنبیری بوو نەک بازرگانی. کارکردن لەگەڵ تیمی وێنەگرتنی ئیتاڵیدا شتێکی خۆشبوو، هەستێکی خۆشم لا دروست بوو. ئەوانە کەسانێکی تەکنیکاری شارەزاو لێهاتوون، لەو باوەڕەدام کارکردنیان لە فیلمەکەماندا ئاسودەییەکی زۆری پێبەخشیین. من نامەوێت شێوازی کارکردنمان بە شێوزای کارکردنی خۆرئاوا بەراورد بکەم. وێنەگرتنی فیلم لە هەر زەمەنێکدا بێت کارێکی قورسە، من گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە دواکەوتەییەکی ئابووری لە خۆرئاوا هەیە، ئەگەر ئەو ڕەوشەش باڵ بەسەر هەموو شتێکدا بکێشێت، ئەوا دەرەنجامێکی مەترسیداری بۆ دواڕۆژی سینەما دەبێت.

***بیرۆکەی ململانێی نێوان مرۆڤ و جیهانی چواردەور ناوەڕۆکی ئەو پێنج فیلمەتن کە لە ماوەی ٢٠ ساڵدا دەرهێنانت بۆ کردوون، ئایا ئەم بیرۆکەیە لەم فیلمەشدا بەرجەستە دەبێت؟**



گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە دواکەوتەییەکی ئابووری لە خۆرئاوا هەیە، ئەگەر ئەو ڕەوشەش باڵ بەسەر هەموو شتێکدا بکێشێت، ئەوا دەرەنجامێکی مەترسیداری بۆ دواڕۆژی سینەما دەبێت

-بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام ململانێکان لە مرۆڤ گەورەتر بوون، زۆرجار پاڵەوانە سەرەکییەکان کەسانێکی لاوازن، کەسانێکن کە هێزێکی گەورە لە ناخیاندا دەتەقێتەوە. ململانێ لە نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەدا شتێکە بەردەوام لە ئارادایە، واتە شەڕێک لە نێوانیاندایە، شەڕێک کە ئێمە ناوی دەنێین ململانێ. لە حاڵەتی نەمانی ئەو شەڕەدا شتێک نامێنێت کە ناوی ململانێ بێت. کاتێک لەگەڵ ئەو پاڵەوانانەدا کار دەکەم، هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم، کەسانێکن کە پەیوەندی و پەیوەستبوونیان بە کۆمەڵگەوە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو ململانێیە.
ئەوانە لە بارودۆخێکدا دەژین کە دەوری داون، بەوجۆرە لەگەڵ دەوروبەریاندا دەکەونە ململانێوە.
من هەمیشە دەمەوێت بزانم ئەوانە چۆن ململانێکانیان یەکلایی دەکەنەوە. ئایا ملیان کەچ دەکەن یان پابەندی پرەنسیپ و بەها مرۆییەکانیان دەبن؟

***دەتوانیت بۆمان باس بکەیت کە چۆن بیرۆکەی فیلمی (نۆستالگیا) سەری هەڵدا؟**

-من چەندین جار سەفەرم کردووە بۆ ئیتاڵیا، ساڵی ١٩٨٠ بڕیارم دا لەگەڵ نووسەر و شاعیر و سیناریستی ئیتالی (تۆنینۆ گویێرا)ی هاوڕێمدا فیلمێک بکەین. ویستم لەو فیلمەدا کۆی هەستەکانم کە لە بارەی گەشتەکانمەوە بۆ ئەو فیلمە لەلام دروستبوون بەکاربهێنم. پاڵەوانی سەرەکی ناوی (گۆرچاکۆف)ە، کە (ئۆلیگ یانکۆفسکی) ڕۆڵەکەی دەگێڕێت، کەسێکی ڕۆشنبیری ڕووسییە و بۆ کارێک سەفەر دەکات بۆ ئتاڵیا. ناوی فیلمەکەش هەر لە وشەی (نۆستالگیا)وە هات، وشەکەش ڕێک بە مانای (بیری وڵات) نایەت کە لێمان دوورە، بەڵکو بە مانای (بیری نیشتمان، بیری ماڵی منداڵی، بیری ئینتمای ڕۆحی)ش دێت.
بۆ چەندین جار لە هەردوو قۆناغی نووسینی سیناریۆ و وێنەگرتندا گۆڕانکاریی زۆرمان لە جەوهەری ڕووداوەکاندا کرد. ویستم لەو فیلمەدا ئەوە بڵێم کە مەحاڵە لە جیهانێکی دابڕاودا بژیم. (گۆرچاکۆف) مامۆستایەکە کە ناوبانگێکی جیهانیی هەیە و بە مێژووی شوێنەوارەکانی ئیتاڵیا ئاشنایە و بۆ یەکەمین جار هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت تەلار و شوێنەوارە ئیتاڵییەکان ببینێت، کە پێشتر تەنیا لە ڕێگەی وێنە فۆتۆگرافییەکانەوە پێیان ئاشنا بووە، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم لە گەیشتنی بۆ ئیتالیا درک بەوە دەکات کە ئەگەر مرۆڤ خۆی بەشێک نەبێت لەو کولتوورەی کە ئەو بەرهەمە هونەرییەی خولقاندووە، مەحاڵە بتوانێت ناوبژیوان یا وەرگێڕ یا پسپۆڕی بەرهەمهێنانی هونەری بێت. ئامانجی گەشتەکەی (گۆرچاکۆف) بۆ ئیتاڵیا دۆزینەوەی شوێنەواری یەکێک لە مۆزیسیانە دەگمەنە بەناوبانگەکانی ڕووسە، کە لە سەدەی ١٨دا ژیاوە، کۆنتێکی ڕووسی ناردوویەتی بۆ ئیتاڵیا بۆ ئەوەی فێری موزیکی کۆشکی شاهانە ببێت. ئەو کەسە لە (کۆنسێرڤاتور، پەیمانگەی باڵای مۆزیک)ی لەبەردەستی (جان بلتیستی مارتینی) هونەری مۆزیکی خوێندووەو دواتر بووە مۆزیسیانێکی بەناوبانگ و لە ئیتاڵیا ئازادانە ژیا. یەکێک لە دیمەنە بەناوبانگەکانی ئەو فیلمە ئەوەیە کە کاتێک (گۆرچاکۆف) نامەی ئەو مۆزیسیانە پیشانی ئەو کچە بە ڕەگەز سلاڤییە دەدات کە ڕێبەر و وەرگێڕیەتی، لە نامەکەدا باس لەوە دەکات، کە

## شتی هەرە گرنگ لای من ئەوەیە کە بەردەوام مەزنی و پیرۆزیی بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری بۆ خەڵکی دەربخەم

چەندێ بیری نیشتمان دەکات. دەوترێت دواتر ئەو مۆزیسیانە گەڕاوەتەوە بۆ ڕووسیا، بەڵام ئالودەی مەی خواردنەوە بووەو دواتر خۆی کوشتووە. مێژوو و جوانیی مێژووی ئیتاڵیا کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر هەستەکانی (گۆرچاکۆف) هەبووە، بۆیە نەیتوانیوە بڕیار بدات کە کامیان نیشتمانی ئەون، ئیتاڵیا یان ڕووسیا. ئەو هەستانەی کە ئیتاڵیا لای (گۆرچاکۆف) دروستیکرد مۆرکێکی مەعریفییان پێوەبوو، ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنیا توێکڵی دەرەوەیەتی. ئەو هەستە وای لێکرد کە هەست بە دڵتەنگی بکات، بەتایبەت کاتێک کە درکی کرد ناتوانێت ئەو هەستانە لە بیربکات و شتێکی نوێ لەو مەعریفەیە بەرهەم بهێنێت، کە لە ئیتاڵیا بەدەستی هێناوە. ئەو حاڵەتە ئازارە ڕۆحییەکەی زیاتر کرد. (نۆستالگیا) لەلای (گۆرچاکۆف) بێتوانایی هاوڕێ و کەسوکارەکانییەتی کە لەو هەستانەدا هاوبەشی بن، هەرئەوەشە کە وای کرد مانەوەی لە ئیتاڵیا شتێکی ئازاربەخش بێت، بەڵام لەو کاتەدا پێویستبوو بە دوای پەیوەندییەکی ڕۆحیدا بگەڕێت، ئەو ڕۆحەی کە هاوبەشی خەمەکانییەتی. فیلمی (نۆستالگیا) جەدەلێکەی لە بارەی سروشتی (بیری نیشتمان) یا سروشتی ئەو نەهامەتییەی کە پێی دەوترێت (نۆستالگیا) و ماناکەی لە خەمۆکیش فراوانترە. (گۆرچاکۆف) ئەو مرۆڤە ڕووسییە لە توانایدایە بە سەر ڕەقییەکی زۆرەوە لە هاوڕێ و ناسیاوە تازەکان دووربکەوێتەوە، بەڵام شەیدای بینینی ئیتاڵیا بووەتە بەشێک لەو هەستەی، کە ئەویش بیری نیشتمانە.

***ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەی کە (گۆرچاکۆف) بەدوایدا دەگەڕا چۆن بەرجەستە بوو؟**

- (گۆرچاکۆف) لە یەکەم دیداری لەگەڵ پیاوێکی ئیتاڵیدا کە مامۆستایەکی ماتماتیکە و ناوی (دۆمینیکۆ)یە، ئەکتەری سویدی (ئۆرلاند جۆزیفسن) ڕۆڵەکەی دەگێڕێت، هەوڵی دا بەو هەستانەی خۆی ئاشنابێت، خەڵکی شار ئەو پیاوە بە شێت دەزانن. (دۆمینیکۆ) بۆ نزیکەی نۆ ساڵ خێزانەکەی خۆی لە ماڵەوە بەندکردبوو بە بیانووی ئەوەی کە گوایە دنیا کۆتایی دێت. ئەو شێتە بچوکە خەوخۆشە وەکو هاوبەشی گۆرچاکۆف-ی لێهاتبوو. (دۆمینیکۆ) ئاگای لە هەست و گومانەکانی خۆی بو، هەروەها لە نیگەرانیی ڕۆحی (گۆرچاکۆف)یش بەئاگابوو، نەک هەرئەوەندە بەڵکو دەشیزانی کە چۆن ئەو نیگەرانییە گەورەتر بکات. (دۆمینیکۆ) بە دوای مانای ژیاندا دەگەڕا، ئەو مانایەی کە لە چەمکی ئازادی و شتێتیدا خۆی دەبینێتەوە. لەلایەکی تریشەوە هەستێکی منداڵانە و سۆزێکی نائاسایی هەبوو، ئەوەش سیفەتێکە کە لەلای (گۆرچاکۆف) نییە. زامەکەی بەهۆی ئەو تەنگەژە قوڵەی ژیانییەوە خوێنی لێدەچۆڕا. بەو جۆرە وەکو شێتێکی بچوکی ئیتاڵی دەبینیت زۆر بە سادەیی سەیری شتەکان دەکات و لەو بڕوایەدایە کە هەستی ناوەکی و ویژدانە زیندووەکەی لە ڕێگەی بارودۆخی گشتییەوە چارەسەرێک بۆ نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە دەدۆزنەوە. سیناریست (تۆنینۆ گوییرا) لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا شتێکی لە بارەی ئەو کەسایەتییە خوێندبووەوە، دواتر لە کاتێکی درەنگدا من و ئەو بەیەکەوە کەسایەتیی (دۆمینیکۆ)مان لە سیناریۆکەدا دانا، دوای ئەوەی کەمێک ئەفسوونی منداڵیمان پێبەخشی. ڕاستگۆیی منداڵانەی لەگەڵ جیهانی دەوروبەریدا بڕوا و



به شێوەیەکی گشتی بەردەوام ململانێکان لە مرۆڤ گەورەتر بوون، زۆرجار پاڵەوانە سەرەکییەکان کەسانێکی لاوازن، کەسانێکن کە هێزێکی گەورە لە ناخیاندا دەتەقێتەوە

ڕاستگۆیی منداڵیمان بیردەخاتەوە. (دۆمینیکۆ) لە خەیاڵی ئەنجامدانی سروتێکدا بوو، ئەوەیش ئەوەیە کە مۆمێکی ڕۆشنکەرەوە هەڵگرێت و لە گەرماوێکی کۆنی ڕۆمانی گەورەی ناوجەرگەی تۆسکانیادا بە ناو حەوزێکی پڕ لە ئاوی گەرمدا بڕوات. دواتر (گۆرچاکۆف) لە درەنگانێکدا هەوڵی دا ئەو کارە لە جیاتی ئەو ئەنجام بدات، ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە کێشەکە پێویستی بە کارێکی گەورەترە، پێویستی بە قوربانیدانی گەورەترە. بەو جۆرە سەفەری کرد بۆ ڕۆما و چووە سەر پەیکەری ئیمپراتۆر (مارکۆس ئافریلی)، ئەو تاکە فەیلەسوفەی کە لەسەر عەرشی ڕۆما دانیشت و داوای لە خەڵکی دەکرد هاوکاریی یەکتری بکەن و بگەنە لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش. (دۆمینیکۆ) لەسەر پەیکەرەکە وەستاو لە ناو ئەو هەموو شێتانەدا کە دەوریان دابوو وتارێکی کاریگەری لە بارەی نەهامەتیی مرۆڤەوە پێشکەش کرد. دوای ئەوەی کە وتارەکەی خوێندەوە، نەوتی کرد بەخۆیدا و ئاگری لە خۆی بەردا، بەوجۆرە بە بڕوایەکی هێمانە بە ڕزگار بوون سروتەکەی ئەنجام دا.

***هیچ خەسڵەتێکی هاوبەش لە نێوان پاڵەوانە سەرەکییەکانتدا هەیە کە وات لێبکات لە نێوان یەکتریدا بەراوردیان بکەیت؟**

-زۆرترین خەسڵەتێک کە من لە خەڵکیدا بە دڵمە ئەو جێگرییەیە، کە لە هەوڵێکدا بۆ گەیشتن بە ئارامییەکی گەورەتر، ئاوێتەی سەرڕەقی و شێتی دەبێت. ئەو جێگرییە پێویستە هیواشی لەگەڵدا بێت.

***ئەو پەیوەندییەی کە ئەو دوو پاڵەوانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە کورتەی هەستە خودییەکانت نییە؟**

- (گۆرچاکۆف) وەکو کەسێکی بەهێزی خاوەن لۆژیک سەیری (دۆمینیکۆ)ی شێت دەکات. (دۆمینیکۆ) بڕوای بەکارەکانی خۆی هەبوو، (گۆرچاکۆف) ئەو بڕوایەی نەبوو، بۆیە دەبینیت (دۆمینیکۆ) زۆر سەرنجی ڕادەکێشێت، بەو شێوەیە بە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییەکەیانەوە (دۆمینیکۆ) دەبێتە هاوبەشی زهنی (گۆرچاکۆف). بەهێزترین کەس لە ژیاندا ئەوانەن کە تا کۆتایی ژیانیان ڕاستگۆیی منداڵی و جێگیریی وێژدانی خۆیان لە ناخیاندا پاراستووە.

***دیارە تۆ چەند بنەمایەکت هەبووە کە لە وێنەگرتنی فیلمێکی وەهادا پشتت پێبەستوون، چونکە بە ئاشکرا مانای ڕزگاربوون لە شپرزەیی ناخ دەردەکەوێت.**

-شتی هەرە گرنگ لای من ئەوەیە کە بەردەوام مەزنی و پیرۆزیی بەیەکەوە ژیانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری بۆ خەڵکی دەربخەم. کاتێک مرۆڤ گۆشەگیر دەبێت تەنیا بۆ خۆی دەژی، ئەو ئارامییەشی کە لاشەی دادەگرێت تەنیا فێڵێکەو هیچی تر، ئەوەندە نەبێت کە دوو کەس پەیوەندی لەگەڵ یەکتری دروست دەکەن، ئەو کات کێشەیەک سەرهەڵدەدات: پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەکرێت ئەو پەیوەستبوونە قوڵبکرێتەوە؟ فیلمەکەی من پێش هەموو شتێک باس لە ململانێی نێوان دوو شێوە شارستانی دەکات، دوو شێوازی جیاواز، دوو شێوە بیرکردنەوەی جیاواز. دووەم، فیلمەکە باس لەو کۆسپانە دەکات کە لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبن، نموونەش بۆ ئەوە ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان (گۆرچاکۆف) و کچە ڕێبەرەکەیدا دروست دەبێت کە

# بڕوام بە شێوازێکی هونەری دیاریکراو نییە بۆ فیلمێك کە هەمووان لێی تێبگەن

ناوی (یۆجینا)یە. پەیوەندییەک کە خەریکە دەبێتە چیرۆکێکی خۆشەویستیی تەواونەکراو، هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییەی نێوانیان شتێکی مەحاڵە.

من ویستم ئەو مەحاڵییە لە پەیوەندیی نێوان دوو کەسدا دەربخەم، چونکە تۆ تەنیا شتێکی کەمی لە بارەوە دەزانیت. شتێکی ئاساییە پەیوەندی لە نێوان دوو کەسدا هەبێت، بەڵام جەدەلییەتەکە لە تێگەیشتنی یەکێکیاندایە بۆ ئەوی تریان. ئەگەر بیرۆکەکە لە ژێر کاریگەریی تێڕوانینێکی وەهادا چارەسەرکرابێت ئەوە مانای وایە کە فیلمەکە دەڵێت هاوردەکردن و هەناردەکردنی کولتووریش مەحاڵە. ئێمە لە وڵاتی خۆمان زێدەڕەوی دەکەین کاتێک دەڵێین (دانتی) یا (پترارک) دەناسین، چونکە ئەوە ڕاست نییە. ئیتاڵییەکانیش هەمان هەڵە دەکەن کاتێک دەڵێین (پۆشکین) دەناسین. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو مەسەلەی ناسینە مەسەلەیەکی جەوهەری نییە، ئەوە مانای وایە کە هەرگیز ناکرێت کولتووری گەلێک بگوازرێتەوە بۆ گەلێکی تر. ئازارەکانی (گۆرچاکۆف) کاتێک دەست پێدەکات کە دەگاتە ئەو باوەڕەی مەحاڵە پەیوەندیی ڕاستەقینە لە نێوان کەسەکاندا دروست ببێت، لەبەرئەوە دەبینیت بە دوای هاوبەشێکی زهنیدا دەگەڕێت، ئەو هاوبەشەش «دۆمینیکۆ»یە کە شیزۆفینیایەکی ناوەکیی هەیە و لە پێناوی ڕزگاربووندا خۆی دەکات بە قوربانی. هەمووان وا سەیری (دۆمینیکۆ) دەکەن کە شێتە، لەوانەشە ئەوە ڕاست بێت. بەڵام هۆکارەکانی شێتی و هەستەکانی و وەڵامدانەوەکانی هەمووی بەلای «گۆرچاکۆف»ەوە سروشتی و ئاسایین.



کەسایەتییەکەی لە کاتی وێنەگرتنندا بەهێز و هەستیار دەردەکەوت، بە ڕوونی نیگەرانییەکەی (گۆرچاکۆف)ی دەرخست و ئەو ڕاستییەی بەرجەستەکرد، کە مەحاڵە پەیوەندیی ڕاستەقینە لە نێوان کەسەکاندا دروست بێت. (دۆمینیکۆ) تا ڕادەیەکی دیاریکراو توانیی گوزارشت لەو ترسە بکات کە هەموومان هەستی پێدەکەین و ناچارین بژین. ئەو ترسەی کە دەکەوینە ژێر هەژمونییەوە و چاوەڕوانی زەمەنێکی ترین. هەمووان نیگەرانی دواڕۆژن، فیلمەکەش باسی ئەو نیگەرانی و گوێ پێنەدانەی ئێمە دەکات. بانگەشەکردنێکە بۆ پێشخستنی ڕێبازی باوی خۆمان، لەگەڵ ئەوەشدا و وێڕای نیگەرانیمان هیچ شتێکمان دروست نەکردووە، بەڵێ، ئەوەشی کە تەواومان کردووە زۆر کەمە و پێویستمان بە کاری زیاترە. بەشداریی من لەم کارەدا تەواوکردنی ئەم فیلمەیە کە دەڵێت خەباتی (دۆمینیکۆ) پەیوەندیی بە هەموومانەوە هەیە، پێشمان دەڵێت کە ڕاست دەکات کاتێک هەمووان بە بێئاگا تۆمەتبار دەکات. ئەو شێتە و خەڵکی بە لاوازی تۆمەتبار دەکات قوربانی دانیشی تەنیا هەوڵێکە بۆ جوڵاندنی ئەوانەی دەوروبەری بۆ ئەوەی پاڵیان پێوەبنێت و لە گۆڕینی بارودۆخەکەدا بەشداربن.

***تۆ لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوە و بیروبۆچوونەکانی (دۆمینیکۆ)دایت لە بارەی جیهانەوە؟**

-شتی جەوهەری لە کەسایەتیی (دۆمینیکۆ)دا ئەو بیروبۆچوونانە نین کە لە بارەی جیهانەوە هەیەتی و وایان کرد خۆی بکات بە قوربانی، بەڵکو ئەو شێوازەیە کە هەڵیبژارد بۆ چارەسەرکردنی ململانێ ناوەکییەکەی خۆی. لەبەرئەوە من گرنگییەکی

تایبەت بە خاڵی دەستپێکردنی ململانێکە نادەم. بەلای منەوە ئەوە گرنگە کە تێبگەم چۆن ئەو نارەزایەتییە سەرهەڵدەدات و چۆن دەتوانێت گوزارشتی لێبکات. ئەو شێوازی نارەزاییانەی کە مرۆڤ دەیەوێت لە ڕێگەیانەوە گوزارشت لە خۆی بکات، گرنگییەکی ئیجگار زۆریان هەیە.

***ئایا بەلاتەوە مەسەلەیەکی گرنگە کە بیروبۆچوونەکانت سەرنجی جەماوەرێکی فراوان رابکێشن؟**

-من بروام بە شێوازێکی هونەری دیاریکراو نییە بۆ فیلمێک کە هەمووان لێی تێبگەن. من ویستم بڵێم کە ناکرێت وێنەی فیلمێکی وا بگیرێت. بەهەرحاڵ بە بڕوای من فیلمێکی وا بە کارێکی داهێنەرانە دانانرێت. کاری داهێنەرانە کاتێک داهێنەرانە دەبێت کە نارەزایی دروست بکات. فیلمەکانی دەرهێنەرێکی وەک (ستیڤن سپیلبێرگ) بینەرێکی زۆر کۆدەکەنەوە و دەستکەوتێکی زۆریان دەبێت، بەڵام (سپیلبێرگ) هونەرمەند نییە و فیلمەکانیشی کارێکی داهێنەرانە نین. ئەگەر من کاری وا بکەم، کارێک کە باوەڕم پێی نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ترسا ڕۆحم دەردەچێت. هونەر وەکو شاخێک وایە کە لوتکەیەکی هەیە و لاپاڵەکەشی دەشتێکی کاکی بە کاکییە. ئەو کەسەی کە لەسەر لوتکەکە دەوەستێت هەمووان لێی تێناگەن. من خۆم بە مەسەلەی جەماوەرەوە سەرقاڵ ناکەم و زۆر نیگەرانم ناکات، بەڵام ئایا ئەوە دەگەیەنێت کە من سوکایەتی بە درکپێکردن و پێزانیان بکەم؟

من ناڵێم کە جەماوەر کۆمەڵێک کەسانی گێلن، جگە لەوەش من بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە لە هەموو جیهاندا یەک بەرهەمهێنەری سینەمایی نییە کە ١٥ کوپیک لە وێنەگرتنی فیلمێک یا کارێکی هونەریدا خەرج بکات. من لە فیلمەکانمدا تەواوی توانا و وزەی خۆم بەکاردەهێنم، لەو باوەڕەشدام کە لە توانامدایە بە شێوازی تایبەتی خۆم سەرنجی جەماوەر رابکێشم، بەبێ ئەوەی لە پرەنسیپەکانم لابدەم.

من ئەو نموونە زهنییە نیم کە لە هەوادا دەبێتە هەڵم و لە هەسارەیەکی تریش ناژیم. بە پێچەوانەوە من هەست بە پەیوەستبوونێکی گەرم و پتەو دەکەم کە بە خەڵک و خاکەوە گرێیداوم. بەکورتی من تەنیا ئەوەندەم دەوێت ئەو ڕۆشنبیرە بم کە لە ناخمدایە. من لەسەر سەکۆیەک ڕاوەستاوم خەڵکیش تەماشام دەکەن، بەڵام من کارێکی ترم هەیە، ئەو ئەرکانەی کە لەسەر شانی منن لە ئەرکەکانی خەڵکی جیاوازن. بەڵام لام گرنگ نییە کە هەمووان لێم تێبگەن. ئەگەر فیلم یەکێک بێت لە شێوازە هونەرییەکان دڵنیاشم کە لەسەر ئەوە هاوڕاین، ئەوا پێویستە ئەوەمان لە بیربێت کە کاری هونەری کاڵایەک نییە بۆ بەکاربردن، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوە ئەوپەڕی داهێنانە کە گوزارشت لە مەبەست و ئامانجە باڵا جیاوازەکانی زەمەنی خۆمان بکەین. بەرهەمهێنانی هونەرییە کە ئامانجە باڵاکانی ئەم زەمەنەمان دروست دەکات یا پێکدەهێنێت، مەحاڵیشە هەمووان بتوانن بە ئاسانی بەو ئامانجانە بگەن، چونکە گەیشتن بەو ئامانجانە یان هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لێیان پێویستی بەوەیە کە لانی کەم مرۆڤ لە ڕووی ڕوحییەوە پێبگات و گەشە بکات. ئەگەر پەیوەندیی جەدەلی نێوان ئاستی ڕۆحی مرۆڤ و ئەو نموونەیەی کە هونەر گوزارشتی لێدەکات پەیوەندییەک بێت کە

# فیلمەکانی من یەك مانایان هەیە، ئەویش ئەو شتەیە کە تێیاندایە

کۆتاییەکەی نەمان بێت، ئەوا هونەریش ناوەرۆک و کاری خۆی لەدەست دەدات.

ئێمە زۆرجار بەداخەوە ناچارین باوەڕ بەوە بکەین کە پێویستە فیلمەکان بگەنە ئاستی چێژوەرگرتن. بۆ نموونە، من فیلمەکانی دەرهێنەرانی وەک (دۆفچینکۆ و ئالمیسا و بریسۆن) بەرز دەنرخێنم چونکە زۆر سادەن. ئەگەر فیلمسازێک بیەوێت هزرەکانی بگەیەنێت بە تەماشاکەر، ئەوا پێویستە متمانەی بە جەماوەری خۆی هەبێت. ئەوکات پێویستە بەیەکەوە لە سەر یەک شۆستە بوەستن. بەڵام مەسەلەی ئەوەی کە تۆ جەماوەرەکەت ناچاربکەیت لە فیلمەکەت تێبگات، ئەوە کارێکی گێلانەو بێ مانایە، تەنانەت ئەگەر فیلمەکەشت باس لە شتێکی باو بکات، کە هەمووان پێی ئاشنان. زۆر گرنگە قبوڵکردنی ستاتیکی تەماشاکەریش بەهەند وەربگیرێت، بەڵام هەڵپەکردن بۆ ئەوەی کە تەماشاکەر تەنیا کاتێکی خۆش بەسەر بەرێت ئەوە شتێکە، کە هەرگیز ڕێگە پێدراو نییە. زۆربەی فیلمەکانی ئەم سەردەمە بەردەوام ئامانجێک بۆ خۆیان دادەنێن کە هەوڵدانە بۆ شیکردنەوەی ئەو بارودۆخەی دەوری ڕووداوەکانی فیلمەکەی داوە و بە ئامادەکراوی دەیخاتە بەردەم بینەر. من دەڵێم لە هیچ فیلمێکدا پێویستمان بە شیکردنەوە یا ڕاڤەکردن نییە. لە جیاتی ئەوە پێویستە حاڵەت و هەستێکی وا بخولقێنین کە کاردەکەنە سەر تەماشاکەر و وای لێدەکەن بیربکاتەوە. من لە مۆنتاژکردنی فیلمی (نۆستالگیا)دا هەوڵم دا پرەنسیپێکی وا بەکاربهێنم، هەربۆیەش بوو وای لێکردم لۆژیکی خودی (بیر، خەون، بیرەوەری) بەکاربهێنم. من بە دوای شێوەیەکی وەهادا دەگەڕێم کە لە حاڵەتێکی هاوشێوەی واقیع و باری ڕۆحی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت. واتە لەو فاکتەرانەوە سەرچاوە دەگرێت کە کاردەکەنە سەر مرۆڤ. ئەوانەش مەرجە سەرەتاییەکانی گوزارشتکردنن لە ڕاستی سایکۆلۆژی.

***ئایا لۆژیکی خود، خودی ڕووداوی ناو فیلمەکەیە؟**

-بەردەوام پرسیاری ئەوەم لێدەکرێت کە ئەو شتە بچوک و پێداویستییە کەسیانەی کە من لە فیلمەکانمدا بەکاریان دەهێنم چ مانایەکیان هەیە؟ ئەو پرسیارە دەمترسێنێت. هونەرمەند ناچارنییە وەڵامی مەبەستەکانی خۆی بداتەوە، فیلمەکانی منیش تەنیا بریتی نین لە پەیبردن و مانایەکی دیاریکراو. من نازانم چۆن هێماکانم ڕاڤە دەکەن. تەنیا شتێک کە من هەوڵی بۆ دەدەم هەست و هزرەکانمانە بۆ ئەم ژیانەی کە تێیداین، گرنگیش نییە ئەو هەوڵە پاڵپێوەنانێک بێت بۆ سۆز و خۆشەویستی لە جیهانی ناوەکیی ئێوەدا. لە فیلمەکانمادا بەردەوام هەوڵێک هەیە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی بیرۆکەیەک. قورسە وێنەی فیلمێک بگیرێت و هەوڵبدرێت بیرۆکەکەی بشاردرێتەوە، فیلمەکانی من یەک مانایان هەیە، ئەویش ئەو شتەیە کە تێیاندایە. بەڵام هەندێ جار قورسە بچینە قوڵایی ئەو شتەی کە گوزارشتمان لێکردووە یاخود ڕەهەندە سادەکانی ئاشکرا بکەین.

***لە فیلمەکانتدا زۆرجار (گەشت) وەک حاڵەتێکی مەجازی بەکاردەهێنیت. ئەو حاڵەتە لە فیلمی (نۆستالگیا)دا زیاتر دەردەکەوێت. وەک گەڕیدەیەک لە خۆت دەڕوانیت؟**

-یەک جۆرە گەشت هەیە، ئەویش گەشتێکە بەرە و جیهانی ناوەکی.



فیلمەکانی دەرهێنەرێکی وەک (ستیفن سپیلبێرگ) بینەرێکی زۆر کۆدەکەنەوە و دەستکەوتێکی زۆریان دەبێت، بەڵام (سپیلبێرگ) هونەرمەند نییە و فیلمەکانیشی کارێکی داهێنەرانە نین. ئەگەر من کاری وا بکەم، کارێک کە باوەڕم پێی نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ترسا ڕۆحم دەردەچێت

من لەو کەسانە نیم کە بڕوایان وایە هەموو گەشتێک بە گەڕانەوە کۆتایی دێت. مرۆڤ هیچ کاتێک ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا، چونکە لەو ماوەیەدا زۆر شت دەگۆڕێت، تەنانەت خودی ئەو کەسەش دەگۆڕێت. مەحاڵیشە مرۆڤ لە خودی خۆی ڕابکات. ئەوە ئەو شتەیە کە لە ناخماندایە لە ڕۆحماندایە، وەکو کیسەڵێک وایە کە لە ناو قاوغەکەیدایە. گەشتکردن بە جیهاندا تەنیا چەند سەفەرێکی هێمائامێزن، کە لە شوێنێک دەوەستیت دەکەویتە گەڕان بە دوای ڕۆحتدا.

***مرۆڤ بۆ ئەوەی بە دوای ڕۆحی خۆیدا بگەڕێت پێویستە بڕوایەکی بەهێزی بە ڕۆحی خۆی هەبێت، وابزانم لەم ڕۆژگارەدا هەمووان ملکەچی کۆمەڵە هۆکارێکی دەرەکی بوون، مەبەستم ئەو بیرۆکانەیە کە لە دەرەوە دەردەکەون.**

-بەڵێ ئەوە ڕاستە. بەداخەوە منیش هەمان هەستم هەیە. وابزانم مرۆڤایەتی وازی لە باوەڕیش هێناوە. بێگومان هەموو مرۆڤایەتیش نا، هەمووان وەکو یەک نین. کاتێک لە کەسێکی هاوچەرخ ڕادەمێنم وەکو سروودبێژێکی ناو جوقە دێتە بەرچاوم، بەپێی ڕیتمی گۆرانییەکە دەمی دەکاتەوە و دایدەخاتەوە، بەبێ ئەوەی دەنگێ لە گەروی بێتە دەرەوە. ئەوانی تر هەموویان گۆرانی دەڵێن، بەڵام ئەو لاسایی گۆرانییەکە دەکاتەوە و وادەزانێت کە ئەوانی تر گۆرانی دەڵێن. لە دۆخێکی وادا ئەو کەسە خودی خۆی نییە، کەسێک نییە بڕوای بە کارەکانی خۆی هەبێت. مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەژی بەبێ ئەوەی هیوایەکی هەبێت، بەبێ ئەوەی باوەڕی بەوە هەبێت کە دەتوانێت کار بکاتە سەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژی.

***کەواتە لە دۆخێکی وەهادا و لە جیهانێکی وەهادا فیلم دەتوانێت چ مەبەستێک پێشکەش بکات؟**

مەبەستی ڕاستەقینەی ژیان لە هەوڵدانێکی ڕاستەقینەدایە بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆحمان، بگۆڕێین و ببینە کەسێک جیاواز لەوەی پێشووتر. ئەگەر ئەو کارە بکەین، لە زەمەنی نێوان لەدایکبوون و مردندا، هەرچەندە کە ئەوە قورسە و هەلی سەرکەوتنیش زۆر کەمە، ئەوا ئەو کات سودێک بە مرۆڤایەتی دەگەیەنین.


***لەو باوەڕدایت کە چەمکی (زەمەن) لەم ڕۆژگارەدا ئامێرێکی پێوانەکردن بێت بۆ گوزارشتکردن لە درککردن بە بوون؟**

-من باوەڕی تەواوم بەوەیە کە زەمەن قسەیەکی بابەتی نییە. ئەگەر مرۆڤ درک بە زەمەن نەکات، ئەوا زەمەن بوونی نییە. ئێمە بۆ ئەم چرکەساتە ناژین، ئەم چرکەساتە زۆر کورتە و لە خاڵی سفرەوە نزیکە، هۆکەشی ئەوەیە کە ئێمە درک بەو شتە ناکەین. تەنیا شێوازێک بۆ تێپەڕاندنی ئەو چرکەساتە ئەو کاتەیە کە لەناو دەچین. ئێمە لە نێوان ئێستا و ژیان و داهاتوو و کۆتاییدایین. لەبەرئەوە (نۆستالگیا) بیرکردنی زەمەنێکە کە بەسەرچووە.

**سەرچاوە:**
www.adabfan.com

دۆسیەی تایبەت
بە

# دلاوەر قەرەداغی



بۆ ئەم قۆناغە تازەیەی گۆڤارەکەمان، بیرمان لەوە کردووەتەوە کە لە هەر ژمارەیەکدا دۆسیەیەکی تایبەت بە ئەدیبێك یان نووسەرێك یان هونەرمەندێك یاخود دیاردەو قۆناغێکی ئەدەبی یان رووناکبیری یاخود هونەری بکەینەوە... ئەگەرچی پێشتریش ئەم کارەمان کردووەو چەند دۆسیەیەکی تایبەتمان کردۆتەوە، بەڵام بۆ لەمەو دوا دەمانەوێ ئەوە ببێتە نەریتێکی چەسپاوی گۆڤارەکە.. هەڵبەت ئەو بڕیارو بیرۆکەیە بەبێ هاوکاری و پشتیوانیی ئێوەی دۆستان و هاوکارانی (گەلاوێژی نوێ) سەرناگرێت و ئیفلیج دەبێ. بۆ ئەو کارەمان، ئەگەر بە ناردنی بابەتیش نەبێ، دەکرێت بە پێشنیارو سەرنج و تێبینییەکانتان بیرۆکەکەمان دەوڵەمەندو سەرکەوتووتر بکەن.. لە ئێستاوە سوپاسی هەموو هاوکاری و دڵسۆزییەکتان دەکەین.

بۆ ئەم ژمارەیەی دۆسیەکەمان، شاعیرو وەرگێڕ (دلاوەر قەرەداغی) مان دەستنیشانکرد.. دلاوەر یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی نەوی دوای راپەڕینو ئەکرێت بڵێین خاوەنی شێوازو دەنگ و تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەر لە (پەیکەرێك لە باران)ەوە، کە یەکەمین کۆمەڵە شیعرو ئەزموونییەتی، هەوڵی داوە جیاوازبێ لەوانی ترو لە کەسیان نەچێ، دواتریش ئەو هەوڵەی چڕتر کردووەتەوەو تا ئێستا بەو جیاوازییە بەردەوامە. جگە لەوە لە بواری وەرگێڕانیشدا خزمەتی گەورەی کردووەو چەندین بەرهەمی گرنگ و شاکاری جیهانیی لە زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و سویدی)یەوە کردووە بە کوردی.



فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان

# هاتن بۆ هەموان نییە!

**دلاوەر قەرەداغی**

تۆ بۆت هەیە بێیت
منالانی کۆلان بۆیان هەیە بێن
موسافیرە غەمگینەکان
عاشقانی پێکراو
پۆستەچییە نیگەرانەکان و
پیرەمێردە دەستفرۆشە زویرەکانیش
بێن

## دۆسیە

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت و
تارژەن و غەمژەن و دەفژەنەکان
باغەوانانی تەنیای باخە دوورەکان و
پەرەسێلکە تەڕەکانیش لەگەڵت بێن
تۆ بۆت هەیە بێیت و
کۆتر و پەپوولە و شەمشەمە وردبینەکان
لەقلەقە حەکیم و زیکزیکە قسە زلەکان
هەر هەموو هەژدیها و فیل و نەهەنگ و تیمسا
هەر هەموو مێرووولە و هەنگ و کرم و
خاڵخاڵۆکەکانیش با بێن

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت
بەیانییەک زوو دەڕۆم
بە جانتایەکەوە
لە چایخانەکەی گەراج دادەنیشم
چاوەڕێتان دەکەم بێن و
هەر هەموو پێکەوە بڕۆین!

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت
پاشا و سوڵتان و ئەمیر و بارۆن و
ژەنەراڵەکان بۆیان نییە بێن



زاهید و شاعیر و قەدیس و گەڕیدە
بریندارەکان دێن

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت و
خودا و نیشتمان
وێنە ڕەش و سپییە غەمگینەکانی دڵشکان و
هەر هەموو کوژران و ڕەقبوونەوەکان
لەگەڵت بێن
تۆ بۆت هەیە بێیت و
با ماڵەباجێنەکانی کچێنی
مسۆدەی ڕاڕای نامەکان و
هەر هەموو ڕاوەستانی پڕ لە دڵەخورپەی
ئەمدیو دەرگەی حەوشەکانیش لەگەڵت بێن
ئێوارەیەکی درەنگ جانتا دەپێچمەوە و
دەڕۆم
لە بەندەرێکی غەریب
لە دوای بەلەمێکی بچکۆلەدا دادەنیشم و
چاوەڕێتان دەکەم هەر هەموو بێن!

هاتن بۆ هەمووان نییە
بەڵام تۆ بۆت هەیە بێیت
مانگ بۆی هەیە بێت
با و باران و بەفر و هەتاو



## دۆسیە



رووناکی و تاریکی
ئومێد و نائومێدی
چەپ و راست
ئاگر و ئاو و
وەرزەکان وەك چوار منالّی ئاقلّی
دەستوپل بۆیاوی
یەك لەدوای یەك
بە ڕیز بێن
شەوێك کە کەس بە دەرەوە نییە
دەچم بۆ سەفەر
بە جانتایەکەوە لە وێستگەیەکی غەمگینی قەتار
بە تەنیا لەسەر سەکۆیەك دادەنیشم
چاوەڕێتان دەکەم بێن و
هەر هەموو پێکەوە بڕۆین!

ئایاری ٢٠١١
سلێمانی



# له ته‌نیاییه‌وه به‌ره‌و ته‌نیایی

## «گه‌ڕه‌كی شاعیران»

ئه‌حمه‌دی مه‌لا

دلاوه‌ر قه‌ره‌داغی شاعیره. ئه‌م ناونیشانه هه‌نده‌ی به‌خته‌وه‌ریی هه‌ڵگرتووه، دوو ئه‌وه‌نده‌ش ته‌نیایی. ئه‌مه ره‌نگبێت چاره‌نووسی شاعیران بێت، ئه‌وانه‌ی له ئه‌زه‌له‌وه ئه‌م ئیمتیازه‌یان پێ ره‌وا بینراوه. به‌ختیار عه‌لی له پێشه‌كیی «گه‌ڕه‌كی شاعیران»دا ده‌نووسێت: «له شیعری دلاوه‌ردا هه‌میشه موسافیرێک هه‌یه كه ناگاته جێ». ئه‌م سه‌رنجه زۆر راسته، به‌ڵام ئه‌م موسافیره له ته‌نیاییه‌وه به‌ره‌و ته‌نیایی سه‌فه‌ر ده‌كات.

ئاستەم لە سەر کاغەزە ئاوییەکاندا بەدیار دەکەون. دونیایەکە پێ دەچێت هەر کە دەستت بۆی برد، درز بەرێت و هوردوخاش بێت. ئەم هاوسەنگییە گرینگە، دەق دەکاتە شیعر و کاغەزیش بە تابلۆ. ئینسان لە دەقەکانی دلاوەردا، بە تاقی تەنیا لە کۆچێکەوە بەرەو کۆچێکی دی هەنگاو دەنێت. ئینسانەکان یەکتریان خۆشدەوێ، بەڵام دوور لە یەک دەژین. ئەمە جیهانی هاوچەرخی ئێمەوە و بەشێکی پەیوەندیشی بە پەرتوبڵاویی ئینسانەکانی لای ئێمەیە، کە هەر لە زەمانی نالییەوە لە سەفەرن و ناگەنە هیچ شوێنێک. بەڵام ئەم سەفەرانە لای دلاوەر لە خاڵێکی دیاریکراوەوە ئەنجام نەدراوە و ئامانجێکی دیکەشی نییە کە لە خاڵێکی دیکەدا بێت. کاتێک باس لە چێوار دەکات، ئەویش تاقوتەنیایە. وشەی تاقانە، بە خۆشەویستی و ناز بارگراوییە، بەڵام بە تەنیایی دەور دەدرێت، بۆیە دەڵێت: «ئەم کوڕە تاقانەی ئێمە» ل١٣، تاقوتەنیا، تەنانەت وەکو گوڵێکیش بێدەنگە. وێنەیەکی دی کە پەرادۆکسەکان کۆدەکاتەوە:

**بۆ خۆی لە ناو گوڵدانێکدا دانیشی و/ تەنیایی بنووسێتەوە... ل١٥.**

تەنیایی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو چارەنووسە و لە کۆتاییشدا وەکو خاچێکی لێدێت، هەموو کەسێک، بە تایبەتی کەسایەتییەکانی نێو «گەڕەکی شاعیران»، دەبێت هەڵیگرێت، بۆیە «تا ماوە کەوانە بۆ تەنیایی بکاتەوە»ل١٦.

کاتێکیش ئینسانەکان دەگەنە یەک، ئەم پێکگەیشتنە ئۆخژنبەش نییە، چونکە دەبێت جارێکی دی باروبارگە بپێچینەوە و سەفەر بکەنەوە. پێکگەیشتنەکان لە وەرزی ماڵئاوایی و خەمۆکیدا ئەنجام دەدرێن. «قەتار و تەنیایی و پایز»، سێ دەستەخوشک کاتێک دەگەنە یەک، دەبنە یەک واتە دەبنەوە بە تەنیایی، هەروەکو لەم وێنەیەدا بەرچاو دەکەوێت:

**لە وێسگەی قەتار.../ لەو هەموو تەنیاییەدا/ بە ریز/ لەسەر سەکۆیەك بە تەنیشت یەکەوە/ لە ناو پاییزدا دادەنیشن!... ل٢٢**

تەنیایی هەڵنەبژێردراوە، بەڵکو سەپێندراوە. ئەمەش خاڵی کۆتایی نییە، بەڵکو خاڵی دەسپێکە. پەیوەندییەکی وجوودی دێتە ئاراوە، واتە کە هەم یا کە وام دەبێت چی بکەم؟ پرسیارێکی روونبین، بەڵام دیسانەوە لەگەڵ سەفەردا لە پەیوەندی دایە، مەرجیش نییە ئەم سەفەرە مادديی بێت، بە واتەیەکی دی، دەکرێت بە سەفەرێکی «زەن» نێوزەد بکرێت، کە ئاراستەکانی بەرەو ناخە، بەرەو کیشوەرەکانی رۆحە. لێرە جۆرە بەتاڵییەک دروست دەبێت، کە پڕ لە بەختەوەرییە. ئەم بەتاڵییە لە هونەری «زەن» لە رۆژهەڵاتی دوور بایەخی زۆری هەیە، چونکە بەتاڵیی گێژکەر و خاوەن دڵەڕاوکێ نییە، بەڵکو بەتاڵی دەبێتە دوا پنت و ئامانجی هەموو رامانێکە، کاتێکیش ئینسان دەیگاتێ، تووشی ئیشراق دێت، واتە وەکو خاڵێکی لێدیت کە لە «ئێستا» و « ئێرە» دادەبڕێت. خۆبزرکردنێکی موتڵەق، بۆ خۆ دۆزینەوەیەکی موتڵەق.

**دڵم لە چاڵێك باراناودا لێدەدا/ لە کۆلارەیەکدا بە داوێکی باریکەوە/ لە هەوای خۆیدا/ لە سەتڵێکی بەتاڵ و دڵخۆشدا کە حەوشە ل٣٢**

شاعیر باسی کەسێک دەکات، نازانین کێیە! چونکە ئادگار و روخسارەکانی لە گۆڕاندان: نیشتمانێکە کە ئاوا دەبێت؛ دایکێکە کە لە لۆچەکانی رۆح دایە؛ خوشکێکە؛ هاوسێیەکە؛ منداڵێکە بیچمی شاعیر وەردەگرێت و لێی دووردەکەوێتەوە؛ مەنفایەکە لە

# هەموو نووسینێك پرسیارێكی لەگەڵدایە، ئەم پرسیارەش گومان لەگەڵ خۆی دەهێنێت

گەڵیدا گەورە دەبێت؛ «هیچ»ێکە وەکو لایتمۆتیڤی شیعری بەرۆکی شاعیر دەگرێت، بەڵام لە راستیدا وێنەی دووەمی خۆیەتی:

**تۆ لە کەس نەچوویت/ کەس لە تۆ نەچوو/ کەس وەك تۆ... تەنیایی پڕ بە بەری خۆم/ بۆ نەدووریم... ل٣٨**

بۆیە دەکرێت تەنیایی شاعیر، بە پێویستییەکی ئۆنتۆلۆژیی، سەمیمییە لە قەڵەم بدەین. هەر ئەم تەنیاییشە کە وا دەکات ئینسان لە پەیوەندییەکی راست و دروستدا بێت، چونکە شاعیر لە نێو قەرەباڵغییەکاندا ون دەبێت. رەنگە هەموو شاعیرێکی راستەقینە تووشی «ئوکلۆفۆبیا» بووبێت، بە پێچەوانەی پیاوی سیاسییەوە، کە ساتە هەرە بەلەززەتەکانی ئەو کاتانەن کە تێکەڵی جەماوەرەکەی دەبێت. شاعیر لەم حاڵەتە هەڵدێت. ئەم هەڵهاتنە بێ مەبەست نییە، بەڵکو بە ئاشکرا ئەوە دەڵێت:

**کەس وەك تۆ تەنیاییمی دانەگیرساند... ل٤١**

**کەس وەك تۆ.. تا ئەبەد/ بزری نەکردم!... ل٤٢**

شاعیر و حەشامات، هەروەکو لە سەرەوە ئاماژەم بۆی کرد، دوو جەمسەرن، ئەم دووە پێکەوە هەڵناکەن.

**پەلەمە دایکم ببینمەوە و/ بەیانییەك لەگەڵ خۆیدا بمبا بۆ بازار/ دەست لە عەباکەی بەردەم و/ لە قەرەباڵخییەکدا بۆ خۆم ون بم... ل١١٩**

شاعیر خۆی ئینسانێکی «مەنفی»یە، چونکە یەکەم کەسە کە تیغ لە زمانی دایک دەسوێت، واتە یاخی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە. رەنگە لە لای هەندێ شاعیران وەکو گوناهێکی پەنهان لە لۆچەکانی نەستدا، جار نا جارێک ئازارێکی لە پڕتاوی بدات، بە واتایەکی دی، شاعیر مەنفیی یەکەمە و ئەم حاڵەتە هەندەی دیکە زەقتر خۆی نیشان دەدات، کە لە وڵاتێکی بەستەڵەکی سوید ئاسا، دەگیرسێتەوە. سوید و رۆژهەڵات، بە تایبەت رۆژهەڵاتی دوور، مەبەستم لە رۆژهەڵاتی رۆحانییە، دوو حاڵەتن و دوو ئەتمۆسفێرن. کردەی نووسین بە بێ پرسیار مومکین نییە. هەموو نووسینێک پرسیارێکی لەگەڵدایە، ئەم پرسیارەش گومان لەگەڵ خۆی دەهێنێت. (چی دەنووسم و بۆ کێی دەنووسم و بۆ دەنووسم... هتد). پرسیاری خۆش نین، بەڵام زەروورین، بۆیە هەموو بەرەوڕووبوونەوەیەک لەگەڵ کاغەزی سپی، دڵەڕاوکێیەکی لەگەڵداتە:

**پەڕەیەکی سپی دەدڕێنم و دەکەومە نووسین/ بە بێ ئەوەی بزانم/ نووسین لەم شارە ساردانەدا تەنیاترو/ سەرمابردەڵەتر و/ نائومێدترم دەکا... ل٧١**

مەنفای ماددی، تەنیایی بەرجەستە دەکات، واتە سنوورەکانی دیاری دەکات و دەیکاتە شتێکی بەرجەستە. مەنفای رۆحی دەبێت بە مەنفای جەستە، ئەمەش کێشەی راستەقینە بەرهەم دەهێنێت. ئەو سەفەرەی کە بەختیار عەلی لە پێشەکییەکە ئاماژەی بۆ کردووە، سەفەرێکە لە ناشوێنەوە بۆ نا شوێن. چونکە مەنفا شوێن نییە، بەڵکو دژە شوێنە. واتە هەمیشە دژی خۆی بەرهەم دەهێنێت. بە واتایەکی دی، مەنفا، نیشتمانێکی دووردەست و راکردوو بەرهەم دەهێنێت، تەنانەت نیشتیانێکی وەهمی. ئەم سەفەرە تەنهایە، راکردنێکی وەهمییە بۆ گەیشتن بە وەهم.

**/ من و مەنفا لە یەکدا سەفەر دەکەین/ لای یەك لادەدەین/ لەسەر سەکۆیەك لە پاڵ یەکدا دادەنیشین/ یەکتر دەخۆینەوە و/ یەك دەکێشین... ل٧٩**

یا ناشوێن کە وێناکردنی مەنفایە، وەکو بکەرێک دێتە سەر گۆڕەپان. هەمیشەش ئامادەگیی خۆی




شاعیر خۆی ئینسانێکی «مەنفی»یە، چونکە یەکەم کەسە کە تیغ لە زمانی دایک دەسوێت، واتە یاخی دەبێت و هەڵدەگەڕێتەوە. رەنگە لە لای هەندێ شاعیران وەکو گوناهێکی پەنهان لە لۆچەکانی نەستدا، جار نا جارێک ئازارێکی لە پڕتاوی بدات

هەیە، بەڵام لە ئاست و ئاراستەی جیاوازدا.
زۆر پەرش و بڵاوبوومەتەوە/ هەر شتەم لە جێگەیەکە/ بەڵام خۆم لە هیچ کوێ نیم... ل١٢٧
شاعیر یاری لە سەر دژایەتییەکان دەکات. ئەم یاریکردنە کارێکی بە ئەنقەست نییە، بەڵکو شیعر فەرزی دەکات. رەگەزەکان تەنیاییان لێ جیا دەبێتەوە. «یوسف» ناوێکی تایبەتە لە کۆیادی رۆژهەڵاتی ئێمەدا. چیرۆکێکی تەوراتییەو پاشان لە قورئاندا دووبارە دەبێتەوە. هەموو رەگەزەکانی درامای تیایە. غیرە و خۆشەویستیی باوکانە و تەنیایی و عیشق...هتد. بەڵام هەموو ئەم رەگەزە درامییانە بەرامبەر بە «تەنیایی» چۆک دادەدەن. چونکە تەنیایی هەموو رەگەزەکانی دیکە دەکاتەوە بە هیچ، تەنیایی وەکو ئیسفەنج ئەوانی دی هەڵدەلووشێت و دەیکاتە پێکهاتەیەکی خۆی.
با ئەوەش بڵێم/ کە هەر لەم گەڕەکەدا هاوڕێیەکم هەبوو/ ناوی یوسف بوو/ گەرچی لە هیچی کەم نەبوو/ بەڵام تەنیا بوو وەك گوڵدان... ل٨٦
لای دلاوەر هەندێجار، رەگەزی رۆمانسی سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکات. «غەمێکی شەفاف و سەفەر و جانتا و تەنیایی و کتێب و باغ و باغچە»، بانگەشەی ئینتیباعی رۆمانسی دەکەن. برِیارەکان شاعیرانە و رۆمانسییانە دەردەکەون، بە تایبەت لە وێنەی وەکو ئەمەی لای خوارەوە:
لە سبەینێوە بەرگی غەریبی دەپۆشم
تەنیای تەنیا بە کتێبێکی بچکۆڵەوە لە گیرفاندا
وەك ئەوەی شتێکم لێ ون بووبێ
بە باخەکاندا دەگەڕێم... ل٩٨
رەنگی سپی لای کەنێت وایت، شاعیری ئێرلەندی موسافیر، دەبێتە دوا مەڵبەندی سەفەری رۆحانی.

واتە گەیشتن بە سپێتی، واتە گەیشتن بە مەڵبەندە ئارام و هێمنەکان. لای دلاوەر، ئەم سپێتییە، کە لە بەفردا بەرجەستە دەبێت، هەستی تەنیاییبوونی لە لا بەرجەستەتر و زەقتر دەکات.
هەست دەکەم لەم بەفرەدا/ زۆر تەنیام... ل١١٣
لە کۆتاییدا، سەفەرە تەنیاکانی دلاوەر قەرەداغی، سەفەری منداڵێکە کە دەیەوێت تێکەڵی «شینی»یە هەتاهەتاکان بێت. «شینی» لای لۆرکا رەمزی هەتاهەتایی و ئەبەدییەتە، لای دلاوەر گەڕانەوە بۆ بۆشاییە پڕەکانە، گەڕانەوەیە بۆ سەردەمە هێمن و شیرینەکان، بە هیچ شێوەیەکی سەفەرە تەنیاییەکانی شاعیر گەڕانەوە نییە بۆ شوێنەکان. بەڵکو دەیەوێت بگاتە ناشوێنێکی شین، وەکو دەروازە زلەکەی ئاسمانەکان:
من منداڵی فەزا چۆڵەکانم/ زارۆکی فڕینم بەناو بۆشاییدا و/ موسافیری ویسعەتی شین!... ل١٢٦
«گەڕەکی شاعیران» دەکرێت وەکو یەک دەق بخوێندرێتەوە، یەک ئەزموون و یەک شێوازی لەخۆگرتووە؛ ئەم تۆکمەییە بەڵگەنامەیەکی روونە کە دلاوەر قەرەداغی شاعیرە و شاعیرێکی بە ئیمتیازیشە. هەر وەکو لە دەسپێکدا وتمان، ئەم ناونیشانە هەندەی بەختەوەریی هەڵگرتووە، دوو ئەوەندەش تەنیایی.

بەهاری ٢٠١١-٠٤-١٤
ئیسپانیا-میگێلتوڕا



# دلاوەر قەرەداغی.. شاعیر و برادەر


**نەزەند بەگیخانی**

لە ئێوارەیەکی رەنگهەڵبزرکاوی بەغدای ساڵی ١٩٨٥دا، لەبەر دەرگای سێنتەری کولتووریی بەریتانی، بۆ یەکەم جار دلاوەرم ناسی.... پیاوێکی یاخی... لە ژێر یاخیبوونەکەشی توورەییەکی بێدەنگ و بێهوودە هەبوو، لەگەڵ بەرائەتێکی غامز. تا ئێستاش، ٢٦ ساڵ دوای ئەو ئێوارەیە، کە دلاوەر دەبینم، بێدەنگی و بێهوودەیی و بەرائەتە غامزەکەی وەکو سیمای سەرەکیی ئەو خۆیان دەردەخەن.

بەغدای ساڵی ١٩٨٥، زەمینەیەک بوو پڕ لە ترس و تۆقان و دڵەڕاوکێ... هیچ فەزایەک نەبوو بۆ ئازادی، بۆ جوانی... ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس نەک هەر تەنها بواری گشتیی تەنیبوو بە ئامرازەکانی داپڵۆسین و چەوساندنەوە، بەڵکو بواری تایبەتیشی پڕکردبوو لە کاربەدەستە ناشیرینەکانی خۆی بۆ سیخوڕیکردن و دامرکاندنەوەی هەست و ئارەزووی گەنجەکان. دلاوەر ئەوکات وەک هەمیشە عاشق بوو، لەگەڵ کچێکی برادەری من پێکەوە پەیوەندییەکی جوانیان هەبوو... خۆشەویستی لە زەمەنی بەعسدا...

ستەم و پێشێلکارییەکانی ڕژێمی بەعس گەیشتنە ئاستێک کە من لە ساڵی ١٩٨٧دا ناچاربووم وڵات بەجێبهێڵم و ڕێگای نادیاری مەنفام گرتەبەر.. بەبێ پاسپۆرت و بە چەند دینارێکی کۆنەوە، بەڵام بە جانتایەک قەناعەت و هیوایەکی زۆرەوە لەگەڵ یاوەری ئەوکاتم بەرەو ئێران کەوتمە ڕێ.. دلاوەریش هەر ئەوکات سەری خۆی هەڵگرتبوو بەرەو هەمان مەبەست... لە ڕێگادا هێزی پێشمەرگە بە ترسنۆک و بەزیو وەسفی ئەو کەسانەیان دەکرد کە دەیانویست بڕۆن و لە مەنفا جێگیربن.. تەنانەت دەیانویست قەناعەتمان پێبهێنن کە لە پێناوی «کوردایەتی»دا بمێنینەوە و «ڕانەکەین»، بەڵام تێگەیشتنمان بۆ کوردایەتی و ڕەوشەکە بە گشتی بەجۆرێک بوو، کە قەناعەتمان لەق نەبوو. من و دلاوەر لە ئێران نەمانتوانی یەکتر ببینینەوە، تەنها چەند نامەیەکی شاعیریانەمان گۆڕییەوە... ئیتر تا ساڵی ٢٠٠٤ ئێمە یەکتریمان نەبینییەوە... دوای هەژدە ساڵ، لە ئێوارەیەکی پڕ ڕەونەقی شاری ستۆکهۆڵم باوەشم بەو برادەرەدا کردەوە... ئەوکات «ڕەنگی خۆڵ» ئێمەی هێنایەوە لای یەکتری، دووبارە ئێمەی کۆکردەوە.

جگە لە چەندەها ساتی پڕ سۆز و گریان و پێکەنین و دڵەڕاوکێ و میهرەبانیی برادەرانە، کە لە یادەوەریماندا زیندووە، «ڕەنگی خۆڵ» بە شێوەیەکی ئەبەدی من و دلاوەری کۆکردەوە، کۆکردنەوە لە بەرهەمێکدا کە لە قەسیدەیەکی ئایینی دێرین دەچێ و ڕۆحانییەتی دوو هاوڕێی عاشقی لەخۆیدا هەڵگرتووە... «ڕەنگی خۆڵ» هاوار و ناڵاندنەوە و ڕەنگی ئێمەیە لە سەردەمی دیکتاتۆریەت و ئەنفال و براکوژی و خنکانی ئازادیدا. ئەم شیعرە بانگێک بوو بۆ ژیاندنەوەی برادەرایەتی، بۆ نزیکبوونەوەیەکی دیکەی بێوێنە لە دەرەوەی نۆرم و نەریتە باوەکان... ئەم شیعرە بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ ڕۆژنامەنووسی کاڵفام، کە هەستی پیاوسالارییان ڕێگایان پێدەدا تەنها دەنگی پیاو/ واتە تەنها دەنگی دلاوەری تێدا ببینن، چونکە تەنها پیاو بە بکەر و ئاکتەر دەزانن، لە ڕاستیدا بەرهەمی هیچ کاممان نییە بە جیا و باڵادەستیی هیچ یەکێکمانی بەسەرەوە نییە، بەڵکو نەفەسی دوو برادەری دوور و عاشق و نامۆیە، هەموو دێڕێکی شیعرەکە تێکەڵییەکە لە ریتم و وشەی هەردووکمان، لە ئاواز و سۆز و گریان و عەشقی ڕۆحانیی دوو برادەری شاعیر... ئاسان نییە منی نەزەند و ئەوی دلاوەر لەم شیعرەدا بدۆزرێتەوە... چونکە هەردووکمان پێکەوە لەوێدا هەین... ئەم ئەزموونە جگە لە جوانی و گەورەیی شیعرەکە، قۆناغێکی دیکەی پەیوەندیی برادەرایەتیی من و دلاوەر بوو، کە بەهۆیەوە گەیشتە ئاستێکی باڵاتر...





پێویستە ئەوەش بڵێم کە لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەی دووریدا، سەرەڕای مەترسیی پەیوەندییەکانی نێوان دەرەوە و ناوەوەی وڵات، سەرەڕای ئازار و مەینەتییەکانمان، سەرەڕای شکستییەکانی دلاوەر بۆ دەرچوون لە وڵات و گیرسانەوە لە مەنفا، ئێمە پەیوەندیمان نەپچڕا... هەروەها لە ماوەی ٢٦ ساڵ هاوڕێیەتیدا، درزێک نەکەوتە نێوان پەیوەندییەکەمانەوە.

دوای چاپکردنی کۆمەڵە شیعری «تەیرەکانی ئیسماعیل»، کە دلاوەر بۆ بەرگەکەی تابلۆیەکی قەرەنی جەمیلی بەکارهێنابوو و ئەو تابلۆیە لەسەر شیعرێکی من و تایبەت بۆ دیوانی «دوێنێی سبەینێ» کێشرابوو، دڵگران بووم لەوەی کە پرسی پێنەکردووم و رووخسەتی لە قەرەنی جەمیلیش وەرنەگرتبوو... بەڵام کە بە تەلەفۆن مەسەلەکەمان باسکرد، ئەو بە بەرائەتی منداڵێک قسەی کرد، کە من هیچم لەبەردڵ نەما...

دلاوەر بۆ من تەنها برادەر نییە، بەڵکو شاعیرێکی بەریئە و پیاوێکی شاعیرە. بەرائەت لای دلاوەر بە مانا سادەکەی پاکێتی و بێگەردی یا بێگوناهی نایەت، چونکە بە بڕوای من ئێمە هەموومان بەشێوەیەک لە شێوەکان گوناهبارین و بەشێک لە بەرپرسیارییەتیی ئەو ناتەواوی و ناشیرینیانەی ژیانمان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵکو بەرائەت وەکو جۆرێک لە بەئاگایی و ڕۆحانییەت، کە لە ئەنجامی زانین و گەیشتن بە ئاستێکی باڵای تێگەیشتن لە خود و وجود دێتە دی. دلاوەر لە ڕێگای ئەو بەئاگاییەوە خۆی دادەبڕێنی لە ئێستای ناشیرین و دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی و دەیەوێ لەوێدا نیشتەجێ بێت... منداڵی وەکو مەملەکەتێک بۆ خودێکی کامڵ کە خۆی لە ئێستادا رادەپسکێنێ و نایەوێ تێکەڵ بە هەڵە و ناتەواوییەکانی ئەمڕۆ بێت. لەوانەیە ئەمە دابڕانێکی هۆشیارانە بێت لە پێناوی ڕاگرتنی هارمۆنیایەک کە دەشێ جۆرێک بێت لە ساویلکەیی، کە تەنها لە منداڵیدا دەتوانین پێی بگەین و تێیدا بژین.

ئەو لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ منداڵی دەیەوێ پێمان بڵێ کە نایەوێ گەورە بێت، واتە نایەوێ ببێتە بەشێک لەو جیهانەی کە ئەوی لێ هاتۆتە دونیاوە... جیهانی نەهامەتی و نەگبەتییەکانی سەردەم و دژواریی ڕەوشی کورد و تاوان و ناشیرینییەکان... ئەمەش بە رای من واتە خۆبەدوورگرتن لە رق و کینە و دووبەرەکی. ئەو بەرائەتە بە مەفهومە ڕۆحانییەکەی دەشێ بریتی بێت لە ئاشتی، لە عەشق کە مرۆڤ فراژوو دەکات بۆ ئاستێکی دیکەی بوون... ئاستێکی دیکەی پێکەوەبوون. لەو گەڕانەوەیەیدا بۆ سەرەتاکانی تەمەن و بەردەرگاکانی منداڵی و دوێنێی ڕۆژەکان، دلاوەر دەتوانێ بە تەواوی خۆی بێت، بەڵام ئەم خودبوونە لە جیهانی ئەمڕۆماندا ئاسان نییە و لەوانەیە کەسانی خۆشەویست و نزیک لێی تێنەگەن و ببێتە مایەی تۆران و زویربوون... ئەمە خولیا و گەڕانێکی بێوچانە کە دلاوەر هەمیشە دەباتەوە لای تەنهایی... لە کۆتاییدا دەیهێنێتەوە ناو باوەشی وشە و فۆرمی شیعر... هەر لەوێدا داخیل بە مەملەکەتی منداڵی دەبێتەوە و دەبێتەوە عاشق و هەڵدەکشێ... کێیە ئەو نووسەرەی کە دەڵی هەریەکێک لە ئێمە لەناو خۆماندا منداڵێکین و تراژیدیا کاتێک دەستپێدەکات، کە ئەو منداڵە بکوژین...؟

بەرائەت لای دلاوەر بە مانا سادەکەی پاکێتی و بێگەردی یا بێگوناهی نایەت، چونکە بە بڕوای من ئێمە هەموومان بەشێوەیەک لە شێوەکان گوناهبارین و بەشێک لە بەرپرسیارییەتیی ئەو ناتەواوی و ناشیرینیانەی ژیانمان دەکەوێتە ئەستۆ، بەڵکو بەرائەت وەکو جۆرێک لە بەئاگایی و ڕۆحانییەت، کە لە ئەنجامی زانین و گەیشتن بە ئاستێکی باڵای تێگەیشتن لە خود و وجود دێتە دی



# تێگەیشتن لە قۆناغی تازەی ئەدەبی کوردی، بە بێ (دلاوەرا) کەموکوڕ و لاوازە

ڕێبین هەردی

دەکرێ شیعر بەدایک و لقی سەرەکیی هەموو بوارەکانی تری ڕۆشنبیری دابنێین، لە ڕاستی لامان نەداوە گەر بڵێین هیچ ڕۆشنبیرییەک نییە بە شیعر دەستی پێنەکردبێت و بە شیعریش بەردەوام نەبووبێت. هیچ بوارێکی ئەدەبیش نییە هێندەی شیعر جەماوەری بێت و ئەوەندە گوێگر و خوێنەر و عاشقی هەبێت. شیعر هەمیشە لەگەڵماندایە. لە خۆشەویستیدا، لە نیشتمانپەروەریدا، لە بێزاری و دڵخۆشیدا...هتد لە هەموو

# شیعرە نیشتمانییەکان تا زیاتر ورژێنەر بوونایە، مەزنتر دەبوون

ئەم دۆخانەدا شیعر هاوڕێی بەردەوامی خورپە و سەرقاڵی و ساتەکانمانە. سەردەمێک کەم نووسەر هەبوو و هەنووکەش هەن تەنانەت لە لێکۆڵینەوە و باسە تیۆری و فکرییەکانیدا شیعری شاعیرێک، بەیتێک وەک نمونە نەهێنێتەوەو باسەکەی خۆی پێ دەوڵەمەند نەکات. شیعر ئەو هەستانەی ئەدرکاند کە هەمووان هەستی پێدەکەن، بەڵام کەس ناتوانێت وەک شاعیرێکی لێهاتوو تەعبیری لێبکات. ئەو خۆزگە و ئاواتانەی دەردەبڕی کە هەمووان خەونی پێوە دەبینن، بەڵام کەس وەک شاعیرێک ناتوانێت رێکی بخات و لە قاڵبی شیعردا دایبڕێژێت. بەشێکی گەورە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، نواندنی هونەری توانستە تەعبیرییەکانی شاعیرە. هەموو گەمەیەکی زمانی و هەموو تەکنیکە شیعرییەکان و هەموو وەسفە نایاب و دەگمەنەکان، خزمەتی یەک ئامانجیان دەکرد: توانای دەربڕین و دەستڕۆیشتوویی و لێهاتوویی شاعیر لە تەعبیرکردندا. تەنانەت ئەو کاتانەش کە شیعری نیشتمانی دەنووسرا ئەم ئارەزووە بۆ دەربڕین و دەرخستنی لێهاتوویی لە تەعبیردا، هەر باڵادەستیی خۆی دەپاراست. شیعرە نیشتمانییەکان تا زیاتر ورژێنەر بوونایە، مەزنتر دەبوون، تەنهاش ئەوکاتە وروژێنەر دەبوون کە بەشێوەیەکی زۆر هونەری بیانتوانیایە تەعبیر لەو کێشە و ئارەزووە سیاسییانە بکەن کە خەڵکی هەستیان پێدەکرد. لەگەڵ پەیدابوونی شاعیرە رۆشنگەرەکانی کورددا کە دەکرێت بگوترێت پیرەمێرد پێشەنگ و شاعیرانی دوایی پیرەمێردیش رێچکە هەڵگری بوون، شیعر وەزیفەکانی زیاتربوون و ئەمجارە وەک کەرەسەیەکی گرنکی رۆشنگەری و پەروەردەکردن و بڵاوکەرەوەی خوێندەواری بەکارهێنرا. شیعر وەزیفەکانی لە تەعبیرکردنەوە، ئەوەی بۆ زیادکرا دەوری ئامۆژگاری و هاندان بۆ خوێندن و بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری ببینێت. رەنگە ئەم قۆناغە یەکێک لە گرنگترین قۆناغەکانی مێژووی رۆشنبیری ئێمە بێت، چونکە رەنگە ئەمە یەکەمجار بێت بتوانین بڵێین ئەو بوونەوەرە لەدایکدەبێت کە پێی دەڵێن رۆشنبیر. ئەم قۆناغە تەنها قۆناغێکی ئەدەبی و شێوازێکی تازەی ریتم و داهێنانی شیعری نییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا لەدایکبوون و سەرهەڵدانی رۆشنبیرە، بەهەموو ئەو مانایانەی کە بۆ ئەم وشەیە هەیە. واتە سەرهەڵدانی ئەو بوونەوەرەی بێ ئەوەی کەس داوای لێکردبێت، خۆی بە بەرپرسیار لە هەموو ئەو بوارانەی ژیان دەبینێت کە بواری تایبەتی خۆشی نین، بوونەوەرێک کە بە خەونی بەیانییەکی باشترەوە رەخنە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت سیاسیی باڵادەست دەگرێت. لەگەڵ شاعیرانی رۆشنگەردا بەشێکی گرنگ لە کێشە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، دەبنە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی شیعر. لە راستیدا شیعر دەبێت بە پردێک کە بۆ مەبەستێکی دی بەکار دێت، پردێک گرنگییەکەی لەو پەیامەدایە کە هەڵگرێتی، نەک لەو تەکنیک و ستاتیکایەی هەڵگرێتی. ئەدەبی ئێمە دەبوو چاوەڕێی گۆڕان بکات بۆئەوەی شیعر لەم هێرشەی پەیامی رۆشنگەری و رۆشنبیری دوور بخاتەوە و بیخاتەوە سەر ریتمی راستەقینەی خۆی: شیعر وەک هونەرێکی ستاتیکی کە بەر لەهەر شتێک باڵادەستیی تەکنیکەکانی ددربڕین و



هەموو گەمەیەکی زمانی و هەموو تەکنیکە شیعرییەکان و هەموو وەسفە نایاب و دەگمەنەکان، خزمەتی یەک ئامانجیان دەکرد: توانای دەربڕین و دەستڕۆیشتوویی و لێهاتوویی شاعیر لە تەعبیرکردندا

ناسکیی ریتم و ئاوازەکەی دەیکاتەوە بەشیعر. لە راستیدا خولیای گۆران بۆ وەسفکردنی جوانی کە بەڕاستی خەسڵەتێکی سەرەکی و دیاری ئەدەبی گۆرانە، چەند دەگەڕێتەوە بۆ خولیای شیعری خودی گۆران، هێندەش دەکرێت وەک کاردانەویەک تەماشای بکەین لە بەرامبەر شاعیرانی رۆشنگەردا کە پەیامی شیعریان لەخودی شیعر باڵاتر و گرنگتر بینی بوو. گۆران ئەگەرچی لە گرنگیی پەیامی شیعر غافڵ نەبوو، بەڵام هەرگیز ستاتیکای و تەکنیکە هونەرییەکانی دارشتنی شیعری نەکردە قوربانی پەیام (تەنها لەو هەندێک شیعرە سیاسییانەدا نەبێت کە لەژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای چەپدا نووسیونی.. شیعرگەلێک کە لەهەموو شتێک دەچن، لەخودی شیعری گۆران نەبێت). بەڵام گۆران نمونەیەکی تەنیایە لە جیهانێکدا کە سەرجەمی بەرەو دۆخێکی بەسیاسیبوونی خنکێنەر دەڕوات. جیهانێک سیاسەت و کێشەکانی سیاسەت هەموو بوارەکانی تری ژیان دەکوژێت و سەرجەم کایەکانی رۆشنبیریی ئێمە و لەپێش هەمووشیانەوە شیعر بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات. ساتەوەختی روانگە دێت. روانگە گەرچی بەرادیکالکردنی هەندێک لە دەستتێوەردانەکانی گۆران بۆ شیعر و وەزنی شیعری دەستپێدەکات، گەرچی تازەکردنەوەی دنیای ئەدەبی ئێمەیە چ لە ئاستی فۆرم و چ لە ئاستی زماندا، بەڵام لە روویەکی دییەوە گەڕانەوە بوو بۆ قۆناغی شاعیرانی رۆشنگەر و درێژەپێدانی هەمان ئەو هێڵە بوون کە پیرەمێرد و هاوڕێکانی دەستیان پێکرد و گۆرانیش هەوڵی دا لە شوێنێکدا رایوەستێنێت: تەماشاکردنی شیعر وەک پەیامێک بە پلەی یەکەم سیاسی، کە ئەرکی سیاسیی لەسەر شانە. روانگەییەکان شیعریان کرد بە چەکێکی بەرگری لە ململانێیەکی سیاسی و نەتەوەییدا و لەم ئاستەشدا بە سەرکەوتوویی تەواوەوە شیعرێکیان بەرهەمهێنا بێئەندازە جەماوەری، وروژێنەر و پڕ جۆش و خرۆش، بەڵام لەکۆی ئەم قۆناغە جیاوازانەدا یەک شت بە نەگۆڕی مایەوە: شیعر وەک مەزنترین هونەری تەعبیرکردن لە حەز و ئارەزوو و هیواکانی مرۆڤ. باشترین شیعرەکان ئەوانە بوون کە جوانتر، ناسکتر، هونەریانەتر ئەو شتانەیان دەردەبڕی کە هەمووان هەستیان پێدەکرد. باشترین شیعر ئەو شیعرانە بوون کە هەمووان حەزیان دەکرد خۆیان نووسەرەکانی بوونایە. رێک ئەم هاوکێشەش ئەو شتە بوو کە شیعری تازە دەستکاریی کرد و گۆڕانی بەسەردا هێنا. شیعری تازە تەعبیرکردن نەبوو لە هەست و ئارەزووی هیچ کەسێک، هونەرێک نەبوو خوێنەرانی ئارەزووی ئەوەیان بکردایە خۆیان نووسەری بن. کەس نایەوێت نووسەری شیعرێکی تازە بێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوەی لەم شیعرەدا سەرنج رادەکێشێت تواناکانی تەعبیرکردن نییە لە هەستێکی گشتی، بەڵکو ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەو خەیاڵە دانسقە و بێوێنەیە کە پێشتر خوێنەر بە خەیاڵیدا نەهاتووە. شیعری تازە نەک هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤ، بەڵکو هوشیاری و خەیاڵی زیهنی دەوروژێنێت. خوێنەر سەرسام نابێت بە تەعبیرێکی دانسقەی هەستێک یان ئارەزوویەک کە پێشتر خۆی هەستی پێکردووە، بەڵکو سەرسام دەبێت بەو خەیاڵ و هوشیارییە بێوێنەیەی خۆی هەستی پێنەکردووە. شیعری تازە خوێنەر

# لەسەر دەستی شاعیرانی تازە، شیعر ئەرکە قوڵ و سەرەکییەکانی خۆی وەردەگرتەوە


به هەستەکانی خۆی ئاشنا ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو هەستانەیان پێدەبەخشێت کە نەیانبووە، ئەو هەستیارییان لە بەرامبەر شتەکانی دنیادا بۆ دروستدەکات کە پێشتر خاوەنی نەبوون. شیعری تازە پتر لەگەڵ هوشیاریی خوێنەرەکانیدا قسەدەکات و ئاسۆی مانایی ژیان و گەردوونییان لا فراوانتر و وردتر و ناسکتر دەکات، نەک لەگەڵ هەستەکانیاندا. لە راستیدا لەسەر دەستی شاعیرانی تازە شیعر ئەرکە قوڵ و سەرەکییەکانی خۆی وەردەگرتەوە: وەک هونەرێک کە قوڵایی بە ژیان و ماناکانی دەبەخشێت و ئاسۆی هوشیاریی مرۆڤ گەورەتر و هەستیارتر دەکات بەرامبەر بەخۆی و دەوروبەری.

نەوەیەک لە شاعیرانی تازە بەشدارییان لە داهێنانی ئەم ئەزموونە تازەیە و گۆڕانە گرنگەدا کرد کە بێگومان ناوی دلاوەر قەرەداغی لەرێزی پێشەوەی ئەو شاعیرانە دێت. شاعیرێک کە لەدەستپێکردنییەوە بە زمانێکی قوڵی ناسک، بەڵام هەمیشە خەمناک لە ئەزمونگەلێک دەدوا کە سەرسامی دەکردین بەوەی بەخەیاڵی ئەودا هاتووە، نەک ئێمە، ئەو هەمیشە لە شیعرەکانیدا شتێکی دەگوت چاوەڕواننەکرا و لەسەر وێنەیەک رادەستا کە کەسمانی رانەوەستاندبوو، تەنانەت لەوکاتانەش کە لە کارەساتە مێژوویی و سیاسییەکان نزیک دەبۆوە، شتێکی دەگوت تەواو جیاواز لە چاوەڕوانییەکانی ئێمە و تەواو بزوێنەریش بۆ خەیاڵ و ئاسۆی هوشیاری و سەرنج راکێشانمان بۆ شتگەلێک کە کەسمان لەسەری رانەوستاوین یان بەبیرماندا نەهاتووە، بۆ نموونە شیعری دلاوەر کە باسی ئەنفالی دەکرد نە حەماسی ناسیۆنالیانە و نە تووڕەبوونی پێشمەرگەییانە و نە تۆمارکەرێکی تاوانمان دەبنی، بەڵکو کەسێکمان دەبینی کە نەک بەرەو رووی سیاسیی کارەساتەکەمان دەبات، بەڵکو سەرنجمان بۆ ئەو رەهەندە جوان و گرنگ و وردانە رادەکێشێت کە ئەنفال لێیسەندین و کەسمان هەستمان پێنەکرد «ئەنفال بەیانی باشی مەکتەب و ئێوارە باشی گەڕەک و شەوباشیماڵە لۆکەییەکانی دزی» لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەنفال نییە، بەڵکو بەیانی باش و ئێوارە باش و شەوباشی هاوڕێیانە. شیعرەکە بیانوویەک نییە بۆ دەرخستنی مەینەتییەکانی ئەنفال، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەینەتییەکانی ئەنفال بیانووە بۆ دەرخستنی جوانی و گرنگیی بەیانی باش و ئێوارە باشێکی هاوڕێیان. ئەمەش خۆی باشترین نموونەیە بۆ جیاوازیی روانین و ئەزموونی ئەم نەوە شیعرییە تازەیە لەگەڵ نەوەی پێش خۆیدا. نەوەی پێشوو هەموو شتێکی دەخستە خزمەت دەرخستنی قەبارەی کارەساتێک یان دەستکەوتێکی سیاسی، لەکاتێکدا نەوەی تازە ئەم کارەسات یان دەستکەوتەی دەقۆزتەوە بۆ جەختکردنەوە و گرنگیپێدان بەشتەکانی تر. لێرەدا شتەکان هەڵگەڕابوونەوە. دلاوەر قەرەداغی یەکێکە لە داهێنەرەکانی ئەم هەڵگەڕانەوانە کە بەشێوەیەکی بێ ئەندازە ستاتیکی و هونەرییانە بەکاریان دێنێت. لە یەکێک لە تازەترین شیعرەکانیدا بەناوی «شەهیدان ماڵیان لە شووشەیە بەرد ناگرنە کەس» بەهەمان ئاراستە وێنایەکی تەواو جیاواز بۆ شەهید و ئاواتەکانی دەکێشێت، کە سەرلەبەری جیاوازە لەو نەغمە حەماسی و نەتەوەییەی شەهیدی پێ وەسفدەکرێت. شەهیدان دێنەوە بۆ ئەوەی لە



نەوەیەک لە شاعیرانی تازە بەشدارییان لە داهێنانی ئەم ئەزموونە تازەیە و گۆڕانە گرنگەدا کرد کە بێگومان ناوی دلاوەر قەرەداغی لەرێزی پێشەوەی ئەو شاعیرانە دێت. شاعیرێک کە لە دەستپێکردنییەوە بە زمانێکی قوڵی ناسک، بەڵام هەمیشە خەمناک لە ئەزمونگەلێک دەدوا کە سەرسامی دەکردین بەوەی بەخەیاڵی ئەودا هاتووە

پۆلی یەکی سەرەتاییەوە دەستبکەنەوە بەخوێندن لەگەڵمان، نەک بێنەوە بۆ ئەوەی هانی بەرەنگاری و قارەمانێتیمان بدەن. بوونی شەهیدان وەک سومبلی مەرگ نین، بەڵکو وەک سومبلی ژیانن، مردنی ئەوان ئاماژە نییە بۆ دوژمنێک کە دەبێت رقی بەسەردا ببارێنین (وەک لەشیعری نەوەی پێشوودا ئامادەبوونی شەهید هەیەتی)، بەڵکو ئامادەبوونێکە بیری ژیانمان دەخاتەوە و لەسەر کورسیی مەکتەب لە پۆلدا دادەنیشێت و گوێ بۆ مامۆستا دەگرێت. دەمەوێت لەم نموونانەوە ئەوە بڵێم کە شاعیرانی تازەی وەک دلاوەر قەرداغی ئەزموونێکی شیعریی تەواو تازە و ژیاندۆستییان خوڵقاند، کە چیدی شیعر نەک وەک کەرەسەی تەعبیرکردن لە هەستی خەڵک، بەڵکو وەک رەگەزێکی گرنگی گۆڕانکاری و دەوڵەمەندبوونی هوشیاری تەماشادەکات، ئەزموونێک کە تەنانەت کاتێک دەستیش بۆ مەسەلە کۆن و نەتەوەیی و سیاسییەکانیش دەبات، بەشێوازێکی تەواو جیاواز دەستی بۆ دەبات و بە خەیاڵ و وێنایەکی جیاواز و تازەشەوە مامەڵەی دەکات.




دلاوەر قەرەداغی دەنگێکە کە بێ خوێندنەوەی ئەستەمە بەوردی لە هەموو ئەزموونی ئەم نەوە تازەیە تێبگەین، دەنگێک کە لە زۆریک لە شاعیرانی هاورێی زیاتر ئەو جیاوازییانەی تیا بەدیدەکرێت، کە نەوەی تازە لە ئەزموونی شیعریدا پیادەی کرد. لێرەوە بێگومان تێگەیشتن لە قۆناغی تازەی ئەدەبی کوردی، بە بێ خوێندنەوەی دلاوەر قەرەداغی، خوێندنەوەیەکی کەموکوڕ و لاوازە.



# دلاوەر..
# ئەو شاعیرەی بە غەریبییەوە دەنووسێ

سۆران ئازاد

**بەبێ شاعیر و شیعرە مەزنەکانیان، ئێمە دەبووینە دڕندە... مارتین هایدیگەر**

ئەو نهێنیانە چین وا دەکەن شیعر یان هەر تێکستێکی دیکەی فیکری، ئەدەبی و هونەری لە یادەوەریی ئێمەدا بمێنێنەوە، تا ئەو ئاستەی کاریگەرییان لە سەر ڕوانین و دنیابینیی ئێمەدا هەبێت؟ لەبەرچی واقیع هێندە کێشەیەکی گەورەیە لە فەلسەفە، هونەر و ئەدەبدا؟ بۆچی (ئەفلاتون) لە سیستەمە

میتافیزیکییەکەی خۆیدا گشت فۆرمە واقیعییەکانی ئەم جیهانە تێک دەشکێنێت و سەرچاوەیان بۆ جیهانی ئایدیاڵ دەگەڕێنێتەوە؟

ئایا لەو کاتەوە خەیاڵ ئاکتیڤ دەبێت، واقیع دەبێتە ڕابردوو، یان واقیع شتێکی دانەبڕاوی خەیاڵە و لێی جیا نابێتەوە، مادام خەیاڵ ناتوانێت بە بێ پێکهاتەکانی واقیع دروست ببێت و بجووڵێت؟ بە واتایەکی تر ئایا خەیاڵ ڕەتکردنەوەی واقیعە، بەو مانایەی دەتوانێت تێیپەڕێنێت و دواتر بە جۆرێک لە پەرەسەندن دادەندرێت، وەک ئەوەی (هیگڵ) لە جووڵەی زەمەندا باوەڕی وایە بە یاسای تێپەڕاندن دەچێتە پێشەوە، کە هاوکات ڕابردوو تێدەپەڕێنێت و دەشیپارێزێت؟ ئایا خەیاڵ واقیع تێک دەشکێنێت، تاکو بە شێوەیەکی تر دروستی بکاتەوە، یاخود وێنەیەکی تری جیاوازی واقیع دەخوڵقێنێت، بێ ئەوەی ئەو وێنە کۆنەی تێک بشکێنێت؟ ئەگەر خەیاڵ نەتوانێت لە واقیع جیا ببێتەوە، کەواتە داهێنان لە کوێوە پەیدا دەبێت؟ ئایا خەیاڵ توانای گۆڕینی واقیعی هەیە؟ کەواتە شیعر وەک یەکێ لە کەناڵەکانی خەیاڵ چ پێوەندییەکی لەگەڵ واقیعدا هەیە و ئەو کاریگەرییانەی هەر یەکەیان لەوی تری دەکات، لە کوێ و لە چ ئاستێکدا دەردەکەون؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن، کە لە خوێندنەوەی شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی) و هەر داهێنەرێکی تردا خۆیان بە سەرماندا دەسەپێنن. شیعر، چونکە زمانێکی میتافۆریانەی هەیە بۆ گوزارشت لە دیوە ئاڵۆز و ڕاستییە خودییەکانی مرۆڤ، لەگەڵ خۆیدا پەلی هەستمان دەگرێت بۆ دنیای ناوەوەی خود، ڕەنگە ئەم قسەیە بۆ شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی) گونجاو بێت. ئەو ڕاستەوخۆ هەوڵی تێکشکاندنی واقیعی دەرەوەی شیعرەکانی خۆیی نەداوە، بەڵکو بە هۆی ئەم جیهانە ئەندێشەییەی ئێمە لە شیعرەکانیدا هەستی پێ دەکەین واقیعی تێکشکاندووە.

**ئاماژەکان:**

بۆ دۆزینەوەی مانا و دنیابینیی شیعرەکانی (دلاوەر) سەرەتا پێ لە سەر ئەو ئاماژانە دادەگرم، کە لە شیعرەکاندا بەکار هاتوون و لە ڕێگەیانەوە هەست بە دنیای ئەودیویان دەکەین. لە شیعرەکانی ئەو هەست بە زمانێکی هێمن دەکرێت، کە ئەندێشە بەرجەستەی زمان دەکات. زمانێک پڕیەتی لە ئاماژە. هەموو ئەو سیمبۆل و نیشانانە بۆ تێڕوانینی خودن لە بەرانبەر شتەکاندا. هیچ مانایەک بەبێ ئاماژە خۆی نادات بە دەستەوە، هەر ئەو خاڵەیە وای کردووە من (دلاوەر قەرەداغی) وەک شاعیرێکی سیمبولیزم بخوێنمەوە. ناوەرۆکی شیعرەکانی پڕن لە ئاماژەی ناڕاستەوخۆ. ئەگەرچی لە دەسپێکی هەر شیعرێکیدا بە شێوەیەکی هێمن ئێمە دەروازەی دنیای تێکستەکانی ئەومان بۆ دەکرێتەوە، بەڵام لەناکاو سەرووکارمان لەگەڵ ئاماژە و خەیاڵی دیکە دروست دەبێت. بۆ تێگەیشتن لە دنیابینیی سیمبولەکەی (دلاوەر) من ناونیشانی چەند شیعرێکی هەڵدەبژێرم و دەمەوێت ئەم ئاماژانە بدۆزمەوە، کە لە پشت ناونیشانەکانەوە خۆیان حەشار داوە.

**ناونیشان وەک ئاماژە:**

ناونیشان یەکێکە لە دەروازە هەرە گرنگەکان بۆ تێگەشتن لەو دنیابنییەی، کە تێکستێک لە خۆیدا

هەڵیگرتووە. (جاک دێریدا) کاتێک لەبارەی ڕۆمانی (دادگایی)ی (فرانز کافکا) دوا، بەر لە هەر شتێک شیکردنەوەیەکی فەلسەفیی بۆ ناونیشانەکەی کرد. ئێمە لە ڕێگەی کارەکتەرێکی وەکو (کا)ی (فرانز کافکا)وە ئەو سێکچەرەی ناونیشان هەست پێ دەکەین، کە تا چ ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی لە تێکستەکەدا هەبووە. ناونیشانی ڕۆمانی (کاتژمێر بیستوپێنج)ی (کۆنستاین گۆریگۆ) یەکێکە لە نموونە گرنگەکان. کاتژمێر بیستوپێنج لادانە لە کاتی ئاسایی و بوونی نییە، بەڵکو لە لۆجیک بەدەرە. ئەگەر لە ناونیشانەکەی ورد ببینەوە، ئەوا دەتوانین لە وێسگەیەکی هەرە گرنگی ئەو ڕۆمانە تێبگەین. کارەکتەرەکان بە هۆی جەنگەوە لە ژیانی ئاساییاندا ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی نالۆجیکی دەبنەوە، هەر وەک چۆن ناونیشانی ڕۆمانەکە لادانێکی لۆجیکییە. ناونیشانی چەند شیعرێکی (دلاوەر) هەڵگری ئەو لادانە لۆجیکییەن، دەتوانین ناونیشانی شیعری (بەفر بە غەریبییەوە دەبارێ) بە نموونە بهێنینەوە. (بەفر) بوونێکی بێهەستە، بە چەند هۆکارێکی سرووشتی دروست دەبێت و دەبارێت، هەستی (غەریبی) بۆ مرۆڤە وەکو بوونەوەرێکی خاوەن هۆش و بیرکەرەوەیە، بەڵام لەم شیعرەدا (بەفر) ئاماژەیە بۆ پەرتبوونی چەند (خود)ێک لە نێو ڕێڕەوی شوێنکاتێکدا. یان ناونیشانی شیعری (دنیا دڵڕەقانە جوانە) دووبارە هەڵگری ئاماژەیەکی سوریالییە، بە دوای یەکداهاتنی (دڵڕەقانە) و (جوان) ئاماژەن بۆ کۆبوونەوەی دوو خەسڵەتی دژ بە یەک. لای (پلاتۆ) ئەو شتەی جوانە، چاکیشە، بەڵام ئایا دەکرێت (دڵڕەقی) جوان بێت؟ (دڵڕەقی) و (جوان) گوزارشتن لە دوو دیوی دژ بە یەکی دنیا. خەسڵەتی (دڵڕەقی) خراوەتە پاڵ دنیا، بەڵام ئەو دڵڕەقییە جوانیی خراوەتە پاڵ. ناونیشانی شیعری (چۆرێک منداڵیی بنی مەرکانەیەک) هەڵگری ئاماژەیەکی ئەندێشەییە و لە ڕێگەیەوە وێنەی (منداڵی)یەک دروست دەبێت، کە فۆرم و ئاماژەیە بۆ (منداڵی) لە یادەوەریی شاعیردا. ناونیشانی شیعری (من لە شارێکی زۆر دوورم) ئاماژەیە بۆ دوورییەکی بێسنوور. ئەگەر ناونیشانی شیعرەکە تەنیا (من لە شارێکی دوورم) بووایە، خاڵی دەبوو لە ئاماژە، بەڵام (زۆر) وەک هاوەڵناوی چەندییەتی بووەتە هۆی دروستبوونی ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ دنیای خودی شاعیر. جیهانگیری مەودای دووری و نزیکیی شوێنەکانی نەهێشتۆتەوە، بەڵام هێزی ئەندێشە توانای هەیە سیستەمی جیهانگیری بە تێڕوانینی تایبەتییانەی خود و هەستەکانی لە بەرانبەر دونیادا تێک بشکێنێت، تاکو مرۆڤ بگەڕێنێتەوە بۆ خودی خۆی و لەوێوە سەیری جیهان بە گشت دەرکەوتەکانییەوە بکات. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ناونیشانی شیعری (تا چاوبڕکا... من بە ڕێگەوەم) یش گونجاوە. ناونیشانی کۆ شیعری (ماڵێک لەناو زەریا، ماڵێک لە تەنیشت بیابان) ئاماژەیە بۆ دابەشبوونی خود لەنێوان دوو شوێنی دژ بە یەکدا، کە سرووشتی ئەو دوو شوێنە جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندا هەیە، بەڵام لە تیروانینی شاعیردا ئەم دوو شوێنە پێکەوە گرێ دراون. یەکێکی دیکە لە ناونیشانە مانادارەکان، شیعری «دەشێت ئەوە من نەبم کە ئێستا هەم!»ە، ئەو ناونیشانە دەمانخاتە بەردەم گومانێکی دێکارتیانە، (دێکارت) دەڵێت: (چۆن دەتوانین لەوە دڵنیا بین، ژیان خەون



لە شیعرەکانی ئەو هەست بە زمانێکی هێمن دەکرێت، کە ئەندێشە بەرجەستەی زمان دەکات. زمانێک پڕیەتی لە ئاماژە. هەموو ئەو سیمبۆل و نیشانانە بۆ تێڕوانینی خودن لە بەرانبەر شتەکاندا. هیچ مانایەک بەبێ ئاماژە خۆی نادات بە دەستەوە

نییە)، سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم ئەو گومانەی (دێکارت) لە ئەدەب و هونەردا کاردانەوەیەکی بەرفراوانی هەبووە، لە ڕێبازی سوریالیزمی هونەری ئەوە بە ئاشکرا دیارە، بە تایبەت لە تابلۆکانی (سەلڤادۆر دالی)، لە شیعریشدا لای (ئەندری بریتۆن) ڕەنگی داوەتەوە. لە ئەدەبی کوردییشدا لە ڕۆمانی «ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا»ی (کاروان کاکەسوور)دا بە شێوەیەکی سوریالی دەردەکەوێت، وەک دەبینین کارەکتەرەکانی ئەو ڕۆمانە لە شەڕێکی گەورەدان لەگەڵ بوون، هەمیشە لە گومانی وجودی قوڵتر و قوڵتر دەبنەوە، لە ڕۆمانی (مامزێر)یش بە فۆرمێکی جیاوازتر هەستی پێ دەکرێت. گومانی کارەکتەرەکانی (کاروان) لە ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا) لە بەرانبەر نەبوونە (Nothingness)، ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگەی نەستەوە بە گومانەکانیان ئەو شتانە بخوڵقێنن کە بوونیان نییە، دەستیان بەو شتانە بگات کە نەگونجانی (مستحیل- Impossible) وجودین، بۆیە کارەکتەرەکان سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی گەمارۆیان داون. ناوەرۆکی شیعرەکەی (دلاوەر)یش لە چوارچێوەی بەربەستەکانی بوون خۆی دەخاتە بەردەم گومان. هەرچی ناونیشانی شیعری (وەک ترپەی گەیینی قۆخێک / وەک خەیاڵ کردنەوەی چۆلەکەیەک لەفڕین) هەڵگری ئاماژەیەکی بچووکە بۆ فۆرمێکی گەورە، بە تایبەت بەشی دووەمی ناونیشانەکە گوزارشتی مێتافۆریانەیە لە پاڵ وێنەی شیعری. هەروەها شیعری (تەیرەکانی ئیسماعیل) هەڵگری ناونیشانێکی سەرنجراکێشە، (باڵندە) یەکێکە لە هەبووەکانی جیهان، بەڵام لەم شیعرەدا (تەیرەکان) وەکو بوونەوەری زادەی سرووشت بە ئێمە دەناسرێن، کە بوونەتە موڵکی بوونەوەرێکی دیکە ئەویش مرۆڤە، کەواتە مرۆڤ بەو دەسەڵاتەی لە سرووشتدا هەیەتی، دەست بە سەر زۆر شتدا دەگرێت، لە ئێستادا ترسناکترین دیاردەی مرۆڤ لە بەرانبەر سرووشتدا تەکنەلۆجیایە. لە ناوەرۆکی شیعرەکەدا جۆرێک لە یەکێتیی بوون لەنێوان بوونەکاندا دروست بووە. ناونیشانی شیعری (من خوێنی باڵندەیەکم لەبەر دەڕوا...!) دووبارە دروستکردنی یەکێتیی بوونە لەنێوان بوونی باڵندە و (من)ی مرۆڤدا. زانست لە ڕێگەی خوێنی گیاندارانەوە ئەوەی بۆ ئاشکرا کردووین، کە هەر گیاندارێک خەسڵەت و پێکهاتەی فیسیۆلۆجیی تایبەت بە خۆیی هەیە، لەم ناونیشانەدا مرۆڤ و باڵندە بە یەکەوە تێکەڵ کراون، بەوەی هەر بوونەوەرێکی سرووشت لە چەند خەسڵەت و پێکهاتەیەکی بنەڕەتی هاوشێوەی یەکترن، بۆ نموونە (سەگ) خوێن و جەستەی هەیە، بەڵام پێکهاتەی خوێنەکەی و توانا و شێوەی جەستەکەیشی لە هەر گیاندارێکی دیکە جیاوازە، هەموو گیاندارێک فۆرمی ڕاستەقینەی خۆیی هەیە و پێی دەناسرێتەوە، بۆ نموونە هەر کەسێک دەزانێت ئەوەی بەرانبەری مرۆڤە، بەڵام ئەوە مانای وایە، کە هەموو کەسەکان خاوەنی یەک دەروون و هۆشن؟ جیاوازیی مرۆڤ لە جەستەکەیدا نییە، بەڵکو لە دەروون و ژیرییەکەیەتی. ئێمە کە بیر لە (سۆکرات) دەکەینەوە ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ فیکر و باوەڕی مرۆڤدۆستیی ئەو فەیلەسووفە دەچێت و (هیتلەر)یش وەکو خاوەنی دەروونێکی شەڕانگێز دەناسین. ناونیشانی شیعری (کە تۆ دێیت/ ڕەنگی بەیانییم لێدەنیشێت) بەیانی وەکو

# (دلاوەر) لە چەند شیعرێکیدا توانیویەتی وێنای دڕندەیی بکات

کاتێک تێیدا شتەکانی دەوروبەرمان نوێبوونەوەیەکی سرووشتی بە خۆیانەوە دەبینن، لە خەیاڵی مرۆڤ و لێکدانەوەکانیدا، (بەیانی) هەمیشە کاتی دەستپێکردنەوەی چالاکییە سرووشتی و مرۆییەکان بووە، تەنانەت (بوودابیەکان)یش لە ڕاهێنانە رۆحییەکانی خۆیاندا ئەم تێروانینەیان هەبووە، بۆیە کاتێک ئەم ناونیشانە شی بکەینەوە، دەبینین هاتنی ئەوی دیکە دەبێتە سەرەتای دەست پێکردنەوەی خود. هەر وەکو لە ناوەرۆکی شیعرەکەی لەوە تێدەگەین هاتنی ئەو دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی ترس، دوودڵی، چاوەڕوانی و شپرزەیی.

کەواتە ناونیشانی زۆربەی شیعرەکانی (دلاوەر) دەروازەیەکی گرنگی تێکستەکە بە ڕووی ئێمەدا دەکەنەوە، کە لە ململانێدان لەگەڵ ناوەرۆکەکان، هەندێکجاریش هەست بە تەبایی ناوەرۆک و ناونیشانەکان دەکەین. لە چەند شیعرێکیشدا بۆمان دەردەکەوێت ناونیشان گوزارشتە لە ناوەرۆک و ناوەرۆکیش هەوڵێکە بۆ تەعبیرکردنی پڕاوپڕی ناونیشان.

## چەمکی دڕندەیی و ماناکانی:

(مارتین هایدیگەر) لە کتێبی (شیعر، زمان، فیکر) گوزارشتی زۆر گرنگ لەبارەی ئەدەب بە گشتی و ژانری شیعر بە تایبەت دەردەبڕێت، لە یەکێک لە تەعبیرەکانی لەبارەی شیعرەوە دەڵێت: «بەبێ شاعیر و شیعرە مەزنەکانیان، ئێمە دەبووینە دڕندە»، بێگومان ئەم تێڕوانینەی (هایدیگەر) گرنگە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی زمانی شیعر لە بەرانبەر ژیاندا. زمانی مێتافۆر کە زمانی ئەدەبە، تێکشکاندنی وێنە باوەکانی واقیعە، دەربڕینێکی مێتافیزیکییانەیە لە ئاست «بوون»دا. شیعر ڕووبەرێکی زۆر بەرفراوانە بۆ زمان. ئایا شاعیران چی دەکەن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دڕندەیی رزگار بکەن؟ ئاخۆ دڕندەیی چییە؟ تێڕوانین و دنیابینیی ئێمە لە ئاست ئەوە چەمکەدا چۆنە؟ ئەو چەمکە زۆربەی کات لای مرۆڤ بەرانبەر بە ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان بەکارهاتووە، چونکە کاتێک هەستی کردووە ئەوان هەڕەشەن بۆ سەر بوونی، ڕاستەوخۆ بیری لەوە کردووەتەوە بە سەریاندا زاڵ ببێت و بە دڕندە ناوی بردوون. ئەگەر کوشتن و لەناوبردن پێوەر بن بۆ دڕندەیی (Ferocious)، لە ڕووداوی کوشتنی (هابیل) لە لایەن (قابیل)ی برایەوە، لەوە تێدەگەین، کە مرۆڤ یەکەم بوونەرەی دڕندەیە بەرانبەر بە خۆی، ڕاوکردنی ئاژەڵانیش هەر لە لایەن مرۆڤەوە بەڵگەیە بۆ دڕندەیی مرۆڤ لە بەرانبەر سرووشتدا. کەواتە مرۆڤ بۆ مانەوەی خۆی، پێویست دەکات زۆرجار دڕندە بێت بەرانبەر بە سرووشت و مرۆڤەکانی دیکە. (دلاوەر) لە چەند شیعرێکیدا توانیویەتی وێنای دڕندەیی بکات.

لە شیعری (بۆنی بخوور لە ماڵەکەتەوە دێ) بە چەند وێنەیەک ، ئەو گوزارشت لە بەرهەمهێنانی دڕندەیی لە شەڕەکاندا دەکات و دەڵێت:

ئەز دەستم لەسەر دڵمە/ مامە شێخ/ رۆحم وا لەنێو لەپمدا/ دەڵێت: شەڕ بە خۆی و چەقۆکانییەوە/ ئەمجارەش دەیەوێ/ خۆی لەنێو لاپەڕەکانی/ کتێبی ئەلف و بێی کوردیی/ مناڵەکانی/ خێڵی حەمەدا مات داتەوە/ خۆی بگەیەنێتەوە سەرا/ ملیان/ خەونی ژیان/ شەلاڵ بکاتەوە لە خوێن/ مامە شێخ دەڵێت: شەڕ بە خۆی و / نارنجۆکەکانییەوە/



ناونیشانی زۆربەی شیعرەکانی (دلاوەر) دەروازەیەکی گرنگی تێکستەکە بە ڕووی ئێمەدا دەکەنەوە، کە لە ململانێدان لەگەڵ ناوەرۆکەکان، هەندێکجاریش هەست بە تەبایی ناوەرۆک و ناونیشانەکان دەکەین

ئەمجارەش دەیەوێ/ باخچە بکاتەوە بە دۆزەخ/ گەرەك پڕکاتەوە لە عیشقی تەریو/ شەقام بکاتەوە بە دارەمەیت/ تابلۆکانی ئیسماعیل خەیات/ پڕکاتەوە/ لە بێچووە پاساریی وەریو!)

ئەم وێنە شیعرییە گوزارشتێکی ئیستاتیکانەیە لە ئاست دڕندەیی شەڕ، ئەو شەڕانەی لە لایەن مرۆڤەوە هەڵدەگیرسێن. جەنگی خوێناوی و شەڕی نامرۆڤانە و پڕ لە دڕندەیی جێگای جوانی و ژیانی مرۆڤ ناکاتەوە. شاعیر لە سادەترین کاریگەرییە نەرێنییەکانی شەڕەوە دەست پێ دەکات، تاکو ناشیرینترین ئەنجامەکانی. منداڵ یەکێکە لە قوربانییەکان، دڕندەیی شەڕ مەودای ویژدانی مرۆڤانەی تێدا نابێتەوە.

لە شیعری (داد گوڵێ.. لە باغانم نەماوی!) دووبارە دەمانخاتە بەردەم ئەو چەمکە و دەڵێت:

خودایە/ مەهێڵە ئەو هەورە بمانبینێ/ نەبا تاوێکی تر/ بداتە هاڕەی گریان/ خودایە/ بەو درەختانە بڵێ/ ئەو ڕێگەیە چۆڵکەن/ نەبا تاوێکی تر/ سەری خۆیان/ بنێن لەحەوت چین بیابان/ خودایە/ ئەو ئەسپانەمان لە کۆڵکەرەوە/ نەبا تاوێکی تر/ وەك ڕەشەبا هەڵکەن لە داخا/ خودایە/ ئەو کۆترانە بە شتێکەوە بخافڵێنە/ نەبا تاوێکی تر/ سەری گمەیان بکێشن بە شاخا/ خودایە/ ئەو پەپوولانە بلاوە پێبکە/ شەرم دەکەین ئاوەها ڕەنگاوڕەنگ/ بە ڕووتیی ببینرێین/ ....

ئەگەر سەرنجی ئەم وێنە شیعرییانە بدەین، ڕووبەڕووی ساتێکی هەرە تراجیدی دەبینەوە، کە جەللاد بە سەر قوربانییدا هێناوە. جەللاد مرۆڤە و یەکێکە لە ئێمە، هەر مرۆڤیشیە ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت. مادام مرۆڤ هەیە و جەللادە، ئەوا کەسانێکیش هەن کە قوربانیین. ئەم وێنە شیعرییانە جۆرێك لە شایەتیی تاوانەکان دەخەنە ڕوو، بەڵام ئەو شایەتییە دۆخێکی ناوەکییە، واتە شایەتیدانێکی (testimony) خودییە، ئەم پرۆسەیە بۆ ڕازیکردن و گوزارشتکرنێکی خۆیە، نەوەک ڕازیکردنی ئەوانی دیکە. لە ڕێگەی هەستی ئاژەڵەکانەوە تەعبیر لە ساتەوەختێکی هەرە تراجیدی کراوە، ئەم دڕندەییەش بۆ ئاستێکی مێتافیزیکی بەرز کراوەتەوە. ئەم دەربڕینە جوانییەکی خەمهەژێنی هەیە، دیارخەری قووڵاییەکانی دڕندەیین، لە ئاست ئەو دڕندەییانە شاعیر بە زمانێکی مێتافۆریانە گوزارشت لە کاریگەرییە شوومەکانی دەکات، تا ئەو ئاستەی ئاژەڵەکانیش ئەگەر ئەو دڕندەییە ببینن، ئەسپەکان لە داخان وەک ڕەشەبا هەڵدەکەن، کۆترەکان سەری گمەیان بە شاخدا دەکێشن. سرووشت و ئاژەڵەکان زمانیان نییە، بەڵام لە ئاست دڕندەییەکانی مرۆڤ، سرووشت ڕاستتر بڵێین گەردوون لەم وێنەیەدا، سێنتراڵ و دۆخی ئاسایی خۆی لە دەست دەدات، دنیا دەبێتە چرکەساتێکی قیامەتی. (دلاوەر قەرەداغی) لە ڕێگەی شیعرییەکانەوە هەستی مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکە پێکەوە گرێ دەدات. بۆ نموونە لە شیعری (سەعات کرێوەی عەسرێک) هاتووە:

لە دەرگای ماڵی مێرووڵەیەکی ڕەفیقم/ دەدەیت/ شپرزە دەڵێیت: ئەرێ نەتان دیوە؟..

&

لەگەڵ کۆترێکی ڕەشبیندا/ دەکەویتە گمەگم..

لەم وێنەیەدا (من) هاوڕێی مێرووڵەم، (من) واتە مرۆڤ و مێرووڵەیش یەکێکە لەو گیاندارانەی زمانی

# (دلاوەر) هەوڵی داوە گوزارشت و هاویەکێتییەک لەنێوان ئاژەڵان و مرۆڤدا دروست بکات

دەربڕینی نییە، نەبوونی زمان و توانای قسەکردن لای (جاک دێریدا) تێڕوانینێکی فەلسەفیی لێ کەوتەوە، ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە بۆ بیریارێکی وەکو (جاک دێریدا)، کە فەیلەسووفێکە کێشەی زمانی لای بووەتە مەتەڵێکی ئاڵۆز، بۆیە پێی وایە دەبێت بە شێوەیەکی ئەقڵانی مامەڵە لەگەڵ نەبوونی توانای قسەکردن لای ئاژەڵان بکەین و هەوڵ بدەین لێیان تێبگەین. (دلاوەر) هەوڵی داوە گوزارشت و هاویەکێتییەک لەنێوان ئاژەڵان و مرۆڤدا دروست بکات، بۆ نموونە لە بەشی دووەمدا کۆترێک رەشبنینە، کۆمەڵێک پاڵنەری مرۆیی و سرووشتی هەن، کە کۆترێک رەشبین دەکەن.

دروستکردنی پێوەندییەکی وجودی لەنێوان گیاندار و سرووشتدا فۆرمێکی ئیستاتیکانەیە، بۆ نموونە لە شیعری (کە تۆ دێیت/ ڕەنگی بەیانییم لێدەنیشێت!) لە چەند وێنەیەکدا ئەوەمان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە، وەکو هاتووە:

به تامی بەرسیله بوغز سوێند دەدەم/ زۆر بۆی دانەچێ... ژیان کورتە/ تەوقەیەکی گەرم لەگەڵ خەیاڵدا دەکەم/ سلاوێکی شیرن دەنێرم بۆ مێرووله/ ئافەرینێکی قشت بۆ هەزارپێ/ هەر بژییەکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ڕێحان/ پیرۆزباییەکی تەڕ لە حاجیلە/ سەرخۆشییەکی گەورە لە پڵنگ...

لەم وێنەیەدا سرووشت و ئاژەڵان دیوێکی جیاوازیان پێ بەخشراوە و شاعیر بە هۆیەوە پێوەندییە هەستییەکانی مرۆڤ و ئاژەڵان دەردەخات. ئەم وێنەیە هەستێکی نائومێدانەی تێدا بەدی دەکرێت، واتە شاعیر بۆیە خەیاڵی بۆ ئەو شتانە دەڕوات، چونکە حەز بە پێوەندییەکی سرووشتییانەی لەو جۆرە دەکات.

**کۆتایی و نائومێدی:**

لە زۆربەی شیعرەکانی (دلاوەر)دا رووبەرێک هەیە بۆ بیرکردنەوە لە کۆتایی تراجیدی و خەمگینبوون، لەودیو شیعرییەکانەوە چەندین ئاماژەی رەشبینانە هەن بۆ کۆتاییەکی سامناک، وەک لە شیعری (تەیرەکانی ئیسماعیل)دا هەستی پێ دەکرێت، بە تایبەت لە وێنەکانی کۆتایی، وەک هاتووە:

وەك ئەو کاتەی/ لە وێنەکەدا پیاسەمان دەکرد و/ لە دڵی خۆماندا/ قاقا پێدەکەنین/ بێهوودە بۆ یەکتر دەگەڕاین/ بێهوودە بۆ یەکتر دەدواین/ بێهوودە سێبەرەکانمان/ لەگەڵ سێبەری تەیرەکاندا دەگۆڕییەوە/ بێدەنگ... هیچ مەڵێ/ وەك ئەو کاتەی لەناو ئەشیعەکانا/ بە ڕووتیی بەجێماین/ بێدەنگ../ ب/ ێ/ د/ە/ن/گ! /ها ئەمە وێنەکان/ ئەمەش نامەکان ئەوەش ئەشیعەکان/ چرکەیەکەو/ هەموو شتێك/ تەواو!

لەم وێنەیەدا گەڕانەوەی شاعیر بۆ ڕابردوو، تەعبیرە لە ئێستایەکی تراجیدی، کە تێیدا شتەکانی ڕووبەڕووی کۆتایی دەبنەوە، گوزارشتە لە جێمانێکی رۆحی لە ناو کاتدا. شاعیر لەم وێنە شیعرییەدا گوزارشت لە کۆتاییە تراجیدییەکان دەکات. هەر لە شیعری (من گەڕیدەیەکم بەناو ئەم شارە ساردانەدا...!) دووبارە دەمانخاتە بەردەم هەستێکی خەمهەژێن، وەک لە سەرەتادا هاتووە:

هیچ شتێك لەم شارە ساردانەدا ڕوونادا/ هیچ شتێك دڵمان لەم شارە ساردانەدا/ خۆش ناکا/ قەدەری من تێکشکانێکی گەورەیە/ لەم شارە ساردانەدا/ قەدەری من رەقبوونەوەیەکی هەمیشەییە/ لە ئاوێنەی زوقمبەندی ئەم شارە



لە زۆربەی شیعرەکانی (دلاوەر) دا رووبەرێک هەیە بۆ بیرکردنەوە لە کۆتایی تراجیدی و خەمگینبوون، لەودیو شیعرییەکانەوە چەندین ئاماژەی رەشبینانە هەن بۆ کۆتاییەکی سامناک

ساردانەدا/ هیچ جێگەیەك وەك ئەم شارە ساردانە/ ڕەش ناچێتەوە بە بەخت/ هیچ شتێك وەك ئەم شارە ساردانە/ سپی ناچێتەوە لە ئومێد...

سەرەتا شاعیر پێمان دەڵێت کە هیچ شتێک لەم شارە ساردانەدا ڕوو نادا و قەدەری ئەو ڕەقبوونەوەیەکی هەمیشەییە. ئەو گوزارشت لەوە دەکات، کە ڕووداو ئاماژەیەکی ڕوونە، بۆ ئەوەی (خود) هەست بە خۆی بکات، ڕوونەدانی هیچ شتێک دەبێتە تێکشکانێکی گەورە، بە بڕوای ئەو تێکشکانێکی وجودییە، ئێمە بۆ ئەوەی هەست بە سێنترالّی خۆمان لە جیهاندا بکەین، دەبێت بەسەر ڕووداوەکاندا باز بدەین، بەڵام کاتێک قەدەری ئەو تێکشکانێکی گەورەیە، ئەوا دووبارە دەمانخاتە بەردەم ئەو چرکەساتە تراجیدییە، بە زمانێکی شاعیرانە بڵێین لەم شیعرەدا هەست دەکەین ڕۆیشتنێک هەیە ناگاتە جێ، فڕینێک هەیە نیشتنەوە ناناسێ. لەم وێنەیەدا هەست بە تەنیایی دەکرێت، کە خودی دوور خستووەتەوە لە ئەوانی دیکە، ئەم شێوە تەنیاییە من لە شیعری (ڕاکردن بەناو سێبەردا) دەیبینمەوە، کە لە یەکێک لە وێنەکاندا هاتووە:

تۆ دەزانیت/ کە دەبێ هەمیشە یەکێك هەبێ/ جارناجار لە دڵەوە/ بەویتر بڵێ:/ چۆنیت ئەی دۆست!/ ئەگینا ڕۆژێك دێ/ ژیان دەمانکوژێ/ ئەگینا ڕۆژێك دێ/ تەنیایی دەمانکرۆژێ!...

بەدیدێکی بوونخوازی بمانەوێت ئەم وێنە شیعرییە بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت ئێمە لە ڕێگەی ئەوانی دیکەوە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین، ئەمەش هەمان بڕوای (سارتەر)ە، کە بوونی ئەوانی دیکە پێشمەرجە بۆ بوونی من. (دلاوەر) لەم وێنەیەدا گوزارشت لە تەنیایی دەکات، ئەو تەنیاییەی هەڕەشەیە بۆ ژیان و بوونی مرۆڤ لە جیهاندا. ئەم شێوە نائومێدییە من لە شیعرەکانی (بۆکوڤسکی)شەوە دەیبینم. (بۆکوڤسکی) لە ڕێگەی شیعرییەکانییەوە دەمانخەتە بەردەم بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە مردن، بەڵام ئەوەی جێگەی جوانییە ئەوەیە، کە (بۆکوڤسکی) بەهۆی کۆمەڵێک ڕەهەندی ژیانی، هەوڵی تێکشکاندنی مردن دەدات، وەکو سێکس، چێژ، هونەر...تاد

دیاریکردنی سەرچاوەکانی نائومێدی لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا بەندە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، یەکێک لە هۆکارەکان ئەو کات و شوێنەیە، کە شاعیر تێیدا ژیاوە، ئەو دابڕانە خودی و مرۆڤانەیە، کە کاریان لە هەستی ئەو کردووە، دیارە لە چەند شیعرێکیدا ئێمە دەتوانین ئەم مەبەستەمان زیاتر ڕوون بکەینەوە، بەڵام بە بڕوای من یەکێک لە وێنە شیعرییەکانی (جادەی مێخەک) گوزارشتێکی پڕاوپڕی دۆخی نائومێدی لای شاعیر دەکات، وەکو لە وێنەیەکدا هاتووە:

من دواین نەسلم/ لە منداڵە مێخەکفرۆشەکانی سەردەمی/ فاشییەت/ ئەوانی ترمان/ ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر/ دوای شکست/ کاتێك بەیانییەك زوو بە خەومووە/ بە پاسێکی ڕیم بۆ شەڕیان بردین/ هەر هەموو لە ڕێگا خۆیان کوشت!..

ئەم وێنەیە گوزارشت لە هەستی نائومێدیی شاعیر و لە دۆخێکی تراجیدی دەکات، بەڵام زمانێکی هێمن لە پاڵ دەربڕینی وێنەکاندا هەیە. سەردەمی فاشییەت کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر هەست

**تۆ دەزانیت/ کە دەبێ هەمیشە یەکێك هەبێ/ جارناجار لە دڵەوە/ بەویتر بڵێ:/ چۆنیت ئەی دۆست!/ ئەگینا رۆژێك دێ/ ژیان دەمانكوژێ/ ئەگینا رۆژێك دێ/ تەنیایی دەمانكرۆژێ!..**

و ئینسانییەتی کەسەکاندا جێ هێشت، وەک لەم وێنە شیعرییەدا کاتێک هەر هەموویان بۆ شەڕ بردن، لە رێگا خۆیان کوشت. دیارە خۆکوشتن چەندین فاکتەری فیکری و سایکۆلۆجیی هەیە، بەڵام لەم وێنەیەدا گوزارشتە لە تێکشکانی مرۆڤ و بەهاکانی. دۆخێکی دیکەی ناسەقامگیرییانەی شاعیر، کە لە شیعرەکانیدا هەست پێ دەکرێت، گەڕیدەبوونییەتی. ئەو گەڕیدەییە بۆ شوێنکی نادیارە، گەڕیدەبوونە بە دوای ئەوی دیکەدا، کە خودی شاعیر پێیەوە بەندە، ئەمەش دووبارە لە شیعری (جادەی مێخەک) بە شێوەیەکی جوان تەعبیری لێ کردووە، هەر وەک لە دواین وێنەدا هاتووە:

ئێوارەیەك/ لەم جادەی مێخەكەدا/ دڵم ختووورە دەكاو/ دێت بە سەرما/ كە باش وایە/ زوو بە زوو بچمە ماڵەوە/ خێرا... دەموچاوێك بشۆم/ قژێك دابێنم/ جانتاكەم بپێچمەوەو/ بە پەلە... تا درەنگ نەبووە/ بە پێی پیادە بڕۆم!/ هەمیشە هەنگاوەكانم دەژمێرم/ تا بزانم چەند لێتەوە دوورم/ من ئیدی بە تۆ موعتادم/ من تازە لە تۆدام/ من هەمیشە لە سنووری تۆ/ لە مەودای مێخەك/ لە بازنەی باراندام!

لەم دێرانەدا بۆمان دەردەکەوێت هەمیشە دوودڵییەک هەیە بۆ سەفەرکردن و گەڕان بە دوای شتە ونبووەکانی خوددا. هەموو ئەو هەستە سایکۆلۆجییانەی، کە لەم شیعرەدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، ئاماژەن بۆ جۆرێک لە ناسەقامگیریی خود. دیارە ئەو خودە بوونی پەیوەست بووە بە (ئەوی دیکە)وە، واتە خودێکی دیکە کە تەواوکەری خودی خۆیەتی، بگرە پێیەوە موعتاد بووە، ئەمەیش کۆمەڵێک پاڵنەری خەیاڵی و سایکۆلۆجیین کە وا دەکەن جۆرێک راکێشانی خودی لەنێوان کەسەکاندا دروست ببێت، هەر وەکو شاعیر لەم شیعرییەدا وێنای کردووە، بەڵام موعتادبوونی خود بە ئەوی دیکەوە وای کردووە شاعیر بە چەندین وێنەی جیا جیا گوزارشت لە ئەوی دیکە بکات. بۆ نموونە لە شیعری (تۆ لە کەس نەچوویت، کەس لە تۆ نەچوو) زۆر نائومێدانە گوزارشت لەو دۆخە سایکۆلۆجییە دەکات، لە کۆتایی شیعرەکەدا هاتووە:

تۆ لە كەس نەچوویت/ لەس لە تۆ نەچوو/
كەس وەك تۆ دڵڕەقانە/ خۆشی نەویستم/
كەس وەك تۆ میهرەبانانە/ جێی نەهێشتم!/
كەس لە تۆ نەچوو/ تۆ لە كەس نەچوویت/
كەس وەك تۆ... لە ئەزەلەوە بە دوامدا نەگەڕا!/
كەس وەك تۆ.... تا ئەبەد/ بزری نەكردم

لەم شیعرەدا چەندین مانای پێچەوانە و دژ بە یەک وێنا کراون، ئەمەش وا دەکات گشت دیوە شاراوەکانی بابەتێک بە شێوازی جیاواز بدۆزرێنەوە. بۆ نموونە پێکەوە گرێدانی (دڵڕەقی) و (خۆشەویستی) گوزارشتێکی جوانە لە دوو هەستی دژ بە یەک. ئەم دیوە دژ بە یەکانە هەڵگری خاڵی پۆزیتیف و نێگەتیڤن، بۆ نموونە ئەو کەسە گەڕیدەیەک بووە بە دوای (من)ی شیعرەکەدا، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ هەمیشە ونی کردووە. وابەستەبوونی خود بە ئەوی دیکەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، مرۆڤ لە ڕێگەی ئەوی دیکەوە هەست بە بوونی خۆی دەکات، دەکرێت بڵێین ئەوی دیکە وەکو ئاوێنەیەک وایە بۆ دەروونی ئەو کەسە، ئەمەش زیاتر لە شیعری (کە تۆ دێیت/ ڕەنگی بەیانییم



(دلاوەر) یەکێکە لەو نووسەرە ئەدەبییانەی لە گەڕانەوەیەکی بەردەوامدایە بۆ ڕابردوو، چونکە لای ئەو ڕابردوو کاتی بیرەوەری، فەنتازیا و دنیابینییەکی منداڵییە

لێدەنیشێت!) بەرجەستە بووە، وەکو هاتووە:

کۆ تۆ دێیت ژیان سادە دەبێتەوە/ سادەتر کە هۆنینەوەی ملوانکەیەکی/ پچڕاو/ ساکارتر لە خۆهەڵدانە/ نێو خەڵوەتی سەحرای زاهیدێك و/ هەڵقوڕاندنی جامێك ئاو/ کە تۆ دێیت/ مردن دەبێتە شتێك هاسان/ وەك بازدان بەسەر جۆگەیەکدا/ وەك داکەندنی کراسێکی دڕاو/ وەك هەڵزنینی نیوەڕوانی منداڵی/ بە دیواری ماڵی شاعیرێکدا و/ ڕووشانی ئانیشك و/ تەماشاکردنێکی خێرای/ قژداهێنانی ئاوێنە... بە شانەی با/ لەبەر هەتاو...

کەواتە ئەوی دیکە پاڵنەرێکی سەرەکیی هەستە سایکۆلۆجییەکانی شاعیرە، تا ئەو ئاستەی مردن دەبێتە شتێکی زۆر ئاسایی، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە لە چەندین تێکستی ئەدەبی و فەلسەفی ڕووبەڕووی ترس لە مردن دەبینەوە، وەکو ئەوەی لای (تۆڵستۆی) هەستی پێ دەکەین، کە ژیان هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی مردندایە. کەواتە ئەو کەسەی کە بوونی ئەوی پێوە بەندە و تەواوکردنی ناتەواوتییەکانی دەروونی شاعیرە، ئەوا لە پاڵ ئەمەدا کۆمەڵێک بۆشایی دەروونی لە ژیاندا پڕ دەکاتەوە، تا ئەو ئاستەی خودی ئێمە بە بێ ترس لە ژیاندا بژیێت و فۆبیای مردن بە سەریدا زاڵ نەبێت، بۆ ئەوەی بوونی لە ژێر رکێفی هەر هەستێکی نەگەیتڤ دەر بهێندرێت.

دەستکەوتنی ئەوی دیکە لە فۆرمێکی لەو شێوەیەدا، ئاسان نییە، چونکە هەمیشە مەودایەکی ڕەشبینانە لە شیعرەکانی (دلاوەر)دا هەست پێ دەکەین. ئەم ڕەشبینییە من زیاتر لە شیعری (من لە شارێکی زۆر دوورم) هەست پێ دەکەم. وەکو هاتووە:

دوور... لە پشتمانەوە/ سێ بەلەمەوانی تەنیا لەنێو زەریادا دیارن/ کڵاوەکانیان ڕاوەشاندووە/ پێدەچێ... خواحافیزی بکەن لە کەسێك/ لەمبەرەوە،/ یان سڵاو بۆ وێنەگرەکە بنێرن/ بایەك لە وێنەکەدا هەڵیکردووە/ تنۆکێك ئاو دەتکێتە سەر پێڵاوە ڕەشەکەت/ خاڵخاڵۆکەیەك لەسەر پەنجەی شایەتمان/ دەنیشتەوە/ دەنگی فڕینی ناکاوی کڵاوکۆڕەیەك... / هەورێك ڕادەچڵەکێنێ/ کە بەسەر دەوەنێکەوە خەوی لێکەوتووە/ نمە نمە دەنۆڕین/ وێنەگرەکە دەڵێ ئامادەوە/ ئێمە لەنێو بروسکە و شەستەبارانێکی ناکاو/ ون دەبین!...

سەرنج بدەین هەموو شتێک لەم شیعرەدا بە دۆخێکی ئاساییدا تێدەپەڕێت، کە فۆرمی جوان و تایبەتیان بە خۆیانەوە گرتووە. هەموو شتێک بە شێوەی خۆی و بە زمانێکی هێمن وێنا کراوە. بەڵام لە کۆتاییدا ئێمە ڕووبەڕووی چرکەساتێکی ڕەشبینانە دەبینەوە، ئەویش ونبوونە لە دۆخێکی هەرە هەستیاردا، لە کاتێکدا کە هەموو شتێک بە شێوەی ئاساییانەی خۆی دەگوزەرێت. کەواتە مەودایەک هەر هەیە بۆ ڕەشبینی.

**دەرئەنجام**

دنیابینیی (دلاوەر) جوانییەکی تایبەت بە خۆیی هەیە، خودی ئەو جوانییە پەیوەستە بەو تێڕوانین و دیدگایەی شاعیر لە ڕێگەیەوە تەعبیر لە ناوەوەی خۆی دەکات، گوزارشتکردنی لە خۆ (Self ← expression) خوێندنەوەی قووڵ هەڵدەگرێت، لای (هایدیگەر) گوزارشتکردن (expression)

# هەمیشە مەودایەکی ڕەشبینانە لە شیعرەکانی (دلاوەر)دا هەست پێ دەکەین

هۆی سەرەکییە و ئێمە لە ڕێگەیەوە دەتوانین لە مەبەستی بوونی خۆمان تێبگەین. (هایدیگەر) لە کتێبی (بوون و کات)دا ئەو پرسیارە دەورووژێنێت، کە مەبەست چییە لە تەعبیرکردنی بوونمان؟ (Heidegger/ Being and Time/ P.٣٥). ئەوەی من لە شیعرەکانی (دلاوەر قەرەداغی)دا دەیبینم، هەوڵی بەردەوامی ئەوە بۆ گوزارشتکردن لە خود.

(دلاوەر) زۆر کەرەستەی سەرنجراکێش بەکار دەهێنێت بۆ گوزارشت لە خود، بۆ نموونە لە شیعری (باوکە پەنجەرەکە بکەوە/ قسەیەک لە دڵمدا ماوە/ دەیڵێم ..!) لە وێنەیەکدا هاتووە:

ئێوارەیەك دادێ/ كوڕەكەم دێتەوەو... بۆتە عاشق/ پاڵتۆكەی دادەكەنێ و/ دەڵێ:/ وای باوكە/ چ بارانێكی قایمە لە دەرێ/ وای باوكە .. خەریكبوو/ ڕەهێڵە بمخوا/ وای باوكە.. هێندەی نەمابوو/ چەترەكەم/ بۆ دوور.. دوور بمرفێنێ و/ هەر بمبا/ وای باوكە.. وای باوكە/ تا گەیشتمەوە ماڵەوە/ هەزاران كەرەت دڵم شكا/ هەزاران جۆر تام لێهات/ هەزاران قەزەم هاتنە سەر ڕێم...

ئەمانە و چەندین وێنە شیعریی دیکە ڕەهەندی سەرسامکردن، ئیکزۆتیک و میتافۆری تێدا بەکار هاتووە. لەم وێنەیەدا ئەو گوزارشت لە قووڵیی ئازارەکانی عیشق دەکات، لە ڕێگەی کارەکتەرێکەوە هەستەکانی خۆی وێنا دەکات، ئەم شیعرە زیاتر لە شێوازی پێشبینیی expectationەوە نزیکە، کە ئەو پێشبینییە لە ڕێگەی ژینە ئەزموونی experience ڕابردوو دروست بووە، واتە دەکرێت بڵێین شاعیر لە ڕێگەی وێناکردنی داهاتووەوە، گوزارشت لە ڕابردووی خۆی دەکات.

(دلاوەر) یەکێکە لەو نووسەرە ئەدەبییانەی لە گەڕانەوەیەکی بەردەوامدایە بۆ ڕابردوو، چونکە لای ئەو ڕابردوو کاتی بیرەوەری، فەنتازیا و دنیابینییەکی منداڵییە. (دلاوەر) وەکو (شێرزاد حەسەن)، (کاروان کاکەسوور) و (یوسف عیزەدین) توانیویەتی لە ڕێگەی وێناکردنی ڕابردوویەکی گریمانییەوە، گوزارشت لە هەست و دنیابینیی ئێستای خۆی بکات، دیارە نووسەرانی دیکەش هەن کە هەوڵی لەم شێوەیان داوە.





# بەئێستاییکردنی شوێنی مێژوویی

## لە تێکستی (هەموو ڕێگەکان ناچنەوە ڕۆما...)ی دلاوەر قەرەداغی-دا

ئارام سدیق

### سەرەتا

شیعر بەتەمەنترین ژانری نێو مێژووی ئەدەبی کوردییە. هەر بۆیە زۆرترین قورسایی ژیان و ئازار و دەردەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە شیعردا جێی کراوەتەوە. ڕەنگە زۆرجار شیعر شانی هەڵگرتنی ئەو هەموو ئازار و برینانەی نەبووبێت، بەڵام شاعیرانی ئێمە هەر پەنایان بۆ بردووە و وەک دوا پەناگە و دڵفراوانترین

# پاش ڕاپەڕین شیعری کوردی هەنگاوی بەرەو ئەوە نا
# کە لەپێناو هونەری شیعردا بژی و بمێنێتەوە

ژانری ئەدەبی دڵی بۆ تەواوی ئەو ژان و ئازارانە کردۆتەوە. لە ئەحمەدی خانییەوە تا قانیع و بێکەس و شاعیرانی نوێ، شیعر سەنگەرێک بووە بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی کۆمەڵگە و ئازادیی تاک. شیعر لەگەڵ ئەوەی پەناگەی دەربڕینی ئازارەکانی تاک و کۆمەڵگە بووە، هاوکات دەروازەیەک بووە بۆ وشیارکردنەوەی تاکەکان و پیشاندانی ڕێگەکانی زانست و ئایندەیەکی باشتر.

لە پاش حەفتاکان، شیعری کوردی بەرگی شیعری بەرگریی لەبەر کردووە و بووە سەنگەرێک بۆ بەرگریکردن لە کوردبوون و مانەوە تا ئەو ئاستەی بووە بەرگریکەر لە خاکی نیشتمان و شانبەشانی مرۆڤە ئازادیخوازەکانی ئەو سەردەمە بجەنگێت و هانی خەباتی بەردەوامیان بدات. هەر بۆیە لە رووی هونەرییەوە زۆرجار شیعر بووەتە قوربانیی گەمە و ڕووداوە سیاسییەکان، بەڵام لە چەندین ڕووی ترەوە خزمەتی بە کۆمەڵگە کردووە. پاش ڕاپەڕین شیعری کوردی هەنگاوی بەرەو ئەوە نا کە لەپێناو هونەری شیعردا بژی و بمێنێتەوە، ئەگەرچی زۆرجار ڕووداوەکان بەشێوەی جۆراوجۆر کاریان تێکردووە، بەڵام ئەمە ئاستی تەکنیکی و مانایی دانەبەزاندە خوارەوە، چونکە هەمیشە ڕووداوەکانی کۆمەڵگە کاریگەرییان لەسەر شاعیر دەبێت و شاعیر ناتوانێ لە دەرەوەی ئەو ڕووداوانە بژی. بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەستیاریی شاعیر بەرامبەر ئەو بەرکەوتانەی بەری دەکەون.

ئەوەی مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینەیە قسەکردنە لەسەر شیعری (ڕێگەکان ناچنەوە ڕۆما، ڕێگەکان هەر هەموو دێنەوە بەر سەرا)ی دلاوەر قەرەداغی. ئەم شیعرە، شیعرێکی جیاوازی ئەم شاعیرەیە، بەو پێیەی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا نووسراوە، کە ئەویش خۆپیشاندانە دوو مانگییەکەی ئەمساڵی بەر سەرای سلێمانی بوو، بۆیە من ڕامان و وردبوونەوە لەسەر ئەم شیعرەم بەپێویستزانی بەو پێیەی شیعرێکە توانیویەتی کۆمەڵێک وێنەی ئەو ڕووداوانە بەشێوەیەکی هونەری بگوێزێتەوە. لێرەوە ئێمە لەسەر چەند ئاستێکی ئەم شیعرە قسە دەکەین، بەتایبەتیش ئەو بەئێستاییکردنەی شوێنی مێژوویی، کە بۆ من خاڵی سەرەکیی ئەم نووسینەیە.



شاعیرانی
نەوەی دوای
ڕاپەڕین
ئەوەندەی
گرنگی بە
ناوەڕۆک بە
پلەی یەکەم
و تەکنینکی
دەقەکە بە
پلەی دووەم
دەدەن،
ئەوەندە خۆیان
بە جوانکاری
لە ناونیشان
و هەڵبژاردنی
دەستپێکی
سەرنجڕاکێش
بۆ تێکستەکان
خەریک
نەکردووە.

## لەبارەی ناونیشانەوە

ئەگەر بە وردی سەرنجی ناونیشان لە شیعری دوای ڕاپەڕیندا بدەین، دەبینین بەشێکی زۆر لە ناونیشانەکان ناونیشانی درێژن، یان دروستتر بڵێین دێڕێک لە شیعرەکە، یان پەرەگرافێکی بچووک کراوەتە ناونیشان. بێگومان من ناتوانم لە ئێستادا و بە سەرپێیی حوکم لەسەر ئەم جۆرە لە ناونیشان بدەم، بەڵام ڕام وایە کە ئەمە وەکو دیاردەیەکی نوێی نێو شیعری کوردی دەردەکەوێت، کە لە شیعری هەریەک لە شاعیرانی نەوەی (دلاوەر)دا دەیبینینەوە و ئەم حاڵەتە لای (دلاوەر) بە تەواوی هەستی پێدەکرێت. بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ڕای تایبەتی منەوە هەبێت من ڕام وایە بەشێکی زۆر لەو ناونیشانانە هیچ هێزێکی هونەری و ئیستاتیکییان نییە و هەست بەوەش دەکرێت، کە شاعیرانی نەوەی دوای ڕاپەڕین ئەوەندەی گرنگی بە ناوەڕۆک بە پلەی یەکەم و تەکنینکی دەقەکە بە پلەی دووەم دەدەن، ئەوەندە خۆیان بە جوانکاری لە ناونیشان و هەڵبژاردنی دەستپێکی سەرنجڕاکێش

بۆ تێکستەکان خەریک نەکردووە.
لەم شیعرەدا (ڕێگەکان ناچنەوە ڕۆما، ڕێگەکان هەر هەموو دێنەوە بەر سەرا)، دلاوەر قەرەداغی ناونیشانێکی درێژی بەکاربردووە و هەمان مانا دەکرا بە چەند وشەیەکی کورتتر گوزارشتی لێبکرایە، بۆیە من رام وایە درێژیی ئەم ناونیشانە بەشێک لە ئیستاتیکای دەقەکەی کوشتووە، یان بۆتە زیان بۆی.
ئەگەر لە رووی بونیادەوە سەیری ناونیشانەکە بکەین، ناونیشانەکە گوزارشتە لە دوو شوێن کە زۆر دوورن لە یەکترییەوە و زیاتر وەکو دوو شوێنی دژ شاعیر بەکاری بردوون، کە ئەوانیش (ڕۆما) و (سەرا) کە هەردووکیان دوو شوێنی مێژوویی گرنگن، یەکەمیان لە زاکیری ئەوروپییەکان و بەشێکی زۆر مرۆڤایەتیدا بوونی هەیە، کە ئیمپراتۆریەتێک تێیدا حوکمی کردووە. هاوکات (سەرا)ش شوێنی فەرمانڕەوایەتی کردنی یەکێک لە میرە گەورەکانی کورد بووە، کە بابانەکانن. ئەمە بێجگە لەوەی لە مێژووی رابردووی بیستەمی شاری سلێمانیدا (سەرا) پێگەیەکی گرنگی هەبووە و ڕۆڵێکی بەرچاوی لە رووداوە مێژوویی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەم شارەدا هەبووە. بۆیە ئەگەر واز لە لایەنە هونەرییەکەی ناونیشانی ئەم شیعرە بهێنین، دەبینین ئەم ناونیشانە لە رووی واتاییەوە کاتێک شیکردنەوەی بۆ دەکەین، هەست بەوە دەکەین شاعیر بە مەبەست ئەم ناونیشانەی بۆ تێکستەکە هەڵبژاردووە.
ئەگەر کەمێک لە ناونیشان دوور بکەوینەوە بچینە سەر دەستپێکی شیعرەکە، بەر شوێنێکی تر دەکەوین کە ئەویش (بانە)یە. ئەم شوێنە لە زاکیرەی ئێمەی کورددا شوێنێکی دیار و جێگیرە و بەهۆی چەند پەندێکی کوردییەوە لە زاکیرەماندا چەسپاوە. بەڵام لێرەشدا شاعیر دیسان دژی ئەو پەندە وەستاوەتەوە و دەستپێکەکە بەمشێوەیەیە:
**ڕێگەکان نە دێنەوە بانە و/ نە دەچنەوە ڕۆما/ دواجار هەموو ڕێگەکان دێنەوە ئێرە/ دێنەوە بەر سەرا...**
ئەگەر لە پەندە کوردییەکەدا (هەموو ڕێگەکان دەچنەوە بانە) ئەوا لە ئێستاوە و پاش ئەو رووداوانەی سلێمانی و سووربوونی شەقام بە خوێنی نەوەکانی دوای ڕاپەڕین، هەموو ڕێگەکان دێنەوە سەرا. بەستنەوەی ئەم سێ شوێنە بەم شێوە دژە لەم دەستپێکەدا جوانییەکی تایبەتی بە دەقەکە بەخشیوە و بۆتە کلیک بۆ چوونە نێو جیهانی بەرفراوانی دەقەکەوە، کە هەر ئەم دەستپێکە بۆتە یاریدەدەر بۆ روونکردنەوەی تەواوی مەبەستی ناونیشانەکە. بەگشتی لەناونیشانەکەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە رووداو دەقەکەی خولقاندووە و هەست بە بوونی هەیمەنەی شوێن دەکرێن هەم بەسەر ناونیشانەکەوە و هەم لە دەستپێکی دەقەکە و هاوکات لە کۆی تێکستەکەشدا شوێن پێگەیەکی گرنگی هەیە، چونکە دواجار کۆی شیعرەکە گوێزانەی چەند وێنەیەکی نەبینراوی شوێنێکە، کە دوو مانگ بووبووە بەشێک لە دانیشتوانی سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری.

## شیعر و رووداو

لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی چەندین گۆڕانکاری جۆراوجۆرەوە هەر لە پەیدابوون و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و هەم لە بێرێزیکردنی بەشێک لە

بنووسانی شیعر بە شیعر، هەست بە کاڵبوونەوەی شیعر دەکرا لەنێو خوێنەر و وەخت بوو پەیوەندی نێوان ئەم دووانە تا بێت کاڵتر و کاڵتر بێتەوە. هاوکات بایەخنەدانی بڵاوکراوەکانیش بە شیعر و هەڵبژاردنی دەقی جوان و ئیستاتیکی دیسان بووە هۆی زیان بۆ سەر شیعر وەکو کۆنترین ژانری ئەدەبیی ئێمە.

ئەگەر بە وردی سەیری شیعری دوای راپەڕین بکەین دەبینین پەیوەندی دووانەی شیعر و رووداو بەشێوەیەک کاڵبووەتەوە، کە شیعر لە ئاستی هیچ کام لەو رووداوانەدا نەبووە کە روویانداوە، یان زۆر کەمن ئەو دەقانەی لە ئاست ئەو رووداوانەدابوون، کە روویانداوە، یان توانیویانە رووداوەکانی پێشتر بنووسنەوە و وێنە نەبینراوەکانی بهێننە گۆ. رەنگە (شێرکۆ بێکەس و جەمال غەمبار) دوو نموونەی زۆر دیاربن، کە توانیویانە لەسەر رووداوێکی وەک ئەنفال وێنە نەبینراوەکانمان بۆ بگوێزنەوە و لە رێی وشەوە گوزارشت لەو زامە بکەن کە ئەم کارەساتە کردییە رۆحی کۆمەڵگەی کوردییەوە، بەڵام دلاوەریش هەوڵی جوان و ناوازی لەم بوارەدا هەیە. رەنگە پێویست نەکات نموونە لە کارەکانی پێشتری ئەم شاعیرە بهێنینەوە، چونکە ئەم شیعرەی ئێستای باشترین و زیندووترین نموونەیە لەبەردەستماندا، کە هەوڵی بە شیعرکردنی رووداوەکانی پاش ١٧ی شوباتی داوە و وێنە نەبینراو و نەنووسراوەکانی (سەرا) بنووسێتەوە. سەرایەک کە بووبووە جێی کۆبوونەوەی هەموو رەنگەکان و هەموو ئەو بێدەنگانەی لەوێوە گوێیان لە دەنگی خۆیان و ئەوانی تر دەگرت.

(سەرا) لەم دەقەکەدا گەورەترە لەوەی ئێمە هەستمان پێکردووە و بەری کەوتووین دەردەکەوێت، چونکە ئەمەی شاعیر خولقاندوویەتی وێنە راستەقینەکەی (سەرا)یە، نەک ئەوەی ئێمە رۆژانە هەستمان بەری کەوتووە هەر لێرەوەیە کە باس دێتە سەر شاعیر وەکو کائینێک باس لەوە دەکرێت کە شاعیر کائینێکی هەستیارترە لە مرۆڤێکی ئاسایی چاوێکی تری هەیە، ئەو وێنانە دەبینێت کە مرۆڤەکانی تر نایبینن و توانای بینینیان نییە، خاوەنی هەستێکە کە ئەوانی تر توانای دەرککردنیان نییە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا جەختی لەسەر بکەمەوە ئەوەیە کە رووداوەکان شیعریان گەڕاندەوە بۆ نێو خەڵک، بۆ نێو ئەو کەسانەی کە وەخت بوو لە شیعر دوور بکەونەوە و چێژی شیعرخوێندنەوەیان بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو. بۆیە ئەم شیعرە دیسان دووانەی شیعر و رووداوی پێکەوە ئاشتکردەوە و ئەم دووانەیە هاوشانی یەکتری و بە هاوتەریبی خوێنەر تا دوا مەنزڵگەی لەگەڵ خۆیاندا دەبەن.

### شیعر و هەڵچوون

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم لەسەر هەردوو چەمکی شیعر و هەڵچوون بدوێم بەشێوەیەکی گشتی و هاوکات بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێم، کە ئایا ئەم شیعری دلاوەر لە هەڵچوونەوە سەرچاوەی گرتووە یان نا، ئەگەر هەڵچوونە چ جۆرە هەڵچوونێکە و تا چەند لە خزمەتی ئاستە هونەری و تەکنیکییەکانی دەقەکەدایە؟

ئەگەر بە سەرنجەوە لە شیعری کوردی بڕوانین دەبینین دەقگەلێکی زۆر وابەستەبوون بە رووداوەکانەوە و رەنگە ناسراوترین دوو چامەی



لە چەند ساڵی رابردوودا بەهۆی چەندین گۆڕانکاری جۆراوجۆرەوە هەر لە پەیدابوون و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و هەم لە بێزێزیکردنی بەشێک لە بنووسانی شیعر بە شیعر، هەست بە کاڵبوونەوەی شیعر دەکرا لەنێو خوێنەر و وەخت بوو پەیوەندی نێوان ئەم دووانە تا بێت کاڵتر و کاڵتر بێتەوە

نێو ئەدەبی کوردی، کە ڕووداو خولقاندوویانە دوو چامەکەی (نالی و سالم) بێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا ئەو دوو چامەیە لە ژێر کاریگەریی هەڵچووندا نووسراون؟ یان ئەو جۆرە هەڵچوونەی ئەو دوو قەسیدە نەمرەی خولقاندووە چ جۆرە هەڵچوونێکە؟ من لام وایە بەشێکی گرنگی نووسینی شیعر پەیوەندیی بە هەڵچوون و داچوونی دەروونیی خودی شاعیرەوە هەیە. ئەو بەشەی دەمێنێتەوە پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری و پاشخانی مەعریفیی شاعیرەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا لێی بدوێن ئەوەیە شاعیر چۆن هەڵچوون بە شیعر دەکات. بۆ نموونە کاتێک ڕووداوێک دەقەومێت، ڕاستەوخۆ کاریگەری لە دەروونی شاعیر دەکات؟ پاش ئەمە شاعیر کاردانەوەی لا دروست دەبێت و ئەو کاردانەوانەش لە ڕێی وشەوە دەردەبڕێت؟ بەڵام ئەرکی شاعیر لێرەوە دەستپێدەکات، کە ئەو کاردانەوانەی (هەڵچوونانەی) بەشێوەیەک بێت، کە تێکستێکی جوان و نەمر فۆرمەلە بکات، نەک تێکستێکی ڕاگوزەری بێت.

ئەگەر هەردوو چامەکەی (نالی و سالم) تەنها لە ژێر کاریگەریی هەڵچوونی چرکەساتیدا بوونایە و ئەو هەڵچوونانە لەشێوەی وشەی نەمردا فۆرمەلە نەکرانایە، ئەوکات ڕەنگە نە بە ئێمە دەگەیشتن و نە ئەو پێگە گەورە و سەرنجڕاکێشەیان لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەبوو. بۆیە بە شیعرکردنی هەڵچوونەکان چەندە پەیوەندیی بە گەورەیی ڕووداوەکانەوە هەبێت دوو هێندە پەیوەندیی بە چۆنێتیی خەلقکردنەوەی لەلایەن شاعیرەوە هەیە. شاعیر خالقی دووبارەی ڕووداوەکانە و لەسەر دەستی ئەو دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی کاتی بێت، یان بۆ زەمەنێکی دوور زیندوو بکرێنەوە.

(ئەلیۆت)ی شاعیر لای وایە شیعر گوزارشتکردن نییە لە مەشاعیر و سۆز و هەڵچوونەکان، بەڵکو هەڵهاتنە لە مەشاعیر و هەڵچوونەکان، هەروەها شاعیر گوزارشت لە خود، یاخود کەسێتیی خۆی ناکات، بەڵکو ڕاکردنە لێی و شیعر خەلقکردنە. دەتوانین بڵێین شیعر چەندە بەهۆی ڕووداوەکانەوە هەڵچوون لای شاعیر دروست بکات، بەڵام دواجار ئەوە هەڵچوونەکان نییە بڕیار لە داهێنانی دەق دەدات، بەڵکو شیعر تەنها خەلقکردنەوەی ڕووداوەکانە بەو چاو و هەستانەی شاعیر بەریان کەوتووە. بێگومان بۆچوونەکەی (ئەلیۆت) تاڕادەیەک ڕاستیی تێدایە، بەڵام ناکرێت ئەم قسەیە بە موتڵەقی بکرێت و پێویستە ڕێژەیەک بۆ گوزارشتکردنی لە خودی شاعیر بهێڵرێتەوە، چونکە شاعیریش هەقی نووسینەوەی خۆی هەیە.

(ئەلیۆت) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا (نەریتەکان و توانای تاک) باس لەوە دەکات: (پێویست ناکات شاعیر بە دوای هەڵچوونی تازەدا بگەڕێت، بەڵکو لەسەریەتی ئەو هەڵچوونانەی هەن بەکاریان بهێنێ بۆ ئەوەی ئیحساسی وای لێدەربهێنێت، کە بە هیچ شێوەیەک لە هەڵچوونی ئاساییدا نەبێت). وەک دەبینین لێرەشدا ئەم شاعیرە دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە شیعر خەلقکردنە و پێویستە شاعیر خۆی شتی نوێ خەلق بکات، نەک هەڵچوونەکان بنووسێتەوە، یان بەردەوام بەدوای هەڵچوونەکانییەوە بێت.

ئێستا کاتی ئەوەیە بەداوی وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێین ئایا (دلاوەر قەرەداغی) ئەم شیعری لەژێرکاریگەری هەڵچوونەدا نووسیوە یان نا؟ ئایا

# ئەم شیعرەی دلاوەر ئەگەرچی هەست بەوە دەکرێت لە هەڵچوونەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام هەڵچوونێکی نالی و سالم ئاسایە



ئەزموونی شیعری (دلاوەر) ئەزموونێکی تایبەتمەندی شیعرییە، ئەزموونێکە بەردەوام هێمنە و کار لەسەر ئەو شتە بچووک و نەبینراوانە دەکات، کە رەنگە زۆرجار بۆ ئێمە گرنگ نەبن، بەڵام شاعیر دێت لە رێی دواندنی ئەو شتە نەبینراو و بچووکانەوە گرنگی و بایەخیان دەخاتەڕوو

ڕەنگدانەوەی هەڵچوون لەم شیعرەدا چەندە و تا چەند شاعیر توانیویەتی هەڵچوون بەشیعر بکات. بێگومان ئەزموونی شیعری (دلاوەر) ئەزموونێکی تایبەتمەندی شیعرییە، ئەزموونێکە بەردەوام هێمنە و کار لەسەر ئەو شتە بچووک و نەبینراوانە دەکات، کە رەنگە زۆرجار بۆ ئێمە گرنگ نەبن، بەڵام شاعیر دێت لە رێی دواندنی ئەو شتە نەبینراو و بچووکانەوە گرنگی و بایەخیان دەخاتەڕوو. واتە شتەکان خۆیان گرنگن، بەڵام ئێمە هەستمان پێیان نەکردووە و (دلاوەر) دێت و ئەو شتانە دەخاتەوە شوێنی خۆیان و دەیەوێت بە گرنگییەوە لێیان بڕوانین.

کاتێک دەوترێت ئەزموونی شیعری (دلاوەر) ئەزموونێکی هێمنە مانای ئەوە نییە کە هەڵچوون لە شیعری ئەم شاعیرەدا ئامادەیی نییە، یان (دلاوەر) تووڕە نابێت و تووڕەیی لەنێو دەقەکانیدا نادۆزینەوە. نەخێر بە پێچەوانەوە (دلاوەر)یش شاعیرێکی توڕەیە، بەڵام تووڕەیی ئەم شاعیرە بە هێمنییە، هەر خودی ئەم شیعری کە ئێمە لێی دەدوێین بەشێکە لە تووڕەیی ئەو، بەشێکە لەو هەڵچوونانەی ئەو کە رۆژانە بەر تووڕەی نەوەی نوێ و کەسوکاری ئەو شەهیدانە کەوتووە، کە لە (سەرا) بینیوونی. ئەم شیعر چەندە بە هێمنی گوزارشت لە خۆی دەکات، دوو هێندە بە تووڕەی دەماندوێنێ تا ئاستی ئەوەی بمانخاتە گریان. چونکە قوربانییەکان ئاواتیان هەیە و لەم شیعرەدا دەدوێن.

گومان لەوەدا نییە ئەم شیعرە پاش هەڵچوونێک نووسراوە، بەڵام هەست بەو هێمنییە دەکەین، کە باڵی بەسەر تەواوی شیعرەکەدا کێشاوە و بەتەواوی درێژکراوەی ئەو هێمنییەی ئەزموونی ئەم پیاوەیە. دلاوەر لەو شاعیرانەیە، کە تووڕەیی و هەڵچوونەکانی لە پشت دەقەکانەوە دەشارێتەوە و نایەوێت بە رووخساریانەوە دیار بێت. ئەم شاعیرە لەم حاڵەتەدا تەواو لە شاعیری فارس (سهراب سپهری) دەچێت چۆن ئەویش تووڕەیی هەڵچوونەکانی لە پشت دەقەکانییەوە دەشاردەوە، دلاوەریش هەمان کار دەکات، یان دروستتر بڵێم خاڵی لێکچوونی ئەم دوو شاعیرە لەم خاڵەدایە.

دواجار ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە ئەم شیعرەی دلاوەر ئەگەرچی هەست بەوە دەکرێت لە هەڵچوونەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام هەڵچوونێکی نالی و سالم ئاسایە. یان لەو هەڵچوونانەیە کە (شێرکۆ بێکەس و جەمال غەمبار) لە دەقەکانیاندا بۆ ئەنفال هەستی پێدەکرێت، واتە هەڵچوونێکی فۆرمەلەکراوە و شاعیر دەسەڵاتی ڕاوکردنی ئەو وێنانەدا هەبووە، کە لە (سەرا)دا بوون و ئەم هاتووە دووبارە فۆرمەلەی کردوونەتەوە. بەگشتی من لام وایە شیعر و هەڵچوون دووانەیەکن دەکرێت بەریەک بکەون، دەکرێت شاعیر سوود لە هەڵچوونەکان ببینێت، بەڵام بەشیعرکردنی هەڵچوونەکان شاعیر دەکاتە شاعیرێکی نەمر و داهێنەر.

## بەئێستاییکردنی شوێنی مێژوویی

یەکێک لەو خاڵانەی دەمەوێت لەسەری بوەستم بایەخدانی شاعیرە بە شوێن. ئەم بایەخدانە بەشێوەیەکە شوێن وەکو سەنتەرێک بۆ ڕووداوەکان دەردەکەوێت. سێ شوێن لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی دیاردەردەکەون کە ئەوانیش «بانە، رۆما و

سەرا»ن. هەر سێ شوێنەکە وەکو سێ شوێنی مێژوویی بەدەر دەکەون، بەڵام شوێنی سێیەمیان کە (سەرا)یە وەکو شوێنێکی هۆگر دەردەکەوێت. لێرەدا نامەوێت لەسەر جۆرەکانی شوێن بدوێم، بەڵام بەشێوەیەکی کورت تیشک دەخەمە سەر ئەو دوو جۆرەی کە پێویستن بۆ ئەم باسە.

شوێنی مێژوویی لای (د.ئیبراهیم جنداری) ئەو شوێنانەیە، کە بۆنی سەدە و نەوەی رابردوویان لێدێت، بە ئاماژەکردن بە ریشەی قووڵی مێژوویی شوێن، یان ئەو شوێنانەی کە پەیوەندییان بە رەوتی کاتەوە هەیە، پەیوەندییان بە سەردەمی رابردووەوە هەیە. هەردوو شوێنی (بانە و رۆما) کە دوو شاری جیاوازن و یەکەمیشیان وەکو شوێنێکی هۆگریش دێتە بەرچاو بە لەبەرچاوگرتنی پەندە کوردییە و کوردبوونی شاعیر، بەڵام لە ئاستە گشتییەکەیدا مامەڵەیەکی مێژووی لەگەڵدا کراوە بەو پێیەی ئاماژەیە بۆ ئەو پەندەی لە پێشووتر خستمانەڕوو. بەڵام (رۆما) بەتەواوی مامەڵەی شوێنێکی مێژوویی لەگەڵدا کراوە. یان دروستترە بڵێم ئێمە لە تێکستەکەدا بەو شێوەیە دەیبینین.

هەرچی شوێنی هۆگریشە ئەو شوێنەیە کە تاک تیایدا بەشێکە لە کۆمەڵێکی مرۆیی و پەیوەندی هەیە پێیانەوە، هەستەکانی و پێویستییە رۆحییەکانی لەو شوێنەدا تێربووە و هزر و یادگاری و خەونەکانی تیا ئاوێتە بوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەو ژینگانەدا سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە.

رەنگە دیارترین پرسیار ئەوە بێت چۆن (سەرا) دەبێتە شوێنێکی هۆگر. ئەگەر ئێمە واز لەو پەیوەندییەی نێوان خودی شاعیر و سەرا بهێنین و تەنها لەدەقەکەوە سەیر بکەین دەبینین لەوێشدا بەشێوەیەکی بەرچاو سەرا دەبێتە شوێنێکی هۆگر.

(سەرا) لە زاکیرەی خەڵکی سلێمانیدا شوێنێکی رەمزییە بۆ زۆر شۆڕش و جوڵانەوەی سیاسی و فەرهەنگی و کولتووریی ئەم شارە. بۆیە (سەرا) لە زاکیرەی هەموو تاکێکی خەڵکی سلێمانیدا شوێنێکی هۆگرە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە (سەرا) لەم شیعرەدا بووەتە شوێنێکی هۆگر و شاعیر چەندجارێک ئەمەی ناڕاستەوخۆ دووبارە کردۆتەوە:

**لە سەرا بە کۆمەڵ رادەوەستین و وێنە دەگرین/ لەسەرا دەزانین چ عاشقین/ لە سەرا بە چاو تەماشای یەکدی دەکەین/ لە سەرا دەزانین چ بەچێژە راوەستان لەگەڵ خەڵك...**

لە تەواوی ئەم دێڕانەدا هۆگربوونی شاعیر بەو شوێنەوە، کە سەرایە دەبینینەوە و هەربۆیە ٢٥ جار راستەوخۆ وشەی (سەرا)ی بەکارهێناوە، ئەمە بێجگە لەوەی ناڕاستەوخۆش ئاماژەی بۆ هەمان شوێن کردووە، وەکو (بەردەرکی ئازادی)، کە دیسان ئەمەش هێمایە بۆ (سەرا).

لەگەڵ ئەوەی (سەرا) شوێنێکی مێژوویی شاری سلێمانییە و چەندین رووداوی جۆراوجۆری تێدا تۆمارکراوە، بەڵام ئەوەی لەم شیعرەدا دەبینرێت مامەڵەیەکی ئێستاییانەیە. مامەڵەکردنی دلاوەر مامەڵەکردنێکی مێژوویی نییە لەگەڵ سەرادا، بەڵکو مامەڵەکردنێکی ئێستاییانەیە ئەوە ئێستای سەرایە هاتۆتە نێو شیعرەکەی دلاوەر، نەک ئەو سەرایەی کە شێخ مەحمود حکومەتەکەی تێدا جاڕداوە و لە ٦ ئەیلولی ١٩٣٠دا یەکەم خۆپیشاندانی خوێناویی تێدا کراوە، کە بەشێک لە مێژوونووسان وەک یەکەم جوڵانەوەی مەدەنیی ئەم پارچەیەی کوردستان ناوی

# شاعیر زۆر بە وریاییەوە (سەرا)ی لە شوێنێکی مێژووییەوە کردووە بە شوێنێکی ئێستایی

دەبن. دلاوەر ئێستای سەرا دەدوێنێت و وێنەی ئێستا بەشیعر دەکات. بۆیە مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ ئەو شوێنە مێژووییەی کە (سەرا)یە گۆڕیوە بۆ مامەڵەکردنێکی ئێستایی، هەر بۆیە من ئاماژەم بۆ ئەوە نەکرد کە (سەرا) وەکو شوێنێکی مێژوویی بناسێنم، چونکە (سەرا) ئامادەبوونێکی مێژوویی نییە لەم دەقەدا. دلاوەر نایەوێت ئامادەبوونێکی مێژوویشی هەبێت، بەڵکو ئەو (سەرا)ی ئێستای لا مەبەستە، نەک سەرای رابردوو. ئەو لەگەڵ (سەرا)ی ئێستادا دەژی، نەک رابردوو. هەر بۆیە تەواوی ئەو هەیمەنەی شوێنەی لەم دەقەدا دەبینرێت تەنها بۆ بەئێستاییکردنی شوێنێکی مێژووییە، چونکە ئەوە ئێستایە جوانی و نەمری بەم شوێنە دەداتەوە و ئەم شوێنە لە زاکیرەی، نەک تەنها خەڵکی سلێمانیدا، بەڵکو تەواوی کوردانی لە هەموو دنیا دەبێتە شوێنێکی هۆگر. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە سەرا لەم دەقەدا بۆتە سەنتەری دەقەکە.

## لەبری کۆتایی

من لێرەدا تەنها ئەوەندە دەرفەتی لەسەر وەستانم بۆ ئەم دەقە هەبوو، بێگومان ئەم شیعرە رەهەندی ترو دنیابینیی تریشی لەخۆگرتووە، کە دەکرێت قسەی لەسەر بکرێت و رەنگە ئەمەی لێرەدا خرایەڕوو تەنها خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بێت بۆ ئەم تێکستە، بەڵام هەڵدەگرێت لە چەند لایەنێکی تریشەوە خوێندنەوە و شیکردنەوەی بۆ بکرێت. خاڵی دیاری ئەم دەقە کە منی بۆ لای خۆی راکێشا ئەو بە ئێستاییکردنەی شوێنی مێژوویی بوو، شاعیر زۆر بە وریاییەوە (سەرا)ی لە شوێنێکی مێژووییەوە کردووە بە شوێنێکی ئێستایی، کە ئەمە خاڵێکی گرنگ و جەوهەری دەقەکەیە و لام وایە هەر ئەم تایبەتمەندییە وەربگرێت دەقەکە دەکاتە دەقێکی نەمر و داهێنەرانە. بەو هیوایەی خوێندنەوەی لایەنەکانی تری ئەم دەقە پشتگوێ نەخرێت، چونکە رووداوەکانی ئەو دوو مانگەی خۆپیشاندانەکان چەندە گەورە بووبن، ئەم شیعرەی دلاوەریش ئەوەندە جوانیی لەخۆگرتووە. واتە لە دەقەکەی دلاوەردا هەست بە گۆڕانێکی سیستماتیکی لە پێناسی (سەرا)دا دەبینین لە شوێنێکی مێژووییەوە بۆ شوێنێکی ئێستایی و دواجاریش وەکو شوێنێکی هۆگر لە دەقەکەدا دەمێنێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

*دلاوەر قەرەداغی، رێگەکان ناچنەوە رۆما، رێگەکان هەر هەموو دێنەوە بەر سەرا، شیعر، رۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە (٧٢٠) رۆژی (٢٠١١/٤/٦).

*د.شکری عەزیز، تیۆری ئەدەب، وەرگێڕانی: پ.ی.د.سەردار حەمەد گەردی، چاپخانەی ماردین هەولێر (٢٠١٠).

*تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، بینایی شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی کوردیدا-لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠١١).



# گوتاری من ـ یۆتۆپیای منداڵی

## خوێندنەوەی قەسیدەی «ڕووتوقوت وەك ئاو»

**ئازاد سوبحی**

**لە عەرەبییەوە: حسەین لەتیف**

ڕووتوقوت وەک ئاو، قەسیدەیەکی «دلاوەر قەرەداغی»ی شاعیرە. دلاوەر لەو دەنگە نوێیانەیە قەسیدەکانی سەرنجی ڕەخنە بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن. من لێرەدا هەوڵ دەدەم خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ

# منداڵی خاوەن ئامرازێکی تایبەتییە بۆ بەرکەوتن لەگەڵ جیهانێکدا کە پشت بە ڕەمزاندنی جیهانەکە دەبەستێت

قەسیدەکە بکەم، بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەوانەی دەقەکە لە روخساردا ئەیەوێت بیانلێت و لە دووتوێی زمانەکەیدا شاردویەتییەوە، ئەو نهێنی و ئاماژانەی لەناو جیهانبینیی دەقە شیعرییەکە خستوونییەتییە روو. هەندێک چەمکی فرۆیدیم بەکار هێناوە دەربارەی گوتاری من، بۆ ئەوەش سوودم لە خوێندنەوەی کتێبێکی نوێی جۆرج تەرابیشی بینیوە بەناوی (رۆشنبیرانی عەرەب و کەلەپوور، شیکردنەوەی دەروونی بۆ عوسابی دەستە جەمعی). ئەو دەقە شیعرییەی دەمانەوێت خوێندنەوەی بۆ بکەین روانینێک دەخاتە روو نزیکە یان نزیک دەبێتەوە لە روانینێکی منالانە بۆ جیهان و رابردوو. لە وتارەکەدا هەندێک چەمکی زەمەنیم بەکارهێناوە بەو پێیەی قەسیدەکە لە بنەڕەتدا گرفتارە بە دەست ئاستەنگی خۆشاردنەوە لەرابردوودا و کرانەوە بەسەریدا تا ئاستی تواندنەوە تیایدا، بەتەریبی هێڵێکی تر، ئەوەش وەستانێکی نیگەرانانەیە بەرانبەر بە منی داخراو و نادیار و داماڵراو لێی بەهۆی ئەو گرێیەوە رابردوو بۆی دروست کردووە بەو سیفەتەی یۆتۆپیا شیاوی نوێبوونەوەو ژیانەوەیە.

نووسین و منداڵی دوو دەربڕینن لەسەر ئاستی زەمەن لەیەکتر دووردەکەونەوە، دوورکەوتنەوەیەک تا ئەو ئاستەی رێگا بە بوونی ئاماژەیەکی لاواز نادات بۆ نزیکبوونەوە لێیان. بەڵام لەسەر ئاستی روانین و بەرکەوتن لەگەڵ دەرەوەدا، نووسین و منداڵی لەمیانەی خاڵگەلێکی یەکتربڕو دیاریکراودا لێکتر نزیک دەبنەوە. لێرەدا مەبەستم لەمناڵی ئەو قۆناغە زەمەنی و تەمەنییە نییە کە دوای لەدایکبوون دەستپێدەکات، چونکە مناڵی وەک روانینێکی سەرسامانە بەرانبەر بەجیهان، پشت بە پاشخان نابەستێت، بەڵکو لەخۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، روانینێکی تەواو نوێ و هەمیشە نوێبووەوەیە. ئاماژەی سەرسامی و پرسیارگەلێک هەڵدەگرێت و لە چوارچێوەی پەیوەندییە سیمبوڵی و لێکچووەکاندا نەبێت شتەکان نابینێت. کەواتە منداڵی روانینێکی کارایە بە ئاراستەی شتەکان و لەهەمانکاتدا بەیەکداچوون لەگەڵیاندا هەیە و مانای وایە بەرگری لە تایبەتمەندیی ئەو رەگەزانە دەکات کە بەشێکی گرنگ و جەوهەری لەو روانینە «منداڵی» بۆ جیهان پێکدەهێنن و وەک «بوونەوەرێکی نامۆ» هەڵوێستە بەرانبەر دەرەوە دەکات.



نووسین و منداڵی
دوو دەربڕینن
لەسەر ئاستی
زەمەن لەیەکتر
دووردەکەونەوە،
دوورکەوتنەوەیەک
تا ئەو ئاستەی
رێگا به بوونی
ئاماژەیەکی
لاواز نادات بۆ
نزیکبوونەوە
لێیان. بەڵام
لەسەر ئاستی
روانین و
بەرکەوتن لەگەڵ
دەرەوەدا،
نووسین و
منداڵی لەمیانەی
خاڵگەلێکی
یەکتربڕو
دیاریکراودا لێکتر
نزیک دەبنەوە

منداڵی خاوەن ئامرازێکی تایبەتییە بۆ بەرکەوتن لەگەڵ جیهانێکدا کە پشت بە رەمزاندنی جیهانەکە دەبەستێت بە گوێرەی خەیاڵێک کە تایبەتە بە فراوانکردنی ڕووبەری خاوەندارێتی. ڕوانینی منداڵی بە پلەی یەکەم پشت نەبەستنە بە بەرهەست و بابەتی لە لۆجیکدا، بەڵکو بزووتنە لە ناو لۆجیکی منی تاقانەدا. بەو شێوەیە نووسین و منداڵی بەیەک ئاراستەی دژ لە خودەوە بەرەو بابەت دەجوڵێن. هەروەها لە ناوەوەش بۆ دەرەوە. نووسین هەوڵی گۆڕینی جیهان/ بابەت دەدات بۆ کەرەستیەک شیاوی ئەوە بێت بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خەیاڵەوە، خەیاڵی نووسین خەیاڵێکی سەرکێشە «وەک منالْ»، لە خاڵێکی دیاریکراودا ناوەستێت مەگەر دەسەڵاتی بەسەردا بگرێت و ئامانجی دروستکردنی جیهانێکی جیاواز بێت لە جیهانی هەبوو، بەوەش لەیەک کاتدا پرۆسەی ناولێنان و تێپەڕاندنی ئەو جیهانە دادەمەزرێت.

نووسین: منداڵی، بزاوتێکی ئاشکراکارییە و لە ئاسکی شتەکان و سەرەتا شاراوەکانییەوە دەست پێدەکات و هەمیشە بە سەرسامی لەبەردەم ئەوەدا دەمێنێتەوە کە ئاشکرای دەکات و دەیبینێت بەبێ پشتبەستن بە جێگیر و زانراوەکان. بە دەربڕینێکی تر نووسین/ منداڵی لە دوو خاڵی جەوهەریدا وەکو یەکن،

یەکەمیان: کردەیەکە لە (من)ەوە سەرچاوە دەگرێت و هەوڵی بەرجەستەکردن و بەدیهێنانی منێتیی سەربەخۆ دەدات، ئەوەش بەهۆی زاڵبوون بەسەر (دەورووبەردا). دووەمیشیان گۆڕینی جیهان و ڕەگەزو پێکهاتەکانێتی لە مەنتیقی واقیعی بابەتییەوە بۆ مەنتیقی خەیاڵ و گۆڕینی جیهان لە کەرەستەوە بۆ ڕەمز و لە بابەتەوە بۆ ئایدیا. لە ڕەمزاندنی شتەکاندا خەیاڵی مناڵ لە خەیاڵی شاعیر و نووسەر نزیکدەبێتەوە... باوک: سەرکردە، دایک: نیشتمان...هتد. پرۆسەیەکە لە دروستکردنی مانای دووەم لەمانای ئەسڵی نزیک دەبێتەوە.

ناونیشانی قەسیدەکە «رووتوقووت وەک ئاو»ە، ناوی (ئاو) پێشتر لە دەقەکەدا هاتووە، بۆ ئەوەی ببێت بە خاوەنی پێشینە. لە سەرەتادا دەبێتە ڕستەیەکی تایتڵی، ئاو ناوەو رووت ئاوەڵناوە، ناونیشانی قەسیدەکە لە ناوێک و ئاوەڵناوێک پێکدێت، لێرەدا ئاوەڵناوەکە ئاوەو رووتی و روونی و پاکێتی لە تایبەتمەندییەکانێتی، هەر تایبەتمەندییەک لەمانە توانای دەرخستنی ئەوی تری هەیە، ڕۆشتنی ئاو شتەکان رادەماڵێت و لەوێشەوە ڕوونی ئاو دەردەکەوێت و لەمیانەیەوە شتەکان بەشێوەیەکی روون و لە ناو بزووتنێکی بەردەوام لە ئاودا دەردەکەون. ئەم بزووتنە وا لە ئاو دەکات چێژ لە سیفەتی هەمیشەیی و خودی خۆی ببینێت، بەڵام ئەو سیفەتە کە ڕووتبوونەوەیە لە سیفەتە بنەڕەتییەکانی ئاوە، لەوێدا ئاوێک نییە ڕێگا بە رووپۆشێکی دەرەکی بدات، ئاو خۆی لەیەک کاتدا جەستە و ڕووپۆشە، ئەو ناوەوەیە بۆ گشت دەرەوەیەک (لە میانەی بزووتنەکەدا) بزووتنێک ئاو خۆی دیاریدەکات ,کەواتە ناونیشانی قەسیدەکە بەمجۆرە دەبێت:

ناو: ئاو، ئاوەڵناو: ڕووت.

دلاوەر قەرەداغیی شاعیر وشەیەکی تری بەکارهێناوە بۆ پێکەوە بەستنەوەی سیفەتەکە بە مەوسوف یان ئاوەڵناوەکەوە ئەویش (وەک)ە، بۆچی نووسەر بەتەنها بەئاوەڵناوەوە نەوەستاوە، ناوی (ئاو)یشی بۆ زیادکردووە؟ پێم وایە لەوەدا چوونیەکییەک و پەسەندکردنێک هەیە، چوونیەکییەکە لە وەکیەکیی هەردوو مەدلوولی ئاو و ڕووتیدا دەردەکەوێت بەو سیفەتەی هەردووکیان یەک واتا بەیان دەکەن ئەویش داماڵین و دەرکەوتنە بە روونی، بەڵام پەسەندکارییەکە لەوەدایە پەی دەبەین بەوەی سیفەتی (ڕووتی) بەس نییە بۆ چڕکردنەوەی واتا و بەرجەستەکردنی، مەگەر لە ڕێگای پاشخانێکی دەوڵەمەندو لەجێگەی ئاماژەیەک بێت بۆ پاڵپشتێکی دەلالی و جەوهەری. ئەوەش ناوی (ئاو)ە. ئەم پرۆسەیە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ئاو لەخودی رووتی زیاتر ڕووتە. سەرەڕای ئەوەش ئاو بەسروشتی خۆی ڕووتە، بەڵام هۆکارێکی گرنگە بۆ ڕووتکردنەوەو پاککردنەوە و داماڵین. سیفەتی ڕووتبوونەوە ئاماژەیەکی داخراو دەدات بەخۆی و واتایەکی باوی هەیە. بەڵام ناوی (ئاو) هەڵگری سیفەت و تایبەتمەندیی دەلالی و ئەفسانەیی ئەفرێنەرانەیە.

دەقە شیعرییەکە بە خودێکی قسەکەر دەستپێدەکات و وتراوی دەقەکە پشتئەستور و دەوڵەمەند دەکات. لە سەرەتای خوێندنەوەکەوە هەست بەتەنهایی ئەم خودە دەکەین لە ڕێگەی ئەو موفرەدات و وشانەوە دەریدەبرێت جگە لەتەنهاییەکی قوڵ و توند گوزارشت لە هیچی تر ناکەن، لەوەشدا دەربرینی ڕاستەوخۆو چڕ لەبارەی خودی تەنیا و لەبیرکراو لەئارادایە. لەبەشی یەکەمی قەسیدەکەدا، ئەو خودە لەمیانەی وتراوی ڕەمزی و لێکچوویی چڕەوە لە ڕێگەی لاڵانەوەیەکەوە دەدوێت، سیانزە وشەو موفرەدە کە






دەستەواژەی (ئێمە) لەگەڵ دەستەواژەی (من) لە قەسیدەکەدا وەک یەکە لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە هەردوو دەستەواژەکە لە گوتاری خودەوە سەرچاوە دەگرن، هەردووکیان نموونەیەک لە نموونەکان لەو گوتاردەدا پێکدەهێنن

سروشبەخشی مانەوەو تەنیایین لەسەر زمانی راناوی قسەکەرەوە بەکار دەبات، ئەو بەکاربردنەش لەمیانەی ڕستەگەلێکی ناباو و کتوپڕی دایە لە دروستبوونی وێنەی شیعریدا. لە سەرەتای قەسیدەکەدا لێکچونێکی زۆر هەیە وەک (رووخانی ئێوارەکان)و خود لە لەناوچوونیدا (لە بەفرێکی نامۆی ترسناک) دەچێت ،پاش ئەوەش (باڵندەکانی ئێواران )دێن وەک لێکچوونێکی حاڵەتی تەنیایی، بەڵام لێکچوونێکی زۆر دەلالی و بەهێز، دەرکەوتنی خودە لە شێوەی پیرێکی تەنیادا (پاشتریش لەسەر تێکەڵبوونی زەمەنی دەلالی بەسەر پیریدا دەدوێم).

لەبەشی یەکەمی قەسیدەکەدا منی قسەکەر بە شێوەیەکی گشتی موفرەدەکانی و لەیەکچوونە دالییەکانی لەسەر تەنیایی ئامادەبێت. پاش ئەوە من ئەوی تر دەدوێنێت لە (ئەسپە جوانەکەم) و (ئەسپە گلاوەکەم)دا دەردەکەوێت، تەنها لەمیانەی دواندنەوە پەی بەوە دەبەین ئەو خودەی جیهانێکی لەتەنیایی چنیوە جگە لە دلاوەر قەرەداغیی شاعیر خۆی کەسی تر نییە، لە کاتی دواندنی ئەسپەکەیدا حەقیقەتی خۆی ئاشکرادەکات و دەمامکەکەی فرێدەدات. لێرەشدا گلانی سوارەکە دەبینین کە شاعیر خۆیەتی. داننان بە گلان و داننان بە نووسینی شیعردا سمبولییەتی ئەسپەکە دروست دەکەن کە لە گرێی سوارەکەوە پاش گلانی سەرچاوە دەگرێت، پاشتر لەسەر ئەمەش قسەدەکەین.

تا ئێستا ستراتیژیەتی قەسیدەکە لەسەر بنەمای وتراوی خود بونیاد نراوە، بەڵام پاش ئەوە راناوی قسەکەر لەمنەوە دەگۆڕێت بۆ ئێمە، لە گوتاری تاکەوە بۆ گوتاری گروپ، بۆ دواندنی گروپێکی تر و هەروەها لێرەوە (شوێن) دەردەکەوێت وەک لەم دێرەدا دیارە (ژوورێک بە پانتایی قەسیدەیەک) و لەهەمان کاتدا دوو عاشق لەفۆرمی جووت (موسەننا) دا دەردەکەون. لێرەدا تێبینیی بەکاربردنی هەموو راناوەکان لە تاک و جووت و کۆ دەکەین، دوو عاشق لە ئاو دەچن، عەشق دەکەن و هەمیشە دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکە. رووتوقوت وەک ئاو. لە ئامادەبوونی دوو عاشقەکەدا دەق جەخت لەسەر دەسەڵاتی شوێن و هێزی ناونیشان دەکات (رووتوقوت وەک ئاو). قەسیدەکە دەڵێت (دوو غەریب رووتوقوت وەك ئاو/ هەمیشە بە بێدەنگی لە خەمی ئێمەدا بوون/ ئەو ژووره ناوەندی گەردوون بوو).

ئەم ئامادەکردنەی دوو غەریبەیە و ئەو گۆڕینە لە منەوە بۆ (ئێمە) گۆڕانێک نین لە نەخشەی هەرەمی قەسیدەکەدا، چونکە گۆڕان و ئاڵوگۆڕەکە بەر ستراتیژیەتی دەقەکە ناکەون. دەستەواژەی (ئێمە) لەگەڵ دەستەواژەی (من) لە قەسیدەکەدا وەک یەکە لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە هەردوو دەستەواژەکە لە گوتاری خودەوە سەرچاوە دەگرن، هەردووکیان نموونەیەک لە نموونەکان لەو گوتاردەدا پێکدەهێنن. بەڵام چۆن لێکچون لەنێوان دوو دەستەواژەی جیاوازدا (من/ ئێمە) دروست دەکرێت؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە شیاوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بنەڕەتی دەستەواژەکان لە قەسیدەکەدا لەسەر ئاستی دەلالی. لە قەسیدەکەدا خودێک گوتاری تایبەتی خۆی لەڕێگای چەمکی یەکبوون و جیابوونەوە لە رابردوو دەخاتە ڕوو. ئەم خودە لە پەیوەندییەکی دوانەییدا جارێک بەهۆی راناوی (من)، جارێکی تر بەهۆی راناوی (ئێمە)وە دروست دەبێت، ئەوانەش دەگەڕێنەوە بۆ چییەتی و پاشخانی هاوبەش کە بریتییە لە زەمەنی منداڵی، یاخود گوتاری منداڵی. لە ژێر چەتری ئەم گوتارەدا میتافیزیکای منداڵی ئامادە دەبێت، میتافیزیکا لەسەر ئەفسانەیەک لە

ئەفسانەکانی خودی منداڵی بونیادنراوەو لە دەوری منێتیی رەها چەقدەبەستێت، کاتێک ئەفسانەکانی ئەم خودە دەتەقێتەوە پەردەی لەسەر هەڵدەدرێتەوە، ئیدی پەنا دەبات بۆ کۆکردنەوەی هەموو راناوەکانی تاک و کۆ بۆ پارچەپارچەکردنی لەناو یۆتۆپیای منێتیدا، کە لەهەموو وێنە و راناوەکان و یادگارییەکان پێکدێت و دەگەڕێتەوە بۆ وێناکردنی منداڵی بۆ جیهان، لە قەسیدەکەدا ئاماژەگەلی روون بۆ ڕابردوو هەیە، بەڵکو ستراتیژیەتی زەمەنی دەق لەسەر جیاکردنەوەی نێوان رابردوو و گوتارەکەی لە ئێستادا کە بۆشاییەک یان شۆکی گەڕانەوە پێکدەهێنێت و دەگات بە وەها عوسابێک کە ئێستای قبوڵناکرێت.

فرۆید پێی وایە عوسابی کەسێکە واقیع/ ئێستا قبووڵ ناکات واقیع لە دەقەکەدا (ئێستا)یەکی مەوجود و هەبووە کە قبووڵ ناکرێت، لە ئەنجامی ئەم شۆکەوە (منی ئایدیاڵی) لە بەدیهێنانی نموونەیەکەدا لەسەر بنەمای چێژ شکست دەهێنێت، تا ناچاردەبێت دانی پێدا بنێت کە بە ئایدیاڵکردنی من لە بەرژەوەندیی منی واقیعیدا شکستی هێناوە.ئەم موفرەدەو وشە ئاماژەدارانە لە قەسیدەکەدا لە حاڵەتی رەهایی و سەرسامیدا زۆرترن. ئەم حاڵەتانە لە جیهانی منداڵییەوە کە وێنەی فیردەوسییانە لە بارەی خۆیەوە نمایش دەکات سەرچاوە دەگرن. لێرەدا مەبەستم لەوە نییە بڵێم شاعیر دەیەوێت وێنەیەک لەبارەی ژیانی رابردووی خۆی و منداڵیی خۆی نمایش بکات، ئەگەر واش بێت، بەڵکو مەبەستمە ئاماژە بۆ زەمەنێک لە قەسیدەکەدا بکەم دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینییەکی منداڵی و دەبێت بە (منداڵیی زەمەن، یان منداڵیی ئەزموون، یان منداڵیی ژیان). کەواتە لەوێدا ڕوانینێک جەخت لەسەر پوکانەوەو تیاچوونی جیهان دەکات، لە کاتێکدا ڕوانینەکە خۆی دەیەوێت لەو جیهانەدا بژێت و جیهانەکە لە شێوەی جیهانێکی ئەفسوناوی و ئایداڵیدا بخاتە روو.

بەشی دووەمی قەسیدەکە زۆر بە روونی دەستپێدەکات لە ئاستی گەڕانەوەی ڕابردوو و پێشنیارکردنەوەی وەک ئیشکالییەتێک. ئەو خودەی لە بەشی دووەمی قەسیدەکەدا دادو بێدادیەتی لەدەست گرێی تەنیایی و تەنیا مانەوە، لەهەناوی گوتارێکی کۆدا دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی گوتارەکە گوتارێکی سیاسی بێت، لە بەشی دووەمی قەسیدەکەدا (من) دەگۆڕێت بۆ دەستەواژەیەکی جەماعی بۆ چڕکردنەوەی سروتی منێتی و پێدانی رەهەندێکی کۆمەڵایەتی بە (من). ئەم گردبوونەوەو کۆبوونەوەیە دووبارە رەنگرێژکردنی سنووری منی (تەنیا)یە، بەڵام فراوانکردنی ئەم سنوورانە بەشێوەیەکی گشتی و هەمووەکی دەبێت، بەڵام ناوەرۆکی گوتارەکە لە هەردوو دۆخەکەدا دەمێنێتەوە.

نیوەی دووەمی قەسیدەکە بە (ماڵئاواییکردن لە رابردوو و ئامادەکردنەوەی) دەست پێدەکات و وشە و ئامرازی نیشانە و بانگەوازی دووپاتبووەوەی لەگەڵدایە. وشەکانی ماڵئاوایی لەم بەشەی قەسیدەکەدا نۆ جار دووبارە دەبنەوە، لەکاتێکدا ئامرازە نیشانەییەکان (٢٠) جار دووپات دەبنەوە تاڕادەیەک ئەم برە زۆرەی بانگەواز و ئیشارەت رووبەڕووی رەمزییەت و وێنەی شیعری چڕدەبێتەوەو (تەوەری من و تەوەری پاش من) لە دوو خاڵی بەرانبەردا چەق دەبەستێت، کە ئەوانیش زەمەنی واقیع (ئامادە) و زەمەنی پێش -الماقبل-ن، ئەم پۆلێنکردنە بۆ ئێستای (نادیار— غائب) و پێش (ئامادە) جیاکارییەکی هەڵگەڕاوە لە ڕێکخستنی کاتەکان و خوددا دروستدەکات. هیچ خودێک لە قەسیدەکەدا نییە جگە لە خودی منداڵی. گەڕاندنەوەی وێنەیی و خەیاڵییانە هیچ نییە جگە لە





جەختکردنەوەیەکی توند لەسەر دەسەڵاتی گەڕاوە. پرۆسەی گەڕانەوەش شێوەیەکی باش یان خراپ وەردەگرێت، بەڵام قەسیدەکە جەخت لە ڕەهایی وێنەی گەڕاوە دەکاتەوە، بەڵکو دەیکات بەخودێکی حازر. هەر بۆیەش پەنای بردۆتە بەر ئامادەکردنەوەی (من )و ڕەمزەکانی و ئەفسانەکانی لەگەڵ ئەفسانەکانی پێش تێکەڵدەبنەوە. بەوشێوەیە واقیع لەگەڵ چێژدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. واقیع لەگەڵ ئایدیاڵ ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەیەکدا دەچن، کەواتە لە بنەڕەتدا گرفتێکی سەرەکی لە قەسیدەکەدا هەیە، کە ئەویش ئەوەیە بەدەست چێژی ئامادەکردنی ئەسڵ و ئایدیاڵەوە دەناڵێنێت. ئەسڵ زەمەنی منداڵی یان منداڵی زەمەنە؟ پرۆسەی ماڵئاواییکردنەکە لەگەڵ زەمەندا ڕوودەدات، هەروەک قەسیدەکە بەیانی کردووە (ڕۆژە جوانەکان، ساتە ڕەنگاوڕەنگەکان، شەوەکان، وەرزەکان، گۆرانییەکان، ئێوارەکان....هتد). بەڵام ئەوە چ زەمەنێکە دەق ماڵئاوایی لێدەکات و دەیگەڕێنێتەوە بەم هەموو هێزەوە؟ ئەوە زەمەنی ڕەها و زەمەنی ئەسڵە. لێرەدا گرفتی عوسابی سەرهەڵدەدات. فیلیپ ریف لەو بارەیەوە دەڵێت: (عوساب دەستەپاچەیی مرۆڤە لە ڕزگاربوونی لەدەستی ڕابردوو و قورساییەکانی مێژوو). لێرەوە منێتی گوتاری گشتگیری خۆی دەردەبڕێت، کە گوتارێکی بونیادنراوە لەسەر نەگەڕانەوە بۆ مێژوو، کەسی عوسابی خاوەنی گوتارێکی پەیوەستدارە بەمنەوە، بە ڕابردوو و مێژووەوە. من لێرەدا لەبەردەم خاڵێکی دیاریکراودا وەستاوە، خاڵێکی ترسناک) بێگومان هەردەبێت من بگەڕێمەوە بۆ ئەسڵ و ڕەهایی شاراوە لە منداڵی و لە منێتیدا، پرۆسەی ئایدیالیزەکردن بەهۆی ڕەمزێکەوە تەواو دەبێت کە لە ڕابردوو و لە منەوە سەرچاوە دەگرێت.

کەواتە نموونەیەکی تر لە پشت بزووتنە واقیعێکەوە هەیە و پێویستە پێوە پەیوەست بکرێت بەر لە هاتنی زەمەنی منداڵی و پیری و هێزییەوە، مەرج نییە ئامادەبوونەکەی وەهمی بێت، ئیشکالییەتەکە لە زەمەنی منداڵیدا شاردراوەیە، پێناچێت ئەو زەمەنە لە ڕەهاو ئایدیاڵ یان لە جەوهەری هەر پرۆسەیەکی وەها پێک بێت. دەستەواژەی ناکۆتایی لە قەسیدەکەدا، لە چەند ئاوەڵناوێکدا دووبارە دەبێتەوە وەک: (شێتی، ڕەها، چێژ، بێ کۆتایی، تینوێتی...هتد).

هەموو ئەمانە سیفاتی جوڵاو و ناجێگیرن، قەسیدەکەش کۆکارییەکە لە نێوان ئەو ڕستانەدا کە لە وشە لێکدوورەکان پێکهاتوون، بەڵام ڕەگەزی زاڵ ئاوە، ئاو و سیفەتەکانی ئامادەبوونێکی ئاشکرایان هەیە، سەرەڕای ئەو بایەخەی جوڵەکە لەبەرانبەر بێدەنگیدا هەیەتی، قەسیدەکە دەڵێت: (هەموو شتێك ئاوی بوو/ هەموو شتێکمان بە ڕەنگی ئاوی دەبینی) لێرەدا ئاو ئەسڵ و سەرەتایە، ئەم سیفەتە ئاو دەکات بە ڕەگەزێکی ئەفسانەیی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕەگەزێکی گرنگە لە داهێناندا.

شوێن ئامادەبوونی نییە لە قەسیدەکەدا چەند جارێکی کەم نەبێت، ئەویش لە ناوکۆیی زەمەندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، پشتبەستن بە فەرمان و بە سیفەت لە تایبەتمەندییەکانی دەقەکەن، زیاتر لە (٩٠) فرمان بەکارهاتووە، (٦٥)یان فرمانی ڕابردوون و جەخت لەسەر کارایی ڕابردوو دەکەنەوە، هەروەها گوزارشتی شوێنی هەیە و زیاتر لە جارێک دووبارە دەبنەوە وەک(ئەو ژوورە ناوەندی گەردوون بوو) و (هەمیشە لێرە هەمیشە). شوێن تەوەری مانای ڕەگداکوتین نییە (لێرە)دا، بەڵکو لە یادەوەریی (ئێرە)دایە، ئاماژەیەکە بۆ شوێنێک کە (لەوێ) لە ڕابردوودا ئامادەیە، دواین ڕستەی شیعری لە دەقەکەدا (ئەم ژوورە بۆنی ئەستێرەی لێ دەهات)

شوێن ئامادەبوونی نییە لە قەسیدەکەدا چەند جارێکی کەم نەبێت، ئەویش لە ناوکۆیی زەمەندا ئاماژەی بۆ دەکرێت، پشتبەستن بە فەرمان و بە سیفەت لە تایبەتمەندییەکانی دەقەکەن

رستەیەکە لە فرمانێکی رابردوو و ئاماژەیەکی شوێنی ئێستا پێکهاتووە، فرمانەکە دابەشبوونی کات دیاری دەکات، لەکاتێکدا شوێن دابەش دەبێت بۆ شوێن لە ئێستادا و شوێنێکی تر کە بۆنی ئەستێرەی لێ دەهات. قەسیدەکە لەسەر سەنترالی گوتاری منێتی بونیادنراوە، گوتارێک لەگەڵ خۆیدا نەبێت نادوێت، گفتوگۆ و بانگەوازەکان لە دەقەکەدا سنوری من تێناپەڕێنێت کە بەردەوامە لەسەر دروستکردنی پرد لە نێوان خۆی و شتەکانیدا و ئەو بوونەوەرانەشی لەسەر لێواری لەناوچووندان، قەسیدەکە دەڵێت: (ئەسپی گلاوی جوانم/ بحیلێنە تا چاوتکەم/ منیش شیعر دەنووسم/ تابمبیستیت). ئەم داوایە کە لە فرمانی داخوازی (بحیلێنە)دا دەردەکەوێت خودئامادە دەکات بۆ پارسەنگیکردن لە نێوان حیلەی ئەسپ و شیعرنووسیندا، بەڵام ئەسپەکە ناجوڵێت و یۆتۆپیایەکی منێتی لە ئاردایە قەرەبووی لەدەستچوونی هێزی ئەسپەکە دەکاتەوە، لە رێگەی نووسینی شیعرەوە بەتاڵکردنەوەی ئەو هێزە تەواو دەبێت. ساتی فرمانەکە کە هەموو فرمانەکانی تر لە دەوری دەخولێنەوە لە قەسیدەکەدا لە میانەی چەمکی (سات)ێکی زەمەنیدا داڕێژراون، بە گوێرەی تێگەیشتنی «رۆبنا» بۆ زەمەن بارتەقاییەک لە نێوان (سات_لەحزە) و فرماندا هەیە، بەو شێوەیەش رابردوو دەبێت بە خاوەنی سیفەتێکی کارایی. تەماشاکردنی رابردوو پاشەکشە دەکات بۆ تەماشاکردنی ئێستا، بۆ ئەوەی رابردوو بگەڕێتەوەو بیکات بە یۆتۆپیا و لە ئایندەی بکشێنێتەوە یان بۆ ئەوەی یۆتۆپیا بکات بە منداڵێک شیاوی ئەوە بێت زەمەن بە گوێرەی روانینی ئەو فۆرمەلە بکات، بەوەش چەمکی کارایی لە رابردووەوە بۆ ئایندە دەگوێزرێت بۆ رووماڵکردنی گریمانەکانی فرمان.

کەواتە ئێمە لەبەردەم زەمەن و زەمەنی گەڕاوەداین، لەبەردەم وێنەیەک و وێنەیەکی گەڕاوەداین، میری ورنوک دەڵێت: «وێنەی فیردەوس وێنەیەکە لە رابردوو وەرمانگرتووە، بەڵام لێکچووەکەی لە زەینی ئێمەدایە نەک خۆی، چونکە گوزارشت لە زانیارییە تایبەتییەکانی ئێمە لەبارەی وێنەکەوە دەکات». دوو وێنە، یەکیان لە رابردوودا و ئەویتر لە زەیندایە، ئەگەر گێڕاوەکە (المروی) تێپەڕببێت و گێرانەوەکەی لە ئێستادا تەواو ببێت، بەو پێیەی لە دیمەنێکی گێڕاوەدا دەخرێتە روو، ئەوا زیهنێک هەیە بۆ بەهێزکرنی گێڕاوەکە و گەڕاندنەوەی، خۆ ئەگەر گێڕاوەکە مێژوو بێت، ئەوا مێژوونووس ئەوە دەگێڕێتەوە کە روویداوە. بەڵام شاعیر ئەوە دەگێڕێتەوە کە شیمانەی روودانی دەکرێت، هەروەک ئەرستۆش وای وتووە. لە قەسیدەکەدا وێنەی واقیع تێکەڵ بە وێنەی ئایدیاڵ دەبێت، بەڵکو وێنەیەکی جیا لە ئایدیاڵ نییە، لەگەڵ ئەوەشدا قەسیدەکە جەخت لەسەر تێکشکاندنی ئەو ئایدیاڵەو سڕینەوەی وێنەکانی دەکات، سەرەڕای ئەوەی وێنەی ئامادە وێنەیەکی جیاوازیش بێت کە لە ئەنجامی یەکجار بینینی گێڕاوەو نەگێڕاوە دروست دەبێت، لە نێوان هێمادارەکان و بێ هێماکاندا، لە نێوان حازرو رابردوودا، پاش ئەو بەیەکگەیشتنە ئایدیاڵ هەڵدەبژێردرێت. ئەم پرۆسەیە جگە لە قەڵەمبازێک لە پرەنسیپەکانی واقیعەوە بۆ پرەنسیپەکانی چێژ و نۆژەنکردنەوەی یۆتۆپیای منداڵی وەک تاکە هەڵبژاردنێک هیچی تر بەرهەم ناهێنێت، چونکە ئەو هەڵبژاردنە کۆتایی بە سەرسامی و رەهاو ناکۆتا دەهێنێت و وا دەکات منی ئایدیاڵی لەناو ئەو گوتارەدا بژێت، کە ئەسڵ بەنەمری دەهێڵێتەوە.



# دلاوەر قەرەداغی...
# قەسیدەیەکی خۆرهەڵاتی

ئەحمەد عەبدول حسێن

لە عەرەبییەوە: موحسین ئەدیب

شەوانێك عومری خۆم دەدەمە
کچە تەنیاکانی سەر سنوور
ئامێزیان گەرم و

هەناسەیان بۆنی پەڕەسێلکەی
تازە پێکراوی لێدێ
باوکیان قاجارییەکی بەدبین و
لە دایکیشەوە بە ڕەچەڵەك
دەچنەوە سەر ماسیگرێکی
بەدمەستی
ئەوبەر زەریا
تا نزیکتر ببمەوە
ئەوان رووتتر
تا زیاتر بچمە پێشێ
چرتر رەنگە شەبەقییەکانی ڕێنوار و
پۆلە پەڕەسێلکەی ماچ و
پووره هەنگی جەستەی ئەوانم
تێ دەورووکێ!

**لە قەسیدەی چڵە سێبەرێک شکاو ... شکاو**

شیعری دلاوەر تا ئەوپەڕی خۆرهەڵاتیانەیە، شیعرێکە یادەوەریی رەمزە ئەفسانییەکانی رۆژهەڵاتو شارەکانیمان وەبیردێنێتەوە، هاوکات تیایدا بینشێکی منالآنە بۆ دونیا ئامادەگیی هەیە، بینشێک کە ئەدگارێکی دیاری شیعرەکانی فروغ فەڕوخزادەو لەپاش ئەویش هەمان بینش لای شاعیره کوردو فارسەکانی تر وەک یەک ئامادەگییان هەیەو سوودیان لێوەرگرتووە. شیعرێک شکۆیەکی سۆفیانەی تێدا بەرجەستەیەو باڵایانە گوزارشت لەخۆی دەکاتو بە غرورێکی جوانەوە خۆی ئەدا دەکات بۆ ئەوەی شتێکی نوێمان پێببەخشێت، بەجۆرێک لە رێگەی (گێڕانەوەی دەریا بۆ یەکەمین دڵۆپە ئاو) زۆرو زەوەندییەکان بۆ یەکبوون بگەڕێنێتەوە، ئەوەی لە شیعری دلاوەردا ئاشکرایەو دەشێت بە نووسینەوەی ئارەزووە هەستەوەرییەکان لە قەڵەمی بدەین، ئەوەیە لەم قەسیدانەدا بە سەرسوڕمانێکی گەورەوە شتگەلێک وتراون کە بەتەنها شیعر دەتوانێت بیاندرکێنێت، ئەوەتا دەڵێت: (ژیان بەلێو دەخورێت).

کۆمەڵە شیعری (رووتوقووت وەک ئاو)ی شاعیری کورد دلاوەر قەرەداغی، کە بۆ جاری دووەم وەرگێر (ئازاد بەرزنجی) نووسیویەتییەوە، شایستەی ئەوەیە بەعیشقەوە بخوێنرێتەوە، ئەڵبەتە بەتەنها لەبەر ئەوە نا کە زۆر بەدەگمەن شیعری کوردیمان بۆ تەرجەمە دەکرێت (ئەو زمانەی وەک قسەپێکەرەکانی مەغدورە)، لەبەر ئەوەش نا کە ئێستا دلاوەر یەکێکە لەناوە دیارەکانی ناوەندی شیعری کوردی، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو شیعرەی لێرەدا خوێندنەوەمان بۆی کردووە، بەڵگەیەکمان دەداتێ کە دەقێک لە دەقەکان کاتێک گرنگیی خۆی دەسەلمێنێت کە ئەو دەقە نیشانەبێت بۆ تەئسیلکردنی ئەو بونیادە تیۆرییانەی کە ماوەی نیو سەدەیە بزاڤی نوێگەری گەلانی خۆرهەڵات (عەرەبو کوردو فارس) دەستو پەنجەی لەگەڵدا نەرمدەکات.

کە دەڵێم (تەئسیلکردنی سەرچاوەکانی نوێگەریی) بۆ ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەم بەتەنها ئەو سەرچاوانە بەس نین بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی جیاوازو دیار ئەگەر بەقووڵی تیایدا رەگیان دانەکوتابێت. رەگوڕیشەداربوونیشی دەشێت لەوەدا بەرجەستەببێت یان گوزارشتی لێبکرێت کە بەدیاریکراوی نەیخەیتە بەردەست، ئەو سەرچاوە تیۆرییانە وەک لافیتەیەک بەرزنەکەیتەوە، یان بیکەیتە مەبەستو مەغزای دەقەکە، بەزۆرلەخۆکردنێک نەیخەیتەڕوو وەک ئەوەی زۆرێک لە شاعیره عیراقییەکان (عەرەبو کورد وەک یەک)ی هاونەوەی دلاوەر خوویان پێوەگرتبوو.

بەردەوام دەقی دلاوەر ئاڕاستەی ژیانی گشتی دەکرێت، سیاسەت بەهێزو ئازارەوە ئامادەگیی هەیە کە نوێنەرایەتی هێزو ئازاری ئەو واقیعانە دەکات کە ئازاری بە نەتەوەی

کورد گەیاندووە (هەڵەبجە، ئەنفال، کۆڕەوی ملیۆنی، گۆڕە بەکۆمەڵەکانو کۆچپێکردنی بەزۆر). بەڵام وتنێکە چڕیو وزەو توانا ئاماژەییەکانی، رزگاریکردووە لەوەی ببێتە یەخسیری ئاڕاستەیەکی هاندەرانەی نەزۆک، وێڕای ئەوەی کە لە فەزاو کەلەپووری شیعری کوردیدا جۆرێک لە پیرۆزکردنی ئەو ئاڕاستەیە بوونی هەیە، هەر لە دامەزراندنی گروپی (روانگەی) ئەدەبییەوە، تا دەگاتە دوا قەسیدەکانی شێرکۆ بێکەس، بێگومان بەبێ ئەوەی عەبدوڵا پەشێویشمان بیربچێت.

وزەی ئاماژەیی زەقترین شتێکە خوێنەر رادەوستێنێتو ئیستی پێدەکات، شاعیر بەشێوەیەکی خێرا بە رووداوەکانو شوێنەکانیاندا گوزەردەکات، واژۆیەک لەسەر کۆی گوزارشتەکان بەجێدەهێڵێت، وەک ئەوەی خوازیاری ئەوەی هەبێت بەشێوەیەکی شیعرییانە حەدس بکاتە فەهرەستو پێڕستێک. بەمجۆرە بەگەیاندنێکی (استرسال) هونەرییانەی بەردەوامو هاوکات سادەییەکی هۆنەرییەوە شاعیر رێگای بە ریتمە تایبەتەکەی خۆی داوە بەچێژێکی لەڕادە بەدەرەوە بەلوتکەی ئازارەکانیدا تەیمانبکات، لێرەدا ریتم زۆر لە هەناسە یەک بەدوای یەکەکان دەچێت.

دەخوێنینەوە:

**هەستەوە/ بە فلاشی باڵ لەیەکدانی/ کۆترێك/ وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە/ وێنەیەك/ کە بە کۆمەڵ ئابلۆقە دراوین/ بە چەقۆ/ پەپوولەشمان لێ دیار نییە/ چ جای خودا/ وێنەیەك/ کە بەکۆمەڵ گەمارۆ دراوین/ بە کەڵبە/ دەرگایەکمان لێ دیار نییە/ چ جای زەریا/ هەستەوە/ بە فلاشی ڕەشداگەڕانی خەونێك/ وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە/ وێنەیەك/ پڕ پڕ بێ لە دایك/ پڕ پڕ بێ لە کزەی جەرگ...**

**لە قەسیدەی غەدر**

لە کۆمەڵە شیعرەکەیدا شاعیر بەئەنقەست پێکهاتەیەکی وەرگرتووە کە خاڵی نییە لە ئاڵۆزی. هەندێکیان زۆرلەخۆکردنیان پێوە دیارو سەرکەوتوو نەبووە لە گەیشتن بەدەهشەو سەرسوڕمانی چاوەڕوانکراو:

**بەدیار ڕەقبوونەوەی تەورەکانەوە/ میتۆلۆژیای سەربڕینەکانم/ موتاڵاکە..**

لەکاتێکدا رستەکانی دی (بەپێکهاتە تایبەتەکەی خۆیانەوە) ترۆپکی هەوڵدانی شاعیرە بۆ هێنانە کایەی زمانێکی ئاهەنگئامێز کە سازگارییەکو چنینێکی درامیی تێدا بەرجەستەیە:

**پیاوەکان،/ ئەو پیاوانەی کە بۆ بەرچایی نان و مرواریيان دەخوارد و/ ئێوارانیش کۆبوونەوەیان دەکرد/ فوویان لە چرای کزی چاوی ئێمە کرد و/ ئەو هەموو ئومێدەیان بە سەوزیی داکرماند...**

ئامادەگیی دەنگی شاعیرەکانی دیو کاریگەرییان لە دەقی دلاوەردا هەستیان پێدەکرێت، لەهەموویان ئامادەتر فروغ فەروخزادی شاعیر، لە قەسیدەی (تەواو تەڕ وەک ئاو) گێڕانەوەی هەمان کەش (بگرە هەندێک رستەش)ی قەسیدەی (ان روزهای رفتن)ی ژنە شاعیری ئێرانیی نەمر دەبینیتەوە، لەهەموو حاڵەتێکدا کتێبەکەی دلاوەر قەرەداغی ئیزافەیەکی گرنگە بۆ شیعری کوردیو دەسکەوتێکیشە بۆ کولتووری عەرەبی کە کاتی ئەوەی هاتووە لایەک بەلای رۆژهەڵاتدا بکاتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی ئاڵوودەی جوگرافیا دوورەکانبوو.

لەکۆتاییدا دەخوازم سڵاوێکی تایبەت ئاڕاستەی وەرگێر (ئازاد بەرزنجی) بکەم کە لەهەڵبژاردنی هەموو ئەوەی وەریدەگێڕێت (لە)و (بۆ) سێ زمانە رۆژهەڵاتییەکە (عەرەبیو کوردیو فارسی) هەستێکی باڵای شیعریو زیرەکی بەخەرج دەدات.



شیعری دلاوەر
تا ئەوپەڕی
خۆرهەڵاتیانەیە،
شیعرێکە
یادەوەریی رەمزە
ئەفسانییەکانی
رۆژهەڵاتو
شارەکانیمان
وەبیردێنێتەوە،
هاوکات تیایدا
بینشێکی
مناڵانە بۆ دونیا
ئامادەگیی هەیە،
بینشێک کە
ئەدگارێکی دیاری
شیعرەکانی فروغ
فەروخزادەو
لەپاش ئەویش
هەمان بینش
لای شاعیرە
کوردو فارسەکانی
تر وەک یەک
ئامادەگییان
هەیەو سوودیان
لێوەرگرتووە



# دلاوەر قەرەداغی بە قەڵەمی خۆی

بیست ساڵ دەکەوێتە نێوان شیعری «پەیکەرێک لە باران» یەکەمین شیعری بڵاوکراوەم کە لە دوای راپەڕینەوە نووسیومە و شیعری «هاتن بۆ هەمووان نییە» کە بەم دواییە نووسیومە و بڕیارە لەگەڵ ئەم دۆسییەدا بڵاوبێتەوە. لەنێوان ئەم دوو شیعرەدا کە دوو دەیە دەکات، کەم و زۆر ئەزموونێکی بچکۆلانەم

# نازانم چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە ئاخۆ گەر شیعرم نەنووسیبا چیم لەگەڵ ژیاندا کردبا؟

لەگەڵ ترس و نیگەرانی و سەفەردا هەیە، کە تا رادەیەک کاریگەرییان بەسەر زوبان و ڕوانینمەوە لە خۆم و لە دونیا و هەنگاوەکانی دواترمەوە جێهێشتووە. زۆر جار ئەو پرسیارەم لێکراوە کە گەر سەفەرت نەکردبا و هەر لێرە بمابایت ئایا هەمان ئەو شیعرانەت دەنووسین کە لەوێ نووسیوتن؟ من یەکسەر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێم: هەرگیز! بەڵام ناتوانم بڵێم باشترم دەنووسین یان خراپتر، بەڵام ئەوەی دڵنیام لێی، گەر لێرە مابام هەمان ئەو کەسەی کە ئێستا هەم، نەدەبووم. دڵنیام گەڕانەکانم وەک ئینسانێک لێرە بەرەو هەمان ئەو شوێنەی کە لەوێ بەرەو ئێرەیان هێناوم، نەدەبردم. کاری من لە مانا زۆر سادەکەیدا لەناو کارگەی هەتاوەکەی ژیاندایە، کەرەستەکانی ئیشکردن، گەڕان و ڕوانین و ئەو غەنیمەتانەی کە لە دوای شەڕەکانمەوە لەگەڵ خۆمدا دەیانهێنمەوە سەد دەر سەد هی ژیانن بە شتە هەرە سادە و زۆر بەکارهێنراو و لەبیرکراو و فرێدراوەکانییەوە... من دادەنەومەوە تا ئەو شتانە هەڵگرمەوە و کۆیانکەمەوە، بیانبەمەوە بۆ ژوورەکەم و لە ئەرزەکەدا بڵاویان بکەمەوە و شتی تریان لێ دروستکەم و بەرپرسیارێتیی تریان پێ ببەخشم. گرەوی ئەوەش تا رادەیەک لەوەدایە کە هەوڵ بدەم بە گوێی منالێک ببیستم و بە چاوی منالێک بنۆڕم، هەوڵ بدەم ئەو شتەی کە یەکەم جار بینیومە و بیستوومە، هەمان ئەو شتە نەبێت کە دواتر دەیبیستم و دەیبینم.

بە توندی هەست دەکەم شیعر بە رادەیەک بە ژیانەوە پەیوەستی کردووم، کە ئیدی نازانم چۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە ئاخۆ گەر شیعرم نەنووسیبا چیم لەگەڵ ژیاندا کردبا؟ لە راستیدا ناوبەناو فۆبیای ئەو لەحزەیە باڵم بەسەردا دەکێشێت، کە ساتەوەختێک بێت و نەتوانم بنووسم، ئەوە ساتەوەختێکە کە پێموایە ئیدی ناتوانم لەگەڵ ژیاندا هەڵبکەم. دیارە ئەزموونی دوو سێ جارێکم هەیە کە بڕیارم داوە نەنووسم، بەڵام هەر زوو وەک ڕۆژووانێکی نەوسن و ئەماتۆر بڕیارەکەم شکاندووەو بە ناچاری دانیشتوومەتەوە لەسەر خوانی نووسین. سەفەر و ژیان لە جوگرافیای تردا بە ڕوویەکی تری ترس و نیگەرانی بە گشتی و بە تایبەتی نیگەرانی لە نووسیندا و ترس لە مردن ئاشنای کردم، بەرکەوتنی من لەو جوگرافیایانەی تردا لەگەڵ ترس و نیگەرانی، بەرکەوتنێکی نزیکتر بەڵام ئاشنایانەتر بوو. هانیدام زۆرتر لەسەر خۆم راوەستم و زیاتر لەگەڵ خۆمدا خەریک بم. نازانم ئەوە تا چەند ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیان و کاری ئەدەبیمەوە هەبووە، بەڵام وەک کەسێتی هەست دەکەم ئارامترم و لە شتێک لەو ترس و نیگەرانییەی پێشووی تێپەڕاندووم، کە لێنەدەگەڕا دەستکراوەتر و ئازادتر بم.

ئەزموونێکی بچکۆلەم لەگەڵ کاری وەرگێڕاندا هەیە و بە گوێرەی توانا و دەسەڵات بەسەردا شکان، چەند کارێکی کەمم کردوون. لە راستیدا حەز بە کاری وەرگێڕان دەکەم و ئاسۆیەکی ترم بۆ دەربڕین بۆ واڵا دەکات، بەڵام نایشارمەوە کە هێندەی شیعرنووسین چێژی لێ نابەم. کە وەرگێڕان دەکەم هەست دەکەم کەسێکی پیر و خۆپەرستی کتێب کۆکەرەوەم، بەڵام کە شیعر دەنووسم هەست دەکەم منالٚ و ئازادم و لە شادمانییدا ئەوەنییە باڵ بگرم. وەرگێڕان واتە دانیشتن لەسەر مێزی نووسین و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگەکانی زمان بە دەوری خۆتدا و لە تاقە شوێنێکدا جێگیربوون، بەڵام شیعرنووسین واتە گەڕان و ڕوانین و گەمە

من دادەنەومەوە تا ئەو شتانە هەڵگرمەوە و کۆیانکەمەوە، بیانبەمەوە بۆ ژوورەکەم و لە ئەرزەکەدا بڵاویان بکەمەوە و شتی تریان لێ دروستکەم و بەرپرسیارێتیی تریان پێ ببەخشم. گرەوی ئەوەش تا رادەیەک لەوەدایە کە هەوڵ بدەم بە گوێی منالێک ببیستم و بە چاوی منالێک بنۆڕم، هەوڵ بدەم ئەو شتەی کە یەکەم جار بینیومە و بیستوومە، هەمان ئەو شتە نەبێت کە دواتر دەیبیستم و دەیبینم




## دۆسیە

و لە کرۆکی ژیان لەزەت بردن. نزیکەی هەشت مانگێکە بەهۆی کارێکی تایبەتەوە گەڕاومەتەوە و لێرەم، بەڵام نایشارمەوە و وەک لە شوێنێکی تریشدا گوتوومە هەمیشە کە لە شوێنێک دەبم بیری خۆم دەکەم لە جێگەیەکی تر... لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا، شەش مانگی بۆ جێگەیەک گەڕام بە کرێ لێی بژیم و خۆم بم و نزیکی دایکم بم، خۆشبەختانە لەم ڕۆژانەدا دەستم کەوت و ئیدی دەتوانم گوێ لە مۆسیقا بگرم و فیلم ببینم و وردە وردەش بکەومە تەواوکردنی ئەو یەک دوو نووسینە درێژەی کە بەر لە گەڕانەوەم دەستم پێکردبوون. لە ماوەی ئەو هەشت مانگەدا شتێکم لەسەر بێ ماڵی لە نیشتمانی خۆمدا ئەزموون کرد و زانیم چ ئەزموونێکی دڵڕەقانەیە لە نیشتمانی خۆتدا بێ ماڵ بوون، نایشارمەوە ئەو ئەزموونە لە دەرەوە و لە وڵاتی دووەممدا لە سوێد بەهەمان ئەم قەسوەتەی ئێرە نەبووە... ئێستا دەتوانم باشتر لەو حاڵەتە تێبگەم و گلەییش لە هەندێ کەس نەکەم، کە ناتوانن بەرگەی بگرن.

ئەو هەشت مانگەی لێرەم، پڕ بوو لە شتی خۆش و ناخۆش.. شتە ناخۆشەکان وەلا دەنێم بۆ کات و دەرفەتێکی ئارامتر و شتە خۆشەکان وەک واگۆنی قەتارێک لەبەردەم خۆمدا ریز دەکەم... سوپاسگوزارم کە شتە خۆشەکان زۆرتر بوون و زۆر چێژم لێیان برد.. هەر بۆ نموونە ناسینی کۆمەڵێک گەنج و ئاشنابوون بە ڕۆحی جوانیان، پیاسەی درێژ بە جاددە خەمگینەکانی ئێواراندا، شەوە شیعرەکەی ناوەڕاستی مانگی دیسامبەری ساڵی رابردوو لە گەلەری ئارام و ئێوارە کۆڕەکانی رواندز و سۆران و هەولێر و دەربەندیخان...


بیریم نەچێت ئەم دۆسییەش کە هاوڕێیانم لە گەلاوێژی نوێ پێشنیاریان کرد، یەکێکی تر بوو لە ساتەوەختە خۆشەکان....

**دلاوەر قەرەداغی**
**٢٣ی ئاياری ٢٠١١**
**سلێمانی**





# ئەو نامانەی بۆنی شیعر و غوربەتیان لێدێ




**ئەوان پۆلێ هاوڕێی شیعری و هاودەمی ئێوارە پاییزی و غەمگینەکانی نیشتمان بوون، پێکەوە بەژێر باراندا پیاسەیان دەکردو نەرم نەرم قسەیان لەسەر ژیان و غەم و ئازارەکان دەکرد، هەندێکجار لایان دەدایە گۆشەیەکی مەستبوون و دەکەوتنە شەرحکردنی شیعر و تەنیایی، ئیدی ئەوان بەوجۆرە بوون، کاتێ رەشەبای سەفەر و هیجرەت گەڵای هەر یەکێکیان بەشوێنێکی ئەم دنیایەدا پەرش و بڵاو کرد، تەنها شتێک کە رایەڵی خۆشەویستی و سەبووریی ئەوان بوو، ئەو نامانە بوون کە بۆ یەکدییان دەناردن.**

**لێرەدا بەشێک لەو نامانە بڵاودەکەینەوە، کە هاوڕێ نووسەرو شاعیرەکانی بۆ دلاوەر قەرەداغییان ناردووە.**

## نامەی جەمال غەمبار:

هاوڕێی ئازیزم دلاوەر گیان..

غەریبیت دەکەم بەقەد غەریبی خۆت لەوێ، نەدەبا فیراقی ئێوە هێندە دڵرەقانە بەناخمدا رۆبچێت.. نەدەبا دوورکەوتنەوەتان هێندە بێبەزییانە دڵی شیعرم بلەرزێنێ، هەموو رۆژێک بیرتان دەکەم، هەموو ئێوارەیەک کراسێ خەم دەگرم.

ببورە لەوەی هەتا ئێستا نامەو کارتم بۆ نەناردوویت.. بێتاقەتی و بێمیزاجی ئێرە، هەموو لەحزەیەک لەعومرم دەخۆنەوە.. قەسیدەیەکم بۆ تۆو یاسین نووسیوە، نووسخەیەکی فۆتۆکپیت بۆ دەنێرم، حەزدەکەم ئەگەر بەزەحمەتی نەزانیت رەوانەی گۆڤاری (بینین)ی بکە، سوپاسگوزار دەبم.

دلاوەر گیان.. حەزم دەکرد نامەیەکی دوورو درێژت بۆ بنووسم، ئەگەرچی نامەنووسینیش دادی زۆر شت نادات، چونکە ئێستا بێتاقەتی و بێمیزاجی ئێوەشم لەبەرچاوە، ئەزانم حەواستان نەماوە، تاقەتتان لەقسەکردن و نامەنووسینیش چووە.. بەڵام بەرگە بگرن، با درەختی تەحەمولتان بەرگەی زریانی ئەو غەریبییە بگرێ، هەرچۆنێک بێت ئەوێ لێرە باشترە..

بەهیوام لەداهاتوودا بەنامەیەکی دوور و درێژ بەسەرت بکەمەوە

چاوەکانت ماچ دەکەم.. رێزو سڵاوی گەرمم بۆ حەمە سەعید و هیوا قادرو خۆشەویستیم بۆ شیعرەکانتان

هاوڕێت جەمال غەمبار

١٩٩٩/١١/١٢

سلێمانی

## نامەی رێبوار سیوەیلی

دلاوەر گیان سڵاو

سوپاسی زۆرم بۆ تۆی ئازیز و کارتەکەت و هەواڵەکانت، شیرینترین تامی بەرسیلەکەت زۆر جوان و قوڵ بوو، وە زۆرم پێخۆشبوو کە فریای گۆڤاری بینین کەوت و بەخەتێکی گەورەو جوان دابەزێنرا، ماوەی پێشوو زۆر سەرقاڵ بووم ئێستاش تا مانگی دە تەواو سەرقاڵی تەواوکردنی خوێندنەکەم دەبم، چونکە بەپارەی تەلەبەیی وەزعمان زۆر خراپە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە تا ئەو وەختەی تەواو دەبم هەر لە دانیمارک دەبم و ناجوڵێم، وەڵاهی دلاوەر گیان زۆرم پێخۆشە کە رزگارت بوو، هیوادارم ئیتر شتەکان بچنەوە دۆخێکی ئارامتر، ئەگەر ویستت (چۆمان) بەسەر بکەیتەوە ئەدرەسەکەیت بۆ دەنێرم، زۆر تەنیایە و خۆشحاڵ دەبێ ئەگەر کارت و نامەی هاوڕێیانی پێبگات.

١٩٩٩ دانیمارک



## نامەی چۆمان ئەحمەد هەردی

یەکێك بێرەدا تێپەڕی
چاوەکانی پڕ بوون لە نوور
چۆلەکەکان لە جریوەیان گرتبوو.
یەکێك بێرەدا تێپەڕی و
کووژەکە شینەکانی ئاو بەرێیانکرد
نیوەی رەنگەکان لەگەڵی بەرێکەوتن
نیوەی خەونەکان خزانە گیرفانییەوە
یەکێك بێرەدا تێپەڕی و
دەستەکانی بۆنی ئومێدیان لێدەهات
نیگاکانی مژدەی سبەینێیان پێبوو
یەکێك بێرەدا تێپەڕی و
دەنگی ئێمەی لەگەڵ خۆی برد
جانتاکەی پڕ بوو لە چاومان
یەکێك بێرەدا تێپەڕی و
نەمانبینی

پەروانە مۆرەکانی مەرگ لەسەر سەری دەخولانەوە
کاک دلاوەری ئازیز سڵاو.. سوپاس بۆ نامە شپرزەو ماندووەکەت، من باوەڕم بەئاسوودەیی نەماوە، هەتا ئەگەر لە کەمپیش رزگارت بێ و خانم و منداڵەکەشت بێن، زەحمەتە چاوەڕێی ئاسوودەیی بیت، ئێمە تازە لەگەڵ کابووسەکان و نائومێدیەکانا ئەژین، بەشێکی زۆرتری تەمەنمان لەگەڵ ئازار و دڵەراوکێدا گوزەراندووە، تازە مەحاڵە ئارام ببینەوە..
لەگەڵ ئەوەشدا دڵەراوکێ و چاوەڕوانی و دوودڵییەکان ئەشێ گەورەترین پاڵنەرەکانبن بۆ دروستکردنی ئەو دنیایەی کە تەنها لەبەرهەما دێتەدی.. من بۆ خۆم کۆڵمداوە، لە راستییا هیچ شتێ سوکنایم نادات، هەرچییەک بکەم یان بنووسم بەس نییە بۆ دامرکانەوەی چاوەڕوانییە گەورەکانی خۆم.. ئەرێ! سەرەنجام خوێندنم تەواو کردو ئەمساڵ دەست بە ماجیستێر ئەکەم، زیاتر ئەخوێنمەوە (زۆرتریش لەمەجالی فەلسەفەدا، چونکە هەر لەوەشدا دەخوێنم) زۆر جار ترسی ئەوەم هەیە (هەموو کاتێ کە بۆ ماوەیەک هیچم نەنووسیوە ئەم ترسەم هەیە) کە لەوانەیە چیتر هەرگیز نەتوانم بنووسم، بەهەرحاڵ تەمەن پڕە لەساتی تۆفاناوی، ترس، ئازارو توڕەیی.. هەندێک جار بەخۆم دەڵێم ئاخر بۆچی؟ زۆرجار نازانم بەرەو کوێ دەچم و چیم دەوێ، بەڵام توڕەییەکی سەیر بووەتە هاودەمی ئەبەدیم، نامەوێ هیچ نامەوێ هەموو عومرم لەگەڵ توڕەیدا بژیم بەڵام بێسوودیشە.
بەهەرحاڵ هیوادارم رۆژگاری کەمپ بەزوویی تێپەڕێ و کونجێکی قەناعەت بۆ خۆت بدۆزیتەوە، دەشێ دۆزینەوەی ژووری شپرزەییەکانی خۆتی تێدا بڵاوبکەیتەوە، یەکەمین هەنگاو بێ بەرەو ئاسایی ژیان، یانیش رەوایەتی ژیان خۆی.
خۆشحاڵ دەبم گەر بتوانین کۆڕێک بگرین، تەنها گرفت ئەوەیە ئەمساڵ بێ پارە دەخوێنم، واتە لەبەر ئەوەی ماجستێر دەخوێنم لەفەلسەفەدا، هیچ پارەیان نەدامێ (لێرە لەعیلمەکاندا بخوێنیت زۆر بایەخت پێئەدەن و پارەی چاکت دەدەنێ، بەڵام لەئەدەبیات نا) ئەمەش بەمانای ئەوەی هەموو ئەمساڵێ کە دێ لەسەر گیرفانی رێبوار و دایکم ئەژیم، لەبەر ئەوە ناتوانم وەعدی سەفەر بدەم.. بەهەرحاڵ ئەگەر خواکردی و بۆم رێکەوت بێم، چاوەڕوانی زۆرم هەیە، بەخۆت و کاک هیوا خۆتان






حازر بکەن، من بەتورەیی و شێتی و ئاژاوەکانمەوە دێم و هەرکەسێکیش قسەیەکی ناسکم پێبڵێ شیعری هەجووی لەسەر ئەنووسم (لە کاک هیوا بپرسە جارێک شیعرێکم لەسەر ئەو نووسی) جگە لەوەش ئەگەر هاتم ئەمەوێ پێشانگایەک لەگەڵ خۆم بێنم.. بەهەرحاڵ ئەگەر رێکەوێ دڵنیام شتێکی جوانی لێ سەوز دەبێ، تا ئەو ساتەش بەفریشتەکانی خەیاڵت دەسپێرم.. بەهیوام بێزارییەکان شیعریان لێ سەوز ببێ
ماچ و خۆشەویستی.

## نامەی شێرزاد حەسەن

دلاوەری برام.. سڵاو
سوپاس بۆ کارتە جوانەکانت.. بۆ قسە جوانەکانت.. شادومانم دەکەن، پێمخۆشە کە دەڵێی ئارامم.. چونکە من نەمتوانی ئارامبم لەوێ، خۆزیا دەمتوانی.. دیارە من بوونەوەرێکم زۆر سەقەت، هەر دەبێ لەتەک دۆزەخەوە بژیم.. لەتەک خەمەوە.. لەتەک رووباری ئەسرینەوە.. هەر دەبێ لەقەسابخانە رابمێنم و هیچم پێنەکرێ.. هەر دەبێ دوای خەونە دۆڕاوەکانی خۆم بکەوم و نەیگەمێ.. هەنوکە لەدۆخی متبووندام، خۆم وەسفی خۆم بۆ ناکرێ، بەڵام ئیدی خۆ ژیان لەوە جوانتر نابێ کە هەیە.

من وا رۆمانەکەم چاپ دەکەم.. بۆت دەنێرم.. رەشنووسێک لەلای (عەبدوڵلا قادر) بوو، بەڵام واباشترە چاوەڕێی دەرچوونی کتێبەکە بکەیت، چونکە کەم و زۆر دەسکاریم کردووە، (ماڵێک لە ئاسمان)م خوێندەوە.. هەردەڵێی خوشکم نووسیویەتی.. لەزەتم لێکرد.

من خەریکی هەندێ پرۆژەی تازەم یەکە یەکە دەیانبینی، حەزم دەکرد چیرۆکێکی تازەم لەلای هیوا عەبدوڵلایە «خەونی جاڵجاڵۆکەکان»ی ناوە بخوێنیتەوە لەگەڵ چیرۆکێکی تر بەناوی (گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان).


تۆ لەچیدای..؟ بەدرێژی باسی ژیانی رۆژانەتم بۆ بکە، چ دەکەی چۆن دەژی؟ چ دەخوێنیتەوە؟ حەزت لەچییە لەوێ؟ لەچی وەرسی و لەگەڵ کێ پەیوەندیت هەیە؟ هەموو شتێ.. هەموو شتێ.

ببوورە کە ئەوەندە بەهیلاکی نامەت بۆ دەنووسم.. چونکە دوازدە سەعات وام لەپشت کۆمپیوتەرو کاردەکەم، کارێکی وەرسکەر.. نووسینەکەم تەعبیرە لە ماندوێتی.. ماندوێتی.. ماندوێتی.

وەلێ من زۆر ناچیزەم .. زوو زوو بەشتی بێ مانا دڵی خۆم خۆش دەکەم، بەوەی لەسەر جۆلانەی حەوشەکەمان دانیشم و سەیری ئەستێران بکەم.. یان رۆمان بخوێنمەوە یان گوێ لە پارچە مۆسیقایەک بگرم.. یان بیرەیەک بخۆمەوە.. خۆشت دەزانیت چەندە ئاسانیش دەگریم.. بەڵام ماوەیەکی زۆرە پڕ بەدڵ نەگریاوم.. بیری گریان دەکەم.
من یادتان دەکەم
سڵاو لە مامۆستا دانا رەئوف و خاو و خێزانت..

## نامەی کەژاڵ ئەحمەد

شمشاڵی هێدی.. دلاوەر قەرەداغی گیان
هەموو کاتەکانت وەک ئەو کاتانەبێت کە لە دڵەوە تێیدا پێدەکەنیت.
قەسیدەکەی (سەراب)م خوێندەوە، جوان بوو،



بەقووربانی بووم هەر لە عینوانەکەیەوە تا دەگات بە دوا وشەو دوا خاڵ.

بەردەوام بە دلاوەر قەرەداغی... دنیا بەو شیعرانەوە دنیایە. ئێ.. بە ڕاست هیچ قسەیەکی ترم نییە تا پێتی بڵێم...

لە کۆتاییدا خۆشەویستی و ڕێزم هەیە بۆت

کەژاڵ ئەحمەد

١٩٩٥/٨/١٦

ئەربەئیللۆ

## نامەی کەریم عومەر

کاک دلاوەری خۆشەویست

ڕێژنەیەک ماچ و باران و مناڵی

ئەم ئێوارەیە چوومەوە ماڵەوە، قەرەباڵەغ وەک ماڵەکانی مەڵکەندی، خوشک و براکانم بەمناڵەکانیانەوە هاتبوونەوە، دەنگی پەرەمێزی حەمامەکە دەهات، هەندێک لەخوشک و براکانم خۆیان شۆردبوو، ڕەنگ و بۆی حەمامیان لێدەهات، کزەبایەکی سارد دەهات لەدەرەوە، بەلام لەوە ناچێ باران لەبەرنامەی ئاسمان و زستاندا بێت.. دایکم دەڵێت «لەوەدەچێ لەشاخە دوورەکان بەفر بارییێ» ئەوانەمان کە تەلەبەن تەواو نیگەرانن و بێتاقەتن بەتەواو بوونی هەینی و هاتنی شەمەو ئیمتحانەکانی سەر کاغەز.

کاک دلاوەر، زۆر دەمێکە من و نەورۆز بەنیازین نامەو فاکست بۆ بنێرین و قسەت لەگەڵ بکەین، بەڵام تۆ لە گشت کەس باشتر دەزانی چەندەمان مەشروع و بڕیاری دواخراو هەیە، کە تەنها بیرکردنەوە لێیان بەسە بۆ ئەوەی هەست بکەین ڕۆتین و قەدەرەکان وادەیەکی ئەوتۆیان بۆ نەهێشتووینەتەوە، نازانم بۆ ئەمشەو لەهەموو کاتێیتر زیاتر هەستمکرد پێویستە پەیوەندیکردن بەتۆوە لەمە درەنگتر نەکەوێ.


منیش بەقاچاغ و بەزنجیرەیەک موغامەراتی یەکجار نائاسایی توانیم بگەمە ئەستەمبوڵ و زیاد لەیەک مانگ لەوێ بووم، چەندین شوقەم گۆڕی بەهۆی (پۆلیس و قاچاچیی و..)ەوە، دواجار ویستم وەک زۆربەی خەڵک ویستم بەئاودا بگەمە یۆنان و تەنها چەند دەقیقەیەک بەر لەگەیشتنە (یەختەکە) زانیمان یەختەکە شکاوەو دواتر گیراین و پاش چەندین ڕۆژ مەخفەراو مەخفەرکردنی تورکیا و ئێران گەیشتمەوە سلێمانی، ئێستا سەرلەنوێ دەستم پێکردووەتەوەو لە ڕێکخراوی HELPAGE موتەرجیمی ئینگلیزیم و بەرنامەیەکی زۆرباشی خوێندنەوەو تەرجومەکردنم دەست پێکردووەتەوە، (ئەمە بەبێ ئەوەی خەونی گەیشتنە ئەوروپا لەلام خەفە بووبێت).

بەدڵ حەز ئەکەم گوێم لەقسەکانت بێت، نامەو فاکست بخوێنمەوە، (ماڵێک لە ئاسمان) کتێبێکی خنجیلانەی جوان دەرچوو.. مایەی خۆشییەکی گەورەشە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەو کتێبە من و تۆو نەورۆز و خەلیلی کۆکردەوە پێکەوە.

ئەم نیشتمانەش وەک هەمیشە بۆنی شەڕ و دەسیسەکانی لێدێت، هەرجارەی لەگۆشەیەک و ئاراستەیەکی جیاوازەوە.. بەردەوام ترسێکی گەورە هەیە لە ڕۆژگارە ڕەشترەکانی هەشتاکان، لە دووبارەبوونەوەی ئەو ڕووداوە عەبەسیانەی گەنجێتیی ئێوەیان گەمارۆ دابوو.. کابووسی مانەوەو خنکان لەیەک ژوور و گەڕەک و شاردا لێم نابێتەوە، خەون بە ئاسمانێکی ترو شارێکی پڕ ڕەنگترەوە دەبینم..

چاوەڕێی قسەو وشەو نووسراوەکانتم

سەرەتای کانوونی یەکەم ٢٠٠٠



# ڕمووده

**حوسێن شێربەگی**

هەر ڕۆژ نا ڕۆژێک، نە کەڕەتێک و نە حەوت و نە دە، سەدان و هەزارەها کەڕەت پێت دەڵێم:
-تۆ کوڕە سەڵیتەی ڕۆڵە، کوڕە سەڵیتە، حاڵیی یان نا؟ ها؟ حاڵیی؟...
دەچیە ماڵی فکرەوە، بە ناخی خۆتدا شۆڕدەبییەوە، لە گەڕەک و کۆڵانی دەیان و سەدان بیرەوەریی دوور و نیزیکدا نقووم دەبی و بین دەخۆیەوە، بە سەدان شەقام و شۆستە و گەڕەکی یادەکانتدا دەخولێیتەوە، تل دەخۆی و یادەوەرییە تاڵ و شیرینەکانت لە دەروونتدا زەق دەبن و بزر دەبنەوە. بە چەند سەعات و چەند ڕۆژ و چەند هەفتە و مانگ و ساڵ لە زەریای ئەم پێشینە ڕەنگاوڕەنگانەدا پۆنگ دەخۆیەوە و لە خۆت دەپرسی: «کێم؟ کێم؟ کێم؟ بەڕاستی من کێم کێم کێ؟»

«نازانم چۆن سەرم هەڵدێ لە ماڵ دەرکەوم و بە کۆڵان و شەقام و شۆستەدا بگەڕێم و چاوم بە چاوی دیتران بکەوێ؟ چۆن لە ڕووم هەڵدێ سەرهەڵبڕم و لە ڕەنگ و ڕوخسار و لە چاوی خەڵک بڕوانم؟»

ئا، ئا، ئا... ئەوا بەسەریدا کەوتی، ئەوا زانت کرد لە پاش دەیان ساڵ لەگەڵ خۆت ڕووڕاست بی! جا دەزانی چی دەکەی؟ بڕۆ بەر ئەو ئاوێنە باڵانوێنە، لە نیزیکەوە بەرەو ڕووی دانیشە و لە خۆت بڕوانە، هەمیشە هەر دوو گووپت قوپیون، لێوەکانت ڕەشبوونەتەوە، چاوەکانت زەقن، بەڵام ئەمانە هیچیان گرینگ نین، گرینگ ئەو تووکە سەرە زەردە ئاماڵ خەنەییەیە. جا تۆغا یانی تووکەسەری دایک و بابیشت هەر ئەم ڕەنگە بوون؟ ها؟ خۆتی لێ گێل مەکە، جوان و بە وردی وەیادی خۆتی بێنەوە. هەردووکیان بێنە بەر ڕوانگەت و لێیان خوردبەوە. بەڕاستی کام وێکچوون لە نێوان ڕەنگی تووکەکانتاندایە؟ بێتوو لەگەڵ خۆتدا ڕاست و درووست بی، بە خۆت دەڵێی هیچ هیچ هیچ، بە خوا ببڕا ببڕ، هەرگیزا هەرگیز، بە هیچ لەون و کلۆجێ هیچ شەباهەت و وێکچوونێ لە ئارادا نییە... نەبووە و نییە و نابێ.

خوا دەزانێ دایکی سەڵیتەی لە سەڵیتە خەراترم لە کام قلیان قاوەڵتووندا، کە باوکم لە هەندەران، لە دەرەوەی ماڵێ بووە، بۆ پەیاکردنی پووڵ و پارەیەک، پووڵ و پارە بۆ کڕینی دەربێی ئەو، وێڵ و ئاوارە و دەربەدەر و شەکەت و مانوو بووە، لەگەڵ کێهان ورچ و کەمتیار و عەمتەری پارەزۆردا مامڵەی کردووە و ڕەنگی ئەم تووکە زۆڵانەی تۆی بە دیاری و سەوقات لێ وەرگرتووە!

ڕۆڵە ئەوا کە ئەمەت بۆ ڕوون بووەوە، ئەمجار لەو کەتاییەی ژێر چاوی ڕاستت خوردبەوە، لە بیرتە ئەو شوێنە پیرۆزە بۆچی و چۆن و کەنگێ و لەسەر چی کەتبوو؟ ها؟ لە یادت ماوە؟ دادەی بەبێ زەحمەت بڕێک بگەڕێوە بۆ ساڵانی ڕابردوو. زۆر نا، نا، نا، زۆر نا، دە ساڵ، پانزە ساڵی ناقابیلی نۆکەرت. بیست ساڵانە بووی یان بیست و پێنج ساڵانە؟ کەنگێ و چۆن بوو؟ دەبێ لە حەدەحەدی ئەم تەمەنەدا بووبێ. ئەرێ، ئەرێ، سەربازیم کردبوو، تازە خەریکبوو چاووڕووم بەرەو گەردوون دەکراوە، چما باشم لە یاد بێ شەش حەوت ساڵێک بوو سیگارم دەکێشا، بەڵام هەر ساڵێک و دووان دەبوو پەیم بە نەهێنی و جیهانی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە ڕازی پڕ سەیر و سەمەرەی ئەڵکۆڵ و دووکەڵ بردبوو. بەڵام بێکار بووم، بێکار و بێ پووڵ و پارە. درەنگ درەنگ و جاروبارە وەگیرم دەکەوت؛ ئەویش زیاتر لە سایەسەری دۆست و دیوناسەوە. دەنگم خۆش بوو، گورانیم زۆر دەزانی، پیاو تاریفی خۆی نەکا باشترە، بەڵام وێڕای دەنگخۆشی چاو و برۆ ڕەش و باڵابەرزیش بووم، هەر بەهۆی ئەم جوانچاکی و دەنگخۆشییەوە هەڤاڵ و خواهەنم زۆر بوون. پووڵی جگەرەم لە دایک و باب وەگیر دەکەوت، بەڵام پووڵ و پارەی ئەڵکۆڵ و دووکەڵم نەبوو، هەمووشیانم زۆر پێ خۆش بوو، تاقمێ لە دۆست و دیوناس کە دەچوونە دەرەوەی شار، بۆوەی خۆشتریان لێ ڕابوورێ، بە منیشیان دەوت و لەگەڵ خۆیاندا دەیانبردم. دەیانزانی دەنگی خۆش و چریکەی بلبل ئاساکەم بەزمەکەیان دەڕازێنێتەوە. باوەکوو دەشیانزانی ناتوانم وێڕای ئەوان پووڵ و پارە دانێم، بەڵام هەر دەنگخۆشی و ڕازاندنەوەی

کۆڕ و مەجلیسیان لای ئەوان نرخی زۆر بوو. دەڕۆیشتین و دەمانخواردەوە و دەمانخواردەوە. لەگەڵکوو دەورێک و دووان پیاڵە دەگەڕا و کوڕگەڵ کەللەیان گەرم دەبوو، دەستمان دەکرد بە گۆرانی وتن. دەنگخۆش و تاکبێژ من بووم. گۆرانی لە پاش گۆرانی، بۆم دەوتن و ئەوانیش دەنگخۆش و دەنگناخۆش دەگەڵمدا دەیانوتەوە، بە کۆڕ گۆرانیمان دەچڕی. سەربەندی قام و گۆرانییان بۆ ڕادەگرتم، ئەمەیان زۆر پێ خۆش بوو، زۆر زۆر خۆش.

ئای چ دەور و سەردەمانێک بوو، ساڵێک و دووان و سیان، چەند ساڵ هات و ڕۆیی و ئەمە کارو پیشەم بوو. بەڵام هەروەکو لاوی پیری بە دوادا دێت و پیریش مردنی بە دواوەیە، تەمەنی وەرزە جۆرانجۆرەکانی ژیانیش درەنگ و زوو تێدەپەڕێ -بەڵکەم تەمەنی عەیام و دەورە خۆشەکان کورتتریشە و زووتریش تێپەڕ دەبێ. هەر بۆیە قەت نەمزانی ئەو وەرزە خۆشە چۆن هات و چەندەی خایاند و چۆن تێپەڕ بوو!.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، کات درەنگانێک پاش بانگی عەسر بوو، دەبا بڵێین ئێوارە درەنگانێک لە سەفەر دەگەڕامەوە، بۆ چەند ڕۆژێک چووبووم دێهاتی دەوروبەری شارەکەمان، بۆ سەردانی ماڵە خزم، با بڵێین بۆ سەردانی ماڵە خاڵ و مام. بەڕاستی سەردەمی مێرمناڵی و لاوی یادیان بەخێر، لەوان ساڵاندا هاکا باسی خاڵ و مام کرابایە، زوو دەیانوت: -خاڵان خوشکەزا دەکەن بە مەزن، مامان برازان دەکەن بە بزن! هەزار خۆزگەم هەر ئەو ڕۆژگارە بایە، بە خودای سەردەمێکی خۆش بوو. بریا هەر ئەودەم بمردین، بە ناشوکری نەبێ ناشمرین! هەم خۆمان ئاسوودە بین و هەم دنیا لە دەستمان ڕزگاری بێت و بحەسێتەوە. لێگەڕێین، باسی ئەوەم دەکرد لە سەفەر و سەردانی ماڵە خاڵ و مام دەگەڕامەوە، گەیشتمە بەردەرگای حەسار و قفڵی دەرگام ترازاند. لاقم نایە حەسارەوە و... حەی حەی حەی! کەر بێنە و ماڵ بار کە! دەک موبارەک بێ، لە سەر سەکۆی حەوشەدا مافوور ڕاخراوە، سفرە لە گۆڕێدایە و خوانی سەر سفرە سەنگین و ڕەنگین و خواردەمەنیش هەمەچەشنە و هەمەڕەنگ و ئارەق و شەڕاب زۆر و زەبەن، بەڵام بەڕاستی ئەم کەوڵ و خوانە بۆ کێ ڕازابووەوە؟ چوار پێنج کوڕە پیاوماقووڵ و دەوڵەمەندی شار، کە دووانیان هەر لەوانە بوون کە لەگەڵیاندا دەچوومە سەیران و پێکەوە دەمانخوارد و دەمانخواردەوە و ڕاماندەبوارد. هەر کە چاویان پێم کەوت هەڵبەزینەوە، وەک شتێک شڵەژان و تێکچوون. تێکەڵ و پێکەڵ ماندوونەبوونی و بەخێرهاتنیان کردم. بەس ئەی من؟ لە من دەپرسن؟ نا، نا، لە من هەر مەپرسن! دنیام بەسەردا ڕووخا، دنیام لێ خەرابوو، جا چۆن ئەمەیە سەرگوزەشتە و سەربوردە و چارەنووسی من؟ یانی ماڵی من بووە خانەی کەیف و نەهەنگی غەوارە و دیوناس و دۆست و دوژمن؟ هەر ئەوەندەم لە یادە، گوێم لە دەنگی خۆم بوو کە وەکو هەوری بەهار دەمگرماند: کوڕە مانوونەبینی چیم لێدەکەن هەی بێشەرەفی بێناموسینە، خۆ ئێوە لانیکەم ئەم دووانەتان لافی دۆستایەتییان لەگەڵ مندا لێدەدا، نان و نمەکتان لەگەڵمدا کردبوو، یاڵڵا دەرکەون لەم ماڵەی هەر قوڕمساغ.

دایکم هەشاوڵی بۆ هێنام، دەستی نایە سەر زارم و وتی: بێدەنگ بە بەڕەڵا، دەروجیرانم بەسەردا

مەرژێنە خوێریلە، ئەم هەڵاو هەنگامەت لە چییە هیچوپووچ! ئەم هاتوهاوارەت لە چییە؟ لەسەر چی؟ داوای چی دەکەی؟

بۆخۆشم نازانم چۆنم دەستی بادا و وەرمسووڕاند و بە گشت هێز و توانامەوە شەپێکم تێهەڵدا و چەشنی تۆپی فوتباڵ تووڕم هەڵدا. کورگەلی دەوری سفرە شڵەژابوون و پێکدا دەهاتن. دەسکەپاچێکی دەستخۆش لە سووچێکی حەسار بوو، ڕامکرد و دەستم دایە. تێبەری دارکاری ئاغەیان بووم. بە گشتیانەوە لێم وەدەست هاتن، بەڵام ئەوان مەست بوون و من هۆشیار، دەسکەپاچەکەش یارمەتییەکی باشی دەدام و توانایەکی باشی پێ بەخشیبووم. خوا لە هەقی دەرنەکات چاک چاک، زۆر چاک بیرازم کردن. بە سەر و سەکوت و سەرشان و نێوشانیانمدا دەکوتا و دەست پاراستنم نەبوو، ئەوانیش برێ جار پاکانەیان دەکرد و برێ جار بەرەنگارم دەبوون. بەڵام بەرەنگاربوونێک نەبوو، زیاتر پاکانەیان دەکرد: کورە نەکەی، مەکە، هاتبووین بۆ لای تۆ! لە ماڵ نەبووی، باوکت وتی دانیشن ئێستا دێتەوە، ئەوە بۆخۆشی چووە برێ ساردی و خواردەمەنی بکرێ و بگەڕێتەوە...

دەمکوتان و دەموت: ئا، ئا. باشە دەی! چۆن وایە؟ دەبا وابێ هەی گەوادینە، هەی نامەردینەی نان و نمەک بەحەرام، هەی بێ چاوورووانە، هەی بێویژدانینە...

دەمنەڕاند و جوێنم دەدا و دەمکوتان. ئەوی ڕاست بێ زۆر مەست بوون و زۆریش پەشۆکابوون و نەیاندەتوانی باش وەدەست بێن. کەچی لەناکاو پشتە بێڵێک درا بە تۆقی سەرمدا و بە دواشیدا ئاجورێک ژێر چاوی ڕاستمی ئەنگووت، هەر جێگەی ئەم کەتاییەی باست کرد، سەرم هەڵبڕی و لەو دوو کەسەم ڕوانی. پشتە بێڵەکە باوکم بە سەرمیدا کوتابوو، ئاجورەکەش دایکم دابووی بە ژێر چاومدا.

تا لەمانە بڕوانم و تەزوویەک ڕامتڵەکێنێ، دیسانەکەش پشتە بێڵێکی دیکە، بە زەبرێکی سامناکتر و توندترەوە تۆقی سەرمی ئەنگووت.

زرینگە لە کەڕاکە سەرم هەستا و هەستم بە هەڵزنانی خوێن و داچۆڕانی دوو شۆڕاوگە خوێن کرد. شۆڕاوگە خوێنێک لە پشتە سەرمەوە بەرەو پشتەمل و نێو شانەکانم و شۆڕاوگە خوێنێکی دیکە لە ژێر چاومەوە بە لاڕوومەتمدا بەرەو خوار.

سبەینێی ئەو ڕۆژە لەسەر چرپای نەخۆشخانەی شاردا هاتمەوە سەرخۆ، سەرم کزەکز دەبرژاوە، ڕوومەتیشم چڵی دەدا و دەبرژاوە. ئێش و ژانێکی زۆر بە ناو هەناو و دەروونمدا هاموشۆی دەکرد و دڵمی لە نێوان دەست و پەنجە ڕەقوتەق و ئێسکن و بەهێز و تواناکەیدا دەگوشی...

دەبێ کە وەخۆ هاتبێتەوە، ڕەنج و کەسەرێکی زۆر یەخسیری کردووبێتی، ڕەنگە بۆ ماوەیەک، جا چ کەم و چ زۆر، هەستی چارەڕەشی و ناهومێدی و تەنانەت هەستی مردن و خۆکوشتن گشت بوون و نەبوونتی داگیرکردبێ، ڕەنگە دەیان و سەدان فیکر و بیرەوەری ڕێگا چارەسەر و ڕزگاری بە دەیان و سەدان و هەزارەها گەڕەک و کۆڵان و شەقامی هەبوونتدا، خولی پێ دابێتی و بە سەدان و هەزاران شیر و خەنجەر و نەشتەر جەرگ و دڵ و هەناوتی هەڵکۆڵیبێ و...

دانیشتین؟ ئیدی بەسە. هەستە، هەستە بڕۆوە... خۆت خرکەوە و بڕۆوە... «هەستم بڕۆم؟ بۆ کوێ؟ بۆ ماڵەوە! کام ماڵ، ماڵی کێ؟ بۆ کام ماڵ

و حاڵ و بۆ باوەشی کێ؟ فڕێدراوم فڕێ، وەکو لیباسێکی کۆن بووبێ، وەکو پێڵاوێکی دڕابێ، وەکو خواردەمەنییەکی چڵپاندبێتیان، سەگ چڵپاندبێتی، فڕێدراوم، ئای لەو هەزارەها ڕەنج و مەراقەی کات و ساتی ئاوا ئابلۆقەت دەدەن، دەست و پەنجەی عیزرائیلئاسا بۆ خنکاندن، بۆ گوشینی دڵت، بۆ دەرهێنانی چاوەکانت، بۆ لەتوپەتکردنی هەموو ئەندامەکانت ـشاڵاوت بۆ دێنن. یەخە و بەرۆک و تینتینۆکەت دەگرن، بەربینگت پێدەگرن. بەرەو کوشتن و مردنت دەبەن. دەبێ لە کات و ساتی ئاوادا چەندەها فیکر و ئازار و دڵەڕاوکێ و چەرمەسەری دەرکت پێ بگرن و هەناوت ڕیشاڵ ڕیشاڵ کەن؟ ئەرێ لەم دۆخەدا چی دەکەی؟ چ هەستێ ڕاتدەگرێ؟ چ چارەسەرێ دەدۆزییەوە؟... هەست؟ هەستی چی و خوستی چی؟ مەرگی خۆم بە ئاوات دەخوازم.

بەڵام تۆ، ئەرێ ئەرێ تۆ، تۆی ناپیاوی لە هەموو نامەردان ناپیاوتر. تۆ چیت کرد؟ چۆن دەرچووی؟ سەرت دامەخە، پیاو سەرداناخات، سەرت هەڵێنە و لە چاوم بڕوانە. چیت پێ بڵێم پیاوی سەرشۆڕ، ملکەچ، چاوحیز، چاودێڵ، پیاوبووی و بۆت قەبووڵ نەدەکرا؟ تۆ دەورت دەگێڕا، دەور. دەورگێڕی زۆر ناشی و یارینەزانی شانۆیەک بووی کە نەتدەزانی سەرەتا و کۆتایی و نێوەڕۆکی ئەم شانۆیە دەبێ چۆن بێ و چۆنە! ڕەنگە نەتدەزانی لە کوێوە بۆ کوێیە، چی دەگوزەرێ و بۆ کوێ دەچێ. ئەوا دیسانەکە سەرت بەرداوە. لە وەنەوزدای؟ خەونووچکە دەتباتەوە؟

نەء ڕۆڵە، نەء بە کەرم مەزانە، خوماری خومار. ئەی چۆن دەڵێی تەرکت کردووە، ئەی خۆ دەتوت تەرکت کردووە و کار دەکەی. خوێڕی کامە تەرککردن و کامە کارکردن؟ وەرە با بڕۆینە بەر ئاوێنەکەی سەلمانیخانەی شەریف. لە ئاوێنە باڵانوێنەکەی شەریفدا سەرنجێکی خۆت بدە، تابلۆی تابلۆ. سیاچارە تابلۆی... دەتهەوێ بەم سەروسەکوت و بیچمەوە کارت بدەنێ؟ هەی ترحیۆ، ترحیۆ، چما پیاوی و خۆت بە پیاو دەزانی، بڕۆ مەرد و مەردانە تەرکی کە و ڕوو بکە کاروبارێک! ئەگینا بۆ ناڕۆییەوە بۆ لای دای و بابت؟ بۆ لارەملی دای و بابە لە خۆت خوێڕیترەکەت نابی...

ڕادەچەنم و هەڵدەبەزمەوە، یەک بە خۆم دەنەڕێنم: نا، نا، نا، هەزار کەڕەت نا نا نا!

ئەویش، کابرای بەرامبەرم یەک و دوو ناکات، هێواش و لەسەرەخۆ دەپرسێ: بۆ نا؟ تۆ بە خەیاڵی خۆت لەگەڵ دای و بابتدا کردتە شەڕ تا خوێڕیگەری و سەرشۆڕی و بێشەرەفی قەبووڵ نەکەی، لە ماڵە دای و بابی هاتیە دەر تا پیاوەتی و سەربەرزی بپارێزی... وا نەبوو؟ بە خوا باشت پاراست، دەزانی چۆن؟

کە لە نەخۆشخانە وەخۆ هاتمەوە و چاوم هەڵێنا، خانمە پەرەستارێکی پیر هات بۆ لام و پێمی وت: هەک بۆت بمرم ڕۆڵە، مەگەم تۆ لە هەتیوە غەریب و بێکەسەکەی من بێکەستر بی! ئەوا دوو ڕۆژە لەم نەخۆشخانەیە کەوتووی و کەس لێی نەپرسیوی، کەس بە پێ و شوێنتدا نەهاتووە. کەست نییە؟ خەڵکی ئەم شارە نیی؟ ئەی کوانێ دایک و باوک و خوشک و برات؟ لە کوێن؟ بۆ لێت ناپرسن؟ جلوبەرگەکەت لە لای منن. بۆخۆم بۆم هەڵگرتووی، گیرفانەکانت تاقە چل تمەنی تێدابوو، بۆخۆم لە لای خۆم بۆم هەڵگرتووی. بەڵام خەرجی

نەخۆشخانەکەت دووسەت و سی تمەنە. کەست هەیە تەلەفۆنی بۆ بکەی بێت بە شوێنتدا؟
کاتێ پێم وت: خەڵکی ئەم شارە نیم، بێکەسم و کەس شک نابەم، پێمی وت: جلوبەرگەکەت بۆ دێنم و لە بەریان بکەوە. هەر لێرەش دانیشە تا دێم بە دواتدا. دەبێ دۆسیە و کاروبارەکەت جێبەجێ بکەم و کاغەزی مەرەخەسبوونت بۆ بێنم.
لە پاش سەعاتێک دووان کە گەڕاوە زۆر تووڕە بوو، لە ژێر لێوڕا هەر جنێوی دەدا! بە کێ؟ هەر نەمزانی. بەڵام کاغەزی مەرەخەسبوونی بۆ من هێنابوو. کاغەزەکەی دایە دەستم و وتی: شانس و ئیقباڵت بڵندە، دوکتۆر غەفوور نۆرە کێشکێتی. زۆر ئینسان و مرۆڤپەروەرە، لە ژووری ژمارە هەشتی ئەم کاریدۆرەدایە. دەیناسی؟ نەشیناسی قەیناکا. پیاوێکی باش و بەرەحم و دڵە. برۆ بۆ لای. یارمەتی و ڕێنوێنیی لێ بخوازە. خاترجەم بە ناهومێد ناگەڕێیەوە..
کەوتمە دڵەڕاوکەوە: چی بکەم؟ چی بکەم؟ بچم؟ نەچم؟ بچم بڵێم چی؟ سوور سوور دەزانم تازە ڕووناکەمەوە ماڵی دای و باب. دەی، ئەی بەس کە وا بێ چ بکەم؟ کار و ئیش و پیشەیەک ڕەچاو کەم؟
ماڵئاوایی خانمە پیرەکە دەکەم و دەچم بۆ لای دوکتۆر غەفوور. لە ژوورەکەیدا بە تاقی تەنێ دانیشتووە و لە پەنجەرەڕا لە گوڵەکانی ئەودیوی ژوورەکە دەڕوانێ. لەوە دەچێ لە فیکرێکدا بێ و بیرەوەرییەک هەژاندبێتی. کە دەڕۆمە ژوورێ و سڵاوی لێ دەکەم، زۆر ساردوسڕ پێم دەڵێ: وەرە دانیشە، تۆ ڕمووەدەی تلیاک و دووکەڵ نیی؟
چی بڵێم و وەڵامم چی بێ؟ لەوانەیە بۆخۆشم نەزانم ڕمووەدەم یان نا!! جومعە بە جومعە دوو سێ جار لە باڵای گیرفانی دۆستان کێشاومە، بەڵام بە تاقیم نەکردۆتەوە بزانم ڕمووەدەم یان نا!
دوکتۆر من ناناسێ، بەڵام من دەیناسم، برایەکی لە خۆی چووکەتری لەگەڵمدا هاوپۆل بوو، شەش حەوت ساڵ پۆل بە پۆل پێکەوە بووین. بڕێکیش دۆستایەتیمان هەبوو، لە پاشان من لە وانە و یانە دابڕام و ئەو بە شوێن خوێندندا ڕووی کردە زانکۆ و زانستگا و ئەمانە...
دوکتۆر دەڵێ: ئەگەر ڕمووەدەی و پێت خۆشە تەرکی کەی، یارمەتیت دەدەم. ئەگەر بە شوێن ئیش و پیشەوەی، برا گەورەکەم خاوەن شەریکەیەکی سازکردنی بینا و خانووبەرەیە، بەوت دەناسێنم و برۆ لە لای کار بکە. لە لای ئەویش کار بکەی، هەر کات و ساتێ یارمەتیت بوێ-چ لە من و چ لەو یارمەتیت دەدەین، بەو مەرجەی مەرد و مەردانە بژیت و کار بکەی...
نیشان بەو نیشانەی لە لای براکەی دوکتۆر تاقە چوار ڕۆژم کار کرد. ڕۆژی چوارەم، یان با بڵێین شەوی پێنجەم هەر لەو ژوورەدا کە شەریکە پێمی دابوو، دانیشتبووم و ماشە بە بافوورەوە و بافوور بە لێومەوە بوو، بۆخۆشم بڕێک بڕێک سواری پەڵەهەورێک بووبووم و سەیاحەتی گەڕەک و کۆڵانی شارم دەکرد، لە ناکاو موهەندێسی برای دکتۆر و دوو کاربەدەستی شەریکە وەژوورکەوتن.
موهەندێس وتی: بۆت بەداخەوەم، ئێمە هەوجێمان بە کاربەدەستی ڕمووەدە نییە. ئەمشەو لێرە بخەوە، سبەی ماڵئاوا. بۆت بەداخەوەم. تۆ هەر لە جسناتتدا خراپی و لەگەڵ جسناتی خەراپیشدا هیچ ناکرێ، ئەگینا لە ئەقڵ و فامدا لە کەس کەمترنیی!

هەر ئەو شەوە بۆ بەیانی لە پاش ئەوەی مسقاڵێکت کردە دووکەڵ و نەشئەبووی، هەزار سوێندت خوارد، ئەوە ئاخر کەڕەتت بێ و ئیدی ببڕاببڕ بە شوێن شتی ئاوادا نەچی، کەچی هەرگیزاو هەرگیز نەبووە ڕۆژ بگەیەنییە ڕۆژئاوا و سوێند و قەول و قەرار و مەرجی خۆت نەشکاندبێ. ئەوەتانێ پشتە دەستی ڕاستت یەک پارچە بە قەرا بازنەی بنە ژێرپیاڵەیەک سووتاوە. خۆ سوور سوور لە یادمە کە ئەم شوێنە سووتاوە، بەرهەمی یەکێک لەو سوێند و بڕیارانەیە کە لە مەستیدا یان لە نەشئەبووندا، بەڵێنیت داوە تەرکی بکەی. کەچی نەتتوانیوە، یانی نەتوانینی چی؟ تاقە چەند سەعاتێک بەردەوام بووی و لە پاشانە بەڵێنی چی و مەرجی چی و تەرکی چی؟
کوڕە ڕۆڵە، بەرخۆلەکەم، کوڕی خوێڕی! چما پێت وایە هێشتا مسقاڵە ویژدانێکت لە جەستەدایە، یان ئەوەیە خۆت لە چۆمێک، گۆلاوێک، شەتاوێک باوە، یان بڕۆ شاخان و خۆت لە سەر کەپکە شاخێکەوە یان لە هەڵدێرێکەوە هەڵدێرە و خۆت لەم سەرشۆڕی و شوورەییە ڕزگار بکە. ئەگینا، خۆ جوانی، جەحێڵی، گوڕ و تینێک وەبەر خۆت بنێ و مەرد و مەردانە، خوا و موحەممەد بە یاد کە و حەوای دە. حەوای دە و خۆت لە دەرد و ژان و کەسەر و مەینەتی و سەرشۆڕی رزگار بکە. ئاخر پیاوی ناپیاو، ئەم پشت پەنجە سووتاندن و حیزە حیزە و کارە بیلعەتانەت لە چییە؟ ها؟ ئاخر تۆش بەشەری؟
تۆ لە هەڵەدای هەڵە، ئەو شوێنە سووتاوانەی پشت دەست و پەنجەکانت بەرهەمی جارێک و کارێک، تەنانەت بەرهەمی دوو جار و دوو مەرج و بەڵێن و بڕیار و بگرە سێ و چوار و پێنجیش نەبێ! کەچی لە ئاخریدا چی؟ هەر هەموویان هیچ، مایە پووچ، وەک خۆت... ئەوەتانێ ڕموودەی ڕموودە...
کۆبوونەوەکانی باخە بەلاڵووکەکەی شانی شار چی؟ ڕەزا دوو ئیسکانی خواردبایە بەسی بوو، دوو لاق لە حەوا و لە سەر دوو دەست چوار جاری دەوری کۆبوونەوەکەمان دەدا. عەلی هەر ئەوەندەی چوار مژی قووڵ و بەدڵی خۆی وەگیر بکەوتایە، تا ڕۆژی ڕوون باسی لەیلا و گۆرانیی حەسەن زیرەک لە دەم و گەرووی نەدەبڕاوە. مینەش دەهات، بەڵام نە دەیخواردەوە و نە دەیکێشا! ئای نەقڵ و حیکایەتی دەگێڕاوە و دڵی هەر بەوە خۆش بوو ئاورەکەی ساز کا، چایەکە دەم کا و ئێمە گوێی دەینێ و ئەویش چا لە پاش چا بخوا و جگەرە بکێشێ و نەقڵ بگێڕێتەوە. ئەی قالە؟ باسی قالەی ڕەحمەتی بۆ ناکەی؟ خودایە چ دەنگ و سەدایەکی بوو؟ چ دەنگ و سەدایەک؟ یادی بەخێر چۆنی وەجۆش دێناین و بەرەو ئاسمان و هەور و مانگ و دەریا و باخانی دەبردین. یادی بەخێر لە گۆرانیی شاد بەدەر نەیدەزانی! یان نەیدەوت. بەڵام نادر، نادر، نادری ئاغای کەلامی. خوایە لەم لاوە، لەم گەنجە، لەم جوانچاکی و دەنگخۆشییە. خالقی و سەیدعەلی ئەسکەر هەر لە دەنگی ئەو خۆش بوون. نەدەکرا نادر بیلێ و هەر هەموومان نەگریەنێ. ئەو دونیایە ئەو ئێواران و شەوانەشی بوو.. ئاخ....
شەو، شەو نەبوو، ڕەشمارێکی بەدفەڕ بوو لەوپەڕی توانا و زاڵبووندا. باسی ئەو شەوە دەکەم کە موهەندێسی برای دوکتۆر و دوو کەس لە دەستوپێوەندەکانی لەو ژوورەدا کە شەریکە پێی دابووم، بە سەردا هاتن و لە دۆخی دووکەڵ بەبادانددا گرتمیان و لە پاش ئەو هەڕەشە و گوڕەشە

ناخوشه، جێیان هێشتم. ئاخ شەوێکی چەندە نەگریس بوو. شەو بووە ڕەشمارێکی بەکاری پڕ توانا و تێم ئالا. جاری وا بوو سەردڵمی دەگەزت و ئەوی ژەهراوی بیست و پێنج ساڵەی تەمەنم بوو، دەیرشتە ناخ و مۆخ و هەناومەوە. لە ئۆقیانووسی پڕ شەپۆلانی ئێش و ئازار و ڕەنج و مەینەتدا دەتلامەوە. ئەمسەرەو سەری ژوورەکەم بووبووە زەریایەکی تۆفانی و من لە نێویدا پۆنگم دەخوارد و بینەمەلەم دەکرد و ئەمسەرەوسەر دەتلامەوە و جنێوم بە خۆم دەدا. جنێوم دەدا بە هەرکەس کە دەمناسی، بە هەرکەس کە نەمدەناسی، بە زیندوو، بە مردوو، دیسان بە خۆم و دایک و بابم...

جاروبارە ڕەشماری مارزی نەفرەتیی نەگریس لە ئەستۆم دەهالا، لە دەوری سینگ و زگم دەهالا، بە دەوری ئەستۆ و سنگ و زگمدا قەفی دەخوارد و دەیگوشی، دەیگوشی. ڕێگای پشوو کێشانمی دەبەست. پشووم بۆ نەدەکێشرا، چاوم بە مۆلەق دەوێستا و لەوانەبوو ئێستا نا تاوێکی دیکە دڵم لە کوتەکوت بکەوێ. لە دۆخێکی ئاوادا بۆ یەکەمجار هەر بەو جگەرەیەی لالێوم، پشتە دەستم داخ کرد و بڕیارم دا: خۆ لە سبەی بەیانی زووتر نییە، چما سبەینێ موهەندێس لەم کارە دانیام و لەم شەریکەیە دەریکردم، دەبێ بڕۆمە سەنتەرێکی تەرکی ڕمموودەیی دەوڵەتی و دەردی خۆم چارەسەر کەم. بۆ سبەی موهەندێس بڕیاری خۆی بردە سەر، بەیانی زوو زوو، هەر لە سەرەتای کاری ڕۆژانەدا مووچە و مواجبی ئەو ڕۆژەش و دوو ڕۆژ زیادیشی دامێ و وتی: سەرچاوم...

کە لە شەریکەوە یەکسەرە چوومە سەنتەری تەرکی ڕمموودەیی، دوکتۆرەکە هەر چاوی بە پشتە دەستە سووتاوەکەم کەوت، وتی: تۆ بەڕاستت نییە کاکە، تەرکی ڕمموودەیی دەست سووتاندن و دروشمی پێ ناوێ. بهخۆتدا وەرەوە، ئەمەش کاغەز و حوکمت بۆ دەنووسم، بڕۆ بۆ ژووری «وەرگرتن»، لەوێ ڕێنوێنیت دەکەن...

نیشان بەو نیشانەیەی لە پاش پانزە بیست ڕۆژ کەوتن لە نەخۆشخانە، هاکا مەرەخەس کرام و لە نەخۆشخانە چوومە دەر، تەنها هەر ئەو ڕۆژە نەچووم بە دوای دووکەڵدا، بەڵام ڕۆژی دوایی، ئەوی شەربەت و حەب و دەرمانی پێیان دابووم، حەوام دا و بە خۆم وت: بێ هێزم، دڵتەنگم، تەنهام، لەم شارەشدا هەر هەموو کەس دەمناسێ و خۆ لە ڕووم هەڵنایە بە شەقام و مەیاندا پیاسە بکەم و بێم و بچم و مامەڵەیەک بکەم! دەڕۆمە دوو سێ شار ئەولاتر، شارێکی گەورەتر. لەوێ کار زیاترە، کەسیش نامناسێ، لەوێ لە نووکەوە مەرد و مەردانە خودسازی دەکەم و مل دەدەمە ئیشکردن. بەڵام گەیشتنە ئەو شارە هەمان و کەوتن بە سەر دیداری دوو دۆستی شاری خۆماندا هەمان. شەوێ لە دەوری مەنقەڵ کۆبوونەوە، هەرگیز شەوێکی بە سەردا نەهات، جارێک کێشان و ڕمموودەی حەفتا ڕمموودە سەلامون عەلەیکوم خۆت بگرە و هاتم! هەر بە موبارەکی، بەمەش کۆتایی پێ نەهات هەتا ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو سەری باخی گشتی، لە نێو پۆلێک دار و دەوەنی زۆر چڕوپڕدا هەر لەگەڵ ئەو دوو دۆستەدا پۆلیس هەڵیکوتایە سەرمان. هەر کامەو بە لایەکدا تێمان تەقاند، بەڵام لە ئاکامدا دوومان گیراین و سەید بۆی دەرچوو. بە وتەی کوڕەکان، کونەڕەش خۆت بگرە و هاتم! باوەکو لە یەکەم ڕۆژی بەندیخانەدا بۆ دووهەم کەڕەت پشتە دەستی

خۆم داغکرد تا ببڕابڕ چیدی توخون دووکەڵ نەکەوم، باوەکو سێ چوار ڕۆژیش بەردەوام بووم، کەچی لە کۆتایی چوارەم ڕۆژ یان سێهەم ڕۆژدا بڕیارم شکاند و ئەو شەش مانگەی بەندیخانە بە قەولی دۆستانی ئەوێ بوومە ئوتوویان و دووکەڵ و دەوای گشت کوڕەکان هەر لە کەناڵی خۆمەوە جێبەجێ دەبوو...

لە پاش ئەوەی شەش مانگەی بەندیخانە، تەواوەتی هات و رزگار بووم و هاتمە دەر، هەلێکی باش ڕەخسیبوو بۆ ئەوەی تەرکی کەم. لە لایەکەوە زۆر کەمم دەکێشا، لە لایەکی دیکەوە پووڵێکی باشم بوو. دۆخی تەندرووستیشم زۆر باش بوو. بەبێ هیچ گوشارێک بڕیارم دا ئیدی بەسە. دەبێ وەشوێن پیشەیەک کەوم و دەسبەرداری ئەم خووخدەیە بم! دەمزانی یەکێ لە مناڵانی کۆڵانی خۆمان لەم شارەدا شەریکەی سازکردنی ڕێگاوبان و بینای هەیە و کارێکی چەند ساڵانەی قۆنتەرات کردووە. لەگەڵیدا پێشینەی دۆستایەتیی گەرم و گوڕ و خۆشەویستییەکی لەڕادە بەدەرم بوو. دۆستی مناڵی و مێرمناڵی و هەڕەتی لاوی تا سەربازی چوونم بوو. بە ئاوات و هیوایەکی زۆرەوە ڕووم کردە شەریکەکەی. لە ژووری تایبەتی خۆیدا چوومە سڵاوی. ئاگەداری هەر هەمووی بەسەرهاتی ئەم چەند ساڵەی لێکدابڕانمان بوو. بۆخۆشم برێ شتم بۆ گێڕاوە و بەتایبەت وتم بۆیە لە لای دایک و باب نەماوم هەتا سەربەرزی و شەرافەتم بپارێزم. وتم کارکردن تەنها دەرووییە کە شکی دەبەم. وتم لەگەڵ تۆدا بم خۆشەویستیی تۆ گوڕ و تینم پێ دەدا، غیرەت و زاتم پێ دەدا، لەوپەڕی لارەملیدا داوای ئیشم لێ کرد. هەر لە نووکەوە جوابێکی زۆر ساردی سڵاوەکەمی داوە، نە فەرمووی دانیشتنی کرد و نە چۆنی چاکی و نە خوڵقی چایەکی تاڵ و نە هەواڵپرسییەک، ئەوی بوو، چونکە بڕیارم دابوو لەم جیهانی نەگریس و گڵاوەی ڕموودەیی دەرباز بم، بۆخۆم بە ڕووداری و پڕکێشی قسەم بۆ دەکرد و دیسانەکە لەوپەڕی ملکەچیدا چاوەڕوانی کەرەم و گەورەیی ئەو بووم. سوور سوور دەمزانی بێتو کارم بداتێ و لەو نزیک بم و لەگەڵیدا کار بکەم و ڕۆژی سڵاو و هەواڵپرسییەکی لەگەڵدا بکەم، تازە هەرگیز نە ڕووی دووکەڵکێشانم دەبێ ونە مەیلیم دەبێ. بەڵام... ئاخ هەژاری و دەستەوەستانی... ئاخ کەوتن و تێکشکان و شکستی هێنان... هەر ئەو دۆستە کە ١٥-٢٠ ساڵ دۆستایەتی و نان و نمەک لە نێوانماندا بوو، بەبێ سێ و دوو وتی:

-کاکە ئەوەی لە نێوان من و تۆدا بوو قسەی مناڵی و مێرمناڵی و نەفامی و دەورەی کاڵیی ئێمە بوو، ئەوا نزیک بە چەند ساڵە لێک دوورین و یەکدیمان نەدیوە، بایەکی توند هات و هەمووی برد و ئاو بێنە و دەستت بشۆوە، من و تۆ بە چەقەی «کۆکڵاش» و بە چەسپی «ڕازی»ش پێکەوە نانووسێین، سەرچاوم...

هەر ئەوەندە و هیچی دیکە، پشتی تێکردم و لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بەربووە قسە و باس. ئاخ، گیان لە جێگایەکی سەختدایە و نایەتە دەر، ئاخ شەرەف و ئازایەتیی خۆکوشتنم نەبوو، ئاخ لە پاش ئەم دیمەنە بۆ دەبایە بمایەم؟ هەر لەو ژوورەدا دانیشتم، جگەرەیەکم ئاور دا و هەر لەبەر چاوی ئەو دۆستە و بەردەستەکەی و دوو کابرای دیکەدا کە لە ژوورەکەدا بوون پشتە دەستم داغ کرد و وتم:

-ئەمەش بۆ ئاخر کەڕەت، ئیدی ببڕاببڕ بە تەمای یارمەتیی خواستن لە دۆست و دیوناس بم و ملیان بۆ لار کەم و چاوەڕوانی برایەتی و دۆستایەتی و یارمەتی لە حەیوانی دوو لاق بم!...

نە جارێک و نە دە و نە بیست، هەر پشتە دەستت داغ کرد و وتت مەرج بێ تەرکی کەم، کەچی نە جارێک و نە دە و نە بیست، هەر چوویەوە سەری.

چۆنت دەویست تەرکی کەی؟ چۆنت دەویست شەرەف و سەربەرزیت بپارێزی؟ بە دزیکردن؟ بە ڕمووده بوون بە تلیاک و بەنگ و ئەڵکۆڵ و سواڵ و دزیکردن؟ بە فرۆشی ئەم ژەهرە؟ بە خەوتن لە کۆڵان و گەڕەک و نێو باخی گشتی و نێو باخ و دارستانی قەراخ شار؟ بە کۆبوونەوە لە کەلاوەکان بۆ کێشان و خواردنەوە و پللە و چەقەنەلێدان...

ئاخ پیاوی ناپیاو... گلەییت لێ ناکەم، گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێ... پێشوونیان وتوویانە: گیا بە ڕیشە، پدەر بە پیشە... بۆ جارێکی دیکەش ڕادەچڵەکی، ئارەقەیەکی ورد و پڕ و سارد چەشنی پارچە تۆڕپییەک ئازای ئەندامت دادەپۆشێ، جاروبارە لەرزت پێدا دێ. چەناگەت لەسەر قووڵکەی بەر گەردنتە، ئەرێ نەشئەی یان خوماری دەکێشی؟ جیاوازییان نییە؟ دەی باشە! ئەوەتانێ یەک بە خۆت ڕادەچەنی، سەرت بەرز دەکەیەوە و تا توانات هەیە دەنەڕێنی: بۆۆۆۆ.. بۆۆۆ... چارەنووسی من بۆ ئەمەیە؟ من کەنگێم بەم ڕێ و شوێنە شانازی کردووە؟ من کام شەو و ڕۆژ و سەعات و خولەک و چرکە لەم دۆخە عاسی و بەگلەیی و شەرمەزار نەبووم؟ ئەوا ئێستاش پێم دەڵێی برۆ. بۆ ماڵە بابانت!... ئەی کە وایە ئەم گشتە برسێتی و تینوویەتییەم بۆ کێشا؟ ئەو گشتە زیندانە بۆ چووم؟ ئەم گشتە دەربەدەری و بێ ماڵ و حاڵی و بێ حەیایی و بێ ئابڕووییەم بۆ بەسەر خۆم هێنا؟ بڕۆمەوە ماڵە دای و باب؟ لەوێ چ کارە بم؟ لەوێ چی بکەم؟ مەی و مەزە بەرمەوە بۆ ئەو پیاو ماقووڵانەی لە ماڵە خۆیان ڕێگا و جێگای کەیف و نەهەنگیان نییە و بۆ ڕابواردن و بەزم و ڕەزم دێنە ماڵە بابانەکەی من؟ ها؟ ها؟

دیسان بێدەنگی و چەنە لە سەر قووڵکەی بەر گەردن. دیسان نەشە بوون یا خوماری کێشان؟ وەرە و بە قسەم بکە، تۆش بڕۆوە ماڵی دایک و بابت و منیش دەچمەوە. کوڕە نەڕۆینەوە بەڕێ ناچین، دەرنابەین. زستان و سەرما و سۆڵە و بەفر و سەهۆڵ بەڕێوەن. نێو باخ و باخی گشتی و شۆستە و شەقام ئیدی بۆ شەو نووستن نابن.

-بە حاڵ گوێم لە دەنگتە... برێ دەنگ هەڵبڕە... دەی دەڵێی چی؟

من؟ ... ئاووا.. کال (کار) گەیشتە ئێلە (ئێرە)؟ چۆن من کالم (کارم) گەیشتە ئەم حاڵە؟ دەلۆمەوە (دەڕۆمەوە)، پیل (پیر) بوون، هەوجێیان پێمە، قەی ناکا... ئاگاداریان دەکەم... یانی... دەبمە کۆمەک و.. دەست و باڵی باوکم... بەسسە، بەسسە...

-پیلەپیلە (پیرەپیرە) مەکە بیانوو... پێت خۆشە... کەلەتی (کەڕەتی) یەک و دوو نییە. چەند جالی (جاری) دیکەش چوویەوە... وەدەلیان (وەدەریان) نای... نەشاژای (نەسازای).. کەلەتی (کەڕەتی) وایە هەل (هەر) لایان (ڕایان) نەگرتووی... من بە شێت مەژانە (مەزانە) ناشمەوە، ناشمەوە (ناچمەوە، ناچمەوە)... دەشت (دەست) لە دایک و باب هەلناگیلێ (هەڵناگیرێ)..-- هۆپ هۆپ. توولمژ (تورمز) نۆلەی (نۆرەی)



منە... دەژانی شییە (دەزانی چییە) لامگلن دەشمەوە (ڕامگرن دەچمەوە) بابیشم ژۆل پیلە (زۆر پیرە) شەنگ و تەلاژووی بۆ هەلنایە (سەنگ و تەرازووی بۆ هەڵنایە)... دەشمەوە (دەچمەوە)... دەبێ ببمەوە کولی (کوڕی) بابم...

-تۆ دەلێی شی (دەڵێی چی) یەکەم لۆژ (ڕۆژ) لە نەخۆشخانە... هاتمە دەل (دەر) تووشی تۆ بووم... لە دوای شەلیکە (شەریکە) تووشی تۆ بووم... تۆ دۆشتی (دۆستی) کۆنی... دەلێن لە دنیا... دوو شت باشە... شەلابی کۆن و دۆشتی کۆن... دەی تۆش دۆشتی کۆنی... تۆ شی دەلێی... بلۆمەوە (بڕۆمەوە)؟

دەبێ ژۆل ژۆلت پێ خۆش بێ... منیش هەلوا (هەروا).. تۆ بشۆ (بچۆ) مالی ئێمە... بۆ لای دایک و بابم... تکام بۆ پکە.. بۆم بپالێوە (بپاڕێوە)... منیش دەشمە (دەچمە) لای دایک و بابی تۆ... بۆت دەپالێمەوە (دەپاڕێمەوە)... بەشکم لامانگلن (ڕامانگرن)...


-قەول بێ، مەلج بێ لامگلنەوە (ڕامگرنەوە).. تەلکی (تەرکی) دەکەم...

-منیش مەلج (مەرج) بێ... تەلکی دەکەم...

بە خوا خۆشە لامگلنەوە (ڕامگرنەوە)... دەی خوا ژیان... خوا ژیان (خوا گیان)

-هەشتە (هەستە) با بلۆینەوە (بڕۆینەوە)

-دەشت (دەست) لە دایک و باب هەلناگیلێ (هەڵناگیرێ).



# لەشکرە ونبووەکە

**ئیتالۆ کالڤینۆ**

**لە عەرەبییەوە: یاسین عومەر**

بڕیار بوو ئەو ڕۆژە سەربازانی لەشکرێکی یەکێک لە یەکە سوپاییە بەهێزەکان لە شەقامەکانی شاردا بە ڕۆشتنی سەربازی بڕۆن. سەربازەکان هەر لە دەمی بەیانییەوە لە گۆڕەپانی سەربازگەکەدا بە ڕیز ڕاوەستابوونو چاوەڕوانی دەستپێکردنی ڕێوڕەسمی ڕۆشتنە سەربازییەکە بوون.

خۆر وردە وردە بەرزدەبووەوە و سێبەری ئەو تولە سەگە لەپولاوازانەیش کە لە دەوروبەری سەربازگەکەدا بەرەڵا بوون کورتتر و کورتتر دەبوونەوە. سەرباز و ئەفسەرو پایەبڵندەکانی سەربازگەکە بە بەرگی سەربازیی تەواوەوە و لە ژێر کڵاوزرێ قەیتانە تازەکانیانەوە، ئارەقەیان لێدەچۆڕا. سەرلەشکر، بە سواری ئەسپە سپییەکەیەوە فەرمانی دا: تەپڵەکان هاتنە دەنگو شەیپورچییەکانو ئەو باقی ژەنیارەکانی دیکەی لەشکرەکە دەستیان کرد بە ژەنینو دەروازەکانی پادگانەکە لەسەر سکەکانیان سوڕانەوەو بە هێمنی کرانەوە.

ئاسۆی شارەکە لە دوورەوە دیار بوو. گەواڵە هەوری سپی بە ئارامی لە ئاسمانی شیندا دەجوڵان. لەشکرەکە لە شارەکە نزیک دەبووەوە: شار، بە بازنەی دووکەڵەکان کە لە دووکەڵکێشی ماڵەکانییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبوونەوە، شار، بە باڵکۆنو بریسکەی ئەو جلگرە کانزاییانەی سەر ئەو تەنافانەی کە بۆ هەڵواسینی جلوبەرگگەلێکی تەڕ لەم بەرەوە بۆ ئەوبەر ڕاکێشرابوون، شار بە پەرچبوونەوەی تیشکی خۆر لە ئاوێنەی مێزتەوالێتی ماڵەکانو سەمای گوڵینکی ئەو پەردانەی بەرامبەر پەنجەرەکان بوون، شار بە تیشکی خۆر لەسەر گوارەی ئەو خانمانەی کە بەرامبەر مێزتەوالێتەکان دانیشتوون، شار بەمنداڵە چلورەفرۆشەکانییەوە، بە عەرەبانەی دەستیی سەیوانداری چوارپاڵووە شووشەیی و پڕ لە پسکیتی مۆتاوە، شار بە منداڵەکانییەوە لە کۆتایی بەکرە دەزوویەکی زۆر درێژەوە، کۆلارەیەک بە کلکێکی کاغەزیی سوورەوە کە بە سەر سەریانەوە دەشنایەوەو جارجارەش بە جوڵەیەکی لەپڕ بینی دەگرتو وەک ئەوەی تا بەرزایی ئەو هەورە سپییانەی کە بە ئارامی لە ئاسماندا دەجوڵێن، بەرز دەبێتەوە.

سەربازەکان لەسەر ڕیتمی تەپڵەکان و لە نێو هەراو زەنای ڕەوڕەوەی گالیسکەکانی یەکەی تۆپخانەدا، بەوپەڕی تواناوە پێیان بە زەویدا دەکوتاو بەدرێژایی کاروانەکە بە ڕۆشتنی سەربازی دەڕۆشتن، بەڵام کاتێک شاریان بەو ئارامیو پایەدارییەوە لە بەرامبەر خۆیاندا بینی، تۆزێک تاس بردنیەوەو ڕادەستی هەستێکی تایبەت بوون، لە چەشنی هەستکردن بە جۆرە بێ مەیلیو هەستێکی وێکچو بە ڕەوشی میوانێکی ناوەختە. لەپڕ ڕۆشتنە سەربازییەکە ڕەوشی خوێندنی ناوەختی کەڵەشێرێکی بەخۆوە گرت، کە خەڵکی بێ ئەویش دەتوانن کاروبارەکانیان ئەنجام بدەن.

یەکێک لە دەمبککوتەکان، پرجیۆتا، وای پیشان دەدا کە بە هەمان تواناى پێشووەوە دەمبکەکە دەکوتێت، بەڵام لە ڕاستیدا دارەکەی تەنها لە پێستی دەمبکەکەی دەخشاندو دەنگێک کە لە تەپڵەکەی دەهێنا لە تەپەتەپێکی سوک و نزم زیاتر نەبوو، بەڵام ئەم دەنگە نزمە بێ دەنگدانەوەیە، هەر تەنیا تایبەت بە پرجیۆتاو تەپڵەکەی نەبوو، ئەمە ڕەوشی گشتیی تەواوی لەشکرەکە بوو. لەبەرئەوە، کتومت لەو ساتەدا کە پرجیۆتا شێوازی ژەنینەکەی گۆڕی، باقی دەمبککوتەکانی دیکەش هەمان شتیان کرد، پاشان نۆرەی شەیپورژەنەکان هات: دەنگێکی کز بەوێنەی ئاه! لەبەرئەوەی کەس بە توندی فووی بە شەیپوورەکەیدا نەدەکرد. ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی کە بەنیگەرانییەوە ئەم دیمەنەیان دەبینی، قاچیان کە بە هەموو هێزی خۆیانەوە بەرزیان کردبووەوە، بەهێمنی هێنایانە خوارەوەو پاشان لە دۆخێکدا کە لە سەر پەنجە دەڕۆیشتن، ڕۆیشتنە سەربازییەکەیان تێکدا.

سەرئەنجام، بێ ئەوەی هیچ کەسێک فەرمانێکی تایبەتی دەرکردبێت، ڕیزێکی دوورو درێژ، لە ڕاستیدا ڕیزێکی زۆر دوورو درێژی سەربازەکان لە ڕەوشە ڕێکوپێکو ڕێکخراوەکەی خۆیان دەرچوون. ئێستا ئیدی سەربازەکان بە شێوەیەکی شلو شێواو و بێ هۆ بۆ پێشەوە دەڕۆیشتنو چەکمەکانیان بەسەر زەویدا ڕادەکێشرانو هەندێک جاریش بەریەک دەکەوتن. ئەو سەربازانەی کە لێپرسراوی تۆپخانە بوون و بەشێوەیەک لەگەڵ باقی لەشکرەکەدا بە تەنیشت گالیسکەی تۆپەکانەوە دەجوڵان، لەپڕ هەستیان بە شەرمو تەریقی کرد: هەندێکیان

هەوڵیان دا بێدەربەست خۆیان پیشان بدەن و بێ ئەوەی تەماشای گالیسکەی تۆپەکان بکەن، بەردەوامی بە ڕەوتە سەربازییەکە بدەن، بە جۆرێک کە دەتگوت ئەوانیش بەهەمان شێوە بە ڕێکەوت لەو ناوە پەیدا بوونو پەیوەندییان بەو ڕۆشتنە سەربازییە و ئەو تۆپانەوە نییە. دەستەیەکیش زۆر نزیک و چەسپیو بە گالیسکەی تۆپەکانەوە هەنگاویان دەنا، دەتگوت دەیانەوێت تۆپەکان لە پشت خۆیانەوە بشارنەوە تا خەڵکەکە ئەو دیمەنە زیندووە نەبینن. چەند کەسێکیش لەسەر تۆپەکان شتێکیان بەسەر خۆیاندا ڕاکێشا تا نەبینرێن یان زۆر سەرنجڕانەکێشن. ژمارەیەکی دیکەش ڕوانگەیەکی جیاوازیان لەگەڵ باقی ئەوانی تردا گرتەبەر: بە ڕەوشێک وەک بڵێیت هەموو ڕووداوەکەیان بە گاڵتە گرتووە، زەردەخەنە لە بن لێویان، بە سەری پەنجەیان لەسەر لولەی تۆپەکانیان دەدا، سودیان لە میلی تفەنگەکانیان وەردەگرتو هەوڵیان دەدا ڕەوشێک نیشان بدەن، کە وەک بڵێی سەرجەمی ڕێوڕەسمەکە فشەیە. لە ڕاستیدا ئەوان دەکۆشان وا لە سەیرکەران بگەیەنن کە بە هیچ شێوەیەک مەبەستیان نییە بۆ کوشتنی ئەوانی دیکە سوود لەم تۆپو تفەنگانە وەربگرن و ئەمڕۆ ئەم چەکە زەبەلاحو دەگمەنو سەرەمەقەستانەیان تەنیا بۆ ئەوە هێناوەتە دەرێ کە برێک هەوا لێیان بدات.

ئەم هەستی گێژییە، تەنانەت دزەی کردبوو بۆ سەرلەشکر تۆمینیش. ئەو بە ئاشکرا سەری تا نزیکی سەری ئەسپەکەی هێنابووە خوارێ. ئەسپەکەش بە جێی خۆی ڕیتمی جوڵەکردنی تێکچوو بوو، برێک جار لە نێوان یەک دوو هەنگاودا کە هەڵیدەنان کورتە وەستانێک دەوەستاو پاشان بە مقەیەرییەوە دەکەوتەوە ڕێ. شێوەی هەنگاونانی ئەسپەکەی سەرلەشکر تۆمینی لە ڕۆشتنی ئەسپێکی جڵەوکراو دەچوو، بەڵام بۆ پەیبردن بە مەوقیعییەتەکە چەند ساتێک ڕامان پێویست بوو تا سەرلەشکر تۆمینی و ئەسپەکەی بێنەوە سەر خۆیانو ڕۆشتنی جوانو چوارناڵەی ڕێکوپێکیان دەست پێبکەنەوە. بە هەڵسەنگاندنێکی خێرای بارودۆخەکە، سەرلەشکر فەرمانێکی بێئەملاو ئەولای دەرکرد: «هەر کەس بۆ جێی خۆی».

دمبکەکان هاتنەوە دەنگو ڕیتمی ڕێکوپێکی مارشیان دەست پێکردەوە. ڕیزی ناڕێکوپێکی سەربازەکانیش بەخێرایی ڕێکوپێکییە سەربازییەکەی یەکەم جاری بەدەست هێنایەوە. سەربازەکان بەپشت بەخۆبەستنو ئەوپەڕی تواناوە ڕۆشتنی سەربازییان دەست پێکردەوە. سەرلەشکر چاوێکی خێرای بە ڕیزە ڕێکخراوەکانی سەربازەکاندا خشاند و لە دڵی خۆیدا وتی: «هم! بەمە دەوترێت ڕۆشتنی سەربازیی ڕاستەقینە.»

چەند ڕێبوارێک کە بەسەر شۆستەکەدا تێدەپەڕین، ڕاوەستانو تەماشای ڕیزی سەربازەکانیان کرد. ڕوانینیان ڕەوشی ئەو سەیرکەرە ئارەزوومەندانەیان هەبوو کە دەتگوت لە جەرەیانی ئەو هەموو وزەیە لە ژێر پێی سەربازەکاندا هەستیان بە چێژوەرگرتن دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستێکی ئازاراویی سەیریان هەبوو، کە هۆکەیان نەدەزانی، جۆرە هەستێکی ناڕۆشنی مەترسیدار، ئەگەرچی ئەوەندە مەسەلەی گرنگیان لەسەر شان بوو، کە بواری ڕاوەستانی زیاترو بیرکردنەوە لە تۆپو تفەنگیان نەبوو.

سەربازو ئەفسەرەکان کە ئەم سەیرکردنو

ڕوانینەیان لەسەر ماسولکەکانی خۆیان هەست پێدەکرد، دووبارە دووچاری هەمان ناڕەحەتیی لە پەسن نەهاتوو دەبوونەوە. بە هەمان هەنگاوی پتەو و پایەدارەوە درێژەیان بە ڕۆشتنە سەربازییەکەی خۆیان دەدا و لە هەمان کاتیشدا نەیاندەتوانی ئەو بیرۆکەیە لە مێشکیان دووربخەنەوە، کە ئەم ڕۆشتنە سەربازییە بەسەر خەڵکە باشەکەی شاردا سەپێنراوە.

سەربازی پیادە، مارانگون ئارلیمجیۆ، بۆ ئەوەی لە بەرامبەر خەڵکەکەو ڕوانینەکانیاندا هەستو هۆشی پەرت نەبێت، نیگای بڕیبووە زەوی: کاتێک لە دۆخی ڕۆشتنی سەربازیدایت تەنها بابەتی گرنگ بەلاتەوە ئەمەیە کە لە ڕیزدا بیتو هەنگاوەکانت هاوئاهەنگ بکەیت لەگەڵ ڕیتمی مارشەکەدا، ئەو باقی شتەکانی دیکە تیپ خۆی حەلو فەسڵیان دەکات. بەڵام کەموکوڕیی کارەکە لێرەدا بوو کە سەدان سەربازی دیکەی لەشکرەکەش خەریک بوو لە سەر هەمان بیر هەمان ئەو کارەیان دەکرد کە سەربازی پیادە مارانگۆن دەیکرد. لە ڕاستیدا دەتوانرێت بوترێت کە سەرجەمی لەشکرەکە: لە ئەفسەری بەشەکانەوە بیگرە تا ئەو سەربازانەی کە ئاڵایان هەڵدەگرت، تا خودی سەرلەشکریش، بە وریایی تەواو و پێداگری لە پاراستنی سیستەمو هاوئاهەنگیی خۆیان درێژەیان بە ڕۆشتنە سەربازییەکەیان دەدا، بێئەوەی سەریان بەرز بکەنەوە. سەربازەکان دەچوونە پێشەوە، دەستەی شەیپوورچیو دمبککوتەکان لەپێش ئەوانەوە دەڕۆیشتنو تاو نا تاوێک دەتبینی لەشکرەکە بەملاو ئەولادا خوار دەبێتەوە، لەلای بەشی قیرتاوکراوی شەقامەکە دەچێتە ناو باخچەی تەنیشت شۆستەو پارکەکانەوەو لالەو وەنەوشەکان دەپلیشێنێتەوە.

ئەو باخەوانانەی کە سەرقاڵی ئاودانی چیمەنەکان بوون، لە بەرامبەر خۆیاندا چییان دەبینی؟ لەشکرێک کە بەرەو ئەوان دەهاتەپێشێ، ئەویش بە چاوی نوقاو و چەکمەگەلێکەوە کە دەنران بە سەر گژوگیا ناسکەکاندا. باخەوانە داماوەکان نەیاندەزانی چۆنچۆنی سۆندەکانیان بگرن تا ئاو بە سەرو دەموچاوی سەربازەکاندا نەپرژێت، ناچار سەری سۆندەکانیان بە بەرزی دەگرت. بەڵام وایش دیسان ئاو لەسەرەوە دەڕژایە سەر زەویو لە شوێنی جیاواز جیاوازدا پەرشو بڵاو دەبووەوە. باخەوانێکیان ئاوەکەی کرد بەسەر سەرلەشکر تۆمینیدا و سەرتاپای سەرلەشکری تەڕ کرد. سەرلەشکری تەڕ، بە بەژنی بەرزەوە، بەسواری ئەسپەوە بۆ پێشەوە دەڕۆیشت، بە چاوانی داخراوەوە لە ئەسپەکەی پەڕییە خوارێو هاواری کرد: «لافاو! لافاو! بۆ پێشەوە بەرەو کاری فریاگوزاری» و پاشان یەکسەر خۆی کۆکردەوەو کۆنترۆڵی لەشکرەکەی بەدەستەوە گرتەوەو کەسەکانی ناو باخچەکانی بۆ دەرەوە ڕێنوێنی کرد.

بەڵام سەرلەشکر ماوەیەک مات بوو. هاوار هاواری «لافاو! لافاو!»ەکە نهێنیو هیوایەکی ئاشکرا دەکرد، کە ناخودئاگا لەودا دروستی کردبوو: چاوەڕوانی بۆ ڕوودانی لەپڕی بەڵایەکی ئاسمانی، کارەساتێکی سروشتی، کە بێ ئەوەی کەسێک بکوژێت ئەوەندە مەترسیدار بێت کە بتوانێت ڕۆشتنە سەربازییەکە هەڵوەشێننەوەو لەبری ئەوە هەلی ئەوە بە لەشکرەکە بدات کە کارگەلێکی سوودبەخش بۆ خەڵکی شارەکە ئەنجام بدەن. دروستکردنی پرد، هاوئاهەنگکردنی کارە فریاگوزارییەکانو چەندین کاری دیکە. بەتەنها ئەمانە دەیانتوانی ئارامی بە ویژدانی ئەو ببەخشن. لەشکرەکە کە ئێستا ئیدی لە پارکو باخچەکان

هاتبووه دەرێ، لە خاڵێکی دیکەی شاردا دەجولا. هەڵبەتە نەک لە شەقامە پانوپۆڕەکاندا کە بۆ ڕێورەسمی ڕۆشتنی سەربازی دەستنیشان کرابوون، بەڵکو لە بەشێکی شاردا کە کوچە و کۆلانەکانی باریکو پێچاو پێچ بوون. سەرلەشکر بڕیاری دابوو کە لەم بەشەوە قەدبڕ بکەنو بەبێ کات بەفیڕۆدان هەرچی زووتر خۆیان بگەیەننە گۆڕەپانەکە.

جموجۆڵێکی سەیر لە گوزەرگاکانی ئەم ناوچەیەدا بەرچاو دەکەوت. تەکنیککارانی کارەبا لەسەر پەیژە درێژەکانیان سەرقاڵی چاککردنی لامپی سەر شەقامەکان بوون و ژمارەیەکیش تەلی تەلەفۆنەکانیان سەر و خوار ڕادەکێشا. نەخشەسازانی کۆمپانیا ئەندازەییەکان بە خۆیان ستۆدیۆلایتو سێپێچکەو ئامێرە پلەدارەکانیانەوە شەقامەکانیان ڕوپێو دەکرد. کرێکارانی کۆمپانیای گاز (غاز) بە ئیسپانەو ئامێرە تایبەتییەکانیانەوە، دەروازەی سەر کۆنتۆری غازەکەیان لە شۆستەکاندا دەکردەوە. قوتابیانی قوتابخانە، بەڕیز بەسەر شۆستەکاندا دەڕۆیشتن. کرێکارانی بیناسازی لەتە خشتیان بۆ وەستاکان هەڵدەدا: «هێی! هێی!» پاسکیلسواران بە خۆیانو پەیژەکانیانەوە کە لە سەر کۆڵیان هەڵیانگرتبوو و هۆڕنیان لێدەدا، لە گوزەرەکاندا تێدەپەڕینو تەماشای هەر پەنجەرەیەکت دەکرد خزمەتکارێکت دەبینی خەریکی شوشتنی چوارچێوەیەکی شووشەیی بوو یان سەرقاڵی لە ئاوهەڵکێشانی جلوبەرگی شۆڕاو بوو لە سەتڵی گەورە گەورەدا. سەرئەنجام دەبوو لەشکرەکە بە ڕۆشتنی سەربازییەوە بە نێو شەقامە پێچاو پێچەکاندا تێپەڕ بنو سەربازەکان ڕێگەی خۆیان بەنێو تۆڕێک لە تەلی تەلەفۆنو ئامێری ئەندازەگیریو پەیژەو چاڵو حەفرەکانی کۆنتوری گاز و ڕیزی کچانی مەکتەبلی دەکردەوە و لە هەمان کاتدا وریا بوون کە ئەو لەتە خشتانە بگرنەوە کە بە هەوادا هەڵدەبەزینەوە: «هێی! هێی!» و لەگەڵیشیدا وریای جلی تەڕ و ئاوی ئەو سەتڵانەش بوون کە خزمەتکارەکان لە نهۆمی چوارەمەوە دەیانڕشتنە خوارەوە.

سەرلەشکر تۆمینی درکی کردبوو کە ونبوون. هەروا کە بەسەر ئەسپەکەیەوە چەمابووەوە ڕووی کردە ڕێبوارێکو لێی پرسی: «ببورە! دەکرێت پێمان بفەرموون کە نزیکترین ڕێچگە بۆ گۆڕەپانە سەرەکییەکە لە کام لاوەیە؟» ڕێبوارەکە پیاوێکی وردیلە بوو و چاویلکەیەکی بچوکی لە چاودا بوو، پاش تۆزێک وەستان، وتی: «ڕێگاکەی کەمێک ئاڵۆزەو ڕەنگە ون ببن، بەڵام ئەگەر حەز بکەن، من دەتوانم ڕێگایەکی قەدبڕتان پیشان بدەم، کە بەنێو حەوشەی کۆمەڵێک شوێنی نیشتەجێبووندا ڕەت دەبێتو دەگاتە شەقامێکی دیکە، کە دەڕوات بەرەو گۆڕەپانی سەرەکی. ئەم ڕێگایە لانی کەم چارەکە سەعاتێک پێشتان دەخات».

سەرلەشکر پرسیی: «ئایا لەشکرەکە هەمووی دەتوانێت بەنێو ئەو حەوشەیەی کە دەیڵێن ڕەت ببێت؟»


کابرای وردیلە تەماشایەکی سەربازەکانی کردو بە جوڵەیەکی گومانئامێزەوە وتی: «هم! باشە دەتوانین تاقیی بکەینەوە.»

کابرای وردیلە کەوتە پێشو ئەوانی بەرەو دەرگایەکی گەورە ڕێنمونی کرد. دانیشتوانی حەسارەکە کە لە پشت محاجەرەی ژەنگاویی بانیژەکانیانەوە نوشتابوونەوەو سەیری خوارەوەیان دەکرد، کە سەربازەکان بە ئەسپو تۆپخانەکانیانەوە هەوڵیان دەدا بێنە ناو حەوشەکەوە.

سەرلەشکر پرسیی: «ئەو دەرگایە کامەیە کە دەبێت لێیەوە بچینە دەرێ؟؟»
کابرای وردیلە وتی: «دەرگا؟ کام دەرگایە؟ ڕەنگە من زۆر باشم بۆ ڕوون نەکردبێتنەوە.» ئێوە دەبێت لە نێو حەوشەکەوە سەرکەونە سەرێ تا دوایین نهۆم، لەوێوە دەچن بۆ پێپلیکانەی باڵەخانەکەی دواترو لەوێ دەرگایەک هەیە کە ڕێی هەیە بۆ شەقامەکەی پاشتر.»
سەرلەشکر هێشتا هەوڵی دەدا کە لە سەر وەختی سەرکەوتن بەسەر پێپلیکانەکەدا لەسەر زینی ئەسپەکەی قایم و پتەو دانیشێت. بەڵام دوای دووجار ساتمە خواردن بڕیاری دا ئەسپەکەی بەیەکێ لەپایە گەچینەکانی باڵەخانەکەوە ببەستێتەوەو بەپێ سەربکەوێتە سەرێ. بڕیاریان دا تۆپەکانیش هەر لەوێ لەناو حەوشەکەدا بهێڵنەوەو پیاوێکی پینەچی بەڵێنی دا کە چاودێرییان بکات.
سەربازەکان بە ڕیزێکی یەک نەفەری بە پێپلیکانەکاندا سەردەکەوتنە سەرێ. هەر کات دەگەیشتنە بەردەم ماڵێک، دەرگای ماڵەکە دەکرایەوەو منداڵان دەهاتنە دەرێو هاواریان دەکرد: «دایە! دایە! وەرە سەیر بکە، سەربازەکان خەریکن ڕەت دەبن! لەشکرەکە خەریکە ڕۆشتنی سەربازی ڕێ دەکات!»
لە نهۆمی پێنجەم، بۆ ڕەتبوون لە پێپلیکانەیەکەوە بۆ پێپلیکانەیەکی دیکە، دەبوو لە بەشی دەرەوەی باڵەخانەکەو بە بەردەم بانیژەکاندا ڕەت ببن. پەنجەرەکان ڕوو بە ماڵگەلێک دەکرانەوە، کە سادەو بێ ڕازاندنەوەو پڕ لە قەرەوێڵەی سپرینگدار بوون و خێزانە منداڵ زۆرەکان تیایاندا دەژیان.
سەربازەکان کە بە قەراغی پەنجەرەکاندا تێدەپەڕین، بانگهێشتکردنی باوکو دایکی منداڵەکانیان دەبیست: «فەرموو وەرنە ژوورەوە! دە فەرموون تکاتان لێدەکەین! دەبێت زۆر ماندووبوو بێتن! لەم لایەوە وەرنە ژوورێ تکایە! نزیکترە! بەڵام تفەنگەکانتان لە دەرەوە دانێن! لەبەر خاتری منداڵەکان! بێگومان خۆتان دەزانن کە...»
بەم شێوەیە بوو کە لەشکرەکە وردە وردە لێکهەڵوەشا، بە درێژایی ڕاڕەو و داڵانو بانیژەکانو لەو بێ سەرو بەرەییەدا، شوێنەوارێک لە کابرای وردیلەی چاویلکە لە چاو کە ڕێگاکەش شارەزا بوو، نەدەبینرا.
خۆر ئاوا بووبوو و هێشتا تاقمێکی پەراگەندەی سەربازەکان لە نێو ڕاڕەو و بانیژەی حەسارەکە سەرگەردان بوون. ئا لەو سەرەوە، سەرلەشکر تۆمینی دەستەوئەژنۆ لە پشت ستارەی سەربانی باڵاخانەیەکی بەرزەوە هەڵتروشکابوو. لەوێوە دەیتوانی شار لە ژێر پێکانی خۆیدا ببینێت، شار کە لە هەموو لایەکەوە فراوان بووبوو، بە شەقامو گۆڕەپانە چۆڵەکانییەوە. لە پاڵ سەرلەشکر تۆمینی، دەستەیەک لە سەربازەکان بوون کە لەسەر سۆغالەکانی سەربان بە هەر چوار پەل، بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگو دەمانچە بەدەستەوە تەقەی خۆناسینەوەیان دەکرد.
سەرلەشکر فەرمانی دا: «پەیوەندی بکە! خێرا پەیوەندی بکە! شوێنەکە پەڕینەوە لێی سەختە... توانامان نییە درێژە بە ڕۆیشتن بدەین.. چاوەڕێی فەرمانین.. چاوەڕێی فەرمانین».

**سەرچاوە:**

شاه گوش می کند، ایتالو کالوینو، تهران، انتشارات مروارید، چاپ اول ١٣٨٢، ص (٦٨-٧٥).


عەتا نەهایی
دۆسیەی ژمارەی داهاتوو



# پۆل ئیلوار
## یەکێك لە شاعیرە پێشەنگەکانی سوریالیزم

**لە ئینگلیزییەوە : ناڵە حەسەن**

**کورتەیەک دەربارەی ژیانی (پۆل ئیلوار)**

پۆل ئیلوار لە ١٤ی دیسەمبەری ١٨٩٥، لە «سەینت دلێنیس» سەر بە شاری پاریس لە دایکبووە، خێزانەکەیان سەر بە چینێکی مامناوەندی بوو، باوکی فەرمانبەر و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە و لەماڵەوە

# ئیلوار پێی وابوو شیعر هۆکارێکە دەتوانێت خوێنەران هۆشیار بکاتەوە و گەشەیان پێ بدات

ئیشی بەرگدرووی کردووە. پۆل ئیلوار لە سەردەمی لاوێتیدا قوتابییەکی زۆر زیرەک و چالاک بووە. لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی جارجارە لە خوێندن دابڕاوە، لە تەمەنی شازدە سالّیدا بەهۆی نەخۆشیی (سیل)ەوە دەنێردرێت بۆ «سویس سەنەتۆریەم». لەو تەمەنەیدا بێئەندازە هۆگر و حەزی لە شیعر دەبێت. سالّ و نیوێک لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، یەکسەر دەچێتە ڕیزی سوپا بۆ خزمەتکردنی سەربازی. پاش ماوەیەک بریندار دەبێت، بەهۆی تەقینەوەی غازی تۆکسیک. دوای تەواوبوونی ئەزموونی شەڕ، سالّی ١٩١٧ ماوەی خزمەتکردنی سەربازیی تەواو دەبێت و ئازاد دەبێت، هەر لەم سالّەدا یەکەم کۆمەڵە شیعری بە ناوی (Le Devior et ) بلّاو دەکاتەوە. ئیلوار خۆی وای هەست دەکرد لە «وات وێتمان»ی شاعیری ناوداری ئەمریکی زۆر نزیکە، وات وێتمان نووسەری دیوانە شیعری (گەڵاکانی گیا)، ئێلوار ئەم دیوانە شیعرەی زۆر دەخوێندەوە. هەروەها بەشداریی لە بزووتنەوەی دادابیەکانیش کردووە، لەگەڵ «تریستان تزارا و ئەندری بریتۆن و لویس ئەراگۆن و فلیپ سۆپات و زۆرێک لەو نووسەرە گەنجانە» یەکتریان دەدیت و لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبوونەوە. پاشان لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرێکی تر وەکو سوریالیستەکان خۆیان ڕادەگەیەنن. پۆل ئیلوار یەکێک لەو کەسانە دەبێت کە مانیفێستی سوریالیزم ئیمزا دەکات. ئیلوار سالّی ١٩١٢ ژنی هێناوە و کچێکی لەو ژنەی هەیە بە ناوی «سیسەیل»، بەلّام لەگەڵ ئەو ژنەی بەیەکەوە زۆر بەختەوەر نابن، بۆیە لە ئاکامدا لەیەکتری جیا دەبنەوە. ئیلوار لە سالّی ١٩٢٤ بۆ ماوەیەک ون دەبێت، دەنگوباس وا بلّاودەبێتەوە گوایە مردووە، بەلّام دوای حەوت مانگ دەگەڕێتەوە پاریس، وا ڕادەگەیەنێت لە سەفەرێکی دوور و درێژدا بووە، لە «مارسلیس»ەوە بۆ تاهیتی، ئەندەنووسیا، سیلان، ئوستralیا، چەند شوێنێکی تر. پاش دەرکەوتنەوەی لە چوارچێوەی سوریالیزم درێژە بە هەوڵەکانی دەداتەوە. هەر لەو ماوەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە گاڵەی خێزانی پێشووی لەگەڵ «سیلڤادۆر دالی» پەیوەندیی هەیە! ئیلوار سالّی ١٩٢٦ بەهۆی چاپکردنی دیوانە شیعری (Capital de la Doluer ) ناو و دەنگێکی شیعری باش پەیدا دەکات. لە دەوروبەری سالّی ١٩٣١دا لەگەڵ (Nusch)ەی هونەرمەندی شێوەکاری سوریالیست یەکتریان خۆشدەوێت، کە یەکێکە لەو خوێنەرانەی ئیلهام لە شیعرەکانی وەردەگرێت! هەر لەوکاتانە زەماوەند دەکەن و دەبن بە هاوسەری یەکتری و لەگەڵ یەکدا زۆر بەختەوەر دەبن، بۆیە هەتا دواچرکەکانی تەمەنی ئەو ژنەی هەرلەگەڵیدا دەژیێت، واتە تا سالّی ١٩٤٦، چونکە لەوسالّەدا ژنەکەی دەمرێت. ئیلوار سالّی ١٩٣٩ جارێکی تر بۆ خزمەتکردنی سەربازی بانگ دەکرێتەوە، لە سەردەمانی دەستڕۆیشتوویی ئەڵمانیا بەسەر فەڕەنسا ئەو ڕیزەکانی سوپای جێهێشتووە و بەنهێنی خەریکی کاری ئەدەبی و ئیشکردن بووە لە دژی شەڕ و دوژمنکارییەکانی ئەڵمانیا، سالّی ١٩٤٢ دەچێتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی. بەشێوەی نهێنی چالاکی و کارە سیاسییەکانی ئەنجام دەدات. لەو سەردەمانەدا ئیلوار سەفەر بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دونیا دەکات، لەوانە (بەریتانیا، بیلگیەم، چیکیسلۆفاکیا،

پۆل ئیلوار لە ١٤ی دیسەمبەری ١٨٩٥، لە «سەینت دلێنیس» سەر بە شاری پاریس لە دایکبووە، خێزانەکەیان سەر بە چینێکی مامناوەندی بوو، باوکی فەرمانبەر و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە و لە ماڵەوە ئیشی بەرگدرووی کردووە. پۆل ئیلوار لە سەردەمی لاوێتیدا قوتابییەکی زۆر زیرەک و چالاک بووە. لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی جارجارە لە خوێندن دابڕاوە، لە تەمەنی شازدە سالّیدا بەهۆی نەخۆشیی (سیل)ەوە دەنێردرێت بۆ «سویس سەنەتۆریەم». لەو تەمەنەیدا بێئەندازە هۆگر و حەزی لە شیعر دەبێت

مەکسیکۆ، ڕوسیا ...) بەڵام لە وڵاتەیەککگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی پێنادەن و ڤیزەکەی ڕەتدەکەنەوە بە پاساوی کۆمۆنیست بوونی! لە نۆڤەمبەری ١٩٤٦ لەو مانگەی «نووچە»ی خێزانی دەمرێت دیوانە شیعرێک بەناوی (Le Dur Desir de durer) بەچاپ دەگەیەنێت، کە لە پێنج قەسیدە پێکهاتووە. پۆل ئیلوار وا بیری دەکردەوە و پێی وابوو، پەیامی شیعر ئەوەیە دەبێ داهێنان لە زمان بکات و زمان نوێ بکاتەوە، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵانە لە ژیان و ڕووبەری بووندا! پێی وابوو شیعر هۆکارێکە دەتوانێت خوێنەران هۆشیار بکاتەوە و گەشەیان پێ بدات! لەم بارەیەوە لەپاڵ داهێنانە ئەدەبییەکان و بەرزڕاگرتنی ناسنامە سیاسییەکەی، هەوڵی دەدا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە دەستهێنانی ئازادییەکانی تاک، هاوکات ئازادیی سێکسیش. ئیلوار لە ماوەی هەموو ژیانیدا زیاتر لە حەفتا کتێبی جۆراوجۆری دەربارەی شیعر و بابەتی ئەدەبی و گۆشەنیگای سیاسیەوە... بڵاوکردۆتەوە. ساڵی ١٩٥٢ لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵیدا دەمرێت، ئەوکاتە لەگەڵ ژنی سێیەمیدا بووە.

**چەپکێك لە شیعرەکانی پۆل ئیلوار**

## من نەمدەتوانی بیزانم

من نەمدەتوانی بیزانم
باشتر لەوەی تۆ من بناسیت
چاوەکانت لە خەودان
ئێمە پێکەوە بۆ درەوشانەوەی
چارەنووسێکی باشتر لە شەوەکانمان
دروست کرد
چاوەکانت لە کام سەفەری من
بە درێژایی ڕێگاکان،
هێماکانی
مانایەك بە نامۆیی زەوی دەبەخشێ
لەنێو چاوەکانی تۆدا
کێ کۆتایی ئەم تەنیاییەمان
بۆ ئاشکرا دەکات
کە خۆشیان
ئیتر نازانن چارەنووسیان بە کوێ دەگات
تۆش نەتدەتوانی بیزانی
باشتر لەوەی من تۆ بناسم...!

## کچی عەشق

ئەو لەسەر پێڵووی چاوەکانم وەستاوە
پرچی لەنێو پرچی مندایە
ڕەنگی چاوەکانی منی گرتووە
شێوەی دەستاکانم...
ئەو لەنێو سێبەری من قووت دەدرێت
وەکو بەردێك بەڕووی ئاسماندا

ئەو هەرگیز چاوەکانی داناخات
یان هەرگیز لێناگەڕێت من بخەووم
یان خەونەکانی ئەو لە ڕۆژێکی پرشنگیدا
وادەکا خۆرەتاو ون ببێ
منیش پێدەکەنم دەگرییێم
یان پێدەکەنم و قسەدەکەم
ئەوکاتانەی هیچ شتێکم پێ نییە بیڵێم!

## زەنگی ئێواران

دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ دەرگاکان
ئێشکگری کرابان
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ زیندانی
بوونمان
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ ئەو شەقامانەی
لە ئێمە قەدەغە کرابوون
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ ئەو شارەی
کە خەوتبوو
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ ئەو ژنەی
برسی و تینوو کرابوو
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆخۆمان کە
بێ بەرگری بووین
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ ئەو شەوەی
کە بێبایەخ کرا
دەمانتوانی چیتر بکەین، بۆ خۆمان کە
یەکتریمان خۆش دەویست...؟

## لە پەنجەرەوە

هەمیشە من ئەو دڵنیاییەم نەبووە، ئەو ڕەشبینییەی کە باشترین دڵنەواییە لە نێوان ئێمەدا. لەوێدا کاتی ئەوەبوو کە برادەرەکانم بە من پێبکەنن. من زرینگ نەبووم بۆ وشەکانم، دڵنیاییەکی جیاواز، من هەمیشە نازانم کە دەمەوێت بڵێم چی؟ بەڵام زۆرجاران کە هیچم نەبووە تا بیڵێم. گرینگیی قسەکردن یان مەیلی ئەوەی کە زۆر بە زەحمەت نەبێت. ژیانی من تەنها بە داوە دەزوویەك هەڵواسراوە. لەوێدا کاتی ئەوەبوو، ئەوکاتەی وا دیاربوو من لەهیچ تێنەگەیشتبووم. زنجیرەکانی من سەر ئاو کەوتبوون. هەموو حەزەکانم لەنێو خەونەکانم لەدایك دەبن. من بە وشەکانم عەشقی خۆم دەسەلمێنم. بۆ چ مەخلوقەهایەکی نایاب من متمانەم بەخۆم کرد. لە چی دڵتەنگییەکی ئازاربەخش و دنیایەکی ڕەنگێندا خەیاڵەکانم بازنەیان بە چواردەورم کێشابوو. من دڵنیا بووم کە عاشق بووم لە زۆربەی بوارە ترسناکەکانی خۆم. زمانی عەشقی من سەر بە زمانی مرۆڤ نیە، جەستەی مرۆیی من دەست لە گۆشتی عەشقم نادات. خەیاڵە ئیرۆسیەکانیشم هەمیشە و بەبەردەوامی لە ئاستێکی بەرزی گونجاودا بوون، کە ئەوەش هەوڵدانێکی ئەوتۆ نییە بۆ ڕازیکردنم لەسەر چەوتی...!

**سەرچاوە:**
Poets.org-poetry, poems-Bios&more - Pual Eluard- poems. - Biography, Quotes



## له شیعری ژاپۆنییەوە

# گۆرانییەك بۆ سەدەی ژن

**دایساکو ئیکیدا**

**له عەرەبییەوە: ئاوات حەسەن ئەمین**

١

به تواناو خۆراگرییەوە
گۆرانیی خۆشنوودی دەچڕم
مۆسیقای ئاشتی دەژەنم.
***

ئەم قەسیدە گەنجانەیەم
بەردەوام دەبم لە چرینی
لەپێناوی کۆمەڵگەدا.
لە پێناوی ئاشتیدا.
لە پێناوی سەرجەم خەڵکدا.

٢
با تاجەگوڵینەی پاشاکان ژیانیان
جوانکات.. بە بیروباوەڕەکانیان
دەستەکانتان ڕوومو ئاسمان
بەرزکەنەوە.
بە توانا راستییەکانیشتان
حەقیقەتی زەوی بەقوڵی هەڵکۆڵن،
تا.. چەقەکەی بپێکن.

٣
*نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ کۆنگرەی جیهانیی شاعیرەکان:
گەواڵە هەورێکی حەوت رەنگ
بە ئاسماندا گوزەر ئەکا.
رووبارێکی ئەبەدی
بەسەر زەویدا ڕێ ئەکا.
تەوژمێکی رەشیش
لە ناخی زەریادا
سەما ئەکا.
لە ناخی چیاشەوە
دووکەڵ بەرز ئەبێتەوە.
***



دایساکو ئیکیدا
ساڵی ١٩٢٨ لە
تۆکیوی لەدایکبووە.
فۆتۆگرافەرو شاعیرو
نووسەرەو زیاتر لە
سەد بڵاوکراوەی
هەیە. دامەزرێنەری
دەزگای سوکا
گاکی جیهانییە،
کە دامەزراوەیەکی
بووزییەو گرنگی بە
ئاشتی دەدات، هەر
خۆشی سەرۆکییەتی
هەڵگری چەندان
خەڵاتە لەوانە:
خەڵاتی نەتەوە
یەکگرتووەکان بۆ
ئاشتیی. ژمارەی
پێوانەیی هەیە لە
جیهاندا لە بەخشینی
دکتۆرای فەخریدا،
کە ٣٠٠ بڕوانامەی
دکتۆرای فەخریی
پێبەخشراوە.
ئەمەش یەکەمجارە
لە جیهاندا روو
ئەدات.



ئێمە بەدوای
بیرەوەریی هەسارەکانا ئەڕۆین
لەمیانەی کردارەکانییەوە
لەڕێڕەوی زەمانا،
لەوێوە.. ئەو ئاڵوگۆڕە سۆزدارییەمان
بۆ دەرئەکەوێ
لەگەڵ گەردوونا.
***
هەتاوی پرشنگدار.. دیاریی ئاسمانە،
رووناکیی مانگیش..
رۆشنایی بەخشە..
بەسەرزەویدا.
ئەستێرە درەوشاوەکانیش
هاوڕێی دەریاکانن.
ئەستێرەی دەروازەی لەبیانەش
تاجی سەرشاخە.




## ٤

(رێگای هیوا)
بەیانییەکی سەرفرازی
لەگیانمدایە.
رووناکییەکی مەزن پەرش ئەکات.
لەناخی ژیانیشما، رۆژانە
سەروەریی سەدان ساڵ لە مێژوو بڵاودەبێتەوە.
***



هەرگیز تەسلیم نابم..!
هەرچەندە کەسێك نییە
ڕووداوەکان بەدی بکا..
وەلێ.. بوونەوەرە ئاسمانییەکان
تەماشایی ڕووداوەکانی
ژیانم دەکەن.
شتێك نییە ناوی تەنیایی بێت!
***
منم کە لەگەڵ هەتاوی بەیانیدا.. ڕێم کرد
لەژیانێکا.. سەروەر گەلێك چاوەڕوانمە
کە ناژمێردرێن.
من هیچ لەبارەی سۆزی هەڵپاوی نازانم
بێ هیواییش ناناسم.

سەرچاوە:
گۆڤاری (دبی الثقافی) ژمارە ٦٨ی شوباتی ٢٠١١. وەرگێڕی شیعرەکە بۆ عەرەبی لەلایەن نووسەرو وەرگێڕی ئیماراتی د. شیهاب غانم-ەوە رایی کراوە.



# بە ڕۆمانکردنی مێژوو

## لە ڕۆمانی (وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان)ی (یوسف عیزەدین)دا

**داستان بەرزان**
Dastan.barzan@gmail.com

**هۆشمەندی بەڵایەکی گەورەی ئێمەی مرۆڤە، بەدەر لەوە دنیا بوونێکی تری هەیە، بوونێکی بێدەنگ و پرسیار، بوونێک کە ئاژەڵەکان تێیدا بەختەوەرن.**

**وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان**

بەش بەحاڵی خۆم پێم وایە ئەمرۆ لە ناو نووسینی کوردیدا کەمن ئەو تێکستانەی خاوەنی دونیابینییەکی فراوان و گرژی و ئاڵۆزییەکی وەهان کە خوێنەر تووشی تێرامان و پرسیار و ڕاڕایی و نیگەرانی دەکەن، ئەمەش پەیوەندیی بە بازاڕپیبوونی نووسین و ئەو لێشاوە زۆرەی نووسینەوە هەیە، کە بوونی هەیە و ڕۆژانە لێرە و لەوێ گلەیی و نارەزایی خوێنەران و نووسەرانی لە بارەوە دەبیسترێت، بەڵام ئەمەش ناکاتەوە ئەوەی بڵێین تێکستی گرنگ و جددی بوونی نییە، چونکە نووسینی نەمر لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا هەڵگری خەسڵەت و ناوەڕۆکێکی وەهایە، کە ڕۆحی نەمری پێدەبەخشێت.

(وێڵگەی یادەوەرییە گریمانکراوەکان) کە لەلایەن نووسەر (یوسف عیزەدین)ەوە نووسراوە و یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە بەم دواییانە بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، لەگەڵ چەندین کتێبی دیکەدا چاپ و بڵاوی کردەوە، هەڵبەتە ئەم نووسینەی ئێمە نە دەچێتە قاڵبی لێکۆڵینەوەیەکی وردی تەواوی ڕەگەز و پێکهاتەکانی ئەم ڕۆمانەوە، نە دەشچێتە قاڵبی پیاهەڵدانی کوێرانە و بێئاگاییانەوە، بەڵکو تەنیا ڕانانێکە لە دیدی خۆمەوە وەک خوێنەرێکی ئەو ڕۆمانە، چونکە ڕۆمانەکە قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت و دەکرێت لەلایەن کەسی دیکە و لە کات و شوێنی دیکەدا قسەی لە بارەوە بکرێت، لێرەدا بەکورتی لەسەر چەند لایەنێکی دەوەستین و شتێکی کەمی لە بارەوە دەڵێین.

### سەرەتا

سەرەتای ئەم ڕۆمانە بە هاتنە گۆی کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەست پێدەکات و هەر خۆشی شتێک لە مەودای کەسایەتییەکەی ڕوون دەکاتەوەو دەڵێت: من فەرهاد تاجوری دووەمم....

دەبینین نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوە لە زاری کاراکتەری سەرەکیی ڕۆمانەوە دەست دەکات بە چوونە نێو گێڕانەوەوە، کە ئەمەش ئەگەرچی تەکنیکێکی نامۆ نییە لە ڕابردوودا، بەڵام بەشێوەیەکی هونەرییانە نووسەر توانیویەتی بەکاری بخات بۆ زیاتر جوانکردنی شێوازی گێڕانەوە، دواتر و هەر لە قسەکانی ئەم کاراکتەرەوە وا دەردەکەوێت کە شتێک ڕوویداوە، واتە گێڕانەوە کاتێک دەست پێدەکات کە ڕووداو ڕویداوە، کە ئەمەش جارێکی دیکە دەبێتە سەرەتایەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش، زۆرینەی کات ئەمجۆرە لەسەرەتای ڕۆمان توانای ڕاکێشانێکی زۆری خوێنەری هەیە بۆ نێو جیهانی ڕۆمانەکە.

### بیرۆکە

ئەگەر تەماشای کارەکانی پێشووی یوسف بکەین، دەبینین هەمیشە تێکستەکانی هەڵگری بیرۆکە و ئامانجگەلێکی گرنگن و نووسەر زۆر بە ئاگایی و وریاییەوە هەڵیبژاردوون بۆ کارکردن، واتە مەبەستی نووسەر تەنیا نووسین نییە، بەڵکو ئامانج و بیرۆکەیەکە و دەیەوێت لە ڕێگەی نووسینەوە بیخاتە ڕوو، زۆرینەی کات کارکردنی ئەم نووسەرە کارکردنەوەیە لە نێو مێژوودا، واتە گۆڕینی مێژووە بۆ ئەدەب، لە نێو ئەدەبی جیهاندا (بۆرخیس) نمونەی هەر دیاری ئەم جۆرە کارکردنەیە، لە نێو ئەدەبی ئێمەشدا هەریەک لە (عەتا محەمەد، یوسف عیزەدین، ئاکۆ کەریم مەعروف، نەجات نوری) نمونەی ئەو نووسەرانەن کە ئەزموونی



ئەگەر تەماشای کارەکانی پێشووی یوسف بکەین، دەبینین هەمیشە تێکستەکانی هەڵگری بیرۆکە و ئامانجگەلێکی گرنگن و نووسەر زۆر بە ئاگایی و وریاییەوە هەڵیبژاردوون بۆ کارکردن، واتە مەبەستی نووسەر تەنیا نووسین نییە، بەڵکو ئامانج و بیرۆکەیەکە و دەیەوێت لە ڕێگەی نووسینەوە بیخاتە ڕوو

خۆیان لە نێو ئەم جۆرە لە نووسینی چیرۆک تاقی کردووەتەوە و هەر یەکەیان چەندین چیرۆک و ڕۆمانیان بەم شێوازە نووسیوە.

ئەم ڕۆمانەی یوسف عیزەدینیش دەچێتە خانەی شێوازی کارکردنەوە لە مێژوودا، لەم ڕۆمانەدا نووسەر گەلێک بابەتی گرنگی مێژوویی دەهێنێت و لە دید و ڕەهەندی جیاوازەوە کاریان تێدا دەکاتەوە و لە هەندێ شوێنیشدا خوێندنەوەی جیاواز بۆ مێژوو دەکاتەوە و سەرجەمی ئەو باسە نووسراو و دەماودەم و مێژووییانە هەڵدەوەشێنێتەوە و سەر لە نوێ بونیادیان دەنێتەوە و مانای دیکەیان پێدەبەخشێت. کاتێک خوێنەر بەر وشە و ڕستە و واتاکانی ئەم تێکستە دەکەوێت، دەبینێت هەندێک ڕووداوی مێژوویی بە جۆرێکیتر دەگێڕدرێتەوە، جیاواز لەو گێڕانانەوەی پێشوو، لەبەر یەکترازاندنی مێژوو و دروستکردنەوەی لەم تێکستەدا بەجۆرێک لەگەڵ فەنتازیا و تەکنیکی ڕۆمانەکەدا یەکانگیربووە، کە هەرگیز هەست بە لەنگی و ناڕێکی ناکەیت لە نێوانیاندا، واتە بیرۆکە وەکو خوێن بە تەواوی دەمار و موولولەکانی فۆرم و ناوەڕۆک و تەکنیکی ڕۆمانەکەدا بڵاوبووەتەوە و پێکڕا مانا و دەلالەتەکان پێکدەهێنن، ئەگەرچی خوێنەر لە هەندێ شوێندا هەست بە لەتبوون و پچڕبوونی گێڕانەوە دەکات، بەڵام ئەوەش نابێتە کەموکوڕی و دواتر و دوای خوێندنەوەی تەواوی تێکستەکە هەست دەکەیت جۆرێکە لە تەکنیکی گێڕانەوە، تێکستی تازەش زۆرینەی بەم شێوەیەیە، کە ئەویش پەیوەستە بە زەینی پەرش و زاکیرەی تەفرتونابووی مرۆڤی تازەوە.

گرنگە نووسەر بەرلەوەی دەست بەنووسینی هەر تێکستێک بکات، بزانێت ئامانجی چییە و دەیەوێت چی بنووسێت، واتە نووسین ئامانجێکی لە پشتەوە بێت، کە نووسین خۆی نەبێت، یان بە مانایەکی تر نووسین لە پێناو نووسیندا نەبێت، بەڵکو نووسین لە پێناو ئامانجدا بێت. گەلێکجار بەر ئەو تێکستانە دەکەوین کە ئامانج لێیان ڕوون نییە و نازانین نووسەر دەیەوێت چیمان پێبڵێت، یان بیرۆکەیەک لە پشت نووسینەکەوە هەیە، بەڵام نووسەر ناتوانێت بە ڕێگایەکی دروست بیگەێنێتە خوێنەر، ئەمە ئەو جۆرە لە نووسین دەگرێتەوە کە عەقڵێکی باشی لە پشتەوە نییە، ئەگەرچی پڕۆسەی نووسین پڕۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشم و ڕاڕاییە، بەڵام کە نووسەر توانای کردنەوەی گرێ و نەزانراوەکانی نەبێت و هۆشیار نەبێت بەرامبەر بە نووسین، دەکەوێتە هەڵەی گەورەوە، بە کورتی دەمانەوێت بڵێین زۆرجار بوونی بیرۆکە بەس نییە بۆ ئەوەی نووسەر بتوانێت تێکستێکی باش بەرهەمبهێنێت، بەڵکو قودرەتی ئەو بەسەر نووسیندا گەلێک گرنگە.

گومان لە نووسین هەوڵێکە بۆ گەیشتن و بە نووسین، نووسەر هەتاکو خاوەنی گومان و قەلەقی بێت لە نووسین، زیاتر دەتوانێت لە نووسین تێبگات و نهێنییەکانی کەشف بکات، خۆشبەختانە هەر لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەی ئەم ڕۆمانەوە نووسەر هێند بە ئاگاییەوە سەرەتایەکی گرنگ بۆ بیرۆکەی نووسینەکەی دەخوڵقێنێت، کە خوێنەر نەتوانێت هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری بێت، ئەمەش خاڵێکی گرنگی نووسینی سەرکەوتووە، بەش بەش و لاپەڕە دوای لاپەڕە بیرۆکە زیاتر ڕوون دەبێتەوە و ڕووداوە بچوکەکان ڕاماندەکێشن بۆ ڕووداوە گەورەکان و لەوێوە بەکێشمان دەکەن بۆ ترۆپکی ئاڵۆزی بابەتەکە، نەک هەر لە لاپەڕەی

یەکەمەوە تێبگەین کە نووسەر ئامانج و بیرۆکەی ئەم نووسینە چییە، یاخود تاکو بەرەپێش بچین زیاتر هەست بەوە بکەین کە نووسەر بیرۆکەی کارەکەی بیرچووەتەوەو شتێک دەڵێت کە لە سەرەتای نووسینەکەیدا دژی بووە.


### ئەدمۆسفێر (کەشی گشتی)

کەش لەم ڕۆمانەدا ناجێگیرە، واتە کەشێک نییە لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی خوێنەر لەگەڵ خۆیدا پەلکێش بکات و گۆڕان و جێگۆڕکێ بەخۆیەوە نەبینێت. کەشی ئەم ڕۆمانە کەشێکی جیوەییە واتە هەر دەمە و لە بارودۆخێکدا یاری دەکات، ئەمیش جارێکی تر لە خزمەت گەیاندن و باشتر گێڕانەوەی بیرۆکەی سەرەکیی ڕۆمانەکەدایە، چونکە هەرکات کەش چەقیبەست و گۆڕان و جیاوازیی بەخۆوە نەبینی، ئەوا خوێنەر ناتوانێت لە خوێندنەوە بەردەوامبێت و دەستبەرداری تەواوی ڕەگەزەکانی تری تێکستەکە دەبێت، کە ئەمەش چەندینجار ڕووبەڕوومان بۆتەوە، ئەگەرچی هەر تێکستێک خاوەنی کەشی خۆیەتی، بەڵام گرنگە نووسەر بتوانێت کەشێکی پڕ لە بەها و ئیستاتیک بخوڵقێنێت و خوێنەر بە کەشێک ئاشنا بکات کە پێشتر پێی ئاشنا نییە.

ئەم ڕۆمانە خاوەنی کەشێکی هێند ئەفسووناوی و جادووییە، کە خوێنەر هەست دەکات لەبەردەم جیهانێکدایە پێشتر دەرکی پێنەکردووە، دواتر هەر لە ڕێگەی کەشەوە برێکی باش لە جوانی بەرهەمدێت، دواتریش تێکشکاندن و پەرش و لەتکردنی زەمەن و جێگۆڕکێ بە زەمەن واتە ئاڵوگۆڕکردنی ڕووداوە مێژووییەکان، یاریکردن بە مانا تەقلیدییەکانی مێژوو، هاوکات لە هەندێ جێگەدا بە ئێستاکردنی مێژوو یان ڕابردوو، دیسانەوە ئیستاتیک و بەهای ئیستاتیکی دەگێڕێتەوە بۆ تێکستەکە و چێژێکی باش دەبەخشێت و پاشان ئەم جوانییەش دەبێتە کەرەستەیەک بۆ خزمەتکردنی ڕاستەوخۆی گێڕانەوەی بیرۆکە و گەیاندنی بەخوێنەر.


### کۆتایی

کۆتایی ڕۆمانە کۆتاییەکی داخراو نییە، واتە سەرجەمی گێڕانەوە و ڕووداوەکان کۆتایی پێنایەت و خوێنەر بگەیێنێتە دڵنیایی، بەڵکو نووسەر چارەسەری تەواوی گرفت و ئاڵۆزییەکان ناکات و پرسیارگەلێکی زۆر بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە، چەندین گومان و ڕەهەندی نەدۆزراوە دەمێنێتەوە کە دەکرێت لەلایەن خوێنەرەوە خوێندنەوە و ڕاڤەی جیاوازیان بۆ بکرێت، دواجار ئەمەش دەبێتە خەسڵەتێکی بەرچاوی تێکستەکە و دەبێتە هۆکارێک بۆ زیندوویی کۆتایی ڕۆمانەکە و تەواوی تێکستەکە.






کەشی ئەم ڕۆمانە کەشێکی جیوەییە واتە هەر دەمە و لە بارودۆخێکدا یاری دەکات، ئەمیش جارێکی تر لە خزمەت گەیاندن و باشتر گێڕانەوەی بیرۆکەی سەرەکیی ڕۆمانەکەدایە، چونکە هەرکات کەش چەقیبەست و گۆڕان و جیاوازیی بەخۆوە نەبینی، ئەوا خوێنەر ناتوانێت لە خوێندنەوە بەردەوامبێت و دەستبەرداری تەواوی ڕەگەزەکانی تری تێکستەکە دەبێت




# پیتەر ئاسمۆسن، لە چاوتروو‌کانێکدا

## خوێندنەوەی: کامەران سوبحان

پیتەر ئاسمۆسن، شاعیر و رۆماننووس و شانۆنامەنووسی بەناوبانگی دانیمارکی، ساڵی ١٩٥٧ لەدایک بووە، هەرچەندە تا ئێستا ئەو نووسەرە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا وەک پێویست ناوێکی دیار نییە، بەڵام لە ئەدەبیاتی شانۆی مۆدێرندا یەکێکە لە دیارترین نووسەرە تایبەتمەندەکانی شانۆ، سەرەتای ناوبانگی ئەم نووسەرە بەناوبانگە بە رێکەوتێکی زۆر سەیر دەبێت، ئەویش کاتێک لە ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکەم جار دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی دانیمارک رۆمانی (دەنگ)ی بۆ بڵاودەکاتەوە، ئیدی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم رۆمانە،

ناوبانگی پیتەر ئاسمۆسن رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت، بە جۆرێک ئێستا ناوی ئەو لە تەک ناوی (شکسپیر و هارۆڵد پنتەر و ژان ژینییە و سمۆئیل بیکێت)دا دێت و دەقەکانی لەسەر هۆڵە بەناوبانگەکانی شانۆ بەردەوام نمایش دەکرێن. پاش ئەم رۆمانە، وردە وردە ئەزموونی نووسینی شانۆنامەشی تاقیکردەوەو ئێستا لە ئەدەبیاتی شانۆی نەک دانیمارک، بەڵکو هەموو ئەوروپا پیتەر ئاسمۆسن ناوێکی دیاری هۆڵە شانۆیی و ناوەندە هونەرییەکانی ئەو وڵاتانەیە، بەتایبەتیش شانۆی ئەزموونگەری.

پیتەر ئاسمۆسن، بە شانۆنامەکانی (ژوورێکی پڕ لە خۆرەتاو، تاوان و ئۆپێرا لە ژێر ئاسماندا، خوێنی گەنج، هاوار) هێندەی تر ناوبانگی زیاتر بوو، تەنانەت هەندێ رەخنەگری ئەدەبی «پیتەر ئاسمۆسن» ناودەبەن بە شکسپیری نوێی ئەوروپا و پێیان وایە ئەو هاتووە جارێکی تر بە شێوازێکی نوێ (هاملێت و ماکبێس و شالیر) بنووسێتەوە.

بەدەر لە کاری نووسین، ئێستا پیتەر ئاسمۆسن دەرهێنەرێکی ناوداری دانیمارکە و بەشی هەرە زۆری شانۆییەکانی خۆی خستووەتە سەرتەختەی شانۆ و لە نێوەندی شانۆییشدا ناوبانگێکی بەرفراوانیان داوەتەوە، چ وەک بابەت چ وەک ناوەرۆک و تەکنیکی هونەری.

یەکێک لەو دەقە شانۆییانەی پیتەر ئاسمۆسن کە ناوبانگێکی زۆری هەیە، شانۆنامەی (لە چاوترووکانێکدا) یە، کە بۆ یەکەم جار (بەهرۆز حەسەن) لە دانیمارکییەوە بە زمانێکی پاراو و شانۆیی کردوویەتی بە کوردی، ئەم دەقەش دەبێتە یەکەم دەقی ئەو نووسەرە دانیمارکییە، کە کرابێت بە زمانی کوردی، شانۆنامەکەش لە چوارچێوەی زنجیرەی (٢١)ی شانۆی بیانی لە (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس) بڵاوکراوەتەوە.

شانۆنامەکە بە زمانێکی تێکەڵاو لە زمانی شیعر و پەخشان نووسراوەو پێنج ئافرەت کە بریتین لە (کەمیلە، ئەنێتا، سارا، تامی، بیگیتا) چیرۆکە پڕ لە تراژیدی و بێ بەزەییەکانی خۆیان بە زمانێکی دوور لە لوغزو ئاڵۆزی دەگێڕنەوە، بە جۆرێک خوێنەر یان بینەر لە کاتی خوێندنەوە یان بینینی ئەم شانۆنامەیەدا هەست بەوە دەکات دیالۆگ و رستەکانی نێو شانۆییەکە ئەو رستانەن کە رۆژانە لە ناخی هەر مرۆڤێکی ئەم هەسارەیەدا هەیە و بە نهێنی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو پێنج ئافرەتە لەم گەمەی شانۆییەدا بە بێ هیچ پەردەیەک و زۆر بە راستەوخۆیی هەموو ئەو وشەو پەرەگرافانەی لای بینەرەکان مایەی عەیبەن ئەو دەیانڵێت و دواتریش لەسەری دەڕۆن تا رادەی گفتوگۆ و شەڕی بێزارکەرییانە. ئەم دەقە شانۆییانە پێچەوانەی هەموو ئەو دەقە شانۆییانەیە کە بە زمانێکی ئەبستراکت لەسەر خەم و گرفتەکانی ژنان ئەدوێن، بەتایبەتیش ئەو رێچکە دەقانەی کە هەندێجار لەلایەن هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتییەوە بە شانۆی فێمینیزمی لەلایەن ناودەبرێن، بەبڕوای من ئەم دەقە لە رووی ماناوە زۆر لەو پێناسانەش زیاتر کاری لەسەر ئەو لایەنە کردووە.

دەکرێت بڵێین ئەم شانۆنامەیە ستایلێکی نوێیە لە کاری نووسینی شانۆنامە تایبەتەکانی بوارێکی نووسین، بە تایبەتیش لەو شێوازەی کە ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا وەک باسمکرد ناودەبرێت بە (ئەدەبی فێمنیستی)، ئەم شێوازە لە ئەدەبیاتیشدا لای هەندێ لە نووسەران و شانۆکاران قورساییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتیش ئەو شانۆکارانەی کە دیدێکی مارکسییانەی ئایدیۆلۆژییان بۆ شانۆ و هونەرو لایەنەکانی تری کولتوور هەیە، بە بڕوای من ئەوەی ئەم شانۆنامە لە سەرجەم ئەو شانۆنامانە و ستایلە نووسینانەی تر جیادەکاتەوە، زمانی دەقەکە و ئەو شێواز و تەکنیکەیە کە لە بنەماوە شانۆنامەکەی پێنووسراوە.



پیتەر ئاسمۆسن، بە شانۆنامەکانی (ژوورێکی پڕ لە خۆرەتاو، تاوان و ئۆپێرا لە ژێر ئاسماندا، خوێنی گەنج، هاوار) هێندەی تر ناوبانگی زیاتر بوو، تەنانەت هەندێ رەخنەگری ئەدەبی «پیتەر ئاسمۆسن» ناودەبەن بە شکسپیری نوێی ئەوروپا و پێیان وایە ئەو هاتووە جارێکی تر بە شێوازێکی نوێ (هاملێت و ماکبێس و شالیر) بنووسێتەوە.

لە رووی تەکنیکەوە کاتێک ئەم شانۆنامەیە دەخوێنیتەوە هیچ ڕێنیشاندەرێک بە خوێنەر نادات لەسەر هەڵسوکەوت و هاتنە ژوورەو چوونە دەرەوەو ئێکسسواراتی ئەکتەرەکان، تەنانەت ئەم شێوازە وادەکات  لە زۆر دیمەن و دیالۆگدا شێوازی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر روون نییە، کە چۆن ڕوویداوە، بە بێ هیچ زەمینەسازییەکی پێشوەخت ڕوودەدەن و کاریگەری لەسەر خوێنەریش جێدێڵن، زۆرجاریش ئەو ڕووداوانە یان ئەو توندوتیژی و حاڵەتە ناخۆشانەی نێو شانۆییەکە هەر یەک لەو پێنج کارەکتەرە ژنە بە شێوازێک باس لە هاوڕێ و هاوسەر و براو باوکیان دەکەن، ڕاستەوخۆ کەسی تاوانبار و جەلاد لە کەسێکی بەرجەستەکراوەوە لای ئەوان دەبێتە کەسێکی نادیار، ئەمە پێچەوانەی زۆرێک لەم ڕیتمە شانۆییانەی کە ڕاستەوخۆ و بە زمانێکی دروشمئامێز دەکەونە سەروگوێلاکی پیاو و ڕەگەزی بەرامبەر، بەڵام لەم شانۆییەی (پیتەر ئاسمۆنسن)دا کارەکتەرەکان هێندەی ڕووداوەکان دەگێڕنەوەو هێندەی نمایشی ڕووداو بە زمانێکی بێ لوغز دەکەن، هێندە هێرش ناکەنە سەر ڕەگەزی بەرامبەر، ڕەنگە ئەمەش خاڵێکی زۆر جیاوازی نێوان ئەم شانۆییەو زۆرێک لەو شانۆییانەی تر بێت کە بەم هەناسە و ڕیتمە دەنووسرێن.

خاڵێکی تری کاریگەری ئەم شانۆنامەیە لە ڕیتم و فەلسەفەی نووسینەکەیەتی، بە جۆرێک ڕەهەندێکی فەلسەفی و بوونگەرانەی لە تێکستەکەدا داگیرکردووەو هەموو پانتایی دەقەکە داگیرنەکراوە بۆ دژایەتیی پیاو یان هاوڕەگەزەکان، کاتێک (ئەنێتا و تامی و بیگیتا) باس لە شووکردن و منداڵبوونی خۆیان دەکەن، پیاو ناکەنە دوژمن و چەوسێنەری خۆیان، هێندەی ئەوەی بێزاری و بێئومێدبوونیان لە ژیانی هاوسەرێتی و پێکەوەبوون دەخەنەڕوو، ئەمەندە هەستە نەژادی و ڕەگەزییەکە ناخەنە روو. بە بڕوای من ئەمەش خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم شانۆنامەیە و دەتوانێت خوێنەر بە دوای خۆیدا ڕاکێشێت، بەتایبەتیش ئەو زمانی دیالۆگە کە تێکەڵاوە بە زمانێکی گاڵتەجاڕییانە، کە ئەمە وادەکات خوێنەر زیاتر بە دوای ڕووداوەکانەوە بچێت و سەرنجی رابکێشێت.

ئەنێتا: هەتا خۆم نەبووم بە دایک نەمزانی بۆچی لەدایک بووم!


تامی: هەرگیز نەمویستووە منداڵم ببێت.

بێگیتا: بۆ نا؟

تامی: چونکە تەنیا گووم هەیە کە پێشکەشی منداڵەکەی بکەم، بەڵێ ..گووووو....ئێ، گوویەکی زۆر و زەبەندەش لە جیهاندا هەیە!

لەو دیالۆگانەی  (بێگیتا و تامی)دا خوێنەر هەست بەو بێ سنووریی و ڕەهاگەرێتییەی ئازادیی کارەکتەرەکانی نێو ئەو دەقە دەکات، کە جیاواز لە کارەکتەری تری شانۆیی جۆرێک لە سنووربەندی و دەرنەچوون هەیە لە ئاستی زمان و پەیوەندی و نەشکاندنی کۆدە جیاوازەکانی دەقدا، بەڵام ئەمان زۆر بێ سنوورانە لەگەڵ یەکتری دەدوێن.

دوا خاڵیش لەم شانۆییەدا جێگەی هەڵوێستە کردنە، زمانی وەرگێڕانەکەیەتی، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم شانۆنامەیەدا هێندەی چێژ لەم شانۆنامەیە دەبینێت، هەست دەکات چیرۆک یان ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە، نەک ڕووداوی شانۆنامەیەکی وەرگێڕاو، ئەم خاڵە پێچەوانەی زۆر شانۆنامەی ترە کە ڕەنگە تۆزێک ئاڵۆزبێت بۆ خوێنەر تا بە دوای ڕووداوەکانیدا بچێت، ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامەیە خوێنەر کەمەندکێش دەکات کە بە دوای ڕووداوەکاندا بڕوات، بێگومان ئەمەش بە سەلیقەو وردبینیی وەرگێڕ (بەهرۆز حەسەن) نیشان دەدات لە مامەڵەکردن لەتەک ئەو دەقەدا.




# ژنێک بەسەر منارەوە

شێرزاد حەسەن لەجۆری ئەو نووسەرانەیە کەم دەنووسێت و پەلەی بڵاوکردنەوەی نییە، ئەو بەقوڵی و بۆ ماویەکی دوورو درێژ لەگەڵ ڕۆحی کارەکتەرەکانیدا دەژی و تا کاتی نادیار لەناو فەزای چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا دەمێنێتەوە، تەنها بیانووش ئەوە نییە کە بەردەوام جۆرە قەلەقییەکی هەیە لە بەرهەمەکانی خۆی، بەڵکو هۆیەکی دیکەشی ئەوەیە کە ڕەنگە سرووشتی زۆرێک لە کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک و بەرهەمەکانی نزیکبن لەسرووشی خۆیەوە، یاخود ڕاستەوخۆ بڵێم ئەو دەیەوێت وەک نووسەرو خولقێنەر بەشێک لە ڕوانین و ئەفکاری خۆی لە ڕێگەی کارەکتەرەکانییەوە بڕژێنێتە ناو ڕووداوەکانەوە.

ئەوەتا رۆمانی (ژنێک بەسەر منارەوە)ی بە پێنج ساڵ نووسیوە، ئەم ماوە زەمەنییە بۆ رۆمانێکی دووسەد و پەنجاو شەش لاپەڕەیی، رەنگە وا لێکبدرێتەوە کە زەمەنێکی زۆرە، بەڵام خوێنەر کاتێک بەرۆح دەچێتە ناو رووداوەکانی رۆمانەکەو دەست دەکات بە گەشتی خوێندنەوەی، تێدەگات کە ئیدی ئەم رۆمانە لەخۆڕا ساڵی ٢٠٠٥ دەست نەکراوە بەنووسینی و ٢٠١٠ تەواو بوویێت، ئاخر ناوبراو ئەو ماوە زەمەنییەی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی قوڵتر رۆبچێتە نێو رۆحی کەسایەتییەکانەوەو لە پانتاییەکی فراوانتردا کاربکات، ئەمەش ببێتە هۆی ئەوەی کەمێک لە قەلەقییەکانی بەرامبەر بە بەرهەمێکی خۆی کەمتر بێتەوە.

ئەم رۆمانە تازەیەی شێرزاد حەسەن، رۆمانێکە پڕ لە رووداو و بەسەرهات، فەزایەکی کوردییانەی هەیەو رووداوەکانی لە ناوجەرگەی کۆمەڵگە و کولتووری کوردییەوە سەریانهەڵداوە، ئەوەی وایکردووە چێژێکی زیاتری هەبێت، تەنها بوونی زمان و کەشێکی شیعرییانە نییە، بەڵکو ئەو شێوازی گێڕانەوەشە کە خوێنەر لەگەڵ خۆیدا دەباتە ناو چیرۆک و بەسەرهاتەکانەوە.

رۆمانی ژنێکی بەسەر منارەوە، خاوەنی رۆحێکی تەواو تراژیدییە، باس لە گەمە دۆڕاوەکانی عیشق و پەشیمانبوونەوەی تێکۆشەرێک لە شۆڕش و زەمەنی بێرەحمانەی رژێمی بەعس و بێئومێدییە گەورەکانی تاکی کورد دەکات لە پاش راپەڕین و ئازادی، بێگومان دنیای پاش راپەڕینی ئێمە گۆڕانکاری بەسەر زۆر چەمک و مەفاهیمدا هات و زۆرێک لە بەها پیرۆزەکان خرانە ژێر گومان و پرسیارەوە، دنیایەک هاتە پێشەوە، کە ئیدی لە چاوەڕوانیی هیچ کام لەمرۆڤەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا نەبوو، چونکە پێشتر مرۆڤی ئێمە تەنها خەونی ئازادبوونی لەدەست رژێمێکی داگیرکەر نەبوو، بەڵکو خەونی گەورەی وەک بنیادنانی بەهەشتیشی هەبوو، ئەم رۆمانە لەوشوێنەدا شۆڕش و رابردووی ئێمە گوماناوی دەکات و دەیخاتە ژێر پرسیارەوە، کە بە مەفهومە رادیکاڵییەکە، شۆڕش تەنها جەستە و فۆڕمی شتەکان ئازاد ناکات، بەڵکو عەقڵ و رۆحیش ئازاد دەکات، کەچی سەردەمی پاش راپەڕین لەم رۆمانەدا هەڵگری ئەم پێناسە رادیکاڵانە نییە و وای نیشانداوە کە کۆمەڵێک کێشەو گرفتی جیاوازتری بەدوای خۆیدا هێناوە بۆ تاکی کوردی.

لەم رۆمانەدا جیاواز لە بەرهەمەکانی دیکەی شێرزاد حەسەن، کەمترین کارەکتەر رۆڵ دەبینن، بەڵام هەرکام لە کارەکتەرەکان رۆحی بەشێکی کۆمەڵگەیان هەڵگرتووە. (شادی) وەک کچێکی وریاو هونەرمەندێکی یاخی و بەئاگا، دەبێتە رۆحی هەزاران ژنی ئەم وڵاتە، وڵاتێک کە جێگەو رێگەی کۆمەڵایەتیی ژنی لە نزمترین ئاستدا راگرتووە، بەڵام دەنگێکی لە ناخی ئەو ژنەدا درووستکردووە، کە ئامادەیە یاخیبوونی خۆی دووپات بکاتەوەو گیانی تەحەداو رووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان بکاتە بەری، شادی نۆبەرەی دایک و باوکییەتی و کچە گەورەی ماڵە، لە سەردەمی رەشی بەعسییەکاندا لەدایکبووە، لە رۆژگارە ناخۆشەکانی جەنگ و نادیاریی چارەنووسدا، ئەوان ناوی دەنێن شادی، بۆ ئەوەی رۆژگار و ژیانی سیخناخ بێت لە شادی و ئاسوودەیی، بەڵام پێدەچێت لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا مەینەتیی کچبوون لەوکاتەوە دەست پێبکات کە لە رەحمی دایکیدا هەست بەبوون دەکات. کاتێکیش دێتە ناوژیانەوە ئیدی هەزاران چاو دەبنە چاودێر و ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوت و ژیانی دەکەن. شادی لە تەمەنی لاوێتیدا عاشقی بەهرامی خاڵۆزای خۆی دەبێت، رۆژێک لەڕۆژە خۆشەکانی عەشق، ئەو دووانە لەناو باخەکەی ماڵی بەهرامدا تای لەزەت هەردووکیان دەگەیەنێت بەو ئاستەی بگەنە ئۆرگازم و پەردەی کچێنی لەدەست بدات و خوێنی کچبوونی بڕژێتە

# لەم ڕۆمانەدا جیاواز لە بەرهەمەکانی دیکەی شێرزاد حەسەن، کەمترین کارەکتەر ڕۆڵ دەبینن




سەرەنجام «شێرزاد حەسەن» بەم ڕۆمانە تازەیەی (ژنێک بەسەر منارەوە) ئەو گوتارە ئاشکرا دەکات کە خەریکی ناشرینکردنی مرۆڤ و ژیانی ئێمەیە، لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕەمز و سومبولەوە نیشانەی پرسیاری لەبەردەم زۆر چەمک و بەهای پیرۆزکراودا داناوە، مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا بەهەموو کێشەو ئازار و موعاناتەکانییەوە ئامادەبییەکی ڕۆحی و جددیی هەیە

سەر پارچە لبادەکەی ژێریان، بێگومان ڕژانی ئەو چەند دڵۆپە خوێنە، سەرەتای سەرهەڵدانی کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکەیە بۆ شادی، چونکە بەهرامی خاڵۆزای وڵات جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەورووپا. شادی لەتاو خەمی لەدەستدانی پەردەی کچێنی و ڕۆیشتنی عاشقەکەی، ئیقاعی ژیانی تێکدەچێت و وردە وردە خەم و خەیاڵ و گریان و گۆشەگیری باڵ بەسەر ژیانیدا دەکێشێت، شادی ئافرەتێکی لەوە وریاتر و ڕۆشنبیرترە کە بزانێت لەناو بنەماڵەو کۆمەڵگەدا نەمانی پەردەی کچێنی بەشێوەی ناشەرعی چ سزایەکی کوشندەو چ ئابڕوچوونێکی گەورەی بەدواوەیە. هۆمەر یەکێکیترە لە پاڵەوانە دیارەکانی ناو ئەم ڕۆمانەو لەجۆری ئەو کارەکتەرانەیە کە زیاد لە ڕەهەندێکی هەیە. هۆمەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە ڕوودەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، ژیانی ئەو لەناو شۆڕشدا هیچ نابێت جگە لە کوشتنی دوژمن، هۆمەرو کۆمەڵێک پێشمەرگەی هاوڕێی لە ڕووداوێکی نادیاردا ژەهر خوارد دەکرێن، ئەم ژەهرە کە لە سەردەمی شۆڕشەوە دەچێتە گیانی هۆمەرەوە، بەوردی کاری تێدەکات هەتا پاش ڕاپەڕین و لە ساتەوەختێکدا ژیانی لێدەسەنێتەوە، کە ئیدی ئەم لەگەڵ شادیدا چووەتە ژیانی هاوسەرییەوە و خەونی ئەوەی هەیە لەگەڵ شادیدا بەئارامی بژی. هۆمەر لە سەیرانێکی خێزانیدا پاش ڕاپەڕین شادی دەناسێت و عاشقی جوانی و هێمنییەکەی دەبێت، شادی و هۆمەر لەناو هەمان ئەو باخەی ماڵی بەهرامدا بەیەک دەگەن، هەمان ئەو باخەی کە هەر بن درەختێکی چیرۆکێکی عاشقانەو یادگارییەکی بەهرام و شادیی تێدایە، پاش ڕۆژانێک شادی قایل دەبێت ببێتە هاوسەری هۆمەر و لە خانوویەکی دێرینی یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکاندا نزیک منارەکە وەک دوو هاوسەرو هاوکاری یەکتر دەژین، ئەم دووانە هەریەکەو ڕەهەندێکی قوربانی وەردەگرێت، شۆڕش و قوربانیدان ژیان لە هۆمەردا دەکوژێت، شادیش دەبێتە قوربانیی عەشقێکی لەدەستچوو.

هۆمەر لەکاتێکدا هەست بەمرۆڤبوونی خۆی دەکات و دەیەوێت بەجۆرێکی ئینسانیانە بژی، کە ئیدی ژەهرەکە کاری تەواوی لێکردووە و لە لێواری مەرگدا ڕایگرتووە، ئەو بەجۆرێک ژیانی خۆشدەوێت کە لە سەروەختی مەرگیشدا خۆی دەڵێت: من کاتم نییە بیر لەمردن بکەمەوە، چونکە کاتێک مردووم هەست بەژیان ناکەم. هۆمەر دەمرێت و شادی وەک بێوەژنێک بەتەنیا لەو خانووەدا دەمێنێتەوە و دەبێتە عاشقی منارەکەو بەرگری لە ڕوخاندنی دەکات، کاتێک حکومەت بە ناوی کۆنبوون و داڕزانی منارەکەوە دەیەوێت خانووە کۆنەکانی ئەو گەڕەک و کۆڵانە بڕوخێنێنێت و بیکەنە بینای گەورەو سوپەر مارکێت، بەڵام شادی ئامادە نییە لەو خانووە بێتە دەرەوەو بەرگری لە منارەکە دەکات. منارەکە دەبێتە چەقی ژیانێکی دیکە لە ڕوانگەی شادیدا، ئەو منارەیە کۆمەڵێک ماناو دەلالاتی جیاواز هەڵدەگرێت، ئەو بەرگرییەی شادی لەلایەکەوە بەرگرییە لە جوانی و بەهای شتە دێرین و جوانەکان، لەلایەکی دیکەوە وەستانەوەیە بەرامبەر ئەو تەوژمەی بەناوی نوێبوونەوەو مۆدێرنێتەوە دێت و ڕۆح و هەستی بینیی جوانی لە مرۆڤەکاندا دەکوژێت.

سەرەنجام «شێرزاد حەسەن» بەم ڕۆمانە تازەیەی (ژنێک بەسەر منارەوە) ئەو گوتارە ئاشکرا دەکات کە خەریکی ناشرینکردنی مرۆڤ و ژیانی ئێمەیە، لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕەمز و سومبولەوە نیشانەی پرسیاری لەبەردەم زۆر چەمک و بەهای پیرۆزکراودا داناوە، مرۆڤ لەم ڕۆمانەدا بەهەموو کێشەو ئازار و موعاناتەکانییەوە ئامادەبییەکی ڕۆحی و جددیی هەیە، خوێنەر لەکاتی خوێنەوەیدا لەسەد لاوە خۆی دەبینێتەوە، کە وەک پاڵەوانێک ڕۆڵی لە گێڕانەوەدا هەیە، یاخود گوێبیستی کەسێک دەبێت کە خەریکە ژیانی تراژیدیی ئەم دەگێڕێتەوە.



# مەرگی دوا هونەرمەندی سوریالیست

لیۆنۆرا کارینگتۆن، یەکێک لە هونەرمەندە رەسەن و کۆنەکانی قوتابخانەی سوریالیزم لە تەمەنی ٩٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

## ئەم وێنانە دەرهاویشتەی زیهنێکن کە سەرقاڵی وێنەکردنی واقعێکەو دەیەوێت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا تێپەڕێت کە دەبینرێن

لیۆنۆرا کە لەدایکبووی بەریتانیا بوو، پاش هەڵهاتن لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی و ئەورووپای داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا رووی لە مەکسیک کرد و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ مایەوە. ئەو لە رێگەی بەرهەمەکانییەوە کە دونیا ئەفسانەییەکانی بەرجەستە دەکرد، ناوبانگێکی جیهانیی وەرگرت. لیۆنۆرا کارینگتۆن لەگەڵ پەیکەرتاشی و نیگارکێشان، کە لە هەموو جیهان نمایش دەکرا، رۆمان و وتار و شیعریشی دەنووسی. هۆمەر ئاریجیسی شاعیر، هاورێی ئەم هونەرمەندە وتی: «کارینگتۆن دوا سوریالیستی زیندوو بوو، ئەو ئەفسانەیەکی زیندوو بوو».
خانمی کارینگتۆن بەناوبانگ بوو بە خولقاندنی بەرهەمی پڕ لە نهێنی و وێنەکردنی دیمەنی نامۆی باڵندە و پشیلە و بوونەوەری هاوشێوەی مرۆڤ بە شاخێکەوە و بوونەوەری دیکە.

### ژیانی پڕ لە بەسەرهات:

ئەنجومەنی نەتەوەیی کولتوور و هونەری مەکسیک رایگەیاند کە لیۆنۆرا کارینگتۆن رۆژی چوارشەممە ٢٠١١/٥/٢٥ بەهۆی نەخۆشی لە کۆئەندامی هەناسەدان گیانی سپاردووە.
ژیانی ئەم هونەرمەندە لێوان لێوە لە رووداو و بەسەرهاتی سەیر. ئەو ساڵی ١٩١٧ لە لینکشایەر و لە خێزانێکی ئەریستۆکرات لەدایکبووە و هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی نیگارکێشان بوو.
لە تەمەنی بیست سالیدا رۆیشتە پاریس و لەوێ عاشقی ماکس ئەرنست، نیگارکێشی سوریالیست دەبێت کە ٢٦ ساڵ لە خۆی گەورەتربوو.

ماکس ئەرنست دەبێتە پردی ئاشنابوونی بە چەندین هونەرمەندی قوتابخانەی سوریالیزم، وەکو سلڤادۆر دالی، مارسل دۆشان، خوان میرۆ و ئاندرێ بۆرتۆن.
لیۆنۆرا کارینگتۆن یەکەمین پێشانگەی سوریالیستی ساڵی ١٩٣٨ لە پاریس و ئەمستردام کردەوە.
ساڵی ١٩٣٩ لە فەرەنسای داگیرکراوی نازییەکان، ئەرنستیان دەستگیر کرد و بەم هۆیەوە کارینگتۆن خەمۆکییەکی سەخت یەخەی پێدەگرێت و لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی لە ئیسپانیا دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە. پاش ماوەیەک لە نەخۆشخانەکە هەڵدێت و لە لیسبون لەگەڵ رێناتۆ لدۆک، شاعیر و رۆژنامەنووس، هاوسەرگیری دەکات. ئەوان دوای ساڵی ١٩٦٤ بەرەو مەکسیک سەفەریان کرد. لیۆنۆرا کارینگۆن بۆ هەمیشە لە مەکسیک دەمێنیتەوە و دەبێتە هاورێی فریدا کالۆ و ئۆکتاڤیۆ پاز، شاعیری براوەی خەڵاتی نۆبڵ.
لیۆنۆرا ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ ئمریکۆ چیکی ڤایس، نووسەر و فۆتۆگرافەری مەجەری هاوسەرگیری دەکات و دوو منداڵی دەبێت.
ئەنجوومەنی نەتەوەیی مەکسیک نووسیویەتی: «ئەو دنیایەکی ئەفسانەیی خولقاند، کە تیایدا دیمەنەکان لەژێر رکێفی بوونەوەرە جادووییەکاندایە، ماری کوبرا لەگەڵ بزنەکان تێکدەئاڵێن و قەلەڕەشە کوێرەکان دەبن بە درەخت.»
«ئەم وێنانە دەرهاویشتەی زیهنێکن کە سەرقاڵی وێنەکردنی واقعێکە و دەیەوێت بەسەر هەموو ئەو شتانەدا تێپەرێت کە دەبینرێن».


لیۆنۆرا کە لەدایکبووی بەریتانیا بوو، پاش هەڵهاتن لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی و ئەورووپای داگیرکراو لەلایەن نازییەکانەوە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا رووی لە مەکسیک کرد و تا کۆتایی تەمەنی لەوێ مایەوە. ئەو لە رێگەی بەرهەمەکانییەوە کە دونیا ئەفسانەییەکانی بەرجەستە دەکرد، ناوبانگێکی جیهانیی وەرگرت. لیۆنۆرا کارینگتۆن لەگەڵ پەیکەرتاشی و نیگارکێشان، کە لە هەموو جیهان نمایش دەکرا، رۆمان و وتار و شیعریشی دەنووسی



# کۆچی دوایی وێنەگری فیلمەکانی ئینگمار بێرگمان

گۆنار فیشەر، وێنەگری ژمارەیەک لە فیلمە سەرەتایی و گرنگەکانی ئینگمار بێرگمان (مۆری حەوتەم، شلیکی دەشتەکی) لە تەمەنی ١٠٠ سالیدا کۆچی دوایی کرد. یەکەمین هاوکاریی فیشەر لەگەڵ بێرگمان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٦. ئەوان لە (ستۆدیۆی فیلمستاد)ی سوید، بۆ دروستکردنێکی ئەزموونی فیلمی (قەیران) هاوکاری یەکتربوون، هەر لەوێ گۆنار فیشەر لەڕێگەی جۆلیۆس یانسۆن، وینەگری چەند فیلمێکی بێدەنگی وەک (ڤیکتۆر شۆسترۆم و مۆریتز ستیلەر)، فێری تەکنیکەکانی وێنەگرتن دەبێت و ئاستی خۆی لە بواری بەکارهێنانی کۆنتراستی بەرز لە رووناکی، کە گونجاوی فیلمە دەروونناسییەکانی بێرگمانە، بەرزکردەوە. گۆنار فیشەر و بێرگمان ساڵی ١٩٤٨ فیلمی (بەندەر)یان بەهاوکاریی یەکتر دروستکرد و دواتر لە چەند فیلمێکی وەک (هاوین لەگەڵ مۆنیکا، زەردەخەنەی شەوێکی هاوین، سیحربازان)، درێژەیان بەم هاوکارییە دا. هاوکات فیشەر وێنەگریی بۆ ٩ فیلمی ریکلامی ئەنجام دا، کە بێرگمان دەرهێنەریان بوو. فیشەر لە گفتوگۆیەکی واشنتۆن پۆست-دا وتبووی: «ئێمە هەر لەسەرەتاوە لەسەر ئەوە رێککەوتبووین کە کۆیلەی ئەڵقە لە گوێی یەکتر نەبین، هیچکات ستایشی یەکتر نەکەین، ئێمە رەخنەگری یەکتر بووین و هەمیشە دەمانتوانی چیمان لە خەیاڵدایە بیڵێین». بەهەرحاڵ هاوکاریی فیشەر لەگەڵ بێرگمان لە دوای دەیەی ٦٠ لەبەر هۆکاری نادیار کۆتایی هات.

ئێرلینگ گۆنار فیشەر لە ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩١٠ لە سوید لەدایکبووە، لقی وێنەکێشانی لە کۆپنهاگن خوێندووەو پاشان لە هێزی دەریایی سوید بەرپرسی دروستکردنی خواردنی کەشتی بوو. ژنێکی ئەکتەر لە کەشتییەکەدا لەکاتی نانخواردن، فیشەر دەناسێت و یارمەتیی ئەدات ساڵی ١٩٣٥ بچێتە ستۆدیۆ فیلمستادن. گۆنار فیشەر لەم ستۆدیۆیەدا وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر لە ١٦ فیلم کاری کردووە و لە ساڵانی سەرەتای ١٩٤٠ بوو بە بەڕێوەبەری وێنەگرتن.




# ئەمساڵ فێستیڤاڵی (کان) چۆن تێپەڕی؟

## راپۆرتێك دەربارەی شەست و چوارەمین خولی فێستیڤاڵی کان

**ئامادەکردنی: حەمە قادر**

فێستیڤاڵی کان لە ماوەی تەمەنیدا توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە سینەما بکات، بەتایبەتی لە ئاستە هونەرییەکەیدا. کان کە لە راستیدا بە فێستیڤاڵی فیلمە ئەوروپییەکان ناسراوەو لە ئێستادا بووە بە فێستیڤاڵێکی ئێجگار گرنگ، کە سینەماکاران هەمیشە هەوڵ بۆ بردنەوەی خەڵاتە بەناوبانگەکەی و بەتایبەتی (چڵەخۆرمای ئاڵتوونی) دەدەن، کە دەدرێت بە باشترین فیلم. گەرچی بەشەکانی فێستیڤاڵەکە زۆرن و هەریەکەیان گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام چڵەخورمای ئاڵتوونی لە هەموویان گرنگترە و هەموو ساڵێک بیست فیلم لە بەشی پێشبرکێدا ململانێ بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەکەن. کە بێگومان تەنها پاڵێوراوبوون لەم بەشەدا بۆ خۆی شانازییەکی گەورەیە.


لارس فۆن تریێر

ڕێگەی سەفەری ئەکتەری سەرەکیی ناو فیلمەکەی سێ قۆناغی پاریس دەخاتە بەرچاومان. فیلمەکە بەسەرهاتی سیناریۆنووسێکی ئەمریکییە، کە ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ دەستگیرانەکەی بەرەو پاریس سەفەر دەکەن. شەوێک بۆ پیاسەکردن روو لە شەقامەکان دەکات، لەناکاو خۆی لە پاریسی سەرەتای سەدەدا دەبینێتەوە، واتە ساڵانی سییەکاندا، دەبینێت لە ناو چەند هونەرمەندێکی گەورەی وەک (سیلڤادۆر دالی، لویس بۆنوێل، ئەرنست همینگوای و پیکاسۆ) دایە.

بەبڕوای هەندێک لە رەخنەگران ئەم فیلمەی ودی ئالن دوای فیلمی (ڤیکی کریستنا بەرشەلۆنا) باشترین فیلمی ئەو دەرهێنەرەیە.

ئەمساڵیش وەک هەموو ساڵەکانی پێشوو، ٦٤ەمین خولی فێستیڤاڵەکە بەڕێوەچوو. (رۆبێرت دی نیرۆ) ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی، وەک سەرۆکی لیژنەی داوەران دیاری کرابوو. دەرهێنەری فەرەنسی (میشێل گۆندرای) سەرۆکی لیژنەی باشترین کورتە فیلم و (بۆنگ جو هۆ) دەرهێنەری کۆری سەرۆکی لیژنەی بەشی کامێرای ئاڵتونی بوون.

## ودی ئالن.. نیوەشەو لە پاریس

خولی ئەمساڵی فێستیڤاڵەکە بە فیلمی (نیوەشەو لە پاریس) بەرهەمی دەرهێنەری گەورە (ودی ئالن) کرایەوە.

نیوەشەو لە پاریس رەنگە لەم چەند ساڵەی دواییدا باشترین فیلم بوو بێت بۆ کردنەوەی فێستیڤاڵی کان. فیلمەکە بەرهەمی تێڕوانینی عاشقانە و رۆمانتیکیی ودی ئالنە بۆ ئەم شارە جوان و دڵڕفێنە. ودی ئالن لە

## رێزلێنانێکی درەنگوەخت:

پانزەهەمین رۆژی فێستیڤاڵی ئەمساڵ بە دەنگی (بێرناردۆ بێرتۆلۆچی) سینەماکاری ناوداری ئیتاڵی کرایەوە، بەڵام پێش دەستبەکاربوونی فێستیڤاڵەکە (بێرتۆلۆچی) بەهۆی (تەمەنێک خزمەتی سینەمایی) خەڵاتی فەخریی چڵەخورمای ئاڵتوونی وەرگرت. بێرتۆلۆچی وتی: «بۆ وەرگرتنی چڵەخورمای ئاڵتوونی لەمێژە لە چاوەڕوانیدام، بەڵام دواجار خەڵاتەکەم وەرگرت». بێرتۆلۆچی هەر لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ەوە تا دەگاتە ئەمرۆ، یەکێک بووە لە داهێنەرترین سینەماکارانی ئەورووپا و لەماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵ خزمەتی سینەمایی توانیویەتی بەرهەمی ئیجگار گرنگ پێشکەش بکات، هەندێکیان بریتین لە: پێش شۆڕش، دواهەمین تانگۆ لە پاریس، ١٩٠٠، دوا ئیمپراتۆر، خەونبینەکان و بودای بچوک.


بێرتۆلۆچی

خەڵاتی فەخریی چڵەخورمای ئاڵتوونی هەموو ساڵێک دەدرێت بەو دەرهێنەرانەی کە سەرباری داهێنانی گەورەی سینەمایی، بەڵام نەیانتوانیوە چڵەخورمای زێڕین ببەنەوە. پێشتر چەند سینەماکارێکی گەورەی وەک ودی ئالن و کلینت ستیود ئەم خەڵاتە فەخرییەیان پێ بەخشراوە.

### گالیسکەی ئاڵتوونی بۆ جەعفەر پەناهی

ئەمسال فێستیڤالی کان خەڵاتی گالیسکەی ئاڵتوونی بەخشی بە دەرهێنەری ئێرانی (جەعفەر پەناهی)، بەڵام پەناهی ناتوانێت لە ئێران سەفەر بکات و ناشتوانێت هیچ فیلمێک دروست بکات و تەنانەت ڕێگەی نووسین و بڵاوکردنەوەی سیناریۆشی لێ گیراوە، هەروەها لێی قەدەغەکراوە کە لێدوان بۆ هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن بدات. ئانیش ڤاردا بەناوی سینەماکارانی فەرەنسییەوە نووسراوێکی بۆ بەرگری لە پەناهی خوێندەوە و کۆترێک کە خۆی دروستی کردبوو لەناو جانتاکەیدا دەریهێناو لەسەر خەڵاتەکەی پەناهی داینا. ڤاردا هیوای خواست بەزووترین کات پەناهی ئازاد بکرێت و لە ئازادیدا سەرقاڵی دروستکردنی فیلم بێت.

خەڵاتی (گالیسکەی ئاڵتوونی) هەموو ساڵێک دەبەخشرێت بەو سینەماکارانەی کە ئازایەتییەکی تایبەت نیشان دەدەن. پێشتر کلینت ستیود، جیم جارموش و نانی مۆرتی ئەم خەڵاتەیان بردووەتەوە.

### لارس ڤۆن ترێر: من کەسێکی نازیم!

هەر فیلمێک (لارس ڤۆن ترێر) دروستی بکات، لەلایەن کان-ەوە قبوڵ دەکرێت، ئەمجارەش لارس ڤۆن ترێر بە دوابەرهەمی (مالیخۆلیا) وەک هەمیشە لە ململانێدا بوو بۆ بردنەوەی خەڵاتی باشترین فیلم، بەڵام ئەمجارە کان (ڤۆن ترێر)ی لە فێستیڤاڵ کردە دەرەوە. ئەم دەرهێنەرە دانیمارکییە کە هەر لەم فێستیڤاڵەدا نازناوی (بلیمەتی فۆرم)ی پێ بەخشراوەو ساڵی ٢٠٠٠ بۆ فیلمی (سەماکاری ناو تاریکی) خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتونی بردەوە، ئەمساڵ لەکاتی قسەکردن لەسەر فیلمە نوێیەکەی بە گاڵتەوە هاوسۆزیی خۆی بۆ هیتلەر ڕاگەیاند و وتی «من کەسێکی نازیم..». ئەم قسانە هەرایەکی گەورەیان لە فێستیڤاڵدا دروستکرد، دواتر فۆن تریە داوای لێبوردنی کرد و وتی (بە گاڵتەوە ئەو قسانەم کردووەو من کەسێکی ڕەگەزپەرست نیم). بەڵام بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵ بە دەرکردنی بەیاننامەیەک (لارس فۆن تریە)یان لە فێستیڤاڵ دەرکرد و بە کەسی نەخوازراوی ناو فێستیڤاڵ وەسفیان کرد.


ترێنس مالیک

## ئەمیر کوستوریکا
ئەمساڵ کان لە ڕێگەی بەخشینی نیشانی فەخریی شوالیە (لژیۆن دۆنۆر) ڕێزی لە سینەماکاری بۆسنەیی (ئەمیر کوستوریکا) گرت. نیشانی (لژیۆن دۆنۆر) گرنگترین و کۆنترین نیشانی فەخریی فەرەنسایە کە یەکەمجار ساڵی ١٨٠٢ لەلایەن ناپلیۆنەوە داندراوە. کوستوریکا لەو دەگمەن دەرهێنەرانەیە کە تا ئێستا دوو جار چڵەخورمای ئاڵتوونی بردووەتەوە. ساڵی ١٩٨٥ بۆ فیلمی (کاتێک باوکم دەچێت بۆ کار) و ساڵی ١٩٩٥ بۆ فیلمی (ژێرزەمین). کوستوریکا کە ناودارترین سینەماکاری باڵکانە، ئەمساڵ سەرۆکی لیژنەی داوەران لە بەشی «جۆرێک نیگا» بوو.

## لە ستایشی سینەمای بێدەنگدا
فیلمی (هونەرمەند) دەرهێنانی (میشێل ئازناڤیکیۆس) یەکێک بوو لەو فیلمانەی چانسێکی زۆری بۆ بردنەوەی باشترین فیلمی ئەمساڵ هەبوو. لە سەردەمێکدا کە سینەمای هۆلیوود و زۆرێک لە وڵاتانی تر بەرەو سیستەمی ٣d دەڕۆن، دروستکردنی فیلمێکی ڕەش و سپی و بێدەنگ لەم سەردەمە، بیرۆکەیەکی سەیر و چاوەڕواننەکراوە.

## کۆریسیماکی: چیدی ژیان جوان نییە!
ئەمساڵ لە بەشی پێشبڕکێدا فیلمی le harve ای دەرهێنەری ناوداری فینلەندی (ئاکی کۆریسماکی) یەکێک بوو لە چانسە گەورەکانی باشترین فیلم و سەرنجی زۆربەی ڕەخنەگرانی ڕاکیشا. پاڵەوانی سەرەکیی فیلمەکە نووسەر و ڕۆشنبیرێکە بە ناوی مارسل مارکس، کە بە ویستی خۆی لە شارۆچکەیەکی تەریک و دوورەپەرێزدا دەژی و بۆ گوزەراندنی ژیانێکی هەژارانە و سادە، پێڵاوی خەڵکی بۆیاخ دەکات. تا ئەوەی منداڵێک کە پەنابەرێکی ئەفریقییە دەناسێت. منداڵەکە دەیەوێت بڕوات بۆ لەندەن و نووسەرەکەش هەموو هەوڵێکی ئەدات لە پۆلیسی فەرەنسی بیشارێتەوە و بیگەێنێتە لەندەن.

کۆریسماکی لە کۆنفراسی ڕۆژنامەوانیی فیلمەکەدا، بە ڕەفتار و وەڵامی سەیر و سەمەرە هەمووانی سەرسام کرد. ئەو سەرەتا جگەرەیەکی بە لێوەوە بوو و کاتێ بەڕێوەبەری کارەکە ناڕەزایی دەربڕی، کۆریسماکی وتی: «جگەرەکەم ڕاستی نییە و ئەلکترۆنییە». بەڵام بەوپەڕی سەرسورمانەوە جگەرەیەکی لە گیرفان دەرهێنا و دایگرساندو دەستیکرد بە کێشانی.

کۆریسماکی وتی: ژیان لە دوای حەفتاکانەوە ئیدی جوان نییە و ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ٢٠١١ ڕۆژێکی جوان بێت، هەرچەندە گومانم لەوەش هەیە».

## منداڵان لە کان
یەکێک لە بابەتەکانی ئەمساڵی فێستیڤاڵی (کان) منداڵان بوو. ئەمجارەش برایانی داردین کامێراکەیان زووم کردە سەر منداڵان. فیلمی (منداڵی پایسکیلسوار)ی ئەم دوو دەرهێنەرە، دەربارەی منالێکی تەنها و بێپەنایە، کە باوکی نایەوێت بەخێوی بکات. لەلایەکی ترەوە مارکۆس شلینزەر لە فیلمی ئەڵمانیی (میشێل؟) چیرۆکی منداڵێکمان بۆ ئەخاتەڕوو، کە نەخۆشێکی جنسی لە ژێرزەمینی ماڵەکەیدا بەندی کردووە و دەستدرێژیی دەکاتەسەر. هەروەها لە فیلمی فەرەنسیی (پۆلیس) کە لەلایەن



ئەمیر کوستوریکا

می ڤۆن لبسکۆ-وە دروستکراوە، ژمارەیەک پۆلیس دەبینین ئەرکیان ئەوەیە پارێزگاری لە منالآن بکەن، لە بەرامبەر دەستدرێژی و توندوتیژیی خێزانیدا.

### خەڵاتەکانی بەشی (جۆرێک نیگا)

ڕۆژی ٢١ی مانگ داوەرانی بەشی جۆرێک نیگا بە سەرۆکایەتیی ئەمیر کوستوریکا، لە دوای بەخشینی چڵەخۆرمای ئاڵتونی، خەڵاتەکانی خۆی دابەشکرد..

محەمەد ڕەسول ئۆفی ئێرانی دەرهێنەری فیلمی (ماڵئاوا) توانیی خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بباتەوە. بەڵام خەڵاتی سەرەکیی بەشی جۆریک نیگا بە هاوبەشی بەخشرا بە فیلمی ئەڵمانی (وەستێنراو لە ڕێگەدا) دەرهێنانی ئاندراس درسۆن و فیلمی (ئاریرانگ) بەرهەمی کیم کی دۆک، دەرهێنەری گەورەی کۆریای باشوور.

خەڵاتی تایبەتی ڕەخنەگران لەم بەشەدا بۆ باشترین فیلم درا بە فیلمی ڕووسی (ئێلێنا)، دەرهێنانی ئەندرێ زۆگینتسۆف.

### شوێن پێی سینەمای تارکۆفسکی و بریسۆن

(دوور لە شەیتان) دەرهێنانی برۆنۆ دۆمۆن، ئەوە دەسەلمێنێت کە سینەمای شاعیرانە و تەعالیگەرا و ئاییینی بریسۆن و تارکۆفسکی و یانچۆ هێشتا لە ئەوروپا بە زیندوویی و کاریگەری ماونەتەوە.

پاڵەوانی سەرەکیی فیلمەکە پیاوێکی گوندنشینی (بێ ناو)ە، کە لە ناوەڕاستی دەشتاییەک لە قەراغ گوندێک ئەژی و پەیوەندیی سەیری لەگەڵ کچێک (ئەویش بێ ناو) هەیە، کە لەگەڵ ئەوەی لە گوند ئەژین، سیمایەکی زۆر مۆدێرن و شارییان هەیە.

دەرهێنەر بە هیچ شێوەیەک باس لە ڕابردووی کارەکتەری فیلمەکەی ناکات. ئەوان ماوەی ئێجگار درێژ لە کوێرە ڕێ و دەشتەکاندا پیاسە دەکەن، یان لە بەرامبەر خۆر و سروشت دادەنیشن و نزا ئەکەن، لە ڕووی ستاتیکای فیلمەکەوە، سوودوەرگرتن لە نائەکتەر، خۆدوورگرتن لە نواندنی عاتفی، جەختکردنەسەر وردەکاریی کادر، بە ئاشکرا دەیسەلمێنێت لەژێر کاریگەریی بریسۆندایە. هاوکات هاوسەنگیی نێوان جوڵەی کامێرا و مرۆڤەکان، شێوازی سینەمایی میکلۆش یانچۆمان بیردەخاتەوە.

### سینەمای مۆنەلیفی (کیم کی دۆک)

ئەمساڵ فیلمێکی ئۆتۆبایۆگرافیکاڵی ئەزموونی، جێگایەکی گرنگی لە سینەمای کاندا بۆخۆی کردەوە. ئەم فیلمە کە پتر دانپێدانانەکانی کیم کی دۆکە، لەگەڵ ئەوەی بە ڕواڵەت سادە دیارە، بەڵام بەرهەمێکی گەورە و هەژێنەرە دەربارەی سینەماکارێکی وەک (کیم کی دۆک)، بێهیوا و غەمگینە، کە ساتەکانی دڵتەنگی و تەنهایی خۆی لەگەڵ بینەرەکانیدا دابەش دەکات.

دۆک پێمان دەڵێت کە بۆچی خۆی لە خەڵکی و میدیا و ژیانی ئاسایی بەدوورگرتووەو لە ناوچەیەکی دوورەدەستی دەرەوەی شار خۆی تاراوگە کردووە.

لەم فیلمەدا کیم کی دۆک پرسیاری زۆر قوڵ لەسەر مەرگ، ژیان، هاوڕێیەتی و خیانەت دەخاتەڕوو. ناونیشانی فیلمەکە ناوی گۆرانییەکە، کە بە وتەی (دۆک) هەموو کۆرییەکان ئەوکاتەی دڵتەنگ دەبن، لەبەرخۆیانەوە ئەم گۆرانییە دەڵێن. کی دۆکیش لە هەموو فیلمەکەدا بە دەنگی توند و زبر و بەدەم

گریان و هاوارەوە ئەم گۆرانییە دەڵێت.
(ئاریرانگ) کە خەڵاتی باشترین فیلمی جۆرێک نیگای لە فێستیڤاڵی ئەمساڵ بردەوە، نمونەیەکی کامڵ و تەواوی سینەمای موئەلیفە و دەیسەلمێنێت کە سینەماکارە داهێنەر و موئەلیفەکانی وەک دۆک، بۆ خوڵقاندنی هونەر و بەرهەمی سینەمایی گەورە، پێویستیان بە بەرهەمهێنەر و کەرەسەی پێشکەوتوو و گەورەو سەرمایەی زۆر و ئەکتەری ناودار و ریکلام نییە، ئەوان بە کامێرایەکی دیجیتاڵی HD ئەتوانن بە تەنیا ژیانی سادەی خۆیان بەوپەڕی جوانییەوە بکەن بە وێنە و ئێمەش لە جیهانی دەروونیی خۆیان ئاگادار بکەنەوە.

## چیرۆکی (بوون) بە کامێرای ترێنس مالیک

بەڵام دواجار لە ناو ئەم هەموو فیلمە نایاب و داهێنانە گەورانەدا، فیلمی (درەختی ژیان) دەرهێنانی (ترێنس مالیک) توانیی خەڵاتی باشترین فیلمی ئەمساڵ بباتەوە. ئەم فیلمە رەخنەگرانی سینەمای بۆ دوو دەستە دابەشکرد: هەندێکیان پێیان وایە فیلمێکی دوو پارچە و بێ سەروبەرەیە، کە ناتوانێ لە نێوان پارچەی چیرۆکئامێز و پارچە دۆکیۆمێنتارییەکەیدا پەیوەندی دروست بکات، بەڵام هەندێکی تر لە رەخنەگران بە (سەمفۆنیاو شیعرێکی سینەمایی) دەربارەی بوونی دەزانن. دەرختی ژیان تێڕوانینی رادیکاڵ و نەناسراوی سینەماکارێکە کە چل ساڵە خەریکی سینەمایە و لە هەموو تەمەنیدا تەنها ٥ فیلمی دروستکردووە.
ئەو چیرۆکی خێزانیکی ئەمریکی (خێزانی ئۆبراین) لە دەیەی پەنجا لە شارۆچکەیەکی تەکساس دەکاتە بیانوویەک تا شیعرە سینەماییەکەی دەربارەی بوون و خوڵقاندنی جیهان دروست بکات. ئەم فیلمە کە لە راستیدا دەبێ بە وەسێتنامەی سینەمایی مالیکی بزانین، دوو گێڕانەوەی فیکشن و دۆکیۆمێنتاریی تەریب بە یەک بەرەو پێش دەچن و لە کۆتاییدا دەگەنە یەک خاڵ. چل ساڵ دوای (کوبریک) ئێستا (ترێنس مالیک) لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێوە چیرۆکی دروستبوونی جیهان بە سەیرترین شێوە دەگێڕێتەوە. ئەو دیمەنانەی تایبەتن بە ئاسمان و کاکێشانەکان، کە تێکەڵەیەکە لە رەنگ و رووناکیی کریستاڵی، جێگەی سەرسوڕمان و دۆشدامانە. دروستکردنی ئەم فیلمە سێ ساڵی خایاندووەو پێنج کەس کاری مۆنتاژیان بۆی کردووە.

## ترێنس مالیک.. جی دی سالینجەری سینەما

زۆربەی دەرهێنەران بۆنەیەکی وەک فێستیڤاڵی کان و لە هەمووی گرنگتر وەرگرتنی خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتوونی لە دەست خۆیان نادەن، بەڵام ترێنس مالیک ئەو کارەی کرد، کە هەمیشە دەیکات.
ئەو لە شەوی کۆتایی فێستیڤاڵدا ئامادەنەبوو، کە بە دەستی خۆی خەڵاتی باشترین فیلم وەربگرێت، بەڵام ئەمە شتێکی سەیر نییە. ئەم دەرهێنەرە ئەمریکییە تەنانەت لە کاتی نمایشی فیلمەکەشیدا کە رەخنەگران بە ترۆپکی سینەمای مالیکی دەزانن، ئامادە نەبوو. ترێنس مالیک تەنها چەند فۆتۆیەکی هەیە و جگە لەمەش هەرگیز چاوپێکەوتن ناکات، ئامادە نییە ریکلام بۆ فیلمەکانی بکات و پێی باشە لە رێگەی فیلمەکانییەوە قسەکانی بکات.
بێدەنگیی مالیک و دیارنەمانی دووروودرێژی لە دونیای سینەما و بۆنە هونەرییەکاندا، پێگەیەکی خودایی



پێبەخشیوە، بەجۆرێک زۆربەی هاوکارەکانی ئارەزووی نزیککەوتنەوە لەم دەرهێنەرە دەکەن.
لسلی وۆد هۆد، دۆکیۆمینتاریستی بەریتانی دەڵێت: «من و ترێنس مالیک زیاتر لە ساڵێک پێکەوە کارمان کردووە، ماوەیەکی زۆر بیرم لەوە دەکردەوە، کە من تەنها کەسێکم لە ئەمریکا کە ژمارە تەلەفۆنەکەی ئەوم لایە...».
مالیک دوای فیلمی براوەی ئۆسکار (ڕۆژانی بەهەشت) لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ دیارنەماو دواتر بە فیلمی (هێڵی سووری باریک ١٩٩٨) گەڕایەوە. تەنانەت هۆکاری دیارنەمانی مالیک لەماوەی ئەو بیست ساڵەدا وەک نهێنییەک ماوەتەوە و ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی نازناوی (جی دی سالینجەر)ی سینەمای پێببەخشن.

## لە کۆتاییدا خەڵاتەکانی ئەمساڵی فیستیڤاڵی کان بەمشێوەیە دابەشکران:

*براوەی خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتوونی، فیلمی (درەختی ژیان) لە دەرهێنانی (ترانس مالیک).
*براوەی خەڵاتی (Grand Prix Ex-aequo) فیلمی (ڕۆژێکیان لە ئەنەتۆلیا) لە دەرهێنانی (نوری بیلگی سیلان)و فیلمی (منداڵی پایسکیلسوار) لە دەرهێنانی (ژێن پێری ئیت لوک داردینێ)
*خەڵاتی باشترین دەرهێنان بەخشرا بە (نیکۆلاس ویندینگ ریفن) بۆ فیلمی (لێخوڕین).
*خەڵاتی باشترین سیناریۆ بەخشرا بە (جۆزیف سیدار) بۆ فیلمی (پەراوێز).
*خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن بەخشرا بە (کریستن دنست) لە فیلمی (میلەنخۆلیا)ی دەرهێنەر (لارس ڤۆن ترێر).
*خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو بەخشرا بە (جێن دوجاردین) لە فیلمی (هونەرمەند)ی دەرهێنەر (میشێل هازاناڤیکس).
*خەڵاتی (Jury Prize) بەخشرا بە فیلمی (پۆلیس)، لە دەرهێنانی (مایوین).
*خەڵاتی (Palme d›Or) بۆ کورتە فیلم، بەخشرا بە فیلمی (لە دەرەوەی ڕێگە)ی دەرهێنەر (مارینا ڤرۆدا).

**بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، سوود لەم لینکانە وەرگیراوە:**

.١٥٣١٩٨-http://www.khabaronline.ir/news aspx
http://www.bbc.co.uk/persian/ cannes-jahed.shtml_u٠١_١١٠٥٢٢/٠٥/٢٠١١/arts
http://www.bbc.co.uk/persian/ canne_review.shtml_l٢٧_١١٠٥٢٢/٠٥/٢٠١١/arts
http://www.bbc.co.uk/persian/ cinema_cannes__l٤١_١١٠٥٢٠/٠٥/٢٠١١/arts vonterier_vows.shtml
http://www.bbc.co.uk/persian/ cannes_film__l١١_١١٠٥١٩/٠٥/٢٠١١/arts cinema_palm_dor.shtml
http://www.bbc.co.uk/persian/ cannes_film__l١١_١١٠٥١٦/٠٥/٢٠١١/arts cinema_movies.shtml
http://www.bbc.co.uk/persian/ cinema__l٤١_١١٠٥١٢/٠٥/٢٠١١/arts gala.shtml_٢٠٠١_cannes